## چاکەیەك لەگەڵ خۆت بکە...

# لێخۆشبە

فێربە لە ڕێگەی
لێخۆشبوونەوە
ژیانت جڵەوگیر بکەیت.




جۆیس مایەر

وەرگێڕانی: ئاوارە و نەریمان

# چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە ...

# لێخۆشبە

**لەڕێگەی لێخۆشبوونەوە دەست بەسەر ژیانتدا بگرە**

## جۆیس مایەر

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە**

**نەریمان تاهیر، ئاوارە عمر**

# چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە لێخۆشبە

## جۆیس مایەر

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە**

**نەریمان تاهیر، ئاوارە عمر**

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە کتێبی

# Do Yourself a Favor and Forgive

**Copyright 2012 by Joyce Meyer**

ISBN: 9780446547277

- چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە .... لێخۆشبە
- نووسینی: جۆیس مایەر
- وەرگێڕانی: نەریمان تاهیر، ئاوارە عمر
- تیراژ: (    ) دانە
- ژمارەی سپاردن: (    )
- چاپخانە:

**هەموو مافێکی چاپی کوردی ئەم کتێبە لەلایەن "سەنتەری ڕۆشنبیری فێرکاری بۆ خزمەتکردنی ئاوارە مەسیحییەکان" پارێزراوە.**

ئیمەیل: jamala@worksmail.net

ژمارەی تەلەفۆن: 07507482915 –7966610944 (0) 44 +

ناونیشان: هەولێر، عینکاوە، پشت کەنیسەی ام نور

# ناوەڕۆک


- ناساندن

بەشی یەکەم: دادپەروەرانە نییە ........................................

بەشی دووەم: هەستی تووڕەیی ........................................

بەشی سێیەم: ڕەگ و ڕیشەکانی تووڕەیی ........................................

بەشی چوارەم: ڕەگەکانی ئیرەیی ........................................

بەشی پێنجەم: پەردەپۆشکردنی تووڕەیی ........................................

بەشی شەشەم: لە کێ تووڕەیت؟ ........................................

بەشی حەوتەم: یارمەتیم بدە، تووڕەم ........................................

بەشی هەشتەم: یارمەتیم بدە، لەگەڵ کەسێکی تووڕەدا پەیوەندیم هەیە ................

بەشی نۆیەم: بۆچی لێخۆشبوون؟ ........................................

بەشی دەیەم: دەمەوێت لێیخۆشبم، بەڵام نازانم چۆن! ........................

بەشی یازدەیەم: دۆزینەوەی لێخۆشنەبوونی شاراوە ........................

بەشی دوازدەیەم: هێز و بەرەکەتی یەکبوون ........................

بەشی سێزدەیەم: ئەی یەزدان، بەزەییت پێمدا بێتەوە ........................

بەشی چواردەیەم: بارەکەت سووک بکە ........................................

بەشی پازدەیەم: دیاریی یەزدان ........................................

## ناساندن

عیسا هات بۆ ئەوەی لە گوناهەکانمان خۆشبێت و لەڕێگەی ئەوەوە نوێ ببینەوە و پەیوەندییەکی نزیکمان لەگەڵ یەزدان هەبێت. دیارییە بێبەرانبەرەکەی، لێخۆشبوون، دیارییەکی زۆر جوان و بێهاوتایە. ئەو شتەی کە یەزدان بەبێ بەرانبەر پێماندەبەخشێ، چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکات کە بە هەمان شێوە ئێمەش بێ بەرانبەر بە خەڵکی دیکەی ببەخشین. دەتوانین لەوانە خۆشبین کە بە هەر شێوەیەک ئازارمان دەدەن چونکە خۆمان لێخۆشبوونی یەزدانمان بەدەستهێناوە.

ئەگەر لە خەڵکی خۆشنەبین ئەوا ناڕەحەت دەبین و ڕۆحمان بە ئازاری خەمەوە ژەهراوی دەبێت. فێربووم کاتێک لەو کەسە خۆشدەبم کە زیانم پێدەگەیەنێت، لەڕاستیدا چاکەیەک لەگەڵ خۆم دەکەم. ئەم زانیارییەش زیاتر بۆم ئاسان دەکات بۆ ئەوەی بە تەواوی و بەخێرایی لێخۆشبم. حەزدەکەم بتوانم بڵێم کە لە سەرەتای ژیانمدا فێری ئەم یاسایە بووم، کاتە بەهادارەکەم لە لێخۆشنەبوون بەسەر نەبرد، بەڵام ناتوانم وا بڵێم. لەڕاستیدا چەندین دەیەی خایاند هەتاوەکو توانیم ئەو حەزەم هەبێت کە لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە لەگەڵ ئێوەی خۆشەویستدا باسی بکەم.

بەداخەوە هەرگیز ناکرێت ژیان بەسەرببەیت بە بێ ئەوەی تووشی خەم و خەفەت و هەست برینداری و ئیهانە نەبیت. ئەزموونەکان پێمان دەڵێن کە ژیان پڕ بووە لە نادادپەروەری، هەرچەندە دەتوانین دووربین لە ئازاری ئەم هەست برینداربوونە بە پشتگوێ خستنیان و بە پشت بەستن بە یەزدان بۆ ئەوەی دادپەروەری بهێنێتە ژیانمانەوە.

ڕەگەکانی لێخۆشنەبوون زۆر ترسناکن. لەژێر ڕووکارەوە بە تەواوی ڕەگ دادەکوتن و بە قووڵی لەناوماندا نیشتەجێ دەبن. هەڵخەڵەتێنەرن چونکە وامان لێدەکەن باوەڕ بکەین بەوەی لەبەرئەوەی ئێمە خراپەمان بەرانبەر کراوە هەربۆیە کەسێک دەبێت سزابدرێت. لەبەرئەوە تا ئەو کەسە سزا نەدرێت ناتوانین دڵخۆش بین. دەمانەوێت تۆڵەی ئەو ئازارە بکەینەوە کە بەرگەمان گرتووە بەڵام

تەنیا یەزدان دەتوانێت ئەو مافەمان بداتەوە و بەدڵنیاییەوە ئەو مافەمان دەداتەوە ئەگەر ئێمە باوەڕی پێبهێنین و لە دوژمنەکانمان خۆشبین، هەروەک چۆن بۆ لێخۆشبوون بانگی کردووین.

دڵنیام کە زۆرێک لەو کەسانەی کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە لە ناخەوە تووڕە دەبن چونکە کەسێک ئازاری داون یان ژیان بێهیوای کردوون. نوێژی من بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە دڵیان بۆ یەزدان بکرێتەوە و بەزوویی گرنگی ژیانی ڕزگاری لە تاڵی و دڵشکان و لێخۆشنوبوون و دڵڕەنجان ببینن.

باوەڕم وایە لە هەر هەفتەیەک دەکرێت ئازار بدرێین و تووڕەبین. بەڵام دانایی تەواوی یەزدان ئەو توانایەمان دەداتێ کە بەسەر توڕەییدا زاڵ بین و چێژ لەو ژیانە وەربگرین کە خودا پێیبەخشیوین. تووڕەبوونی بەردەوام لەو کەسەی کە ئازاری داویت وەکو ژەهر دەرخواردانی دوژمنەکەتە، کە ئاواتی مردنی دەخوازیت. لێخۆشنەبوون زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە ئازاری خۆمان دەدات. خودا هەرگیز داوای لێنەکردووین کە شتێک بکەین تاوەکو کۆتاییەکی باشی هەبێت هەربۆیە پێویستە باوەڕ بە یەزدان بکەین و فێری ئەوە بین کە بێبەرانبەر لە خەڵکی خۆشبین.

نزادەکەم و لە یەزدان دەپاڕێمەوە کە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا فێری ئەوە بیت کاتێک لە بارێکی تەندروستدا تووشی تووڕەیی دەبیت و هەر لەو کاتەش لێخۆشبیت، ئەو کەسەی کە چاکەکەی لەگەڵ دەکەیت بریتییە لە خۆت.

## بەشی یەکەم

### دادپەروەرانە نییە

سۆزان ژنێکی چل و هەشت ساڵانە کە لە کێڵگەی شارۆچکەیەکی بچووکی دوورەدەستی ویلایەتی تێکساسدا گەورە بووە. دایک و باوکی لەڕادەبەردەر هەرژاربوون. بە داهاتێکی کەم و نیو دەرزەن منداڵەوە دەژیان.

سۆزان لە هەموو منداڵەکان گەنجتر بوو. ڕووخۆشی و هەڵسەکەوتی جوانی و زیرەکییە تایبەتییەکەی وای لێکردبوو کە هەر لە سەرەتاوە بەباشی دەرکەوێت. قوتابخانەی ئامادەیی تەواو کرد و بەردەوام بوو لە خوێندن تا ئەوەی کە بووە یەکێک لە باشترین فرۆشیارانی کۆمپانیایەکی بچووکی دروستکردنی جلوبەرگ. لە کۆتاییدا دەستی بە ئیش و کاری خۆی کرد کە دروستکردنی جلوبەرگی ژنان بوو. ئەو حەزی لە ئیشەکەی خۆی بوو. هەستی بە ڕەزامەندی و بەهای ئیشەکەی دەکرد. بە دڵ و گیانەوە خۆی بۆ ئەو ئیشە تەرخان کردبوو. پیاوی خەونەکانی بینییەوە و شووی پێکرد، دوو منداڵیان بوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵ بەهەمان شێوە ئیشەکەشی بەرەوپێش دەچوو. لە تەمەنی چلساڵیدا خۆی و مێردەکەی کۆمپانیایەکی چەند ملیۆن دۆلارییان بەڕێوە دەبرد.

ئەوان چێژیان لە هەموو ئەو شتانە وەردەگرت کە سامانەکەیان بۆی دەستەبەر دەکردن: ماڵێکی گەورە و ئۆتۆمبێل و کەشتی و خانووی گەشتیاری هاوینە و هتد. لە پشووەکاندا بە جیهاندا دەگەڕان. دوو کچەکەیان چوونە باشترین قوتابخانە و چێژیان لە باشترین نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرت.

گەورەبوون و چێژیان لە ئیشی سەرکەوتوو و خێزانی خۆیان وەردەگرت. هەربۆیە پێیان وابوو کە ژیان هەرگیز نەدەکرا لەوە باشتر بێت. لەگەڵ ئەوەی کە بەردەوام سەردانی کەنیسەیان دەکرد بەپێی هەستی ئەرکناسی، بەڵام پەیوەندی تایبەتییان لەگەڵ یەزدان نەبوو. هەروەها بڕیارەکانیان بەپێی خواستی یەزدان نەبوو. تەنانەت پەیوەندی خێزانیشیان لە جێگەی ئەوەی کە پەیوەندییەکی قووڵ و نزیک و ڕاستگۆیانە بێت، پەیوەندییەکی زۆر ڕووکەش بوو.

ڕۆژێکیان لەناکاو سۆزان بۆی دەرکەوت کە مێردەکەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەیە و ئەمەش جاری یەکەمی نییە. تووشی شۆک بوو و لەدڵەوە ئازاری پێگەیشت. نەک تەنیا مێردەکەی بێوەفا بوو

بەڵکو بۆی دەرکەوت کە مێردەکەی کۆمپانیاکەشیانی نقومی قەرز کردووە و پارەیەکی بێشوماری کۆمپانیا بێ ڕوونکردنەوە ماوەتەوە. مێردەکەی پارەی لە ئیشی ژنەکەی بردووە و بۆ خۆشگوزەراندنی لەگەڵ خۆشەویستتەکانی و ژیانە نهێنییەکەی سەرف کردووە.

هەر زوو هاوسەرگیرییەکە کۆتایی هات. سۆزان تووشی قەرزدارییەکی زۆر بوو، ئیشەکەی لە لێواری لەناوچووندا بوو. پاشان ئابووری ئیشەکە تەپی و کڕیارەکانی کۆمپانیاکە کۆتاییان هات. ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ پاشکشەی کۆمپانیاکەی سۆزان. تووڕەیی و دڵگرانی بەرانبەر هاوسەرەکەی پێشووی، کە هەموو شتێکی لە چاوی ئەودا دەبینییەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبووندا بوو.

سۆزان بۆ دەرککردن و دڵدانەوە هانای بۆ منداڵەکانی برد بەڵام ئەوان لێی تووڕە بوون بەهۆی ئەو ساڵانەی کە بێوچاون ئیشی کردووە و هیچ گرنگی پێنەداون. هەروەها منداڵەکانی پێیان وابوو کە هۆکاری خیانەتەکەی باوکیان ئەوە بووە کە دایکیان ئیشەکەی لە هەموو شتێک زیاتر خۆشویستووە. ئەوان سەرقاڵی ژیان خۆیان بوون، و پێویستی و کێشەکانی دایکیان پشگوێ خست هەروەک چۆن پێیان وابوو کە دایکیان پشتگوێی خستوون ئەو کاتەی کە پێویستیان پێی بووە. سۆزان پێویستی بە پاڵپشتی بوو بەڵام هیچ پاڵپشتێکی نەبوو.

سۆزان هانای بۆ خوشکەکەی برد. بەڵام باوەڕدەکەیت یان نە، خوشکەکەی بە نەهامەتییەکەی سۆزان خۆشحاڵ بوو. پێی وابوو کە ساڵەکانی سەرکەوتن و خۆشگوزەرانی وای لێکردبوو کە لە خۆبایی بێت و کەسی بەلاوە گرنگ نەبێت. ئەو بۆشاییەی کە کەوتبووە نێوانیان زۆر گەورە بوو و هێشتا پاش تێپەڕبوونی هەشت ساڵ باسی ئەو ڕۆژە ناکەن.

هەرچەندە منداڵەکانی بەڕێز بوون بەڵام زۆر پەیوەندییان پێوە نەدەکرد و بانگهێشتیان نەدەکرد. سۆزان لەڕادەبەدەر تووڕە بوو بەهۆی ئەو هەمووە ناهامەتییەی کە بەسەری هاتبوو. هەموو کەسیکی بە تاوانبار دەزانی. تەنانەت یەک جاریش بیری لەوە نەکردوە کە دەکرێت هەندێک لە کێشەکانی هەڵەی خۆی بن. بۆ جارێکیش بیری لە لێخۆشبوون و داوای لێخۆشبوون نەدەکردەوە.

لە هاوسەرەکەی پێشووی زۆر تووڕە بوو. هەروەها لە خۆشی تووڕە بوو کە نەیدەتوانی لەناوچوونی ئیشەکەی و خێزانەکەی ببینێت. تووڕە بوو لەوەی بۆچی منداڵەکانی زیاتر هەوڵیان بۆ نەدابوو، لە خوداش تووڕە بوو چونکە ژیانی ڕووی لە نەهامەتی و بەدبەختی کردبوو.

### کێ تووڕە نابێت؟

زۆرێک لە خەڵکی لە بارودۆخێکی ئەوهادا تووڕە دەبن بەڵام ئەگەر دەرک بە خۆشەویستی یەزدان بکەن ئەوا پێویست ناکات تووڕە بن. بزانن کە یەزدان پێشوەخت ڕێگەیەکی بۆ دەرچوون لەو ناهامەتییانە پێبەخشیون. ژمارەی ئەو پەیوەندییە خێزانییانەی کە بەهۆی تووڕەیی و لێخۆشنەبوونەوە لەناودەچن شایەنی تێڕامان و سەرنجە. هەندێکیان لەوە باشتر نازانن، بەڵام زۆریک لەوان مەسیحین و باشتر دەزانن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزناکەن بڕیاری دروست بدەن، لەجێگەی ئەوەی لە سەرەوەی ئەوەوە بیر بکەنەوە و شتێک باشتر بکەن، بەپێی هەستەکانیان دەژین. خۆیان دەخەنە ناو زیندانی هەستی نەرێنییەوە، بەدرێژایی ژیان ساتمە دەکەن لەجێگەی ئەوەی بە تەواوی و بەوپەڕی وزەوە بژین.

بەڵی، زۆربەی خەڵک تووڕە دەبن بەڵام ڕێگەیەکی باشتر هەیە: دەتوانن چاکەیەک لەگەڵ خۆیاندا بکەن و لێخۆشبن. دەتوانن بێهیوایی لە خۆیان دووربخەنەوە و دووبارە لەگەڵ یەزداندا پەیوەندی دروست بکەنەوە. دەتوانن بۆ داهاتوو بڕوانن لەجێگەی سەیرکردنی ڕابردوویان. دەتوانن پەند لە هەڵەکانیان وەربگرن و هەوڵ بدەن دووبارە ئەنجامیان نەدەنەوە.

هەرچەندە زۆرێک لە ئێمە خۆمان لەو جۆرە بارودۆخە ترسناکانە نابینینەوە کە سۆزان تێی کەوتووە. بەدڵنیاییەوە بە تووڕە بوون ئەم شتانە کۆتاییان نایەت .... وەڕینی سەگی دراوسێ، حکومەت، باج، دەستکەوتنی داهاتی زیاتر، قەڵەباڵغی ناو شار، هاوسەرێک کە گۆرەوییەکەی و جلەکانی ژێرەوەی لە گەرماو بەجێدێڵێت یان پێنەزانی و ناشوکردنی منداڵەکان بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بۆیان دەکەیت. هەروەها خەڵکی وا هەن کە شتی خراپمان پێدەڵێن و هەرگیزیش داوای لێبووردن ناکەن. ئەو دایک و باوکانەی کە هەرگیز میهرەبان نەبوون، ئەو خوشک و برایانەی کە چاکەیان بەرانبەر کراوە بەڵام ئەوان لەبەرانبەردا بوختان هەڵدەبەستن، هتد. بە هەزاران دەرفەتی دیکە لەم جۆرە نموونانە کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبنەوە کە یان دەبێت تووڕە بین یان لێیان خۆشبین و بەردەوام بین.

**سروشتی کاردانەوەمان بۆ ئەمانە نیگەرانی و ئیهانە و ڕووگرژی و تووڕەیی و نەبەخشینە.**

بەڵام ئێمە کێین کە بە گەشەپێدانی هەستە نەرێنییەکان ئازاریان دەدەین؟ ئەو کەسەی کە هەڵەکەی کردووە؟ هەندێک کات ئەگەر بەهۆی تووڕەییەوە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا ببڕین ئەوا بە ئازارە، بەڵام زۆربەی کات تەنانەت نازانن یان گرنگی بە تووڕەبوونی ئێمە نادەن! بە نیگەرانییەوە دێین و دەچین و بەردەوام و بەردەوام لە مێشکماندا وەڵامی ئیهانەکان دەدەینەوە. چەندە کاتت بەفیڕۆداوە لەبیرکردنەوەی ئەوەی کە چی بەو کەسە بڵێی کە تووڕی کردوویت، لەهەمان کاتدا زیاتر تووڕەت دەکات؟ کاتێک بەو شێوەیەی سەرەوە بیرمان کردەوە ئەوا لەڕاستیدا خۆمان زیاتر لە ئیهانەکەرەکە ئازار دەچێژین.

توێژینەوە پزیشکییەکان دەریانخستووە کە تووڕەیی دەبێتە هۆکاری هەموو شتێک هەر لە ئازاری برینی گەدەوە بگرە تاوەکو هەڵسوکەوتی خراپ. تووڕەبوون هەر لە سەرەتاوە بریتییە لە بەفیڕۆدانی کاتی بەنرخمان. کاتێک ئێمە کاتژمێرێک تووڕەیی ئەوا ئەو کاتژمێرە لە تەمەنمان بەفیڕۆ دەڕوات و هەرگیز ناگەڕێتەوە.

سەبارەت بە سۆزان و خێزانەکەی، ئەوان چەندین ساڵیان بەفیڕۆداوە. بیر لەو کاتە بکەوە کە بەهۆی تووڕەییان بەرانبەر یەکتری لە پەیوەندی کردنیان بە یەکتری لە دەستداوە. ژیان شتێکی پێشبینی نەکراوە؛ نازانین چەندە کاتمان بۆ خۆشەویستانمان هێشتوەتەوە. چەندە مایەی شەرمەزارییە کە بەهۆی تووڕەییەوە ڕێگە لە یادەوەری و پەیوەنییە باشەکانمان بگرین. منیش چەندین ساڵم لە تووڕەیی و ڕووگرژیدا بەسەربردووە بەهۆی ئەو شتە نادادپەروەرانەی کە لە سەرەتای ژیانم بەرانبەرم کراون. هەڵسوکەوتەکانم لە زۆر لایەنی نەرێنییەوە کاری لە خۆم و خێزانەکەم کردبوو. مرۆڤی تووڕە هەمیشە تووڕەییەکی بەسەر خەڵکی دیکەدا بەتاڵدەکاتەوە چونکە ئەوەی کە لە ناخماندایە هەر ئەو شتەیە کە لە زارمان دێتە دەرەوە. پێدەچێت وا بیر بکەیتەوە کە تووڕەییەکان لە کەسانی دیکە شاردبێتەوە بەڵام لە کۆتاییدا ڕێگەیەک بۆ دەربڕینی دەدۆزیتەوە.

زۆربەی ئەو شتانەی کە بەسەرمان هاتوون نادادپەروەرانەن بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵ بین و باوەڕ و متمانەمان بە یەزدان هەبێت ئەوا بۆمان قەرەبوو دەکاتەوە. چاوەڕوانکردنی دەرفەتی تۆڵەسەندنەوە ئارەزوێکی سروشتییە بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە دژی نەبین. دەمانەوێت قەرەبوو بکرێینەوە لە بەرانبەر ئەو زیانەی کە بەسەرماندا هێنراوە. هەروەها یەزدان بەڵێنی پێداوین کە قەرەبوومان بکاتەوە.

"چونکە ئەوە دەناسین کە ئەمەی فەرمووە: تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزا دەدەم. هەروەها یەزدان حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات." (عیبرانییەکان ١٠: ٣٠).

ئەم ئایەتە و چەندین ئایەتی دیکەی وەکو ئەمە هانی منیان دا کە واز لە تووڕەیی و ڕووگرژییەکەم بێنم و متمانەم بە یەزدان هەبێت کە بەڕێگەی خۆی پاداشتم دەداتەوە. بەڕاستی هانت دەدەم کە تۆش هەمان هەنگاوی باوەڕ بنێیت کاتێک کە هەستت کرد نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتت لەگەڵ کراوە.

زۆربەی کات ئەو خەڵکەی کە دەمانەوێت بیانبەخشین شایەنی نین و هەندێک کات هەر نایانەوێت لێیانخۆشبین. پێدەچێت نەزانن کە ئیهانەیان کردووین یان لەوانەیە بەلایانەوە گرنگ نەبێت بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا یەزدان داوامان لێدەکات بیانبەخشین. لەوانەیە لەڕادەبەدەر نادادپەروەرانە دیاربێت بەڵام خودا ئێمەی بەخشیوە و داوامان لێدەکات کە بەهەمان شێوە ئێمەش ئەوانی دیکە ببەخشین. یەزدان بەردەوام و بەردەوام لە ئێمە خۆشدەبێت و بەردەوام بەبێ هیچ مەرجێک خۆشی دەوێین.

ئەگەر هەندێک کات تەرخان بکەم بۆ بیرکردنەوەم لە هەموو ئەو هەڵانەی کە ئەنجامداون ئەوا یارمەتیم دەدات کە لێخۆشبم، ئەوکات نەک تەنیا پێویستم بە بەخشینی یەزدانە بەڵکو پێویستم بە بەخشینی خەڵکیش دەبێت. هاوسەرەکەم زۆر بەڕێز و میهرەبان بوو بەرانبەرم لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە کارم لەسەر چاککردنەوەی ئەو ئازارە دەروونییە دەکرد کە لە منداڵییەوە تووشی ببووم. لەو باوەڕەدام کە "ئازاردانی خەڵک زیان بە خەڵک دەگەیەبێت." دەزانم ئازاری خێزانەکەمم داوە و نەمتوانیوە پەیوەندییەکی تەندروست بنیاتبنێم بەڵام بە دڵنیاییەوە بە مەبەستەوە و ئەنقەست ئەنجامم نەداوە. ئەمە ئاکامی ئەو ئازار و پشت گوێ خستنە بوو کە بەرانبەرم کرابوو. ئازاردرابووم و تەنیا شتێک کە بیرم لێدەکردەوە خۆم بووم. ئازار دەدرام و منیش ئازاری ئەوانی دیکەم دەدا. بەڕاستی لە هەمان کاتدا پێویستم بە تێگەیشتن و ڕوبەڕوبونەوە بوو. هەروەها پێویستم بەوە بوو کە پڕ بم لە هەستی لێخۆشبوون. یەزدان لەڕێگەی دەیڤی هاوسەرمەوە ئەو کارەی بۆ کردم. ئێستا هەوڵ دەدەم لەبیرم بێت کە یەزدان دەیەوێت لەڕێگەی منەوە هەمان شت بۆ کەسێکی دیکە بکات.

تا ئێستا پێویستت بە لێخۆشبوون بووە، لە لایەن خەڵک و یەزدانەوە؟ دڵنیام کە پێویستت پێی بووە. ئەو کاتانەت لەبیر بێت چونکە هەر کاتێک لێخۆشبوون پێویست بوو یارمەتیت دەدات.

## تکایە لەبەر درگا تووڕەییت بپشکنە

ئایا تاوەکو ئێستا سەیری ئەو فیلمە ڕۆژاواییانەت کردووە کە کاوبۆییەکان داوایان لێدەکرێت کە چەکەکانیان بپشکنرێت بەرلەوەی بچنە ناو بارەوە؟ من بینیومە و نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی بەکاریبێنین کاتێک کە هەست بە تووڕە بوون دەکەین. تووڕەبوون وەک چەکێک وایە کە هەڵمانگرتبێت بۆئەوەی کە هێرشی پێبکەینە سەر ئەو خەڵکەی کە وادیارە دەیانەوێت ئازارمان بدەن. هەروەکو کاوبۆییەکان کە دەمانچەی حەوت تیرەکانیان دەردێنن بۆ بەرگریکردن لە خۆیان مەگەر ئەوەی کە لەبەر درگا بیانپشکنن. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە تووڕەییمان وەکو بەرگری بەکاردێنین. با خوویەکی بەئاگا دروست بکەین تاکو تووڕەییمان لەبەر دەرگای ئەو شوێنە بەجێبهێڵین کە بۆی دەچین. با لەگەل خۆماندا هەڵینەگرین کاتێک دەڕۆینە دەرەوە. بە هوشیارییەوە بڵێ: "ئەمڕۆ بە بێ تووڕەیی دەڕۆمە دەرەوە. خۆشەویستی و میهرەبانی و لێخۆشبوون لەگەڵ خۆمدا دەبەم و هەر کاتێکیش پێویستی کرد بەکاریان دێنم."

بۆم دەرکەوتووە کە قسەکردن لەگەڵ خۆماندا یارمەتییەکی گەورەیە. دەتوانم شتەکان لەگەڵ خۆمدا باسبکەم یان باسیان نەکەم. دەتوانم وا لە خۆم بکەم تووڕەبم یان بەسەریدا زاڵبم. فێربە لەگەڵ خۆتدا گفتوگۆ بکە. بە خۆت بڵێ: "بە تووڕەیی مانەوە کات بەفیرۆدانە و ڕەنجاندنی یەزدانە، هەربۆیە من بە تایبەتی لێی دەگەڕێم بڕوات." بەبیر خۆمی دێنمەوە کە بە هەڵبژاردنی ئاشتی و ڕەتکردنەوە تووڕەیی چاکەیەک لەگەڵ خودی خۆمدا دەکەم.

لەوانەیە حەزمان لە ئەنجامدانی کارە دروستەکە نەبێت بەڵام ئێمە یان دەبێت بژین بۆ ئەوەی یەزدان شکۆدار بکەین یاخود خۆمان شکۆدار بکەین. ئەگەر شکۆدارکردنی خودامان هەڵبژارد ئەوا ئەو کاتە زۆر شت ئەنجام دەدەین کە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە حەزمان لێیەتی. ئێمە هەموومان هەستمان هەیە. بەڵام ئێمە لە هەستەکانمان گەورەترین. هەروەها ئێمە ویستی ئازادمان هەیە و دەتوانین ئەو شتە هەڵبژێرین کە دەزانین بۆ ئێمە باشترین دەبێت.

## تووڕەیی بەهێز و وێرانکەرە

تووڕەیی ڕەنجاندن و تۆڵەکردنەوە و تاڵییە. بە هەستێک دەست پێدەکات و بە وشە دەردەبڕدرێت و ئەگەر نەپشکنرێت دواتر دەبێت بە کردار. یەکێک لە بەهێزترین ئارەزووەکانە و وێرانکەرە. وشەی یەزدان فێرمان دەکات کە دەست بەسەر تووڕەییدا بگرین چونکە هەرگیز ڕاستودروستی دروست ناکات کە یەزدان دەیەوێت (یاقوب ١: ٢٠).

ئێمە لەلایەن یەزدانەوە فێرکراوین کە لەگەڵ تووڕەییدا ئارام بین. کاتێک هەستمان کرد لە تووڕەییدا دەکوڵێین ئەوا بۆ ئەوەی هەڵنەچێت دەبێت دایبپۆشین. ئێمە دەتوانین خۆمان هان بدەین و کێشەکانمان بەبیر کردنەوە و باسکردنیان خراپتر بکەین کە یەکسانە بە بەخێوکردنیان.... یان .... ئەو خولەکەی کە هەستەکان دەبزوێن دەتوانین شتێکیان بۆ بکەین. بەرانبەر هەستە تووڕەکانت توونד بە. "ڕەتی دەکەمەوە کە بڵێم تووڕەم. ڕەتی دەکەمەوە کە ئیهانە بکرێم، یەزدان توانای جڵەوگیرکردنی پێبەخشیوم و من ئەو توانایە بەکاردێنم."

جارێکیان چیرۆکێکیان لەبارەی قەشەیەکەوە کە میوانێکی وتاربێژی بۆ کەنیسەکەی بانگهێشت کردبوو. قەشەکە لە ڕیزی یەکەم دانیشتبوو، خەریک بوو گوێی لە وتاربێژەکە دەگرت. کاتێک بە نادانابییەوە وتاربێژەکە دەستی کرد بە وتنی چەند شتێکی نەرێنی سەبارەت بەو شێوازەی کە قەشەکە کەنیسەکەی بەڕێوە دەبات. ئەو بە شێوەیەکی گشتی قسەی کرد و من دڵنیام کە مەبەستی ئیهانەکردن نەبووە بەڵام وشەکانی ڕەخنەگرانە و بریندارکەر بوو. لەکاتێکدا وتاری دەدا قەشەکە بە هێمنییەوە لەبەرخۆیەوە دەیوت: "من پێی تێکناچم، تێکناچم." ئەو قەشەیەکی بەتەمەن بوو کە دانایی لە وتاربێژەکە زیاتر بوو. ئەو تووڕەیی و نادانایی میوانەکەی بۆ دەرکەوت. قەشەکە ڕەتیکردەوە بە قسەکانی میوانەکە ئیهانە بکرێت.

دەزانم ئەمە چ حاڵەتێکە چونکە من لەسەر تەلەفزیۆن فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بۆ خەڵکی باس دەکەم، گوێم لە خەڵکی دیکە دەبێت کە لە خزمەتی باوەڕداراندا ئیش دەکەن و لە تەلەفزیۆندا بەشداری ناکەن، بە خراپی باسی "وتاربێژی مزگێنیدەر" دەکەن. کە ئەمە ئەو شتەیە کە بەناشرینی باسی ئەوانە دەکەن کە بانگ کراون بۆ خزمەتکردنی باوەڕداران لەڕێگەی میدیاوە.

زۆر ئاسانە حوکم بە سەر کەسێکدا بدەین کە نایناسین. کاتێک گوێم لە خەڵکی دەبێت کە بە خراپی باسم دەکەن، هەوڵ دەدەم بە بیرم بێت کە لەسەر کەسێک قسە دەکەن کە نایناسن. خەڵکی شتی وەکو ئەمە

دەڵێن: "ئەو وتاربێژە مزگێنیدەرانە تەنیا لە هەوڵی ئەوەدان پارەی خەڵکی ببەن. ئەوان هیچ شتێک بۆ گەشەکردنی کەنیسە ناکەن، لە خۆیان دەرچوون و بیریان لەگەڵ پاشایەتی یەزدان ناگونجێت."

بێگومان لە هەموو ئیشێکدا هەندێک کەس هەن کە مەبەستی ناپاکیان هەیە بەڵام هەموو کەس خستنە ناو ئەو چوارچێوەیەوە شتێکی تەواو هەڵەیە و لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا ناگونجێت. کاتێک گوێم لە شتی لەو چەشنە دەبێت یان کاتێک پێم دەگوترێت کە کەسێک شتی وای گوتووە، بڕیاردەدەم کە بە ئیهانە وەرینەگرم، چونکە ئەوە هیچ شتێک ناگۆڕێت و بەدڵنیاییەوە هیچ سوودێکی بۆم نییە. کاتێک کە لەسەر تەلەفزیۆن خەڵکی بانگهێشت دەکەم بۆئەوەی باوەڕ بە مەسیح بهێنن، خزمەتەکەمان وەڵامێکی زۆری پێدەگات. کتێبیان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی فێربن کە پەیوەندی بە کەنیسەیەکی باشەوە بکەن بەڵام ئەوە لەوانەیە شتێک بێت کە ڕەخنەگرەکان نەیزانن. من خۆم تەرخان کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی کە دەزانم یەزدان داوام لێدەکات ئەنجامی بدەم و سەبارەت بە ڕەخنەگرەکان نیگەران نابم. چونکە لە ژیانی کۆتاییدا وەڵامی ئەوان نادەمەوە بەڵکو تەنیا وەڵامی یەزدان دەدەمەوە.

حوکمدانی خەڵک شتێکی ئاسانە، پێمان وابێت "هەموو چیرۆکەکە" دەزانین. بەڵام بڕێکی کەم لە ئێمە ڕاستییەکان دەزانین؛ ئەمە تایبەتە بە یەزدان. دڵنیام کە تۆش نموونەی لەو چەشنەت لایە. باشترین شت ئەوەیە کە نوێژ بکەین بۆ ئەو کەسەی کە وشەکانی ئیهانە ئامێزن. بڕیاربدە کە بە ئیهانە وەرینەگریت و باوەڕ بە باشترین بکەیت. هەموومان دەبێت نوێژ بکەین بۆ ئەوەی ئازاری خەڵکی نەدەین و بە وشەکانمان ئیهانەی خەڵکی نەکەین.

## بەشی دووەم

## هەستی تووڕەیی

ئەو کەسانەی کە یەزدان لە ژیانیاندا نییە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن هەستی تووڕەییەوە بێزار ناکرێن، تەنانەت لەوانەیە ئەمە ڕێگەیەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان یان ڕێگەیەک بیت بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە ئەو کەسە دەیەوێت. مەسیحییەکان بە تووڕەیی بێزار دەبن. ئێمەی مەسیحی پێدەچێت زۆربەی کات وا بیربکەینەوە کە نابێت تووڕە بین. پاشان زۆربەی کات هەست بە تاوان دەکەین کاتێک تووڕە دەبین. دەمانەوێت بزانین بۆچی تووڕەبووین کاتێک لەڕاستیدا ئەمە کۆتا شتە کە دەمانەوێت بیکەین.

بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ خوێندکارێکی تێکۆشەری وشەی خودا بووم. دڵنیات دەکەمەوە کە هیچ حەزم لە تووڕەبوون نییە. بێوچان لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئیشم کردووە بۆ ئەوەی فێری ئەوە بم کە چۆن بەسەر تووڕەییدا زاڵبم و دەستەمۆی بکەم. من ئاشتی خوازم و لە تەواوی پەیوەندییەکاندا حەزم لە تەباییە. ڕقم لە ململانێیە! لەگەڵ ئەوەشدا لەم ماوەیەی پێشوودا لەناکو تووڕەتر بووم لەوەی کە بەجۆرێک هەتا ئێستا بیرم نایەت پێشتر بەو شێوە تووڕە بووبم.

هەستەکان بەخێرایی هەڵدەچن. ئێمە ناتوانین پێشبینی هەبوونیان نەکەین، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکرێت کە بەڕێوەمان نەبەن. کتێبی پیرۆز هەرگیز ناڵێت کە هەستی تووڕەبوون تاوانە. بەڵام دەبێت بە هەڵسوکەوتێکی گوناە کاتێک بە دروستی بەڕێوەی نەبەین یان کاتێک لەگەڵیدا ماینەوە. پۆڵسی نێردراو فێرمان دەکات کە نابێت ڕێگە بە هەڵاتنی خۆر بدەین بەسەر تووڕەییەکەماندا هەڵبێت (ئەفەسۆس ٤: ٢٦- ٢٧). ئەمە ئەوە دەردەخات کە خەڵکی تووڕە دەبن بەڵام لەپاش ماوەیەکی کەم دەبێت بتوانن دەستبەرداری تووڕەبوونەکەیان بن. بۆ من ئەمە پێویستی بە نوێژ و پاڕانەوەیە لە یەزدان و پێویستە بڕیارێک لەسەرووی تووڕەییەکەمەوە بدەم.

ماوەیەکی زۆر نابێت کە بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ پورم کردووە. من و دەیڤ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕووی داراییەوە یارمەتیمان داوە چونکە ئەو بێوەژنە و داهاتەکەی ئەوەندە نییە کە بتوانێت پشتی پێببەستێت. من ببووم بە پارێزەری ڕەسمی پوورم هەربۆیە هەرکاتێک پێویستی بە دەرمان هەبوایە سەنتەری چاودێری تەندروستی، ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژیا، پەیوەندییان پێوە دەکردم بۆ ئەوەی ئاگاداری هەر بارێکی لەناکاوی

تەندروستی بم. ویستم کچەکەشم ناوی بچێتە ناو لیستی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەبوو لە جێگەی پوورم، بۆ ئەوەی هەرکاتێک کە لە شار دەرچووبام کەسێک هەبوایە کە ئاگای لە پێویستییە تەندروستییەکانی پورم بێت. کچەکەم لەگەڵ پارچە کاغەزێکی ڕەسمیدا ناردم بۆ ماڵ پوورم بۆ ئەوەی واژۆی بکات، بەڵام پورم پێداگری کرد و ڕەتی کردەوە کاغەزەکە واژۆ بکات. کاتێک کچەکەم ئەو شتانەی پێگوتم دەست بەجێ بە بێ بیرکردنەوەی پێشوەخت زۆر تووڕە بووم، هەستم دەکرد لە تووڕەییدا خەریکە دەتەقمەوە. چاوەڕێم دەکرد پوورم هەر هیچ نەبێت متمانەم پێبکات و ئەوەی داوام لێیکردووە بۆمی ئەنجام بدات، هەربۆیە پەیوەندیم پێوە کرد و پێم گوت ڕێک هەست بە چی دەکەم. بەبیرم هێنایەوە کە چیم بۆ کردووە، هەربۆیە هەڵسوکەوتە لەخۆباییەکەی بەرز نانرخێنم. هەردووکمان تووڕە بووین و چەندین شتمان گوت کە نەدەبوو بمانگوتبا.

ڕاستگۆیانە بدوێم، هەستم کرد پاساو بۆ تووڕەبونەکەم دێنمەوە، ئەوەش شتێکی هەڵە بوو. پاساو هێنانەوە وای لێکردم بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە تووڕەیی بمێنمەوە و چاوەڕێی پوورم بکەم بۆ ئەوەی پەیوەندیم پێوە بکات و داوای لێبوردن بکات بەڵام پەیوەندی نەکرد. لەو سێ ڕۆژەدا باسی هەموو حاڵەتەکەم بۆ زۆرێک لە ئەندامانی خێزانەکەم و هاوڕێیەکم کرد. درێژەم پێدا و گوتم کە پوورم چەندە لەخۆباییە. بەدڵنیاییەوە ئەمەش هەڵە بوو چونکە وشەی خودا فێرمان دەکات کە هیچ شتێک نەکەین بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی کەسێکی دیکە، نابێت لە پاشەملە باسی کەس بکەین و ببینە غەیبەتکەر.

هەرکاتێک چیرۆکەکەم باس دەکرد تووڕەییەکەم سووتەمەنی زیاتری وەردەگرت و لە پێشتر گەرمتر دەسووتا. ڕاستگۆیانە دەتوانم بڵێم کە لە ماوەی چەندین ساڵی پێشووم بیرم نایەت بەو شێوەیە تووڕە بووبێتم.

چی ڕوویدا؟ پێش هەموو شتێک زۆر بێتاقەت بووم کە ئەم حاڵەتە سەریهەڵدا، ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە من لە داواکارییەکەم پەلەم کردووە. لەبەرئەوەی ماندوو بووم کاتی تەواوم تەرخان نەکردبووە بۆئەوەی بە جوانی هەموو شتێک بۆ پوورم ڕوون بکەمەوە. ئەمە دەرگای بۆ سەرلێشێوان کردبووەوە. نەک تەنیا ماندوو بووم بەڵکو لە سەرووی ئەمەشەوە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا سەرقاڵی پێویستییە پەلەکانی دایکم و پورم بووم، هەستم بە فشار دەکرد و بە دوای ڕێگەیەکدا دەگەڕام بۆ ئەوەی شتەکانم بۆ ئاسان بکات.

لە بەیانی چوارەم ڕۆژی دوای ڕووداوەکەدا بۆم دەرکەوت ئەم تووڕەییەی کە هەستم پێکردبوو پەیوەندی نێوان من و خودای لاواز کردبوو. ڕێگەی لێ گرتبووم کە بە دروست وشەی خودا بخوێنمەوە. بەردەوام بیرم لەو حاڵەتە دەکردەوە و نەمدەتوانی لە مێشکم دەریبهێنم، کە ئەمەش هەمیشە دەبێتە کێشە بۆم تا ئەو کاتەی ڕووبەڕووی دەبمەوە و کێشە سەختەکان چارەسەر دەکەم. هەستم کرد کە یەزدان پێم دەڵێت کە پەیوەندی بە پوورمەوە بکەم و داوای لێبوردنی لێبکەم. دان بەوەدا دەنێم کە نەمدەویست گوێڕایەڵ بم. تا زیاتر دڵم بۆ یەزدان بکردایەتەوە، ئەوا ڕوونتر بارودۆخی پوورمم دەبینی.

پورم تەمەنی چل و هەشت ساڵ بوو، هەر زوو سەربەخۆیی دارایی لەدەست دابوو کە ئەمەش بەڕوونی دیارە کە قورس بووە بۆی. بەڕادەیەکی زۆر بەهۆی ئەو ڕووداوەوە تووشی سەرسوڕمان ببوو. لەناکاو کاغەزەکانم بۆ ناردووە و داوام لێی کردووە کە واژۆی بڕیاری تەندروستی خۆی بدات بە کچەکەم. بەبێ ئەوەی ئەمە ڕوونبکەینەوە کە واتای چییە. دوای چەند کاتژمێرێک چاوەڕێکردن دەترسام لەوەی پەیوەندی بە پوورمەوە بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا پەیوەندیم کرد و گوتم داوای لێبووردن دەکەم کە زۆر تووڕە بووم. سەرم سوڕما کاتێک پووریشم گوتی منیش داوای لێبووردن دەکەم کە خراپ هەڵسوکەتم کردووە چونکە لەو کاتەدا سەری لێشێوابوو. بە دوو خولەک تەواوی کێشەکە چارەسەر بوو و دووبارە ئارامیمان بۆ گەڕایەوە.

دوای ئەم ڕووداوە بۆم دەرکەوت کە دەتوانم و پێویستە بە داناییەکی زیاتر مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەم و لە پێشتر زیاتر گرنگی بە هەستەکانی پوورم بدەم. بەڕاستی لەبەردەم یەزداندا تۆبەم کرد، نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە سێ ڕۆژ تووڕە بووم بەڵکو لەبەرئەوەی کە لە پاشەملە باسی حاڵەتەکەم بۆ خەڵکی کردبوو.

ویستم ئەو چیرۆکەتان بۆ باسبکەم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سادە نیشانتانی بدەم کە تووڕەیی دەتوانێت بە خێرایی بێت. گرنگ نییە کە ئێمە چەندە "باوەڕدارین"، ئێمە هەرگیز نابێت تووڕەبین. داوای لێبوردن دەکەم کە دوای سێ ڕۆژ وازم لە تووڕەییەکە هێنا بەڵام خۆشحاڵم کە ڕێگەم نەدا بۆ ماوەیەکی زیاتر ببێت بە ڕیشەی تاڵی ژیانم و بەردەوام بێت لە ژەهراویکردنی ڕۆحم.

خودا لە تووڕەبووندا لەسەرخۆیە و ئێمەش دەبێت بەهەمان شێوە بین. خودا تووڕەییەکی دادەمرکێنێتەوە، واتە دان بەخۆیدا دەگرێت. یەزدان زۆربەی جار تووڕەییەکەی لادەبات و بەئاگای ناهێنێتەوە (زەبووری ٧٨: ٣٨). "وەلانان" واتە دەستی بەسەردا دەگرێت، بە بیرت بێت خۆکنترۆڵکردن بەرهەمی ڕۆحە. ئەمە لایەنێکی

کەسایەتی یەزدانە کە لەگەڵ ئێمەدا بەشداری پێکردووە. لە کتێبی پیرۆزدا چەندین نموونە دەبینین کاتێک مرۆڤەکان بوونەتە هۆی تووڕەبوونی یەزدان بەڵام ئەو ڕێگەی لە تووڕەبوونەکە گرتووە. سەبارەت بە حاڵەتەکەی پوورم، چوار ڕۆژی خایاند تا بتوانم ڕێگە لە تووڕەبوونەکەم بگرم، شتێک نییە مایەی شانازی بێت.

ئاروزووەکانمان هەمیشە دەبێت ئەوە بێت کە زیاتر و زیاتر هەڵسوکەوتەکانمان بەپێی فەرمانی یەزدان بێت. ئەمەش نموونەیەکە بۆ ئەوەی شوێنی بکەوین:

"کاتێک باوکانمان لە میسر بوون، لە پەرجووەکانی تۆ تێنەگەیشتن، یادی گەورەیی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی تۆیان نەکردەوە، بەڵکو یاخی بوون لەلای دەریا، لەلای دەریای سوور، بەڵام لەبەر ناوی خۆی ڕزگاری کردن، بۆ ئەوەی پاڵەوانییێتی بزانرێت." (زەبووری ١٠٦: ٧- ٨)

لەگەڵ ئەوەی کە نەوەی ئیسرائیل یاخی بوون و شایانی سزادان بوون، بەڵام یەزدان ئەوانی بەخشی و سروشتی سۆز و میهرەبانییەکەی خۆی نیشاندا. بەشێوەیەکی دیکە، یەزدان بریتییە لە خۆشەویستی و ئەمەش شتێک نییە کە دایگیرسێنێت و بیکوژێنێتەوە. ئەو هەمیشە نەگۆڕە و ڕێگە نادات کە هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە کاری لێبکات و بیگۆڕێت. من ڕێگامدا کە هەڵسوکەوتی پوورم خێرا بمگۆڕێت، بەڵام ئەگەر پێش ئەوە بەرهەڵستی بکەم بیرم لێبکردبایەتەوە ئەوا تەواوی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. بەپێی هەستەکانم بەرهەڵستیم کرد نەوەک بەپێی وشەی خودا و نموونەکانی. بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ژیانمدا لە زۆر حاڵەتدا هەمان شتم پەیڕەو کرد، تووڕەیی تا ڕادەیەک ببووە شتێکی ڕۆژانەی ژیانم تا ئەو کاتەی ئامادەبووم یەزدان بمگۆڕێت.

لە بەشی داهاتوودا باسی ئەوە دەکەم کە چۆن دەیڤی هاوسەرم ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتە خراپەکانم دەبووەوە بەڵام هەرگیز بە خراپی لەگەڵم نەجوڵاوەتەوە. ئەم هەڵسوکەوتە جێگیر و بەردەوام دەربڕینی عەشق و خۆشەویستی بۆ من یەکێک بوو لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە وای لێکردم ڕەفتارە خراپەکەم بگۆڕم. ئەگەر بهاتبا بەدەگمەن دەیڤ لێم تووڕە بوایە یان تاوانباری بکردبام و هەڕەشەی جیابوونەوەی لێبکردبام ئەوا دڵنیام هەرگیز نەدەگۆڕدرام. لە بارودۆخێکی وەهای ژیانمدا بووم کە زۆر پێویستم بە خۆشەویستی بوو لە هەڵسوکەوتدا، دەیڤ ئەو خۆشەویستییەی نیشاندام.

هەندێک کات وشەکان بەس نین، قسەی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمە زۆر باوە. باوکم دەستدرێژی کردبووە سەرم بەڵام پێی دەگوتم خۆشم دەوێیت. دایکیشم کە بەجێی هێشتبووم گوتبووی کە منی خۆشدەوێت. هاوڕێکانم درۆیان لەگەڵ دەکرم و پێیان دەوتم کە خۆشیاندەوێم. لەبەرئەوە وشەکان بۆ من واتا و مانایان لەدەست دابوو. دەیڤ نەک تەنیا خۆشەویستی خۆی بۆ دربڕیم بەڵکو ئەو جۆرە خۆشەویستییەی نیشاندام کە یەزدان دەیەوێت لەڕێگەی ئێمەوە بە خەڵکی دیکەی ببەخشێت. ئەویش بریتییە لە خۆشەویستی خودی خۆی!

## تووڕەبوونێکی جڵەوگیرنەکراو

تووڕەبوونی جڵەوگیر نەکراو بە خێرایی سەدەکێشێت بۆ شێتگیری. شێتگیری ترسناکە. لەم بارودۆخەدا خەڵک لە ژیانیاندا هەموو شتێک دەڵێن و دەکەن. هەتا ئێستا ئەمەت بیستووە: "زۆر تووڕە بووم کە تەنانەت نەمدەتوانی بە باشی ببینیم؟" ئەو ڕۆژەی کە لە پوورم زۆر تووڕە بووم هەمان شتم بەسەرهات. ئێستا دەزانم ئەو تووڕەییەی کە هەستم پێکرد زۆر گەورەتر بوو لەو حاڵەتەی کە تێی کەوتبووم. پێم وایە هەندێک ڕق لە ناخمدا دروست ببوو کە پێویست بوو چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. حاڵەتەکەی من و پوورم دوایین کێشەی ناو ئەو زنجیرە کێشانە بوو کە نەماندەتوانی بەرگەی بگرین، هەر ئەوهاش بوو.

کاتێک کە تووڕەیی خەڵکی دیکە تاقی دەکەینەوە کە ڕووبەڕومان دەبێتەوە، تا رادەیەکی زۆر تووڕەییەکەیان زیاترە لە بارودۆخەکەی کە تێی دەکەوتن. لەوانەیە لە کاتی قەڵەباڵغی ناوشاردا خەریکی تۆتۆمبێل هاژۆشتن بین، لەو کاتەدا کەسێک لێمان شێتگیر بێت، چونکە ئاماژەیەکمان پێنەداوە. تووڕەییەکەیان لە سروشتی خۆیان دەردەچێت و دەبێت ئیهانە. هەڵەیەکی بچووکمان کرد، ئەوان بەپێی پێویست تووڕەن کە ئازارمان بدەن، لەگەڵ ئەوەی کە تووڕەییەکەیان ئاراستەی ئێمە کراوە بەڵام بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. ئەمە بریتییە لە کێشەیەک کە هەنگاو بە هەنگاو زیادی کردووە. تەنانەت بۆی هەیە کێشەیەک بێت کە بۆ چەندی ساڵ لە ژیانیاندا بە چارەسەرنەکراوی مابێتەوە. ئەمڕۆ لەناکاو دەبیستین کە چەکدارێک چووەتە ناو تەلارێک و تەقەی لە خەڵکێکی زۆر کردووە، هەندێکیان کوشتووە و ئەوانی دیکەشی بریندار کردووە. لە شێتگیرییەکدا ئەو کەسەی کە دەستی کردووە بە تەقەکردن لەو خەڵکە تەنانەت نەیزانیوە کە تەقەی کردووە، بۆچی؟ شێتگیرییەکەی بە ئاراستەی توندوتیژییەکی جڵەوگیرنەکراو ڕۆیشتووە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەندین کەس لە زیندان دان لەبەرئەوەی لە شێتگیریدا کەسێکیان کوشتوە؟ چەندە خەڵک پەیوەندییەکانیان وێران کردووە چونکە لە شێتگیریدا شتی زۆر خراپ و بە ئازاریان گوتووە؟ بیر لەو خەڵکانە بکەوە کە ئێستا چ ژیانێکی باشتریان دەبوو ئەگەر فێرکرابان چۆن بتوانن بە باشی مامەڵە لەگەڵ هەستی تووڕەییدا بکەن.

گەورەترین کردەوەی سەرشێتی ئەوە بوو کە جولەکەکان هاندران بۆ ئەوەی عیسا لە خاچ بدەن، هاتبوو بۆ ڕزگارکردنیان، هیچ هەڵەیەکی نەکردبوو. ئەم کردوەوە نادادپەروەرییە خراپترین کردەوەیە لە مێژوودا، لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان لە ئێمە خۆشبوو، پلانی هەیە بۆ نوێبوونەوە و ڕزگاریمان. خۆشەویستییەکی بێ هاوتا!

تاکە ڕێگەیەک بۆ خۆلادان لە شێتگیری ئەوەیە کە کاتێک تووڕە بوویت تاوەکو سەد بژمێریت، یان هەزار، یان هەرچەندێکی پێویستە بۆ ئەوەی ئارام ببیتەوە. ئەمە ئەنجام بدە پێش ئەوەی شتێک بڵێیت و ئەنجامی بدەیت. هەمیشە دەڵێم: "با هەستەکانت دامرکێنەوە، پاشان بڕیار بدە."

**وزەی هەستەکانت لە تووڕەییدا سەرف مەکە**

تووڕەبوون وزەیەکەی زۆر دەبات. تاکو ئێستا سەرنجی ئەوەت داوە کە لە دوای تووڕەبوون چەند بێتاقەت دەبێت؟ من بێتاقەت بووم، لە کۆتاییدا، لەم تەمەنەدا بۆم دەرکەوت کە هیچ کاتێکم بۆ بەفیڕۆدان نییە. تووڕەیی وزە سەرف کردنە، هەرگیز شتێکی باشی بۆ هیچ کەسێک نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە تووڕەییەکی دادپەروەرانە بێت، کە ئەمەش بابەتێکی دیکەیە کە لە زنجیرەیەکی دیکەدا باسی دەکەین. فێری ئەوە بووم کاتێک بە تەواوی تووڕەدەبم ئەوا کاتێکی زۆرم پێویستە تاوەکە ئارام ببمەوە. لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت کە باشترە هەر لە سەرەتادا هەندێک وزەی جڵەوگیرکردنی تووڕەیی بەکاربهێنم لەوەی کە هەموو وزەکەم لە تووڕەییدا پەرەپێبدەم، هەمووشی لە ئارام بوونەوەدا بەکاربهێنم. ئەمەش ئامۆژگارییەکی باشە، ئەگەر لەگەڵ کەسێک نەگونجای ئەوا کەسەکە بە خودا بسپێرە. داوا لە خودا بکە کە ئاشکرای بکات کامەتان ڕاستن و کامەتان هەڵەن، ئەگەر گوتی کە تۆ هەڵەیت ئەوا ئامادەیی ئەوەت هەبێت کە ڕووبەڕووی ڕاستی ببیتەوە.

بۆ چەندین ساڵ وزەم لە چەلەحانێ لەگەل دەیڤدا بەسەربرد لەسەر شتی بچووک کە لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەکیان دروست نەدەکرد، جگە لەوەی کە دەمویست ڕاست بێت، بەڵام خۆشەویستی داوای مافی

تایبەتی خۆی ناکات (یەکەم کۆرنسۆس ۱۳: ۵). ڕاستبوون ئەوەندە نایەنێت کە خۆمانی بۆ وێران بکەین. کات بەڕاستی وزەیەکی بەهەڵە بەکارهێنراوە. تەنانەت کاتێک لەگەڵ دەیڤدا دەمەقاڵێم دەکرد بۆ ئەوەی قایلی بکەم کە بڵێت: "تۆ ڕاستیت." لەگەڵ ئەوەشدا هەر براوە نەبووم چونکە بەو ڕەفتارەم یەزدانم بێهیوا کردبوو. ببووم بە نموونەیەکی لاواز بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دەورەبەری منن. ئاشتی وزەمان دەداتێ، بەڵام تووڕەیی لاوازمان دەکات. با لەگەڵ خۆمان و خەڵکی دیکەدا دوای ئاشتی یەزدان بکەوین.

"چونکە ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆشبووێت و ڕۆژگاری خۆش ببینێت، با زمانی لە خراپە بپارێزێت و لێوەکانی لە فێڵبازی. با لە خراپە لابدات و چاکە بکات، با بەدوای ئاشتیدا بگەڕێت و کۆششی بۆ بکات." (یەکەم پەترۆس ۳: ۱۰، ۱۱).

هیوادارم کاتێک بۆ خوێندنەوەی ئەم ئایەتەی سەرەوە تەرخان بکەیت. لە کۆتاییدا وای لێکردم ببینم کە تەنیا بۆ ئاشتی نوێژ نەکەم، بەڵکو دەبێت داوای بکەم و شوێنی بکەوم و بە دڵ بە گیان بەدوایەوە بم. بۆ ئەوەی لە ئاشتیدا بم دەبووایە ئامادەییم ئەوەم هەبووایە کە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا خۆم بگونجێنم. هەروەها دەبوایە ئامادەیی خۆ بەکەم زانینم هەبوایە، هەروەک چۆن لەگەڵ پوورم کردم و داوای لێبووردم لێکرد، ئەگەر لە ناخی دڵەوە ئاشتیم بویستبایە.

ئاشتی بۆ تۆ چەند دەهێنێت؟ ئەگەر بە شتێکی زۆر گرانبەهای نەبینینت ئەوا هەرگیز ئەوەت نەدەکرد کە پێویست بوو بیکەیت بۆ ئەوەی لە ئاشتیدا بیت. جڵەوگیرکردنی تووڕەیی و فێربوونی بەدڵ فراوانییەوە و بە خێرایی لێخۆشبوون بەشێکن لە بەدەستهێنانی ئاشتی، بەڵام هەمیشە ئامادەی قوربانیدانکردنی حەز و ئارەزووەکانت هەبیت، بەتایبەتی ئارەزووی لەسەر حەق بوون، ئەمە بەشێکە لە چێژوەرگرتنی ئاشتی ڕۆژانە کە یەزدان لە مەسیحدا دابینی کردووە. بۆم درکەوت کە یەزدان زۆر لە بیانوو هێنانەوەی خۆم باشتر بەرگریم لێدەکات. لێگەڕێ با یەزدان بێت لە ژیانتدا، ئەو کاتە تۆش زیاتر چێژ لە ئاشتی وەردەگریت.

پێویست ناکات هەستی تووڕەیی بەڕێوەت ببات. هەمیشە لە دەورەبەرتدا دەبێت و بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت بۆ دەرخستنی لایەنە ناشرینەکەی، بەڵام لە ڕێگەی ڕابەرایەتی ڕۆحی پیرۆز و نوێژ و جڵەوگیرکردن نابێت خۆمانی بدەینە دەست. فەرمایشتی یەزدان دەڵێت کە توانام دەداتێ بۆ ئەوەی لە ناوەڕاستی دوژمنەکانماندا

فەرمانڕەوایەتی بکەین. ئەوەندەی کە بۆم دەرکەوتووە تووڕەیی بریتییە لە دوژمنێک لە ژیانمدا بڕەتم کردوەتەوە خۆم رادەستی بکەم.

چاکەیەک لەگەڵ خۆتدا بکە .... لە تووڕەییەک گەڕێ با بڕوات. پاڵی پێوە بنێ بۆ ئەوەی بڕوات و چێژ لە ئاشتی یەزدان وەربگرە.

## بەشی سێیەم

## ڕەگ و ڕیشەکانی تووڕەیی

ئێمە بە هەندێک شت تووڕە دەبین، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەندێک خەڵک هەن کە دەربارەی هیچ شتێک بە تایبەت تووڕە بین، ئەوان تەنیا تووڕەن. هەندێک جار نازانین ڕەگ و ڕیشەی تووڕەییمان لە کوێ سەرچاوە دەگرێت. چەندین کەس پێی گوتووم: "هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکەم، بەڵام نازانم بۆ .... نازانی کێشەم چییە؟" ڕەگی تووڕەییان لە شوێنێکدایە، نوێژ و هەندێک بەداواداچوون زۆر ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستی زۆربەی کات ڕەگی تووڕەییەکەیان دەردەخات. بۆم دەرکەوتووە کە یەزدان زۆربەی کات ئەوەم نیشاند دەدات کە بەڕاستی کێشەکەم چییە، ئەگەر من داوای لێبکەم. ئەوەی کە نیشانم دەدات هەمیشە ئەوە نییە کە من دەمەوێت گوێبیستی بم، بە تایبەتی ئەگەر دەریبخات کە کێشەکە منم، بەڵام یەزدان حەزدەکات ئێمە لە ناخی خۆماندا ڕووبەرووی ڕاستی ببینەوە و لێبگەڕین ئازادمان بکات.

تاوەکو بووم بە ژنێکی میان ساڵ بەردەوام هەر کێشەی تووڕە بوونم هەبوو. هەر کاتێک شتەکان بە ویستی من نەڕۆشتبا ئەوا میزاجم گڕی دەگرت، چونکە سەیری باوکمم دەکرد کە بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتی دەکرد. خەڵکی تووڕە لە خێزانی تووڕەوە دێن. تووڕەیی هەڵسوکەوتێکی ئەزموونییە، تاوەکو بە ڕادەیەکی زۆر بەرهەڵستی نەکرێت هەر دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئامارەکان پێمان دەڵێن ئەو پیاوانەی کە شەڕ لەگەڵ ژنەکانیان دەکەن شایەتی دەدەن کە باوکیان بەهەمان شێوە هەڵسوکەتیان لەگەڵ دایکیان کردووە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕقیان لەوە بووە کە دایکیان بە خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، زۆربەری جارە ئەوانیش بەهەمان شێوە بەرگەی ئەو ململانێیەیان گرتووە.

زۆربەی کات باوکم توندوتیژی بەرانبەر دایکم بەکاردەهێنا بەیاتیبەتی لەکاتی سەرخۆشبوونیدا. ئەو پیاوێکی تووڕە بوو، لەگەڵ ئەوەی کە هەرگیز بە تەواوی نەگەیشتینە بنج و بناوانی ئەوەی کە بۆچی ئەوەندە تووڕەیە، بەڵام تێگەیشتین کە باوکی بە هەمان شێوە کەسێکی تووڕە بووە، نەیدەتوانی دڵخۆش بێت و تووڕەییەکەی وەکو شێوازێکی دەستبەسەراگرتن بەکاردەهێنا. کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە گوناهەکان و ئەو هەڵسوکەوتانەی لەگەڵیانن ئەوە دوای دەگوازرێتەوە، مەگەر ئەوەی کەسێک فێربێت یەزدانی خۆشبووێت و یاساکانی لە ژیانیدا پەیڕەو بکات (ڕاسپاردەکان ٥: ٨- ١٠).

بەدرێژایی ژیانم لە خێزانە جیابووەکەمدا بەردەوام توندوتیژی و تووڕەییم بینینوە، یەزدان دەیەوێت هەمان شت بۆ هەرکەسێک بکات کە کێشەی لەگەڵ تووڕەییدا هەیە. هەندێک کات تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوە لەو خێزانەی کە تێیدا گەورە بوویت. ژینگەکەی چۆن بوو؟ لەکاتی ململانێدا گەورەکان چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتری دەکرد؟ ئەگەر وارێکەوت کە تۆ یەکێک بیت لە بەرەکەت پێدراوەکان کە ژمارەیەکی کەم لە ژینگەیەکی خوداییدا گەورە دەبن، پێویستە سوپاسی یەزدان بکەیت، چونکە ئەوە بووە هۆی ئەوەی لە ژیانتدا سودمەند بیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە لەگەڵ ئێمەن و نمونەیەکی باش نەبوون، دەتوانن لە ڕێگەی خۆشەویستی یەزدانە و ڕاستی وشەکەی چاک ببینەوە.

## چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی خوادابیانە پەیرە بکەین

نەک تەنیا باوکم توندوتیژ بوو، بەڵکو دایکیشم هەرگیز بەرەنگاری ندەبووەوە. دایکم ترسنۆک بوو، هەر لەبەرئەوە لە ژێر دەسەڵاتی شەڕەنگێزانەی مێردەکەیدا دەلەرزی. نەک هەر بەرگری لە خۆی نەدەکرد، بەڵکو بەرگری لە منیش نەدەکرد. فێربووم کە ڕقم لەو لاوازییە بێتەوە کە لەودا بینیبووم. هەر زوو لە ژیانمدا بڕیارمدا کە لاواز نەبم، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک بە خراپی هەڵسوکەوتم لەگەڵ نەکات. لە هەوڵی خۆپاراستنمدا بووم، بوومە کەسێکی خۆسەپێنەر. پێموابوو ئەگەر هەموو شتێک و هەموو کەسێکم خستە ژێر ڕکێفمەوە ئەوا ئازار نادرێم. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم هەڵسوکەوتەم سەرکەوتو نەبوو. چونکە لە خوداوە نەبوو. هاوسەرەکەم لە کۆتاییدا بەرەنگاربوونەوەی خوداییانەی لە پەیوەندییەکەماندا بەکارهێنا، هەرچەندە کاتێکی زۆری خایاند، یارمەتی گۆڕینی دام.

هەرچەندە کە بانگکراوی بۆ ئاشتی، پێویستە داوای بکەین و شوێنی بکەوین. ترسان لە ڕووبەڕوبونەوەی ئەو کەسانەی کە بە خراپی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن بریتی نییە لە چارەسەری کێشەکە. لە کۆتاییدا فێربوون کە لە خانەوادەکەماندا کراوەیی و ڕاستی هەمیشە باشتری ڕێگەن. من دەیڤ چوار منداڵی پێگەیشتوومان هەیە و هەمووومان پێکەوە کاتێکی زۆر بەسەر دەبەین. کاتی وا هەیە کە تووڕە دەبین و هەندێک شت دەگوترێت کە دەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوە. بەڵام دڵخۆش دەبم کە دەڵێم هیچ کام لە ئێمە تا ماوەیەکی زۆر بە تووڕەیا نامێنینەوە. ڕووبەڕوی کێشەکان دەبینەوە تەنانەت ئەگەر نەگونجان هەبێت ئەوا هەوڵ دەدەین نەگونجانەکە بگونجێنین. ئێمە مەترسییەکانی ململانێ دەزانین و خۆمان تەرخان دەکەین لە خێزانەکامانی بە دوور بگرین.

ئەمەم لەگەڵدا باسکردن بۆ نیشاندانی ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی من لە خێزانێکی تووڕەدا گەورە بووم، هەر لە بنەڕەتەوە ئەم تووڕەییە هاتە ناو خودی خێزانەکەمەوە، ئەو نموونە پڕ لە گوناهە بە بەزەیی و بەرکەتی یەزدان، لە ڕێگەی گوێڕایەڵیکردنی وشەکانیەوە ڕوخێنرا.

ڕوبەڕوبونەوەی خوادابیانە بە ڕوبەڕوبوونەوە پێدەگات کاتێک یەزدان داوادەکات ئەنجامی بدەین، چاوەڕێ بکەین تا ئەو کاتەی پێمان دەڵێت ئەنجامی بدەین. بەرەنگاربوونەوەی لەڕادەبەدەر مرۆڤی تووڕي تووڕیتر دەکات. کێشەکەت بە ڕێگەیەکی جوان و هێمنانە باس بکە، هەوڵبدە بە گفتوگۆیەکی سادە و ڕوون ئەنجامی بدەی. بەرەنگاربوونەوەی تووڕەی بە تووڕەیی هەرگیز بەکەڵک نایەت، هەر بۆیە گرنگە کە لە کاتی بەرنگاربوونەوەدا بە هێمنی بمێنیتەوە.

"بە نەسرەوتن فەرمانڕەوا قایيل دەکرێت، زمانی نەرمیش ئێسک دەشکێنێت." (پەندەکانی سلێمان **٢٥: ١٥**)

بەو کەسانە بڵێ کە ڕوبەڕوی دەبیتەوە هەڵسوکەوتەکانیان چ هەستێکت بۆ دروست دەکەن، ڕێبدە بزانن کە شایانی قبوڵکردن نییە. هەوڵبدە تۆنی دەنگت بە نەرمی بهێڵیتەوە، بەڵام بە جێگیری. دووپاتی بکەوە کە تۆ ئەو کەسەت خۆشدەوێت و دەتەوێت پەیوەندیەکی تەندروست لە نێوانتاندا هەبێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک بێڕێزی و هەڵسوکەوتی ناتەندروست قبوڵ ناکەیت. لات سەیر نەبێت ئەگەر ئەو کەسە لەسەرەتادا ئەوە قبوڵ نەکات کە تۆ دەیڵێیت. بە شێوەیەکی گشتی کاتمان پێویستە بۆ ئەوەی رستەکان بچنە ناو بیروبۆچونماندا. پێت سەیر نەبێت ئەگەر کەسەکە تووڕە بێت و دەست بکات بە تۆمەتبارکردنی ئەوەی کە تۆ هۆکاری کێشەکەیت. بە توندی لەسەر بڕیارەکەت بەردەوامبە، زۆر نوێژ بکە و کات بە خودا بدە بۆ ئەوەی ئیشەکەی کات. بێگومان کەسەکە دواتر دێتەوە بۆ لات و پێت دەڵێت کە داوای لێبووردنی هەیە و بۆیان دەرکەوتووە کە تۆ ڕاست دەکەیت.

کاتێک دەیڤ بەرهەڵستی کردم پێی گوتم کە منی خۆشدەوێت، بەڵام ناتوانێت ڕێزم بگرێت تاوەکو ئامادە نەبم ڕوبەڕوی هەڵسوکەوتە ناخوداییەکەم ببمەوە و ڕێگە بە خودا بدەم بمگۆڕێت. پێی گوتم کە هەڵسوکەت و وشەکانم چ هەستێکی بۆ درووستکردووە، ڕێگەی دا بزانم کە بریدارییەکی زۆری هەستەکان هۆکارەکەی منم و پێویستی بە کاتە بۆ سارێژبوون. هەرگیز بە خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکردم، لەڕێگەی بێدەنگییەوە لە ژیانی خۆی منی دەرنەکرد، بەڵام جێگیر و خاوەن بڕیار بوو. لە سەرەتادا لە دژی وەستامەوە و بەرگریم کرد،

هەوڵمدا هەموو هەڵەکانی پێبڵێم، بەڵام لە کۆتاییدا بەرپرسیاریەتیەکەی خۆم قبوڵکرد و بە ئاراستە گۆڕان هاوکار بووم لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز. ئەو هێمنی و جێگیربوونەی کە دەیڤ بە درێژایی پرۆسەکە نیشانیندا زۆر گرنگ بوو، لەو باوەڕەدام بۆ هەر کەسێکیش گرنگە کە بارودۆحەکەی بە چەشنێکە پێویستی بەوەیە بەرهەڵستی بکرێت.

## بەکارهێنان و خراپ بەکارهێنان

بەدکاری (ئازادران) واتە خراپ بەکارهێنان یان بەشێوازێکی نەشیاو بەکارهێنان. کاتێک باوکێک دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵەکەی، ئەو باوکە منداڵەکەی بەشێوەیەکی هەڵە بەکاردەهێنێت. کاتێک دایکێک هیچ وشەی خۆشەویستی و میهرەبانی بۆ منداڵکەانی نییە، ئەو دایکە بەدکار بووە، چونکە هەڵسوکەوتەکەی نەشیاوە. کاتێک پیاوێک دەست لە ژنەکەی بەرز دەکاتەوە ئەوا بێڕێزی پێدەکات، ئەو پیاوە بەدکارە. کاتێک هەر کەسێک هەوڵدەدات کەسێک دیکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوە بەدکارییە. یەزدان وا دروستی کردووین کە پێویستمان بە خۆشەویستی و قبوڵکردن و ئارازدییە. ئەم پێویستییانە بەشێکن لە دی ئێن ئەیەکەمان، هەرگیز بەبێ ئەوانە بە باشی ئیش ناکەین.

کاتێک لە رۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەماندا بیر لە بەدکاری دەکەمەوە تەنانەت تووشی شۆک دەبم. پێدەچێت ئێمە لە جیهانێکی تووڕدا بژین کە زۆربەی خەڵکەکەی وەکو بۆمبی تەوقیت کراون، هەر ئان و ساتێک ئامادەی تەقینەوەن. خەڵک خۆپەرست و خۆویست بوون، تووڕەییەکەیان شانبەشانی ئەوە گەشەی کردووە. ئەوەندین کە تێبگەم یەزدان تاکە وەڵامی ئەو کێشانەیە کە ئەمڕۆ ڕوبەڕومان دەبنەوە. ئێمە ناتوانین جڵەوی ئەو شتە بگرین کە جیهان دەیکات، بەڵام دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە شوێن ڕێگاکانی نەکەوین. پێویستە بڕیارەکانمان لە خزمەتی یەزدان و رێگاکانیدا بێت، کاتێک وامان کرد، ژیانمان دەکرێت ببێتە ڕووناکییەک کە نمونەیەکی درەوشاوە بێت بۆ خەڵکی دیکە. با ڕاییگەیەنین و بڵێین: "بەڵام ئەگەر بەلاتانەوە خراپە یەزدان بپەرستن، ئەوا ئەمڕۆ بۆ خۆتان هەڵبژێرن کێ دەپەرستن، ئەگەر ئەو خوداوەندانە بن کە باوباپیرانتان لەوبەری ڕووباری فورات دەیانپەرستن یان خوداوەندەکانی ئەمورییەکان ئەوانەی ئێوە لەناو خاکەکەیاندا نیشتەجێن. بەڵام من و بنەماڵەکەم یەزدان دەپەرستین." (یەشوع **٢٤: ١٥**).

هەموو جۆرێکی بەدکاری خەڵک تووڕەدەکات. ئایا تۆ لەو کەسە تووڕانەیت کە بە خراپی هەڵسوکەتی لەگەڵ کردووی؟ لەوانەیە لێخۆشبوونی ئەوان بریتی بێت لە سەرەتایەک بۆ چاک بوونەوەی ئێوە. عیسا لە (یۆحەنا **٢٠:**

**٢٣**)دا بە قوتابییەکانی دەڵێت کە ئەوەی لە گوناهی خۆشبێت لێی خۆشدەبێت، بەڵام کاتێک لەو کەسە خۆشنەبین کە ئازاری داوین پێدەچێت گوناهەکان لە ئەستۆ بگرین و دووبارەیان بکەینەوە. زۆرێک لە خەڵک کە بەدکارییان بەرانبەر کراوە، دواتر خۆیان دەبن بە بەدکار. لەسەرەتادا تووڕەن و ناتوانن بگۆڕدرێن، تا ئەو کاتەی بە تەواوی لەو کەسانە خۆشنەبن کە ئازاریان داون. شەیتان دەیەوێ دڵنیا بێت کە ئازاری یەکترمان داوە تاوەکو لە توورڕەییدا بژین. بەڵام (ژیرمەندی **٧: ٩**)ت لەبیر بێت: "لە ناخەوە زوو پەست مەبە، چونکە تووڕەیی لەناو سنگی گێلەکاندا جێگیرە." گەمژەین ئەگەر ئەو تووڕەییەی کە بە هۆی ئازاردانی کەسێکەوە هەستی پێدەکەین لە خۆمانیدا بهێڵینەوە. چاکەیەک لەگەڵ خۆتدا بکە و لێخۆشبە.

لەساڵی **١٩٨٥**دا داپیری (بیڵ پێڵک) کە ناوی (ڕووس)ە، لەلایەن چوار کچی گەنجەوە کوژرا. ڕووس ژنە مەسیحییەکی زۆر باش بوو، وانەی کتێبی پیرۆزی لەماڵەکەی خۆیدا دەگوتەوە. ئێوارەیەکیان دەرگا بۆ گروپێک دەکاتەوە بەهیوای ئەوەی وشەی یەزدانیان فێربکات، بەڵام لەجێگەی ئەوە کچەکان دێنە ژوورەوە و زۆر دڕندانی دەیکوژن.

شەوێکیان لە مانگی تشرینی دووەمی **١٩٨٦**دا، بیڵ داپیری کەوتەوە بیر.

***

بیڵ پێڵک لە **٢/ ١١/ ١٩٨٦**دا دەڵێت، بیرم لە ژیان و مردنی نەنکم دەکردەوە، دەستم کرد بە بیرکردنەوە دەربارەی باوەڕەکەی. نەنکم مەسیحیەکی زۆر بەهێز بوو، من لە خێزانێکی مەسیحیدا پەروەردە بووم. بەبیرمە کە چۆن عیسا گوتی ئەگەر دەمانەوێت باوکمان لە ئاسمان لێمان خۆش بێت پێویستە ئێمە لەو کەسانە خۆشبین کە خراپەمان لەگەڵ دەکەن. دەمزانی کە عیسا دەڵێت دەبێت لێخۆشبوون ببێت بە خوو (عادەت)، ببێت بە شێوازی ژیان. لێجۆشبە، لێخۆشبە، لێخۆشبە. بەردەوام بە لە لێخۆشبوون. بیرم کردەوە کە دەبێت هەوڵبدەم لە (پاوڵا کوپەر، کە **١٥** ساڵی بوو و سەرۆکی گروپەکە بوو)خۆشبم کە هۆکاری مردنی نەنکم بوو. پێم وابوو کە لەوانەیەک ڕۆژێک بێت لێی خۆشبم چونکە ئەوە کارە دروستەکەیە.

هەتا زیاتر بیرم لە نەنکم دەکردەوە زیاتر دەگەیشتمە ئەو بڕوایەی کە نەنکم بە بڕیاری مردنی پاوڵا تووشی شۆک دەبوو، هەروەها هەستم کرد کە نەنکم دەیەوێت یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم هەمان خۆشەویستی و

میهرەبانی نیشانبدا کە ئەو نیشانی دابوو. هەستم دەکرد ئەوە ئەرکی سەرشانی منە. لەگەڵ ئەوەی کە دەمزانی لێخۆشبوون شتە دروستەکەیە، پێدەچوو نەدەکرا خۆشەویست و میهرەبانی باسیان لێوە بکرێت چونکە نەنکم زۆر دڕندانە کوژرابوو. بەڵام بڕاوای تەواوم هەبوو کە ئەمە ئەو شتەیە کە نەنکم داوای دەکات، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی کە نەنکم داوای دەکات. بۆ پاولا پاڕامەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی و میهرەبانی بداتێ، بۆ پاولا و خێزانەکەی بۆ ئەوەی من لە جێگەی نەنکم لێیان خۆشبم.

ئەوە تەنیا نوێژێکی کورت بوو، بەڵام دەستبەجێ دەستمکرد بە بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی چۆن دەتوانم نامەیەک بۆ پاولا بنووسمو پێی بڵێم کە نەنک چ جۆرە کەسێک بوو، بۆچی نەنکم ڕێیدا یەکسەر بچێتە ژوورەوە. دەمویست باوەڕی نەنکم لەگەڵ ئەودا باسبکەم.

بۆم دەرکەوت ئەو نوێژەی کە بۆ خۆشەویستی و میهرانیم کرد وەڵام درایەوە چونکە دەمویست لە پاولا خۆشبم. لەناکاودا بۆم دەرکەوت کە کوشتنەوەی پاولا شتێکی هەڵەیە. ئەو شەوە بەهێزترین وانەی ژیانم فێربووم. ئەوە پەیوەندی بە هێزی چاکبوونەوەی لێخۆشبوونەوە هەمبوو. کاتێک میهرەبانی هاتە نێو دڵم لێخۆشبوون هاتە کایەوە. کاتێک لێخۆشبوون هاتە کایەوە چاکبوونەوەیەکی ناوازەی بەدوای خۆیەوە هێنا. دوای ساڵ و نیوێک لە مردنی نەنکم، لەو ماوەیەدا بیرم لە نەنکم دەکرەوە و هەمیشە جۆنییەتی مردنەکەیم دەهاتە پێشچاو. زۆر ناخۆش بوو، کاتێک بیرم لە ترسناکی مردنی بەئازاری نەنکم دەکردەوە. بەڵام دەمزانی کاتێک کە میهرەبانی هاتە نێو دڵم و ئەو لێخۆشبوونەی بەدوای خۆیدا هێنا، لەو کاتە بەولاوە کە بیرم لە نەنکم دەکردەوە چیتر بیرم لە چۆنییەتی مردنی نەدەکردەوە بەڵکو بیرم لە شێوازی ژیانی و چۆنییەتی بەرگەگرتنی و باوەڕی دەکردەوە، هەروەها بیرم لەوە دەکردەوە کە چەندە کەسێکی جوان و باش بووە.

لێخۆشبوون واتای ئەوە نییە کە چاوپۆشی لە کارەکەی کوپەر بکەیت، بەو مانایەش نایەت کە نابیت هیچ سەرەنجامێک بۆ کردەوەکەی نەبێت. بە دڵنیاییەوە مانای ئەوە نییە کە لێخۆشبیت و لەبیری بکەیت. هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم کە نەنکم چی بەسەرهات، بەڵام دەتوانم ڕێگە بە هەموو ئارەزووەکانم بدەم لەگەڵ پاولادا بڕۆن. هیوای ژیانێکی باشی بۆ دەخوازم.

***

چیرۆکی ڕاستەقینەی وەکو ئەوەی سەرەوە زۆر ئیلهام بەخشن، نیشانمان دەدات کە ئێمە دەتوانین لەسەر هەموو شتێک و لە هەموو کەسێک خۆشبین، ئەگەر لەسەرووی ئەوەوە بیر بکەینەوە کە بە سەرمانیان هێناوە، هەروەها دەبێتە شتێکی باش بۆ هەموو کەسێک. یەزدان فێری کردم کە تەنیا بیر لەو ئیهانەکەرانە نەکەمەوە کە چییان بەسەرهێنام، بەڵکو زۆر بەهێزتر سەیری ئەوە بکەم کە چییان بەسەر خۆیاندا هێناوە، ئامادەبم لێیان خۆشبم و نوێژیان بۆ بکەم.

## توورەیی لە تەواوەتیدا ڕیشەی داکوتاوە

ئەگەر ئێمە پێشبینی خەیاڵی دەربارەی خۆمان و خەڵکی دیکە بکەین، ئەوا ئەو پیشبینیانە دەبنە ڕیشەی توورەیی لە ژیانماندا. کەسی تەواو کەسێکە کە ڕازی نابێت هەتا ئەو کاتەی شتەکان تەواو دەبن. باش هەرگیز بەپێی پێویست باش نییە، تەنانەت نایابیش بەپێی پێویست باش نییە .... هەموو شتێک دەبێت تەواو (بێخەوش) بێت. تاوەکو کەسی تەواو ڕێگە بە خودا نەدات هاوسەنگی بۆ ژیانی بگەڕێنێتەوە بەرەو تەواوەتی ڕۆیشتن زۆربەی کات دەبێتە سەرچاوەی فشار و ناڕەحەتی. نە ژیان و نە ئەو خەڵکەش کە تێیدا دەژین کەسی تەواو نین، سەرەڕای ئەوەش یەزدان توانای ئەوەی پێداوی کە بە میزاجێکی تەواو بەرگەی هەموو شتێک بگرین، بەمەرجێک ئامادەی بەرگەگرتنمان تێدابێت.

***

دایکی (لیسا) زۆری لەگەڵ کچەکەی دەگوت، هەمیشە دەیویست هەموو ئەو شتانەی کە لیسا دەیکرد تەواو و بێکێشە بێت. لەگەڵ ئەوەی کە لیسا لە مۆسیقادا بەهرەی نەبوو، بەڵام دایکی سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت فێری ژەنینی پیانۆ بیت. زۆری لێدەکرد کە چەندین کاتژمێر ڕاهێنانی لەسەر بکات. دەتوانین بڵێین کە هەرگیز بۆ هیچ شتێک لەلایەن دایکیەوە دەستخۆشی لێنەکراوە، تەنانەت ئەگەر لە هەندێک بۆنەی زۆر دەگمەن دەستخۆشی لێکردبێت ئەوا لە هەمان کاتدا بە بیریشی هێناوەتەوە کە هێشتا زۆر شت هەن کە دەبێت ئیشیان لەسەر بکات. لە ئەنجامدا لیسا تووڕەییەکی ڕەگ داکوتراوی بەرنبەر خۆی هەبوو. هەر لەبەر ئەوە زۆربەی شتەکان کە ئەنجامی دەدا بە شکست دەیبینی. لیسا هەروەها زۆر ئاساییە و بۆی سەختە چێژ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی وەربگرێت. تووشی برینی گەدە و ئازاری ڕیخۆڵە بوو.

فشار بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر هەر دوو نەخۆشیەکە دەبێت، لیسا بەردەوام لەژێر کاریگەری فشاردا ژیاوە.

لیسا بەم نزیکانە لەگەڵ ڕاوێژکارێکی مەسیح ئیش دەکات، هەندێک بەرەوپێش چوونی بەخۆیەوە بینیەوە، بەڵام ئەوە جەنگێکی ڕۆژانەیە. ئیشیان هەموو ڕۆژێک بەردەوامە. زۆربەی کات لە کۆتایی هەموو ڕۆژێکدا شتێکی ناتەواو ڕوودەدات، کە لیسا دەبێت بەئاگاوە بڕیار بدات کە نەهێڵێت ئەو شتە ببێتە هۆی توورەبوونی. دەیەوێت لە دەستی زوڵم و ستەمی تەواوبوون (بێخەوش بوون) ڕزگاری بێت، بەڵام ماوەیەکی پێویستە تاوەکو مێشکی لەم بوارەدا نوێ دەبێتەوە. لیسا دەبێت فێربێت کە بەپێی وشەکانی یەزدان هەڵسوکەوت بکات، باوەڕی بەوە هەبێت کە دەیڵێت، نەوەکو لەسەر یادەوەری پێشبینیە قورسەکانی دایکی سۆزدارییانە کاردانەوە بۆ ئەو بارودۆخانە هەبێت.

عیسا تاکە کەسێکە کە هەموو داواکارییەکانی یاسای بە تەواوای جێبەجێ کرد و جێبەجێی دەکات، ئەو لە جێگەی ئێمە ئەو کارەی کرد بۆ ئەوەی بتوانین ئازاد بین. لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە بەدڵ و بە گیان لەگەڵ خودا بین و ئارەزووی تەواوەتی بکەین، بەڵام هەتا ئەو کاتەی لە جەستەی سروشتی و جەنگی خوێناویدا دەژین و ڕۆحمان هەیە، کە شتەکانی دەوروبەرمان کاریگەرییان لەسەر دەبێت، بەڕوونی هەندێک ناتەواوەتی نیشاندەدەین. لەڕێگەی خوێندنەوەی فەرمایشتی یەزدان و تەرخانکردنی کات بۆ یەزدان بەرەو نیشانەی تەواوەتی گەشە دەکەین، بەڵام پێویستە فێربین دڵخۆش بین لەو شوێنەی کە هەین و بۆ ئەوە شوێنەش کە بۆی دەچین.

**ژیان سەفەرە نەوەک چارەنووس**

هێزی یەزدان تەواوەتی لە لاوازی ئێمەدا دروست کردووە. دەتوانین بەهێز بین، بەڵام تەنیا بەهۆی یەزدانەوە. بێگومان هیچ سوودێکی نییە کە ئێمە لە خۆمان توورە بین چونکە دەتوانین هەموو کاتێک تەواو بین. فێربووم کە هەوڵی تەواوی خۆم بدەم و لێگەڕێم یەزدان ئەوەی کە ماوە ئەنجامی بدات.

**داواکارییە نەبیستراوەکان**

هەریەک لە ئێمە داواکاری ڕەوای خۆی هەیە. هەڵە نییە کە چاوەڕێی ئەو کەسانە بکەین کە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە، بۆ ئەوەی هەندێک لە داواکارییەکانمان جێبەجێ بکەن. هەرچەندە دەبێت لەوە دڵنیا بین کە بیر لە یەزدان دەکەینەوە و باوەڕمان بەوە هەبێت کە لە ڕێگەی خەڵکی دیکەوە کاردەکات. زۆرێک لە خەڵکی بەرەو خەڵکی دیکە پەلکێش کراون کە پێچەوانەی خۆیانن. یەزدان پلانی بۆ هەمووومان داناوە کە جیاواز بین بۆ ئەوەی پێویستمان بەیەکتری هەبێت. هیچ کەسێک هەموو شتێکی نییە، بەڵام هەر یەکێک لە ئێمە بەشێک لەو پێویستییەی هەیە کە ژیانێکی هاوسەنگ فەراهەم بکات. من زۆر خراپم، بەڵام هاوسەرەکەم زۆر هێمنە. بۆ چەندی ساڵ ئەمە سەرچاوەی مشتومڕی نێوانمان بوو. بەڵام ئێستا دەبینین کە من زۆرکات وای لێدەکەم کارێک بکات، بەڵام ئەو ئارامم دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەڵەشەییانە هەڵسوکەوت نەکەم. پیکەوە هاوسەنگی دەپارێزین. لەوانەیەک تۆ لەهەمان بارودۆخدا بیت بەڵام ئەگەر بەباشی نەیبینینت ئەوا ژیانت لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی کەسێک بەفێرۆ بدەیت، بۆ ئەوەی شتێکت بۆ بکەن کە تەنانەت نازانن پێویستییەکەت چییە،، چونکە ئەوان لە تۆ جیاوازن.

باوەڕم وایە کە یەزدان هەموو پێویستییە ڕەواکانمان فەراهەم دەکات. بەڵام ئەو لە رێگەی ئەو کەسەوە کە دەیەویت ئەنجامی دەدات. بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەیڤ تووڕە بووم چونکە لێم تێنەدەگەیشت یان چونکە نەیدەویست لەگەڵ مندا کات بەسەر ببات بۆ ئەوەی قسە لەسەر کێشەکان بکەین. پلانەکی زۆر سادە بوو: دەیویست بزانێت کێشەکە چییە، ئەو شتە دەکەین کە دەتوانین بیکەین، پاشان گیرۆگرفتەکەمان بە یەزدان دەسپێرین (یەکەم پەترۆس ٥: ٧). لەلایەکی دیکەوە دەمویست ئەوە بزانم کە پێویست بوو بمانکردبا، بەدڵنیاییەوە حەق بە دەیڤ بوو، بەڵام نەک تەنیا کەسایەتی من لەگەڵ ئەودا جیاواز بوو، بەڵکو من هێشتا بەتەواوی لە باوەڕم بە یەزدان تێنەگەتشتبووم.

دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ فێربووم کە بەدەوام نەبم لەو بینینە خەیاڵیە، پێ ویستیە نەبیستراوەکانم کە لە کۆتاییدا دەبووە ڕەگی تووڕەیی لە ژیانمدا، بەڵام فێربووم کە دەبێت بۆ هەموو پێویسییەکانم پشت بە یەزدان ببەستم. دەزانم کە دەیڤ منی خۆشدەوێت و حەز دەکات پێداویستییەکانم دابین بکات. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەمیشە ئەو پێویستییانە نابینێت، یان نازانێت چی بکات، چونکە یەزدان بەشێوەیەک دەیڤی دروست نەکردووە کە بتوانێت هەموو پێویستییەکانم دابین بکات. فێری ئەوە بووم کە سەیری هەوو ئەو شتە جوانانە بکەم کە دەیڤ ئەنجامی دەدات و سەرنج نەدەمێ ئەو تۆزە شتەی کە ئەنجامی نەدەدا.

دڵی سوپاسگوزار کە سوپاسگوزارە بۆ ئەو شتەی کە هەیەتی دڵێکی زۆر سەرکەوتووە لە خۆپاراستن لە تووڕەیی و ڕەنجاندن. سوپاسگوزاربە و بڵێ کە سوپاسگوزاری. زۆر بە توندی لە بەرانبەر تووڕەییدا بوەستە، چونکە ئەگەر وا نەکەیت، ئەوا لە هەموو کەسێک زیاتر ئازارت دەدات.

## پێویستی هەڵە ڕاستکردنەوە

لە ساڵانی سەرەتای هاوسەرگیریماندا بەڕاستی پێویستم بە دەیڤ بوو بۆ ئەوەی هەڵەکانم ڕاست بکاتەوە، ئەگەر نا هەر لە سەرەتاوە نەدەکرد راستم بکاتەوە. لەبەرئەوەی دەیڤ منی خۆشدەویست و دەیویست پەیوەندییەکەمان تەندروست بێت، هەر لەبەرئەوە هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردمەوە. کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هاوڕێ ڕاستەقینە بە ڕاستکردنەوە بریندارمان دەکات. زۆربەی کات ئاسانە کە کردەوە هەڵەکان پشتگوێ بخەین، چونکە نامانەوێت ڕووبەڕووی دەرەنجامی ئەو ڕاستکردنەوەیە ببینەوە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە کەسی بەرانبەر ڕێگەمان نادات هەڵەی بۆ ڕاست بکەینەوە.

منداڵان نەک تەنیا پێویستییان بە سۆز و خۆشەویستی هەیە بەڵکو پێویستیان بە ڕاستکردنەوەش هەیە. ئەگەر منداڵێک ڕاست نەکرایەوە ئەوا یاخی دەبێت و ڕێز لە کەس ناگرێت. ڕێژەیەکی زۆری ئەو پیاو و ژنانەی کە لە زیندانن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دایک و باوکیان هەرگیز بەتەواوی هەڵەکانیان بۆ ڕاست نەکردوونەتەوە. کچەکەمان (ساندرا) و هاوسەرەکی (ستێڤ) دوانەیەکی کچیان هەبوو. کە ئێستا تەمەنیان هەشت ساڵە. ستیڤ و ساندرا باوک و دایکێکی زۆر باشن، خۆشەویستیەکی زۆر نیشان دەدەن بەڵام لە ڕاستکردنەوەی منداڵەکانیاندا زۆر توندن. تەنیا بە نیشاندانی ئەوەی کە منداڵان چۆن وەڵامیان بۆ هاوسەنگییەکی باشی خۆشەویستی و ڕاستکردنەوە دەبێت، ڕێگەم بدەن ئەو سەرنجەتان لەگەڵ باس بکەم کە نەوەکەم (ئەینجڵ) بۆ دایکی نووسیوە لە کاتێکدا لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە، دوای ئەوەی کە درۆیەکی کردبوو و بۆیان ڕاست کردبووەوە.

"دایکە گیان، تۆم زۆر زۆر خۆشدەوێ، زۆر گرنگیت پێدەدەم، دەمەوێت بزانیت کە زۆر زۆر زۆرم خۆشدەوێی."

ئەینجڵ دەیزانی کە ڕاستکردنەوە شتە دروستەکەیە، ئەوە خۆشەویستی دایک و باوکی دەردەخات بەرانبەری. هەمان تێبینیشی بۆ باوکی نووسی.

وشەی یەزدان پێمان دەڵێت کە ئەوەی یەزدان خۆشیبوێت ڕاستی دەکاتەوە (عیبرانییەکان **١٢: ٦**). یەزدان نموونەیەکی خستۆتە بەردەستمان بۆ ئەوەی بە سەر منداڵەکانمان جێبەجێی بکەین. خۆشەویستییەکی زۆر و لێخۆشبوونێکی زۆر، ڕووبەڕووبونەوە و ڕاستکردنەوە لەکاتی خۆیدا بە منداڵەکانت ببەخشە.

ڕیشەیەکی زۆری تووڕەیی لە ژیانماندا خۆی جێگیر کردووە، لەوانەیە تا ئێستا لێرەدا ئاماژەمان پێنەدابێت. داوا لە یەزدان بکە نیشانت بدات بۆچی تووڕەیت. کاتێک تووڕە بوویت تەنیا بیر لەوە مەکەوە کە چی بووە هۆی درووستبوونی تووڕەییەکی بەڵکو لەو کاتانە بەبیر خۆت بهێنەوە کە هەمان هەستت هەبووە، ئایا شێوازێکت هەیە؟

کاتێک چوویتە بنج و بناوانی کێشەیەک، ئەوە بە تەنیا کێشەکە چارەسەر ناکات. بەڵکو دەبێت لە ناخەوە ببینین و لێی تێبگەین، ئەمەش گەورەترین هەنگاوە بۆ چارەسەرکردنی.

لە ژیانماندا زۆر پێویستیمان هەیە، کاتێک ئەو پێویستییانەی بۆ دابین نەکرا، بۆی هەیە کێشەی تووڕەبوونمان بۆ دروست بکەن، بەڵام راستی ئازادمان دەکات. زانینی شوێنی قەدی تووڕەیی ڕاستییەکی تەواوە بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکبوونەوە دەست پێدەکات.

# بەشی چوارەم

## ڕەگەکانی ئیرەیی

"دانایی بەرزە بۆ گێل، لە کۆڕی ناو دەروازەدا دەمی لێک ناکاتەوە." (پەندەکانی سلێمان (٢٧: ٤)

ئیرەیی شتێکی خراپە، زۆربەی کات بە "دێوی چاو سەوز" ناوی دەبەن. بەو شێوەیەیە چونکە ژیانی ئەو کەسە لەناو دەبات کە لە دڵیدا جێی دەکاتەوە. بەگوێرەی (پەندەکانی سلێمان ٢٧: ٤) ئیرەیی زۆر خراپترە لە ڕق و تووڕەیی. ئیرەیی کێشەیەکی وەها گەورەیە کە هەستدەکەم شایانی ئەوەیە بەشێکی بۆ تەرخان بکەم.

***

(جێنیفەر) ژیانی سەرفی خۆ بەراوردکردنی خوشکەکەی (جەیک) کرد. ئەوان جمک بوون. بەڵام هاوشێوە نەبوو. جەیک یەکەم جار لەدایک بوو، خۆشڕوو بوو، هەروەها کەسایەییەکی کراوەی هەبوو؛ لەکاتێکدا جینیفەر کەسێکی شەرمن و هێمن بوو. جێنیفەر لە جێگەی ئەوەی خەریکی داهێنان و گەشەپێدانی تواناکانی بێت، بەهۆی ئیرەیی بردن بەو شتانەی کە خوشکەکەی دەیکرد خووی بە تەمبەڵییەوە گرتبوو. دەڵێم ئیرەیی تەمبەڵییە چونکە بەهیچ جۆرێک وزەی پێویست نییە کە دابنیشتیت و دڵت بە حاڵی خۆت بسوتێت و ڕقت لەو کەسانە بێتەوە کە ئەو شتانەیان هەیە کە ئێمە نیمانە. جەیک چەندی بەهرەی هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا جێنیفەری خوشکیشی بەهرەدار بوو؛ هەرچەندە ڕووگرژییەکەی بەرانبەر خوشکەکەی تەنانەت ڕێگەی لە بینینی بەهرەکانی خۆشی دەگرت. بە تێپەڕبوونی کات ئەو شتەی کە دەکرا و دەبوایە بریتی بێت لە پەیوەندییەکی نزیک و ئازایانەی دوو خوشک، لەلایەن جێنیفەرەوە گۆڕا و بوو بە ڕکابەری. ئیرەیی کە هەمیشە لە دڵی جێنیفەردا دەردەکەوت تەمەنی لاوێتی خستە تاریکییەوە. جەیک زۆر دڵخۆش بوو، پڕبوو لە ژیان، تەنیا کەمێک سەرنجی دەدایە ڕەفتاری ڕووگرژانەی خوشکەکەی، کە ئەمەش زیاتر گڕی لە جێنیفەر بەردابوو. دەیەویست کە خوشکەکەی تێبگات چەندە ناڕەحەتە، زیاتر بڵێین، دەیویست بە هەمان شێوە خوشکەکەشی دڵتەنگ بێت.

بە تێپەڕبوونی کات گەورەبوون و منداڵیان بوو، جەیک بۆی دەرکەوت کە کێشەیەک هەیە. بەڵام گرنگ نەبوو چەندە سەخت هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ جێنیفەردا گەشەپێبدات، هەرگیز سەری نەدەگرت. لەلای خەڵکدا لەگەڵ یەکتری زۆر بەڕێز بوون، بەڵام هەر ناکۆکی نێوانیان دەبینرا. ئەو تووڕەییە

شاراوەیە دەتوانرێت لەلایەن هەموو کەسێکەوە هەستی پێبکرێت، تەواوی خێزانەکە بەهۆی نائارامی و ئیرەیی کچێکیەوە ئازاریان دەچەشت.

چۆن سەدەمێکی لەو چەشنە لە ژیانی خەڵکدا دەستپێدەکات؟ شەیتان هەمیشە لە دەوروبەردا خۆی مەڵسداوە هەتا هەرکاتێک ڕێگەیەکی بدۆزێتەوە کێشە و گرفت لەنێوان خەڵکدا بنێتەوە، بەتایبەی ئەندامانی خێزان. پێدەچێت دایک و باوکی جێنیفەر پێداهەڵدان و ئافەرینیان لە جەیک کردبێت و لەهەمان ڕۆژدا جێنیفەریان ڕاستکردبێتەوە لەبەر هاوارە حوکمدەرە خراپەکەی، شەیتانیش ئەم بارودۆخەی بەکارهێنابێت و تۆوی لووتبەرزی ڕووگرژی چاندبێت. لەوانەیە بە هەزاران سیناریۆی لەم شێوەیە هەبێت بەڵام هەمیشە ئەنجامەکەیان یەک شتە. کاتێک لە کێشەیەکدا دەژین کە ڕیشەکەی ئیرەییە، دەستبەرداری ئاشتی و خۆشی دەبین هەروەها دەستبەرداری ئەو ژیانەش دەبین کە یەزدان دەیەوێت هەمبێت. دەیەمین ڕاسسپاردە کە خودا بە موسای بەخشی بریتیە لەوەی کە "چاو مەبڕنە ماڵی کەس. چاو مەبڕنە ژن و خزمەتکار و کارەکەر و گا و مانگا و گوێدرێژی هیچ کەسێک و هەر شتێک کە هی کەسێکی دیکە بێت." (دەرچوون **٢٠: ١٧**)

واتای ئەم ڕاسپاردە ئەمەیە کە نابێت ئیرەیی بە شتی خەڵک ببەین. ئیرەیی گوناهێکی دڵە. هەڵسوکەوتێکە کە پەرە بە تووڕەیی و ململانێت دەدات، لە کۆتاییدا تەفرەقە دەخاتەوە. یەزدان دەیەوێت بە بەرەکەتی خەڵکانی دیکە دڵخۆش بین و ببینە مایەی دڵخۆشی بۆیان. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە ئەوە بەدەسناهێنین کە حەزمان لێیەتی. یان ئەگەر ئەوەمان بەدەستهێنا کە حەزمان لێیەت، ناتوانین دڵخۆش بین و ڕازیمان ناکات، چونکە هەمیشە یەکێکی دیکە دەبینین لە ئێمە زیاتری هەیە، دووبارە خۆمان لە نارەحەتیدا دەبینینەوە. پۆڵۆسی نێردراو گوتی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزم لە زیو یان جلی گرانبەها نەکرد (کردار **٢٠: ٣٣**). بەوە رازی بوو کە یەزدان داوای لێکردبوو ئەنجامی بدات، ئەو کەسە بێت کە یەزدان دروستی کردبوو. ڕازی بوون بریتییە لە شوێنێکی بەرەکەتدار بۆ نیشتەجێ بوون، بەڵام هەرکەسێک کەمێکی لێ بەدەستبهێنێت ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا دەمێنێتەوە. پۆڵۆس نهێنییەکای دەزانی. دەیزانی کە لە ویستی خودادایە و هەر شتێک بۆ ئەو دروست و باش بێت یەزدان لەکاتی خۆیدا پێی دەبەخشێت. پۆڵۆس کەسێکی ناچالاکی بێ حەز و ئارەزوو نەبوو بەڵکو پیاوی باوەڕ بوو، باوەڕی تەواوی بە باشی و دانایی یەزدان هەبوو.

یەحیای لەئاو هەڵکێش، پیاوێکی دیکەی یەزدان بوو کە وا دەردەکەوت هیچ ئیرەییەکی نەبێت. کتێبی پیرۆز لە (یۆحەنا **٣: ٢٥- ٢٧**)دا دەڵێت کە دەمەقاڵەیەکی گەرم لەنێوان قوتابییەکانی یەحیا و جوولەکەیەک ڕوویدا لەبارەی پاککردنەوە. یەحیا خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشا و ئێستا قوتابییەکانی عیسا هاتوون و خەڵکی لەئاو هەڵدەکێتشن. خەڵک لە عیسا کۆبوونەوە، دەبینین کە ڕەگی ئیرەیی دەبێتە هۆی تووڕەیی و هەرانانەوە. کاتێک کە ئەم هەواڵە گەیشتە یەحیا، گوتی: "کەس ناتوانێت شتێک وەربگرێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت."

کاتێک لە ژیانماندا کێشەم لەگەڵ ئیرەیی هەبوو، هەستم بە تووڕەیی دەکرد، چونکە هەمیشە ئەو شتەم نەبوو کە کەسانی دیکە هەیانبوو. ئەم ئایەتانە بەڕاستی یارمەتییان دام. بۆم دەرکەوت کە ئەگەر متمانەم بە یەزدان هەبووایە، دەبوایە باوەڕم بەوە کردبا کە یەزدان چی باشە ئەوەی پێداوم. زۆر هەڵە بووم ئیرەیی بەو شتانە ببەم کە یەزدان بە خەڵکانی دیکەی داوە.

یەزدان باشتر لە خۆمان دەمانناسێت، دەتوانین چێژ لە ڕازی بوون وەربگرین ئەگەر متمانە بەوە بکەین کە یەزدان لە چاکەی خۆیدا هەرگیز هیچ شتێکی باشمان لێ دوور ناخاتەوە. یاقوبی قوتابی مەسیح پێمان دەڵێت کە هەرا و کێشمەکێش لەو ئارەزووانەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەمانە و بەردەوام لە ناو لەشماندا خەریکی شەڕن. ئێمە ئیرەیی بە شتی خەڵکی دیکەی دەبەین و ئارەزووەکانیشمان تێر نابن. پاشان دەست دەکەین بە ڕق لێبوونەوە، ئەمەش هەتا دڵ حەزبکات دەمانکوژێت. یاقوب دەڵێت کە خەڵک بە ئیرەیی و تووڕەییەوە دەسوتێن و ناتوانین سوپاسگوزاری و ڕەزامەندی و ئەو دڵخۆشییە بەدەست بهێنین کە داوای دەکەن. پاشان یاقوب شتێک دەڵێت کە دەبێتە سەرەکیترین ئایەت لە ژیانمدا.

"نیتانە، چونکە لە خودا داوا ناکەن." (یاقوب **٤: ٢**)

ئەم چەند وشەیە ئازادیان کردم لە ناڕەحەتی نەبوونی ئەو شتەی کە دمویست، هەروەها ئازادیان کردم لە ئیرەیی بردن بەو کەسانەی کە ئەو شتەیان هەبوو کە من نەمبوو. بەڕوونی ئەوەم بینی کە ئەگەر شتێکم پێویست بوایە، ئەوا دەبوا داوام لە خودا بکردایە و باوەڕم بەوە هەبوایە کە ئەگەر ئەوە شتێکی دروست بێت ئەوا یەزدان لەکاتی خۆیدا پێم دەدات. یەزدان هەموو شتێکی بۆ هەموو کەسێک هەیە، لەوانەیە هەمیشە ئەو شتەمان

نەداتێ کە کەسێکی دیکە هەیەتی، بەڵام هەمیشە بەشێوەیەکی فراوان بۆمان دابین دەکات، ئەگەر بێتو لە ژیانماندا باوەڕمان بە یەزدان و ڕێکخستنی کاتەکەی هەبێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش فێربووم کە ئەگەر یەزدان ئەو شتەی نەدامێ کە داوام کردووە، لەبەرئەوە نییە کە پشتگوێی خستووم، بەڵکو شتێکی باشتری بۆ داناوم، دەبێت بە چاوەڕوانکردنی ڕازیبم. بۆ زیاتر تێگەیشتن "نیتانە، چونکە لە خودا داوا ناکەن." دڵم پڕە لە بەزم و هەرا چونکە بەپێی جەستەم هەڵسوکەوت دەکەم و هەوڵ دەدەم پشت بە بیرۆکە و پلانەکانی خۆم ببەستم. بڕیارمدابوو چیم دەویست وا هەڵسوکەوت بکەم، هەروەک ئەوەی ئەوەی یەزدان ناچاربێت پێم ببەخشێت. هەڵسوکەوتێکی زۆر منداڵانە و خۆویستانەم هەبوو. بەڕاستی ئیرەیی ستەمکارە.

## ڕق کە بووە توندوتیژی

شاوڵ پاشا ئەوەندە تووڕە بوو کە بە بەردەوامی هەوڵی دەدا داود بکوژێت، تووڕەییەکەی لە ئەنجامی ئیرەییەوە بوو. کە لە ترسی لەدەستدانی جێگەکەی بۆ داود سەرچاوەی گرتبوو (یەکەم ساموێل ١٨: ٦- ١٢). شاوڵ ئەوەندە تووڕە بوو کە ڕمەکەی گرتە بۆناتانی کوڕی چونکە ئەو و داود هاوڕێ بوون (یەکەم ساموێل ٢٠: ٣٠-٣٤). بە ئاسانی دەتوانین ئەوە ببینین کە تووڕەیی و ئیرەییەکی گۆڕا بۆ ڕق کە وای لێکرد ببێت بە پیاوێکی توندوتیژ.

چەندین نموونەی دیکە لە کتێبی پیرۆزدا هەن، بەڵام ئێمە نامانەوێت باسی ژیانی خەڵکی دیکە بکەین و کێشەی ژیانی خۆمان پشتگوێ بخەین. تۆ ئیرەیی بە کەس دەبەیت؟ ئایا هەست بە تووڕەیی دەکەیت کاتێک کەسێکی دیکە لە وەرزش، ئیشوکار یان لە هەر شتێکی دیکەی ژیان باشتر بێت لە تۆ؟ زۆربەی جار لەکاتی پێشبڕکێ وەرزشییەکاندا تووڕەیی دەبینین، کاتێک سەر و کەللە ناشرینەکەی دەردێنێت. هەموومان دەمانەوێت بیبەینەوە، بەڵام ئەوەندە حەزدەکەین بیبینەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەو کەسانە تووڕە بین کە لە ئێمە باشتر یاری دەکەن، ئێمە هەڵەین. بیرم دێت یاریم لە گروپی وەرزشی باڵەی کەنیسەدا دەکرد، سەیری ئەو مەسیحیانەم دەکرد کە بە هۆی پێشبڕکێوە بە شێوازێکی زۆر ناخوداییانە ڕەفتاریان دەکرد. ئەم دڕندە چاو سەوزە ئیرەدارە بەدوای هەموو کەسێکەوەیە، هەربۆیە دەبێت ئاگادار بین.

ئەگەر هاتوو بینیت ئیرەیی بە کەسێک دەبەیت ئەوا چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە و بەسەر ئەو ئیرەییەدا زاڵ بە چونکە ئیرەیی بێجگە لە نەهامەتی هیچ شتێکی دیکەت بۆ ناهێنێت. یەزدان بۆ هەر یەکێک لە ئێمە پلانێکی تایبەت و ناوازەی هەیە. ئێمە هەموومان لە یەکتری جیاوازین، بەڵام هەمووومان وەکو یەک بەنرخین، بزانە کە ئەوە یارمەتیمان دەدات کە ڕازیبین و دڵخۆش بین بەوەی کە هەین و بەو شتەش کە هەمانە.

**جیاواز نەوەک کەمتر**

ئەو بەراوردکردنانە و پێشبڕکێیانەی کە لە کۆمەڵگەکەماندا هەن شایانی خەفەت خواردنە، ڕیشەکەی دەبێتە هۆی تووڕەیی لێکترازانی زیاتر. تەنیا لەبەرئەوەی ئێمە جیاوازین لەو خەڵکەی دەوروبەرمان، ئیتر ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئێمە لەو خەڵکە کەمترین یان زیاتر. هەموو شتێک بە ڕێگەی خۆی بەنرخە. دەستەکانم لەگەڵ پێیەکانم جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیرەیی بەیەکتر نابەن. بەجوانی لەگەڵ یەکتری ئیش دەکەن، هەر یەک لەوان ئەو ئیشە دەکەن کە یەزدان بۆی داناون. یەزدان دەیەوێت ئێمەش هەمان شت بکەین. دەیەوێت ئێمەش جوانی و بایەخی تایبەتی خۆمان ببینین و هەرگیز هەست بە کەمی نەکەین تەنیا لەبەرئەوەی لە کەسێک دیکە جیاوازین. گوێم لە قەشەیەک بوو کە بەم شێوەیە باسی ئەمەی کرد: "پێویستە فێر بین لەناو پێستی خۆمان ئاسوودە بین."

تووڕەی ڕەنگدانەوەی هەستی خۆ بە نزم زانینە. پێویستە بە یەکسانی سەیری خەڵکی دیکە بکەین. پێویست ناکات هەست بکەیت لەوان باشتریت و هەرگیز خۆت لەوانیش بە کەمتر مەزانە. عیسا یەکسانکارە نایابەکەیە. بەهۆی ئەوەوە ئێمە هەمووومان یەکسانین. مەسیح گوتی ئێستا جیاوازی نییە ئەگەر جولەکەی یان ناجولەکەی، کۆیلەی یان ئازاد، ژن یان پیاو، چونکە هەمووومان بەهۆی ئەوەوە یەکین (گەلاتیا ٣: ٢٨). بایەخی ئێمە لەوەدا نییەک کە دەتوانین کارێک بکەین بەڵکو بایەخی ئێمە لە ئەوەدایە کە ئێمە کێین و بۆ کێ دەگەڕێینەوە. ئیمە هی یەزدانین، ڕوخسارمان، بەهرەکانمان و تواناکانی دیکەمان لەلایەن یەزدانەوە دێت. پیاوێکی کورتە باڵا بە ناڕەحەتی و ئیرەیی بردن بە کەسێت کە لەو درێژترە ناتوانێت تەنانەت یەک سانیمینش لە باڵای خۆی زیاد بکات. ئەو شتەی کە دەتوانێت بیکات ئەوەیە کە هەوڵ بدات ببێت بە باشترین لە ژیانیدا و هەرگیز خۆی بەراورد نەکات بە خەڵکی دیکە.

زەکا کەسێکی کورتە باڵا بوو. کاتێک کە بیستی عیسا بە ڕێگایەکدا تێدەپەڕێت، بەڕاستی دەیویست بینیتێت، بەڵام دەیزانی کە بە هۆی ئەو قەڵەباڵغییەوە ناتوانێت بیبینێت چونکە کورتەباڵا بوو. زەکا بەهۆی باڵایەوە دەکرا بێهیوا بێت. دەکرا باڵای وەکو ڕێگرییەک چاو لێبکات و تووشی نەخۆشی بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە و ناچالاکی بوایە. بەڵام زەکا هیچ کام لەوانەی بەسەرنەهات. لە جێگەی ئەوە بەسەر دارێک کەوت بۆ ئەوەی بتوانێت بەباشی عیسا ببینێت. کاتێک عیسا بەوێدا تێپەڕی، چاوی بە زەکا کەوت و پێی گوت: زەکا لەسەر دارەکە وەرە خوارەوە، چونکە بۆ خوانی ئێوارە دەبم بە میوانی تۆ (لۆقا **١٩: ١- ٦**). ئەمە یەکێکە لە خۆشترین چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز بەلای منەوە چونکە ئەوە دەبینم کە کردارەکەی زەکا بۆ عیسا دڵخۆشکەر بوو. ئەوەندە حەزی لێبوو کە کاتێکی تایبەتی لەگەڵ زەکا بەسەربرد. دەکرا هەموو ڕووداوەکەی لەدەست بدابایە ئەگەر بێتو بەهۆی کورتی باڵایەوە تووڕە بوایە.

ئەگەر هەر ئێستا تووڕەییت لەبارەی ئەوەی کە نیت و هیوات دەخواست کە ببیت، بەڕاستی هانت دەدەم کە لە زەکاوە وانەیەک فێربیت. بەباشتری شێوە بەو ئیشەی کە لە بەردەستدایە خۆت خەریک بکە، یەزدان هەمیشە جیاوازییەک لە ژیانتدا دروست دەکات و بەرەو پێشت دەبات. بزانە کە یەزدان بە وریاییەوە و بە دەستەکانی خۆی لەناو منداڵدانی دایکتدا دروستی کردوویت، یەزدان هەڵە ناکات. هەموو شتێک کە یەزدان دروستی کردووە باشە، بە تۆشەوە.

پێشنیارێکت دەدەمێ کە بە چەند خولەکێک لیستێک دروست بکە، ئەو شتانەی تێدا بنووسە کە دەربارەی ڕوخسارت یان تواناکانت حەزت لێ نییە. دوای ئەوە داوای لێخۆشبوون لە یەزدان بکە لەبەرئەوەی کە حەزت لەو شتانە نەبووە کە ئەو بۆتی هەڵبژاردووە، لیستەکە بدڕێنە و فڕێیدە، داوا لە خودا بکە کە یارمەتیت بدات بۆئەوەی بەتەواوی خۆت بیت.

تا ئەو کاتەی باشتر فێربووم، دەمویست دەنگم نزمتر بێت و قاچم باریکتر بێت و قژیشم پڕتر بێت. کاتێک ژنێکم دەبین ئەو شتانەی هەبوو کە من دەمویست هەمبێت، دەمتوانی هەست بە خۆم بکەم کە لە ژیانم دەریان دەکەم. کاتێک ئیرەیی بە کەسێک دەبەین ئەوا ئەو ئیرەییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حەز بە بوونیان نەکەین لە ژیانماندا. من ڕقم لەو ژنانە بوو کە ئەو شتانەی هەبوو کە من دەمویست هەمبێت، هەروەها لە

بەرانبەریان هەستم بە خۆ بە کەم زانین دەکرد. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوانیش بەهەمان شێوە حەزیان لە زۆر شتی خۆیان نییە و لەوانەشە ئیرەییان بە شتێکی من هاتبێت کە ئەوان نەیانبووە.

ئیرەیی یەکێکە لەو ئامرازانەی کە شەیتان بۆ جیاکردنەوە مرۆڤەکان بەکاری دەهێنێت. بەڵام ئەمە بە تەواوی کات بەفیڕۆدانە چونکە هیچ سوودێکی نییە، بێگومان یارمەتیمان نادات لە بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە پێمان وایە پێویستمانە.

یەکێک لە ئامانجەکانی نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە کە یارمەتیت بدات بڕیار بدەیت واز لەو شتانە بهێنیت کە هیچ بەرهەمێکی ناشیان نییە. بەڕاستی چاکە لەگەڵ خۆمان دەکەین کاتێک ئیرەیی بە خەڵکی دیکە نابەین و متمانە بەو خۆشەویستییە دەکەین کە یەزدان بەرانبەر ئێمە هەیەتی.

❋❋❋

چیرۆکی یوسف لەناو کتێبی پیرزۆدا یەکێکە لە سەرکەوتنە ناوازەکان. یوسف کوڕێکی بچووکی خێزانەکەیان بوو کە باوکی زۆری خۆش دەویست. پێت وانەبێت کە باوکی یوسف لە براکانی دیکەی زیاتر خۆشویستبێت، تەنیا بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوان خۆشی دەویست. یوسف منداڵ بوو، هەمیشە لە هەموو خیزانێکدا منداڵ گرنگی زیاتری پێدەدرێت. براکانی ئیرەییان پێی دەبرد، ئەو ئیرەییەش ئەوەندە تووڕەیکردن کە یوسفیان فرۆشت بە بازرگانانی کۆیلە. پاشان بە باوکیان وت کە ئاژەڵێکی کێوی یوسفی خواردووە. یوسف چەندین ساڵی لە بارودۆخی زۆر ناسازگاردا بەسەربرد. سێ ساڵ زیندانی کرا لەسەر تاوانێک کە ئەنجامی نەدابوو. بەڵام لەبەرئەوەی کە هەڵسوکەوتێکی باشی هەبوو، لە هەر کارێک کە پێیان دەسپارد بەرەوپێش چوونی بەخۆیەوە دەبینی. یەزدان هەمیشە لە ژیانماندا بەرەو پێشمان دەبات، بەمەرجێک متمانەی پێ بکەین و ڕێگە نەدەین هەستەکانی ترس و ئیرەیی و ڕق و شکانەوە بەرێوەمان ببەن. یوسف دەیتوانی بەهەمان شێوەی براکانی کە تووڕە بوون لێی، ئەمیش لە براکانی تووڕە بێت. دەیتوانی ڕێگە بە تووڕەیی بدات کە وای لێبکات هەستێت بە ئەنجامدانی کارێکی خراپ، ئەو کاتە بۆی هەبوو یەو ڕەفتارە ژیانی ویران بکات، بەڵام یوسف ڕێگەی نەدا بڕیارە خراپەکەی براکانی بەڕێوەی ببەن.

ئایا ڕێگە دەدەیت کە بڕیاری هەڵەی کەسانی دیکە تووڕەت بکەن؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، ئەوا تۆ کەسێکی گێلیت چونکە هەڵبژادەری دیکەت لەبەردەستدایە. دەتوانی چاکەیەک لەگەڵ خۆتدا بکەیت و بەسەر بڕیارەکەی ئەواندا زاڵ بیت. هەمیشە ناتوانین ئەو شتە بگۆڕین کە خەڵکی دەیکەن بەڵام نابێت ڕێگە بدەین هەڵبژاردنەکانی ئەوان ڕەفتارمان جڵەوگیر بکەن. یەزدان بژاردەی ئازادی بەهەر یەکێک لە ئێمە بەخشیوە. لە هەموو حاڵەتێکدا دەتوانین مردن یان ژیان هەڵبژێرین. هەڵبژاردنی ئازاد، هەروەها بە مانای هەبوونی بەرپرسیاریەتی دێت. کەواتە لە حاڵەتی ڕاستەقینەدا ئەگەر من دڵتەنگ بم، ئەوە هەڵەی خۆمە چونکە دەتوانم کارێک بکەم کە دڵتەنگ نەبم.

ئەگەر هەموو چیرۆکەکەی یوسف لە کتێبی پیرۆزدا بخوێنینەوە ئەوا دەزانین کە لە کۆتاییدا هەموو ئەندامانی خێزانەکەی یوسف دێنە لای یوسف و تۆبە دەکەن بە هۆی ئەو کارەی کە بەرانبەری کردیان. یوسفیش بەوپەڕی بەخشندەییەوە لەکاتی وشکەساڵیدا یارمەتی دان. یوسف نەک تەنیا ڕەتی کردەوە تووڕە بێت و بە خراپی ڕەفتاری نەکرد بەڵکو خێرا براکانی بەخشی هەرچەندە شتێکی زۆر خراپیان بەسەر یوسفدا هێنابوو. ئەو کەسەی کە لە بەرانبەرکەی خۆشدەبێت هەمیشە گەورەترە لەو کەسەی کە تووڕە و ئیرەدارە. تەنیا مرۆڤی مێشک داخراو ڕێگە بە تووڕیی و ئیرەیی دەدات کە چارەبووسی دیاری بکات.

**عیسا شیفا بەخشی ئێمەیە**

لە کتێبی پیرۆزەوە فێردەبین کە عیسای مەسیح بۆ شیفا بەخشین هاتووە، بەڵام ئەم شیفابەخشینە هەمیشە لەڕێگەی پەرجووەوە ڕوونادات. شیفا زۆربەی کات لەڕێگەی ڕەچەتەی شیفابەخشەوە دەبێت بە ژیانێکی سەلامەت. بەجۆرێکی دیکە، ئەگەر ئەوە بکەین کە عیسا ئەمری پێکردووین، نەک تەنیا دڵخۆشتر دەبین بەڵکو سەلامەت تر دەبین.

"دڵی ئارام ژیان بە لەش دەبەخشێت، بەڵام ئیرەیی ئێسک کلۆر دەکات." (پەندەکانی سلێمان **١٤: ٣٠**)

ئەمە ئەو ئایەتەیە کە لە خۆشیدا دەمگرییێنێت. ئاشتی برەو بە چاکبوونەوە دەدات، بەڵام دڵتەنگی و ئیرەیی و چاوپیسی و ڕق و کینە دەبنە هۆی تەندروستییەکی خراپ. دکتۆرەکان پێمان دەڵێن کە ٨٠ ٪ ی نیشانەی نەخۆشی جەستەمان بەهۆی سترێس و نیگەرانییەوە دروست دەبێت. تاوەکو سترێس کەم نەکەینەوە و لای نەبەین مەحاڵە تەندروستییەکی باشمان هەبێت. تووڕەیی وای لێکردم کە هەست بە نیگەرانی و سترێسێکی زۆر

بکەم. من دڵنیام هەمان شتیش بەسەر تۆدا دەهێنێت. ئیرەیی بریتییە لە تووڕەی بەرانبەر ئەو شتەی کە کەسێکی دیکی هەیەتی و ئێمە نیمانە، کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستیمان دەبێت. هەر جۆرێکی تووڕەیی بێ گوێدانە سەرچاوەکەی دەبێتە هۆی فشار، فشاریش دەبێتە هۆی نەخۆشی. کاتێک لەگەڵ پوورمدا تووشی ئەو رووداوە بووم کە پێشتر بۆم باس کردن، لەبیرمە دوای دوو رۆژ لە توورەبوونەکە بە تەواوی هەستم بە ماندووبوون دەکرد. چەندین شوێنم تووشی ئازار ببوو. سەرم ژانی دەکرد و زۆر ماندوو بووم. تووڕیی ویستی یەزدان نییە، جەستەمان بەباشی لەگەڵیدا ئیش ناکات.

لەگەڵ ژنێک چوومە کەنیسە، پێی گوتم بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەهۆی "ئاوسانی جومگەکانەوە" ئازاری زۆر چێژتبوو، لەدەست ئەو نەخۆشییە رزگاری نەبوو تاوەکو لە ئەندامێکی خێزانەکەی خۆشنەبوو کە بە شێوەیەکی زۆر نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردبوو. کاتێک کە لێی خۆشبوو ئازارەکی دوای چەند ڕۆژێک کەم کەم نەما و هەرگیز تووشی نەبووەوە. من ناڵێم کە ئەگەر تۆ تووشی ئەو نەخۆشییە بووی ئەوا کەسێک هەیە کە لێی خۆشنەبوویی، ناڵێم کە ئەگەر تووشی سەرێشە بووی ئەوا هۆکارەکەی ئیرەییە. بەڵام پێشنیار دەکەم کە بگەڕێ و بزانە چی لە دڵتدایە و ڕێگە بە هەریەک لەو هەستە نەرێنیانە بدە بچنە پێش یەزدان و داوای شیفای لێ بکەن. بە تەواوی لەو باوەڕەدام کە هەستە نەرێنییەکان دەبنە هۆکاری سەرەکی نەخۆشی زیاتر، دەست بەرداربوون دەبێت هۆی یارمەتیدان لە بەرەوپێشبردنی شیفا و وزە لە ژیانمان.

عیسا دەڵێت: "من ڕێگام." کاتێک دوای ڕێگاکانی دەکەوین ئەوا باشترین هەلی ژیانمان دەبێت. کاتێک سەرپێچی یاساکانی دەکەین دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیانمان چاوەڕێی گیروگرفت بین.

## ڕازیبوون

دەفتەرێکی یادگاریم هەیە کە هەموو بەیانییەک تێیدا دەنووسم. کاتێک سەیری خاڵی دەستپێکی دوو ساڵ لەمەوپێشم دەکەم، چەندین خاڵی دەستپێک دەبینم کە تەنیا دەڵێت: "من ڕازیم." توانینی گوتنی ئەوە بۆ من مانای زۆرە، چونکە چەندین ساڵم لە ناڕازیبووندا بەسەربرد. پێم وابوو هەمیشە شتێکی دیکە هەیە کە دەبوایە هەمبوایە بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕازیبم. پۆڵسی نێردراو دەڵێت کە فێربووم بە هەموو بارودۆخێکی ژیانم ڕازی بم. بێ گوێدانی بارودۆخەکەی (فیلیپی ٤: ١١). باوەڕم وایە کە ڕازیبوون شتێکە دەبێت فێری بین چونکە مرۆڤەکان هەموویان بە ناڕازیبوون لەدایک دەبن. ئەمە لە لەشماندایە و هەرگیز دەسبەردارمان نابێت، مەگەر ئەوەی کە چیتر بەخێوی نەکەین.

ئایا تۆ ڕازیت؟ ئەگەر ڕازی نیت تکات لێدەکەم دوای ڕازیبوون بکەوە چونکە ئەو شوێنە زۆر خۆشە کە ڕازیبوون هەیە. ڕازیبوون مانای ئەوە نییە کە هیچ شتێکمان ناوێت، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئێمە ڕازین بەوەی کە هەمانە تاوەکو یەزدان شتێکی دیکە بە شیاوی ئێمە دەزانێت و پێمان دەدات. دایک و باوک هەست بە ئازار دەکەن کاتێک کوڕەکەیان یان کچەکەیان ناڕازییە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی کە ئەو منداڵە هەیەتی. تەنها ئەوە دەبینن کە بۆیان دەکەین، بەڵام ئەوان ئەوە دەبینن کە خەڵکی دیکە هەیانە ئەوان نییانە. ئەوان نوێترین مۆدێل و باشترین مۆبایلی زیرەکیان دەوێت، تازەتری کۆمپیوتەر، بەناوبانگترین جۆری پێڵاوی وەرزشی دەوێت.... هتد. دەمانەوێت ئەوان سوپاسگوزار بن بەوەی هەیانە، پێمان ئاساییە ئەگەر داوای شتمان لێبکرێت بەڵام نامانەوێت بە هەڵسوکەوتێکی خراپ کە هەرگیز ڕازینین فشارمان بخرێتە سەر. ئەگەر بەو جۆرە بڕوانینە منداڵەکانمان ئەی چۆن یەزدان سەیری ناڕازیبوونی ئێمە دەکات؟ پێم وا نییە ئەمە هانی یەزدان بدات بۆ ئەوەی ئەو شتەمان بداتێ کە پێمان وایە دەمانەوێت، بەڵام لەوانەیە هانی بدات کە وامان لێبکات زیاتر چاوەڕێ بکەین، تاوەکو فێری ئەوە دەبین کە بەڕاستی چ شتێک لە ژیاندا گرنگە.

بیروهزرمان هانی هەستەکانمان دەدەن. کەواتە ئەگەر هەستت بە ناڕازیبوون کرد ڕێگەی بەسەردا زاڵبوونی بریتییە لە گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوەت. بیر لەو شتانە بکەوە کە هەتە، لەجێگەی ئەوەی بیر لەو شتانە دەکەیتەوە کە نیتە. بیر لە ژیری و باشی یەزدان بکەوە. بەبیری خۆتی بێنەوە کە ئەو نوێژەکەی تۆی بیستووە و بەپێی ڕێکخستنی کاتی خۆی ئەوەت بۆ دەکات کە باشترینە. هەر کاتێک چاوت بە کەسێک کەوت کە بەرەکەتدار بووە، بەتایبەتی ئەگەر شتێکیان هەیە کە تۆش دەتەوێت هەتبێت، ئەوا بۆ بەرەکەتەکەیان سوپاسی یەزدان بکە. بە گوێڕایەڵییەوە سوپاسی یەزدان بکە، ئەو کاتە خۆشی لە دڵتدا پەرەدەسێنێت.

### هاوڕێ ئیرەدارەکەم

هاوڕێیەکم هەبوو ئیرەیی بەو شتانە دەبرد کە یەزدان بە منی بەخشیبوو، زۆر دڵتەنگی دەکردم. بۆ نموونە، کەسێک موستیلەیەکی جوانی بەدیاری پێدام، سەرنجی هاوڕێکەم بەم شێوەیە بوو: "خۆزگە کەسێک موستیلەیەکی بە منیش دەدا." بەشێک لە هاوڕێی باشبوون ئەوەیە کە هەموو خۆشییەکانمان لەگەڵ یەکتردا دابەش بکەین. لەبەر هەڵسوکەوتەکانی، دوای ئەوە بەرەکەتدار بووم هەستم کرد واباشترە پێی نەڵێم. هەوڵمدا

ئاگاداری سەرنج و قسەکانم بم، بۆ ئەوەی نەوەک شتێک بڵێم کە هانی ئیرەیی و نائارامییەکەی بدات. زۆر قورس بوو کاتێک لەگەڵ ئەودا بووم، بەداخەوە لە کۆتاییدا لێی دوورکەوتمەوە.

دەم بەگوێرەی دڵ قسە دەکات. دەتوانین گوێمان لە ئیرەیی بیت کە لە دەمی خەڵکەوە دەردەچێت، هەروەها ئەگەر بەڕاستی گوێگرین ئەوا دەتوانین لە دەمی خۆشمانەوە گوێمان لێی بێت. بڕیارماندا چاکەیەک لەگەڵ خۆمدا بکەم، ئیرەیی بە کەس نەبەم، هیوام وایە تۆش هاودەمم بیت لەم ئامانجە پیرۆزەدا. بەرچاوتەنگی و ڕژدی دەبنە هۆی تووڕەیی و ئەو ڕاستی و دروستییە بەرەو پێشەوە نابات کە یەزدان دەیەوێت.

## بەشی پێنجەم

## پەردەپۆشکردنی تووڕەیی

لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی گشتی تووڕەیی بە هەڵسوکەوتێکی قبوڵ نەکراو دانراوە، هەر لەبەرئەوە شێوازی جیاواز دەدۆزینەوە بۆ شاردنەوەی لە خەڵکانی دیکە، تەنانەت لە خۆشمان. ئێمە بە هەڵسوکەوتەکانی دیکەمان تووڕەیی دادەپۆشین. پەردەپۆشکردنی لەوانەیە بۆ پۆشینی شتێک بیت کە بۆ سەیرکردن نەشیاو بێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بە خەڵک نەدەیت ئەو شتە ببینێت کە لە پشت پەردەکەوەیە. ڕووپۆشەکان لە بۆنە کەلتووریيەکاندا دەپۆشرێن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین کە خەڵک بەڕاستی بزانن ئێمە کێین یان فێڵیان لێبکەین بۆ ئەوەی پێیان وابێت کە ئێمە کەسێکی دیکەین یان شتێک کە ئێمە نین. ئێستا کاتی لابردنی ڕووپۆشەکانی و دەبێت ڕوبەڕوی تووڕەیی ببینەوە، بەو جۆرەی کە هەیە و بە گوێرەی ویستی یەزدان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

با سەیری هەندێک لەو ڕووپۆشانە بکەین کە لەکاتی تووڕەبووندا دەیانپۆشین.

**ڕووپۆشی گرنگی پێنەدان،** ڕووپۆشێکی زۆر باوی تووڕەییە. وا خۆمان نیشان دەدەین کە تووڕە نین. بەڵام لەبەرانبەردا سارد دەبین (بێ هەست و خوێن سارد). لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ خەڵکی دیکەدا وای دەردەخەین کە لێیان تووڕە نین. بیرم دێت چەندی جار لە ژیانمدا نوێژم کردووە بۆ ئەو شتەی کە من پێی دەڵێم "نوێژی ڕەسمی من لێتخۆشدەبم." بەڵام بە ساردی و دوورکەوتنەوە لە بەرانبەر ئەو کەسەی کە بە یەزدانم وتبوو لێی خۆشبوومە. وەکو مەسیحییەک دەزانم کە نابێت لە تووڕەییدا بمێنمەوە، لەڕاستیدا لەبەر چەند هۆکارێک ئەمە شتێکی ترسناکە، هەر لەبەر ئەوە لە دواییدا باسی دەکەم.

دەمەوێت شتێکی ڕاست ئەنجام بدەم، نوێژم کرد و گوتم: "ئەی یەزدان، من لە ....... خۆشدەبم، لەگەڵ ئەوەی کە ئازاری داوم؛ یارمەتیم بدە بەسەر ئەو ئازارەدا زاڵبم کە هەستی پێدەکەم." بە مەبەستەوە ئەوەم گوت، بەڵام لەڕاستیدا نەمزانی کە پێویستە کردارێکی گوێرایەڵیانە زیادبکەم بۆ نوێژێکی گوێڕایەڵیانە. یەزدان دەیویست من هەنگاوی باشتر بنێم و بەگەرمی مامەڵە لەگەڵ کەسەکەدا بکەم، هەروەها وەک ئەوەی کە هیچ ڕووینەدابێت، بەڵام حەزم نەدەکرد وابکەم.

کتێبی پیرۆز لە (یەکەم پەترۆس ٤: ٨)دا دەڵێت با خۆشەویستیمان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت. خۆشەویستی سارد هەرگیز بەلای یەزدانەوە پەسەند نییە، چونکە ئەمە وای دەرەدەخات کە ئەو شتە ڕاستەقینەیە دەبێت پاک و بێگەرد و بەهێز و گەرم بێت نەوەک سارد و دوور بێت. بەگوێرەی کتێبی پیرۆز خۆشەویستی مەسیحییەکان بەرەو ساردی دەڕوات بەهۆی بێیاسایی و خراپی لەسەر زەوی (مەتا **٢٤: ١٢**). لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوبوونی کات چاوەڕێی هاتنی دووەمی عیسای مەسیح دەکەین. پێویستە زۆر بە توندی ڕێگە بەوە نەدەین کە خۆشەویستییەکەمان بەرانبەر خەڵکی دیکە سارد و مردوو بێت.

لەبەرئەوەی کەسێکی بەرپرسیارم، هەمیشە ئەرکی خۆم ئەنجام دەدەم، تەنانەت کاتێک کە بەرپرسیاریەتیم بەرانبەر کەسێکە کە لێی تووڕەم. تا ئێستاش ئەرکی بەرپرستاریەتیم ئەنجام دەدەم. بەڵام زۆربەی کات بە ساردی ئەنجامم داوە کە سۆز و میهرەبانی ڕاستەقینە نیشان نادەم. بۆ نموونە کاتی وا هەبووە کە لە تەواوی خێزانەکەم تووڕە بووم چونکە لە هەندێک لایەنەوە بێهیوایان دکردم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خواردنم بۆ دروستدەکردن و نانی ئێوارەم پێدەدان. ئەرکی خۆمم ئەنجام دەدا، بەڵام بە ساردی و بێ بیرکردنەوە. ئەگەر کەسێک پرسیاری لێکردبام کە ئایا کێشەم هەیە یان نا، دەمگوت: "نەخێر، من باشم." دڵنیام کە تۆش لەگەڵ ئەم جۆرە ڕەفتارەدا ئاشنایت. ئەمە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ئێمە خۆمان وا نیشان دەدەین کە هەموو شتێک باشە، بەڵام خۆمان لەپشت ڕووپۆشێکەوە دەشارینەوە و هیوادارین کە خەڵکی دیکە هەلبخڵەتێنێ و پێیان وابێت کە ئێمە بە شێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت دەکەین.

هەمیشە دەتوانم پەی بەوە ببەم کاتێک کەسێک شتێکم بۆ ئەنجام دەدات لەبەرئەوەی کە ئەرکە لەسەرشانی نەوەک لەبەرئەوەی کە حەزی لێیەتی، دەبێت بڵێم کە هیچ حەزم لەو کارە نییە. یەکسەر پەی بەوە دەبەم کە نایەوێت ئەنجامی بدات چونکە هەست بە خۆدەرخستنیان دەکەم. دڵنیام کە خەڵکی دیکەش هەستی پێدەکەن کاتێک کە من بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکەم. من بڕیارمداوە کە ڕاستەقینە بم و ساختە نەبم. پێم وایە باشترە بە کەسێک بڵێی کە تووڕەم و هەندێک کاتم پێویستە بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بم لەوەی کە وا خۆت دەرخەیت کە هیچ کێشەکت نییە، لەکاتێکدا لە ناخەوە لە تووڕەییدا دەکوڵێیت.

### دەرکردنی خەڵکی لە ژیانمان

**ڕووپۆشی بەدوورگرتن،** چەندین ڕێگەمان هەیە بۆ دەرکردنی خەڵکی لە ژیانمان. بەبێدەنگی هەڵسوکەوت کردن یەکێکە لەو ڕێگایانە. کاتێک تووڕەین هەندێک جار هەڵدەچین و هەندێک جاریش بێدەنگ دەبین. بە خۆمان و خەڵکی دیکەش دەڵێین کە تووڕە دەبین لەگەڵ ئەوەشدا ڕەتی دەکەینەوە لەگەل ئەو کەسە قسە بکەین کەوا خۆمان دەردەخەین کە لێی تووڕەین. ئەگەر پێویست بە گفتوگۆ بکات ئەوا کەمترین قسە دەکەین. منگەمنگ و بۆڵەبۆڵ و سەرلەقاندن یان هەر شتێکی دیکە بێجگە لە سادەیی قسەکردن. کاتی وا هەبووە کە تووڕە بووم و وا هەستم کردووە کە دەمم بە چیمەنتۆ بەستراوە. تەنانەت دەمزانی کە پێویست بوو قسە لەگەڵ کەسەکەدا کەم و واز لە هەڵسوکەوتی منداڵانە بهێنم. هەموو وزەی منی برد، هەتا لێوەکانی منی لێک کردەوە و قسەم کرد.

دەتوانین خەڵکی لە ژیانمان دەربکەین بە بەرنەکەوتنیان. لەگەڵ دەیڤدا تووڕە بووم و بە خێرایی لەسەر تەختی خەوەکەم ڕووم وەرگێڕا، بۆ ئەوەی کارێک بکەم دەستم بەری نەکەوێت. وا هەستم دەکرد لەسەر لایەکی دیکەی دۆشەکەکە خەوتووم. تەواوی شەو سەرمام بوو. چونکە ڕەتمکردوە داوای لێبکەم دامپۆشێت. ئەمە کردارێکی گەمژەییانەی من بوو، چونکە دەیڤ زۆر بە ئارامی خەوت، لەکاتێکدا من تەواوی شەو نائارام بووم! ئەو کاتانەم لەبیرە کە چۆن لایەنی ڕۆحییەوە بێتاقەت بووم، زۆر خۆشحاڵم کە بە یارمەتی یەزدان لەو جۆرە هەڵسوکەوتە ڕزگارم بوو.

تا ئێستا ڕوویداوە کە لە کەسێک تووڕي بیت و خۆت لەو ژووره بەدوور بگریت کە ئەو کەسەی تێدا بووە؟ ئەگەر بێین بۆ ئەوە ژوورەی کە تۆی لێیە ئەوا بیانوێک دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی لەو ژووره بڕۆیتە دەرەوە. ئەگەر بیانەوێت سەیری تەلەفزیۆن بکەن ئەوا تۆ دەتەوێت بچیت بخەویت. بەڵام ئەگەر ئەوان بیانەوێت بخەون ئەوا تۆ دەتەوێت نەخەوتی و سەیری تەلەفزیۆن بکەیت. کە دەیانەوێت شتێک بخۆن تۆ برسیت نییە. ئەگەر بڕۆن پیاسەیەک بکەن یان پاسکیل سواری بکەن ئەوا تۆ سەرت دێشێت. ئەوانە هەمووی ڕووپۆشن کە دەیانپۆشین، وا خۆیان دەردەخەن کە شتەکان باشن بەڵام لەڕاستیدا ڕەفتارەکانمان ڕاستییەکە ئاشکرا دەکەن.

بەیانیان قاوەم بۆ دەیڤی هاوسەرم نەدەهێنا، ئەو خواردنەم لێنەدەنا کە ئەو حەزی لێی بوو. یان بانگم نەدەکرد و ئەو شتانەم پێ نەدەگوت کە بەگشتی پێم دەگوت. بە درێژایی ئەو ماوەیە بە خۆمم دەگوت لەبەر ئەو ئیهانانە

لێی خۆشبووم. ئەم جۆرە ڕەفتارە بەکۆیلەیی دەمانهێڵنەوە بەڵام گوێڕایەڵی کردنی وشەی یەزدان ڕزگارمان دەکات.

هەندێک لە وتاربێژ و قەشەکان شوێنی وتاردانی کەنیسەکان بەکاردێنن بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی کە لەبارەیانەوە تووڕەن لەگەڵ دەستەی باوەڕدارانی ئەو کەنیسەیە یان ئەندامانی تایبەتی ئەو دەستەیە. لە وتارەکانیاندا تووڕەییەکەیان ڕووپۆش دەکەن و وای نیشان دەدەن کە لە خوداوە وەریانگرتووە. ژن و پیاوێک دەناسم کە هەردووکیان قەشە بوون، بەڵام بە هۆی ناپاکی پیاوەکە لە یەکدی جیابوونەوە. ژنەکە بەردەوام بوو لەسەر وتاردان بەڵام نزیکەی دوو ساڵ هەموو وتارەکانی لەبارەی ئەو خەڵکانەوە بو کە پێشمان پێدەگرن و دەمانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. وتاری دا لەبارەی ئەوەی کە ڕێگە نەدەیت خەڵکی بەکارت بهێنن. هەروەها چۆن پەیوەندییەکی سەلامەتت هەبێت و چەندین شتی دیکەی پەیوەست بەم بابەیانە. هەموو ئەو شتانەی کە لەگەڵ دەستەی باوەڕدارانی کەنیسەدا باسی دەکرد پێدەچوو شتێک بێت کە لە بارودۆخەکەی خۆی سەرچاوەی گرتبوو. بە پشتبەستن بە ئازارەکەی وتاری دەدا، لە جێگەی ئەوەی پشت بە ڕۆحی پیرۆز ببەستێت. بەردەوام پێی دەگوتم کە لە هاوسەرەکەی خۆشبووە و بەرەو پێش هەنگاو دەنێت، بەڵام بەدەگمەن ڕێکدەکەوت کە قسەی لەگەڵ بکەم و باسی ئەوە نەکات کە مێردەکەی چی بەسەر هێناوە. هەتا زیاتر باسی ئازارەکانمان بکەین ناتوانین بەسەریاندا زاڵ بین. لەوانەیە خۆمان وا دەربخەین کە بەسەریاندا زاڵ بووین، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە.

کتێبی پیرۆز دەڵێت کە دڵ لە هەموو شتێک تەفرەدەرترە، هەر لەبەر ئەوە سەختە کە دڵمان بناسین (یەرمیا **١٧: ٩**). خۆهەڵخڵەتاندن ڕێگەیەکە بۆ شاردنەوەی ڕاستی. دەتوانم بەخۆم بڵێم ئیتر تووڕە نیم و لێیان خۆشبووم. بەڵام ئەگەر بە ساردی مامەڵەم کرد و قسەم لەگەڵ نەکردن و خۆم لێ بەدوورگرتن و بەردەوام بووم لە باسکردنی ئەوەی کە چییان کرد بۆ ئەوەی ئازارم بدەن، مانای ئەوەیە کە لێیان خۆشنەبووم و زیاتر لەوان ئازاری خۆم دەدەم.

### هەڵە بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز

**ڕووپۆشی کتێبی پیرۆز،** پێم وایە تەنانەت دەتوانین کتێبی پیرۆزیش بۆ خاڵیکردنەوە تووڕەیی بەسەر خەڵکدا بەکاربهێنین. نموونەیەکی باش بریتییە لە (ئەفەسۆس **٤: ١٥**) کە دەڵێت "لە خۆشەویستی ڕاستگۆ بین." ئەم

ئایەتە زۆر جار وەکو داپۆشەرێک بەکاردێت بۆ دەربڕینی تووڕەیی و ناڕەحەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕاستی ئەو شتەیان پێ دەڵێین کە کردوویانە. ئایا ڕاستییەکە بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەیڵێین یان بۆ بەرژەوەندی خۆمان؟ ئایا بەڕاستی لەبەر ئەوەی بەلامانەوە گرنگن بە خۆشەویستییەوە ڕاستییەکە دەلێین یان لەبەر ئەوەیە کە میتۆدێکی سەلمێنراوی خوداییمان دیتۆتەوە و بە خەڵکی بڵێین لێمان دووەربکەونەوە؟

بوومە قوربانی هەندێک لەو کەسانەی کە لە "خۆشەویستیدا ڕاستگۆ بوون". هەرچەندە ئەوەی کە گوتیان ئازاری دام و تووشی کێشەی کردم، کە دەبووایە چارەسەرم بکردبا. ژنێکم بەبیردێت کە گوتی "جۆیس، دەمەوێت ڕاستییەکت لەبارەی شتێکەوە پێبڵێم." لە تۆنی دەنگییەوە دەمتوانی بزانم حەزم لەو شتە نابێت کە دەیەوێت بیڵێت، پاشان پێی گوتم کە جۆن لە یەکێک لە وتارەکانمدا ئیهانەم کردووە و چەندە ئازاری چێژتووە. پاشان وا خۆی دەرخست کە لە من خۆشبووە. بەدڵنیاییەوە ئەمە مایەی پێکەنینە و خۆیٔ هەڵخڵەتاندووە چونکە ئەگەر بەڕاستی لە من خۆشبووایە ئەوا هیچ پێویستی بە باسکردن نەدەکرد. ئەو تەنیا کتێبی پیرۆزی بەکارهێنا بۆ خاڵی دامرکانەوەی تووڕەییەکەی.

هەروەکو پێشتر گوتم کاتی وا هەیە کە پێویستە ڕووبەڕوی خەڵکی دیکە ببینەوە سەبارەت بە ڕەفتارەکانیان، بەڵام دەبێت دڵنیابین کە بەرهەڵستییەکەمان لە بەرژەوەندی هەر دوو لاماندایە بەتایبەتی پێویستە دڵنیا بین لەوەی کە ڕووبەڕوبونەوەکەمان بەپێی یاسای یەزدانە نەوەک تەنیا بەپێی بڕیاری خۆمان. هەندێک کەس حەزناکەن بەهەڵستیان بکرێت، بەڵام ئەوە بۆ من بەدەگمەن گرفتە. لەراستیدا دەبووایە فێری ئەوە ببومایە کە بەرهەڵستی نەکەم هەتا ئەوەی یەزدان پێم دەڵێت. کاتی وا هەیە کە یەزدان دەیەویٔ ئێمە خۆمان لەگەڵ شتێکدا مامەڵە بکەین و بەلای خۆمانی بشکێنینەوە، بەبیٔ ئەوەی هیچ شتێک بەهیچ کەسێک بڵێین. تەنیا لەبەرئەوەی کەسێک ئازاری هەستەکانی منی داوە، ئیتر ئەوە بەو مانایە نایەت کە دەبێت پێی بڵێم. لەوانەیە پۆشینی ئیهانەکەیان و واز لێهێنانیان بڕیارێکی گەورەتر و خوداییانەتر بێت.

دەکرێت تووڕەییمان وەکو شانۆیەکی لێبێت. دەتوانین بەچەندین شێوە ڕۆڵ بگێڕین، خۆش نییە کە دەڵێم زۆر کات خۆمان لە گێلی دەدەین و پێمان وایە کە ئێمە خەڵکێکی تووڕە نین. داوا لە یەزدان بکە کە نیشانت بدات ئەگەر بە هەر شێوەیەک تووڕەییەکەت ڕووپۆش کردووە، ئەگەر ڕووپۆشت کردووە ئەوا ڕووپۆشەکەت لابدە و ڕێگە بدە کە بیرت بێنمەوە "ڕاستی ڕزگارت دەکات."

## بەهۆی تووڕەییەوە ژیانم بێسەروبەرە

## جانتا پڕ لە بزمارەکان

ڕۆژێ لە ڕۆژان منداڵێکی بچووکی تووڕە هەبوو. باوکی جانتایەکی پڕ لە بزماری دایێ و پێی گوت کە هەر کاتێک تووڕە بوو دەبێت بزمارێک بە پەرژینەکەدا دابکوتێت. ڕۆژی یەکەم منداڵەکە سی و حەوت بزماری بە پەرژینەکەدا داکوتا بەڵام هێدی هێدی ژمارەی بزمارەکان ڕۆژانە بەرەو کەمبوونەوە دەچوو. بۆی دەرکەوت کە تووڕەنەبوونی ئاسانترە لە بزمار داکوتین بەو پەرژینەدا. لەکۆتاییدا ئەو ڕۆژە هات کە منداڵەکە بەهیچ شێوەیەک تووڕي نەبوو. بە شانازییەوە ئەوەی بە باوکی گوت، باوکی پێشنیاری کرد کە ئێستا منداڵەکە هەر ڕۆژێک کە تووڕە نەبوو بزمارێک هەڵبکێشێتەوە. چەندین ڕۆژ تێپەڕی لە کۆتاییدا منداڵەکە توانی بە باوکی بڵێت کە هەموو بزمارەکانی لێکردۆتەوە. باوکی دەستی منداڵەکەی گرت و چوونە لای پەرژینەوە. "دەست خۆش ڕۆڵە گیان، بەڵام سەیری کونەکانی پەرژینەکە بکە. پەرژینەکە هەرگیز وەکو خۆی لێنایەتەوە. کاتێک بە تووڕەییەوە شتێک دەڵێیت ئەوان وەکو ئەمە بریندار دەبن. دەتوانی چەقۆ لە کەسێتک بدەیت، هەرچەندە داوای لێبوردنی لێبکەی هیچ سوودی نییە چونکە برینداردت کردووە."

دەرەنجامەکانی تووڕەیی درێژخایەن چین؟ هەموو لایەنەکانی ژیانمان بە هۆیەوە وێران دەبێت. جەستە و گیان و ڕۆح بە خراپترین شێوە کاریان تێدەکرێت. تەندروستیمان و پەیوەندییەکانمان وێران دەبێت. گریمانەی داهاتوویێکی سەرکەوتوو بە تووڕەیی ڕێگەی لێدەگیرێت، چونکە تووڕەیی جێگای کەسایەتیمان دەگرێتەوە، خەڵکی تووڕە زۆربەی زۆربەی جار پێیان زەحمەتە لەسەر کارێک بەردەوام بن. ئەگەر بە تووڕەیی بمێننەوە هەرگیز نابن بەو کەسەری کە یەزدان دەیەوێت ببین. پێم وایە تووڕییەکەی ئێمە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگا دەبێت، بەڵام ئێمە لە هەموو کەسێک زیاتر کاریگەریمان لەسەر دەبێت. هەر لەبەر ئەوەیە بە بەردەوامی دەڵێم "چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە و لێخۆشبە." بەبیرت بێت ئەگەر تەنانەت تووڕەییەکەت بەهۆی ئیهانەیەکی قبوڵکراوەوە بێت ئاوا هێشتا بە تووڕیی مانەوەت ناتوانێت یارمەتی خۆت بدەیت و بارودۆخەکەت چارەسەر بکەیت.

کەسێک لەسەر کێلی گۆڕی پیاوێک خوێندیەوە:

"ئێره دانیاله پیسی تێدایه،

پیاوێکی تووڕە بوو.

هەمیشە بێزارکەر و ناوچاو تاڵ بوو.

بە گەنجی مرد هەر لەبەرئەوە ئێمە خۆشحاڵین."

کاتێک کەسێکی تووڕە بوونی نامێنێت و دەمرێت ئەوا هەموو کەسێک خۆشحاڵ دەبێت چونکە هەموومان تووشی سترێس و نیگەرانی دەکات. باوکم زۆربەری کاتی ژیانی کەسێکی تووڕە بوو. تووڕەییەکەی ژینگەیەکی دژواری بۆ ژیان دروستکردبوو. دایکم لەو کاتەوەی باوکم مردووە چەندین جار گوتوویەتی کە چەندە چێژ وەردەگرێت لە بەتەنیا دانیشتن لە شوقە ئارام و هێمنەکەیدا. دایکم بەهۆی پەیمانی هاوسەرگیرییەوە لەگەڵ باوکم مایەوە. بەڵام ئەو فشارەی کە ئەزموونی کردبوو، تەندروستی خراپ کردبوو، تووڕییەکەی باوکم تەندروستی دایکمی تێک شکاند.

فشار، بە تایبەتی فشاری بەردەوام و درێژخایەم هەموو ئەندامێکی لەش لەناودەبات. پەستانی خوێن و گەدە و دڵ کاریان لێدەکرێت. خەڵکی تووڕە لە خەڵکی ئاشتیخواز زووتر پیر ئەبن، سەرێشەی زۆر و کێشەکانی قۆڵۆن و دوودڵی و نارێکییەکانی کۆئەندامی بەرگری، لە ڕاستیدا ئەم لیستە هەر بەردەوامە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەڵکی تووڕە بەگشتی زووتر لە خەڵکی نەرمونیان گیان لەدەست دەدەن و دەمرن.

پێم وایە کاتی ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ڕاستی لەبارەی تووڕەیی ببینەوە و کاری لەسەر بکەین. ئەگەر کەسێکی تووڕەی ئەوا بڕیار بدە بچیتە بنج و بناوانەکەی و لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزدا بەئاراستەی ڕزگاری لێی هەنگاو بنێ، نە داپپۆشە و نە پشتگوێی بخە. لەهەر چوار لاوە دەوری بدە و بەوەی کە هەیە ناوزەندی بکە. گوتنی "من تووڕەم" پێناچێت مایەی سەرنج بێت، بەڵام دانپێدانان یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە بەسەریدا. ئەمە شتێکی دەبێت بۆ خۆتی ئەنجام بدەیت. خەڵکی دیکە سوود لەو کاریگەرییە ئەرێنیانەت وەردەگرن کە ئیتر تووڕەنیت بەڵام هیچ کەسێک بە ئەندازەی تۆ سوودی پێناگات.

من سی و دوو ساڵ بووم بەرلەوەی تەنانەت ئامادەبم ڕووبەڕووی ڕاستی ڕابردووم ببمەوە. لەلایەن باوکمەوە دەستدرێژی کرابووە سەرم. ئەو هەر لەو کاتەوەی کە بە بیرم دێت گێچەڵی پێدەکردم. تاوەکو ئەوەندە گەورەبم کە بتوانێت دەستدرێژیم بکاتە سەر، پێنج ساڵی کۆتایی کە لە ماڵەوە ژیاوم نزیکەی دوو سەد جار دەستدرێژی کردۆتە سەرم. دەزانم مرۆڤ دەتاسێنێت، هەر واشە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی لە هەر چوار لاوە یەکێک بوو لەو شتانەی کە دەبوایە بمکردبا بۆ ئەوەی لە دەستی ڕزگارم بێت.

دوای ئەوەی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ماڵەوەم بەجێهێشت، هەستم دەکرد کێشە بەدوامەوەیە. بەدڵنیاییەوە ڕقم لە باوکم بوو، ڕقێکی بێ ئەندازە، بەڵام نەمدەزانی چەندی زیانی بۆم هەبووە. کاتێک کە گەشتی ڕووبەڕوبونەوەی ڕاستی و لێخۆشبوونم دەستی پێکرد بەهیچ شێوەیەک نەمدەزانی کە لە ماوەی گەشتەکەمدا چەندە یارمەتیم دەدات. لە سەرەتادا تەنیا دەمویست گوێڕایەڵی یەزدان بم و لە باوکم خۆشبم. خەڵکی تووڕە ناتوانن بە باشی خەڵکی دیکەیان خۆشبوێت چونکە هەمیشە ئەوەی لە ناخماندایە بەجۆرێک لە جۆرەکان دێتە دەرەوە. پەیوەندییەکانم هەمووی بەهۆی تووڕەیی و ڕقەوە ئازاری دەچەشت بەڵام من نەمدەزانی بەو جۆرەیە. تووڕەییەکەم بەقووڵی لەناو گیانمدا ڕەگی داکوتیبوو، لەناو بیرکردنەوە، هەستەکان، وشەکان و لە هەموو هەڵسوکەوتەکانمدا بوو چونکە بەشێک بوو لە من. تووڕەیی ئەوەندە زۆر لەگەڵم مابۆوە کە بەو جۆرەی کە هەبوو نەمناسییەوە.

کاتێک وشەی یەزدانم خویندەوە ڕۆحی پیرۆز دەستی کرد بە نیشاندانی ئەوە کێشانەی کە هەمبوو. لە سەرووی ئەوەشەوە هەموو ئەو شتانەی کە من بیرم لێدەکردەوە ئەوەبوو کە خەڵکی دیکە چییان بەسەرمهێناوە، هەرگیز بۆم ڕێ نەکەوت کە سەیری بکەم و بزانم چۆن وەڵامی ئەو هەڵسوکەوتانەیان بدەمەوە. هەستم کرد من لەسەر حەقم کە نەک تەنیا ڕقم لە باوکن بێت کە ئازاری داوم بەڵکو ڕقم لەو کەسانەش بێت کە دەیانتوانی یارمەتیم بدەن و نەیاندا. چۆن یەزدان دەتوانێت داوا لە من و ئەو خەڵکە بکات کە ئیهانەیان کراوە بۆ ئەوەی لە ئیهانەیەکی لەم چەشنە قسە لەسەر نەکراوە خۆشبێت؟ ئەو داوامان لێدەکات چونکە دەزانێت ئەوە باشتری شتە بۆ ئێمە. یەزدان بە تەواوی نوێبوونەوەمان پلانێکی مەیە. هەر شتێک کە داوامان لێدەکات ئەنجامی بدەن لەبەر ئەوەیە کە ئێمەی خۆشدەوێت باشتری شتی بۆمان داناوە. ئەگەر ئامادەبین گوێڕایەڵی بین ئەوا یەزدان بەرکەتی لێخۆشبوونمان دەداتێ لەگەڵ ئەوەی کە مەحاڵ دیارە بۆمان.

کاتێک باسی زاڵبوون بەسەر توورەیت بۆ دەکەم و باسی ئەوە دەکەم کە لێخۆشبی، بە شێوازی ژیانت ئەوا بەپێی ئەزموونم قسەت بۆ دەکەم. نەک تەنیا دەزانم کە ئەوە زۆر قورسە، بەڵکو دەشزانم هەرکە ئەنجامت دا چەندە بەنرخ دەبێت بۆت، هەرچەندە بەڕاستی هانت دەدەم کە تەنیا ئەو کتێبە بۆ ئەوە نەخوێنیتەوە کە بڵێی بەسەر ئەم کتێبەشدا زاڵبووم و لە ڕیزی "کتێبە خوێنراوەکانی" دادەنێم. بەڵکو بەدڵێکی کراوە و ئامادەوە بیخوێنەوە و ئەو شتە لە ژیانتدا جێبەجێ بکە کە دەیخوێنیتەوە.

یەزدان پێشتر و پێشوەخت ژیانێکی زۆر خۆشی بۆ هەموو کەسێک دابین کردووە، ئەگەر ئێمە لەگەڵیدا هاوکاربین لەڕێگەی ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە داوامان لێدەکات ئەوا چێژ لەو ژیانە وەردەگرین کە بۆمانی ئامادە کردووە، بەڵام ئەگەر هاوکاری نەکەین ئەوا ئەو ژیانە وەردەگرین کە بۆمانی ئامادەکردووە، بەڵام ئەگەر هاوکاری نەکەین ئەوا ئەو ژیانە لەدەست دەدەین. یەزدان هەر ئێمەی خۆشدەوێت، بەڵام چێژی ئەو پلانە باشەی لەدەستدەدەین. چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە، هیچ شتێکی باشی یەزدان کە بۆی ڕێکخستووی لەدەست مەدە.

## بەشی شەشەم

## لە کێ تووڕەیت؟

هەروەکو باسمان کرد زۆربەی کات لەو کەسانە تووڕە دەبین کە ئازاریان داوین یان برینداریان کردووین. لەوانەیە لەو کەسانە تووڕە بین کە ماوەیەکی زۆرە ئازاریان داوین و لەو کەسانەش توورە دەبین کە لە ژیانی دووبارەی ڕۆژانەدا ئازاریان داوین. لە نادادپەروەری تووڕە دەبین و ڕۆحمان هاوار دەکات کە ئەوە دادپەروەرانە نییە! بەڵام خەڵکی دیکە هەمیشە سەرچاوەی تووڕەییمان نین. کتێبی پیرۆز لە (یەکەم پەترۆس **٣: ١٠، ١١**)دا پێمان دەڵێت کە لەگەڵ یەزداندا، خۆمان و خەڵکی دیکەش لە ئاشتیدا بین.

### لە خۆم تووڕەم

ئایا لە خۆت تووڕەیت؟ زۆرێک لە خەڵکی لە خۆیان تووڕەن. لەڕاستیدا وا باشترە بڵێین کە ئەو خەڵکانەی کە کێشەیان لەگەڵ خۆیان هەیە زیاترن لەو خەڵکانەی کە بەتەواوی لەگەڵ خۆیاندا لە ئاشتیدان. بۆچی؟ هەروەکو پێشتر باسمان کرد ئێمە چاوەڕوانی خەیاڵیمان هەیە و خۆمان لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بەراورد دەکەین و هەست دەکەین کە گونجاو و یەکسان نین. لەوانەیە شەرمەزارییەکی ڕیشە داکوتراومان هەبێت بۆ شتێک کە کردوومانە یان بەسەریان هێناوین. زۆر هەست بە تاوان دەکەین کە لە خۆمان تووڕە بووین. زۆر جار خەڵکی لە خۆیان تووڕە دەبن چونکە شتێک دەکەن کە پێی ڕازی نین و نازانن چۆن هێز و بەخشینی یەزدان وەربگرن بۆ ئەوەی بەسەر هەڵسوکەوتە نەشیاوەکەیاندا زاڵبن.

باوەڕ بکەیت یان نە، یەکەم هەنگاو بۆ ئاشتی لەگەڵ خۆتدا ئەوەیە کە لە هەر چوارلاوە ڕووبەڕووی گوناهەکانت ببیتەوە و بەو جۆرەی کە هەن ناوزەندیان بکەیت. پشتگوێ خستن یان بیانوو هێنانەوە بۆ هەڵسوکەوتی خراپ هەرگیز ڕێگەیەک نییە بەرەو ئازادی. تاوەکو گوناە بکەین ئەوا هەرگیز ناتوانین ئاشتی ڕاستەقینەمان لەگەڵ خۆماندا هەبێت. تەنانەت ئەگەر لە ناسینەوەیدا شکستمان هێنا، بۆ ئەو گوناهەی کە دەیکەین بەرپرسیارییەتیەکەشمان لە ئەستۆ گرت ئەوا هێشتا بێزارمان دەکات.

### بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی یەزدان

کاتێک کە دانمان بەوەدا نا ک ئێمە گوناهبارین پێویستە داوای بەخشینی گوناهەکانمان بکەین. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێمە نەک تەنیا لە ناخی دڵەوە بۆ گوناهەکانمان داوای لێبوردن دەکەین بەڵکو ئامادەین پشتیان تێبکەین. لە گوناهدا ژیان بریتییە لە ئاستێکی نزمی ژیان بەڵام کاتێک ئێمە داوای بەخشین دەکەین ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ بەرزترین شوێن کە یەزدان حەزدەکات بمانداتێ. شوقەی لوتکە بەرزترین شوقەی باڵاخانەیە. واتە لە نهۆمی سەری سەرەوەیە. کاتێک داوای لێخۆشبوون دەکەین، دەگەڕێینەوە بۆ بەرزترین شوێن کە یەزدان بۆی داناوین کە شوێنی ئاشتی و خۆشی لە ڕاستودروستی یەزدان.

بەتەواوی دانپێدانان و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی تاوانەکانمان، لە سەرەتادا دەکرێت کارێکی دژوار و زەحمەت بیت. هەمیشە ژیانمان بریتی بووە لە لۆمەکردن و بیانوو هێنانەوە، هەربۆیە پێمان سەختە کە بڵێین "من تاوانبارم، من گوناهم کرد." بەڵام ئێمە هەموومان گوناهمان کردووە و خودامان شکۆدار نەکردووە، هەربۆیە وتنی ئەوەی کە ئێمە گوناهبارین نامانخاتە ناو حاڵەتێکی خراپتر لەسەر ئەم گەردوونە.

"ئەو ڕووناکییەکە نەبوو، بەڵکو هات تاکو شایەتی بۆ ڕووناکییەکە بدات. ئەو ڕووناکییە ڕاستەقینەیەی کە هەموو مرۆڤێک ڕووناک دەکاتەوە، دەهاتە جیهان." (یۆحەنا ١: ٨- ٩).

گەورەییەک لەم ئاتەتانەدا هەیە کە خۆشمدەوێ و ئارامم دەکاتەوە، بەڵام بەتایبەت حەزم لەوەیە کە یەزدان بەردەوام لە گوناهەکانمان پاکمان دەکاتەوە. باوەڕم وایە کە ئەوە نیشانمان دەدات کە هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ یەزدانین و زوو دان بە گوناهەکانمان بنێین و داوای لێخۆشبوونیان بکەین ئەوا یەزدان هەمیشە پاکمان دەکاتەوە. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە عیسا لەلای دەستەڕاستی یەزدان دانیشتووە و بەردەوام داکۆکیمان لێدەکات، باوەڕم وایە لەبەرئەوەیە کە ئێمە بەردەوام پێویستمان پێیەتی. هەروەها ئەمەش ئارامیم پێ دەبەخشێت.

یەزدان لە هەموو ناڕاستییەک پاکمان دەکاتەوە، ئەگەر باوەڕ بەمە بکەین و بە باوەڕەوە لێخۆشبوونی ئەو بەدەستبهێنین. ئەو کاتە دەتوانین بەسەر تووڕە بوون لە خۆمان زاڵبین. هیچ گوناهێک نییە کە تۆ یان من بتوانین بیکەین کە لە سەرووی خوداوە بێت. کاتێک دەڵێت هەموو، مەبەستی لە هەموویەتی!

"لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن، بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان دەکرێن، بەو کڕینەوەیەی کە بەهۆی عیسای مەسیحەوە هەیە." (ڕۆما **٣: ٢٣- ٢٤**).

مەبەستی لە هەموو، من و تۆیە.

بەخشینی یەزدان دیارییەکی بێبەرانبەرە و ئێمە ناتوانین هیچ شتێک لەگەڵ دیارییەکی بێبەرانبەردا بکەین، جگە لەوەی کە وەریبگرین و سوپاسگوزار بین. پێموایە زۆربەی کات داوای لێخۆشبوون دەکەین، بەڵام ناتوانین وەریبگرین. دوای ئەوەی داوات لە یەزدان کرد کە لێت خۆشبێت لەسەر ئەو شتەی کە بەهەڵە ئەنجامت داوە، پێی بڵێ کە تۆ دیاری ئەو وەردەگریت و بۆ چەند ساتێک لەبەردەم ئەودا چاوەڕێ بکە، ئەو کاتە بەڕاستی بەئاگا دێیتەوە کە ئەو دیارییە چەندە مەزنە.

**لە گوناه مەترسە**

هەرکاتێک لە شتێک دەترسین، بەسەر خۆمانیدا زاڵ دەکەین. لەبەرئەوە هانت دەدەم کە لە گوناه نەترستی. پۆڵسی نێردراس نووسیویەتی کە هوناه چیتر هێزی بەسەرماندا نامێنێت ئەگەر باوەڕ بکەین کە عیسا مرد و ئێمەش مردین و کاتێکیش زیندووبوەوە ئێمەش لەگەڵیدا زیندووبوینەوە بۆ ژیانێکی نوێ و بۆ ئەو ژیاین (ڕۆما **٦: ٥- ٨**). عیسا بە تەواوی چاودێری کێشەی گوناه دەکات. نەک تەنیا ئەو بە تەواوی و بەردەوام لێمان خۆشدەبێت بەڵکو ڕۆحی پیرۆزی خۆی نارد بۆ ئەوەی لە کاتی گوناهکردن لە ژیان ڕۆژانەماندا سەرزەنشمان بکات لە دژی ئەو گوناهە بەهێزمان بکات.

کاتێک لە سەرەتادا دەزانین تاوانبارین و پێویستمان بە ڕزگارکارێکە، عیسامان وەک تەنیا کەسێک وەرگرت کە دەتوانێت ئەو پێویستییەمان دابین بکات، ئەوا ئەو کات بەرەو ژیانێکی نوێ و شێوازی ژیانێکی نوێ هەنگاو دەنێین. لەگەڵ جارێکیان تاوانمان کردووە و بەڕاستی گرنگیمان پێنەداوە ئێستا دوای وەرگرتنی ڕۆحی یەزدان بۆناو دڵمان ئەو کاتە زۆر ئاگاداری گوناه دەبین و ژیانمان لە بەرهەڵستی و گوناهدا بەسەر دەبەین. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەین وەکو خزمەتێک بۆ یەزدان. بەتەواوی متمانەمان بە ڕۆحی پیرۆز هەیە کە یارمەتیمان دەدات. "هیچ تاقیکردنەوەیەکتان تووش نابێت، بێجگە لەوەی کە هاوبەشە لەنێوان مرۆڤایەتیدا، بەڵام خودا دڵسۆزە، کە نایەڵێت زیاتر لە توانای خۆتان تاقی بکرێنەوە، بەڵکو لەگەڵ تاقیکردنەوە

ڕێگای دەرچوون دەکاتەوە، تاکو بتوانن بەرگە بگرن" (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣). بەجۆرێکی دیکە تاقیکردنەوەکانمان لە تاقیکرنەوەی خەڵکی دیکە خراپتر نییە، باوەڕ بکەین کە دەتوانین بەرهەڵستییان بکەین. یەزدان هەرگیز شتێکمان پێنادات کە لە توانای خۆمان بەدەر بێت و لەگەڵ هەموو تاقیکردنەوەیەکدا ڕێگەی دەربازبوونی پێ بەخشیوین. ئەوە بەڕاستی هەواڵێکی زۆر خۆشە! پێویست ناکات لە تاقیکردنەوە بژین، چونکە لە تاقیکردنەوە گەورەتر لە ئێمەدا دەژی و هێزی خوداییمان پێ دەبەخشێت بۆ بەرهەڵستیکردن ئەگەر تەنیا میماندەی پێ بکەین و تەنیا داوای یارمەتی لەو بکەین.

خەڵک تووشی وەسوەسە و دوودڵی دەبن کاتێک دەیانەوێت خۆیان بەرهەڵستی بکەن، یان بەهەڵەدا دەچن کە پێیان وایە ناتوانن بەرگری بکەن. بیستوومە کە خەڵک شتێکی بێ مانا دەڵێن: "ئەگەر تەنیا چوکلێتێکی ناو شیرینی بخۆم ئەوا دەبێت هەموو شیرینییەکە بخۆم،" یان "دەزانم کە شەکر زیانی هەیە بەڵام ناتوانم ڕۆژانە چوکلێتێک نەخۆم." دەڵێم ئەم قسانە بێمانان چونکە تەنیا لەم درۆیانەوە دیارە کە ئێمە باوەڕمان پێیان هەیە. شەیتان پێمان دەڵێت کە ئێمە لاوازین، ناتوانین بەرگەی وەسوەسەیەکی سادەش بگرین، بەڵام یەزدان پێمان دەڵێت کە ئێمە بەهۆی ئەوەوە بەهێزین و دەتوانین بەرهەڵستی هەموو شتێک بکەین. ئەوەی کە باوەڕمان پێیەتی هۆکاری بڕیاردانمانە لەوەی کە لە گوناهدا ڕۆبچین یان شکستی بدەینێ. هەندێک کات تەرخان بکە و لە خۆت بپرسە کە ئەگەر باوەڕت بە هەندێک شت هەیە کە لەگەڵ ویستی یەزدان ناگونجێت. ئایا باوەڕت بەوە هەیە کە لە ڕێگەی هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە لە دژی وەسوەسە ڕاوەستیت، بە مەشقکردن و بەرهەمی جڵەوگیرکردن، یان ئایا باوەڕت وایە کە وەسوەسەیەک هەیە ناتوانێت بەرگەی بگرێت؟ ئەوەی کە باوەڕمان پێیەتی ئەوەیە کە دەبێتە ڕاستی لە ژیانمان هەر لەبەرئەوە بۆ هەر یەکێکمان بزانین ئەوەی کە باوەڕمان پێی هەیە ڕاستییە، نەوەکو فێڵێک بێت لەلایەن شەیتانەوە.

پۆڵسی نێردراو نوێژی کرد کە کڵێسا بزانێت و باوەڕیان بەو هێزە هەبێت کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە پێیان دراوە. ئەگەر باوەڕت بە عیسای مەسیحە ئەوا هێزت هەیە و دەتوانیت بەرگەی وەسوەسە بگریت!

ئێمە هەمووومان گوناهبارین. تاوەکو لە گۆشت و ئێسقان و گیاندا بین و بەتەواوی نوێ نەبووبێتینەوە ئەوا پێویستمان بە لێخۆشبوون دەبێت بەڵام پێویست ناکات لە گوناە بترسین. بە وریاییەوە سەیرێکی ئەم ئایەتە بکە:

"ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، ئەمانەتان بۆ دەنووسم تاکو گوناه نەکەن. بەڵام ئەگەر یەکێک گوناهی کرد، ئەوا لەلای باوکەکە داکۆکیکارمان هەیە، عیسای مەسیح، ڕاستودروستەکە. ئەو کەفارەتی گوناهەکانمانە، نەک تەنها هی ئێمە، بەڵکو گوناهەکانی هەموو جیهان." (یەکەم یۆحەنا **٢: ١- ٢**)

ئەم ئایەتانە نایابن. کاتێک بۆ یەکەم جار پێم زانین ئەو کات کە ڕۆژانە ململانێدا بووم و هەوڵم دەدا هەموو شتێک بە دروستی ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی هەست بە باشی بکەم دەربارەی خۆم و باوەڕ بکەم کە یەزدان لێم تووڕە نییە. بەدڵنیاییەوە بیرکردنەوەکەم هەڵە بوو، بەڵام ئەوە ڕاستی من بوو لەو کاتەدا. کاتێک بینیم زۆر بە سادەیی دەتوانم هەموو بەیانییەک لە خەو هەستم و باشترین هەوڵی خۆم بدەم و باوەڕم بەوە هەبێت یەزدان ئاگای لەو گوناهانە دەبێت کە من کردوومە، هەستم بەوە کرد کە بارێکی قورس لەسەر شانم لاچووە.

ئەو ئایەتانە دەڵێن کە عیسا کەفارەتی گوناهی ئێمەیە. ئەوە بە چ مانایەک دێت؟ عیسا ئارامکەرەوەی تووڕەیی و ڕقی یەزدانە بەرانبەر گوناه.

یەزدان ڕقی لە گوناهەیە. بەڵام ڕقی لە گوناهبارەکان نییە. کاتێک ژنێک لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی بێڕێزی پێکردووە زۆر تووڕە دەبێت، هاوسەرەکەشی بە پۆزش هێنانەوە دەرزەنێک گوڵی سووری بۆ دەنێرێت، گوڵەکان دەبن بە مایەی نەمانی تووڕەییەکەی. ئەویش دەیبەخشێت و هەموو شتی دووبارە باش دەبێتەوە. عیسا وەکو گوڵە سوورەکانی ئێمەیە کە بە دیاری بۆ یەزدان نێردرا کاتێک لە گوناهەکانمان تووڕەبوو. عیسای مەسیح کەفارەتی ئێمەیە و یەزدان بەهۆی ئەوەوە دەمانبەخشێت. هیچ شتێک نییە بۆ ئێمە کە وەکو کەفارەت کافی و بەس بێت، ناتوانین هیچ شتێک بکەینە قوربانی گوناهەکانمان بەڵام عیسا قوربانی تەواوە و ئەو جێگری ئێمەیە. ئەو بۆمان دەپاڕێتەوە و دەمانباتە بەردەم یەزدان، بەهۆی ئەوەی کە باوەڕمان بەو هەیە یەزدان لێمان خۆشدەبێت.

باوەڕکردن بەو ڕاستیانە یەکەم هەنگاوە بەرەو ڕزگاری لە گوناه و تووڕیی بەرانبەر خۆت بەهۆی گوناهەوە. کاتێک کە گوناه دەکەم زۆربەی لە خۆمدا هەست بە بێهیوایی دەکەم، هەر لەبەر ئەوە نوێژ دەکەم بۆ ئەوەی کاری باش بکەم، بەڵام چیتر لە خۆم تووڕە نابم، چونکە دەزانم ئەوە ویستی خودا نییە و بەهیچ جۆرێک سوودی نییە.

**بەتوندی بەرەنگاربوونەوەی گوناه**

سەرەڕای زانینی ئەوەی کە چۆن بەخێرایی و بە تەواوی لێخۆشبوونی یەزدان بەدەستبهێنین ئەو کاتەی گوناهمان کرد سەرەڕای ئەوە پێویستە بەرەنگاری گوناه ببینەوە و بە توندی دژی بوەستینەوە. ڕاستی ئەوە کە یەزدان ئارەزوو دەکات لێمان خۆشبێت واتای ئەوە نیە کە ئێمە دەتوانین بە کەیفی خۆمان تاوان بکەین و وای دابنێین کە کێشە نییە. یەزدان دڵمان دەناسێت و دڵی هیج کەسێکیش ڕاست نییە ئەگەر ڕقیان لە گوناه نەبێت و هەموو توانایان نەخەنە گەڕ بۆ دوورکەتنەوە لێی.

ڕۆمییەکان پرسیاریان لە پۆڵۆس کرد بۆ ئەوەی بەرەکەتی باشی و لێخۆشبوونی یەزدان وەربگرن، ئایا دەبێت لە گوناهکردنی بەردەوام بن، "باشە چی بڵێین؟ ئایا لە گوناه بەردەوام بین تاکو نیعمەت زیاد بێت؟ نەخێر! ئێمە کە سەبارەت بە گوناه مردین، ئیتر چۆن تێیدا بژین؟" (ڕۆما ٦: ١- ٢). پۆڵس بەبیری هێنانەوە کە کاتێک مەسیحیان وەرگرت ئەوا بڕیاریان داوە کە چیتر پەیوەندییەکی زیندوویان لەگەڵ گوناهکردن نەمێنێت. گوناه هەرگیز نامرێت؛ لەسەر هەسارەی زەوی هەمیشە زیندوو و باش دەبێت، بەڵام ئێمە لە گوناهدا دەمرین. یەزدان دڵێکی نوێ و ڕۆحی خۆی پێ بەخشیوین، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئێمە "ویست و ئارەزوو و داواکاری" نوێمان هەیە. ژیانمان بۆ بەرهەڵستیکردنی گوناه تەرخان کردووە چونکە چیتر نامانەوێ گوناه بکەین. ئەمە دەبێت بە هەڵسوکەوتمان کاتێک کە هەڵە دەکەین یەزدان هەمیشە ئامادەیە لێمان خۆشبێت.

ئەگەر تۆ باوەڕدارێکی ڕاستەقینەیت ئەوا دڵنیات دەکەمەوە کە بەیانیان لە خەو هەڵناسیت بۆ ئەوەی بەدوای گوناهدا بگەڕێیت و لێی دەرباز دەبیت. هەموو ئەو شتەی کە دەتوانیت بیکەیت شێوازە ژیانێکە کە بۆ یەزدان مایەی دڵخۆشییە.

ئەگەر ئێمە هەڵسوکەوتێکی توند و بە شەهامەتمان بەرانبەر گوناه نەبێت ئەوا دڵمان سەرزەنشتمان دەکات، لە کۆتاییدا وامان لێدەکات لە خۆمان تووڕە بین.کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە زۆر توند و بگرە توندوتیژ بین بەرانبەر گوناه لە (مەتا ١٨: ٨- ٩)دا ڕێنوێنی کراوین کە چاوەکانمان تووشی گوناهی کردین ئەوا دەبێت دەریان بهێنین و ئەگەر دەستەکانمان تووشی گوناهی کردین بیانبڕین.

پێم وا نییە ئەمە شتێک بێت کە وشە بە وشە وەریبگرین، بەڵکو پێویستە ئەوە ببینین کە یەزدان پێمان دەڵێت کە هەڵسوکەوتێکی توندمان بەرانبەر گوناه هەبیت، لە ەر شوێنێکی ژیانماندا بوونی هەبوو لەناوی ببەین. ئەگەر گۆڤارێکتان هێنایەماڵەوە و وێنەی ژنێکی ڕووتی لەسەر بوو (کە زۆربەی کات لەسەریەتی) وکاتێک چاوت پێی کەوت و بگرە حەزیشت لێی بوو ئەوا دەسبەجێ گوڤارەکە بدڕێنە و بیخە ناو زبڵدانەوە. بەخێرایی بەرهەڵستی بکە. هەرگیز بە دەوری گوناهدا مەسوڕێوە. چەندین نموونەی دیکە هەیە کە دەکرێت ئاماژەیان پێبکەم، بەڵام تەنیا دوو دانەی دیکەتان بۆ باس دەکەم. تۆ ژنێکی خاوەن هاوسەریت و پیاوێک لەسەر ئیش زۆر ڕووخۆشە لەگەڵت. بانگهێشتت دەکات بۆ قاوەخواردنەوە، بەدڵنیاییەوە باسی ئیشت لەگەڵ دەکات. لەدڵتدا هەست بە هەندێک لۆمەکردن دەکەیت کە ئەمە ژیرانە نییە، کاتێکیش ئەنجامی دەدەیت پێویستە زوو کۆتایی پێبێنیت، پێش ئەوەی ببێتە کێشەیەکی ڕاستەقینە. لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت دەمەقاڵێت کردووە، یەزدانیش هانت دەدات کە ببیتە یەکێک لەو کەسانەی کە دەبێتە مایەی ئاشتی لە ماڵدا. زوو ئەنجامی بدە پێش ئەوەی باسی لێوە نەکەیت و بە تووڕەیی مانەوەت ڕێگر دەبێت لە گوناهکردن. کتێبی پیرۆز لە (ڕۆما **١٣: ١٤**)دا فێرمان دەکات کە خۆمان بە تێرکردنی ئارەزووەکانی جەستەوە خەریک نەکەین، بەشێک لەوە بەو مانایە دێت کە هیچ بیانووێکی بۆ نەهێنینەوە یاخود هیچ دەرفەتێکی نەدەینێ. ژنێکی خاوەن هاوسەر کە بڕیاردەدات لەگەڵ هاوکارەکەیدا قاوە بخواتەوە، پاش مەحکومکردنی لەلایەن یەزدانەوە ئەوا هەڵەیە ئەگەر بێتو بوار بۆ گوناه بڕەخسێنێت.

جارێکیان چیرۆکێکم لەبارەی کچێکی بچووکەو خوێندەوە کە بە ڕێگەیەکی شاخاویدا دەڕۆیشت و هەواش زۆر سارد بوو. مارێک بە خشکە هات و لای کچەکە و لێی پاڕایەوە کە ڕێگەی بدات لەناو چاکەتەکەیدا بحەسیتەوە. بۆ ماوەیەک بەرهەڵستی کرد، بەڵام لە کۆتاییدا بە داواکەی ڕازی بوو. پاش ماوەیەکی کەم مارەکە بە کچەکەوەی دا، کچەکەش هاواری کرد و گوتی: "بۆچی پێوەتدام سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چاکەیەم لەگەڵ کردی؟" مارەکە وەڵامی دایەوە: "کاتێک هەڵتگرتم تۆ دەتزانی من من چیم." پێم وایە هەمووومان بەجۆرێک دەچینەوە سەر ئەم کورتە چیرۆکە و پەیوەندیمان پێوەی هەیە. بەدڵنیاییەوە لە ژیانماندا کاتی وا هەبووە کە باش باش زانیومانە کە نابێت کارێک بکەین، بەلەگەڵ بەردەوامی دوودڵیدا دەچینە ژێر بار و ئەنجامەمان داوە، لە ئەنجامدا تەنیا تووشی بارودۆخی خراپ بووین. هەمووومان هەڵە دەکەین، بەڵام نابێت بەردەوام بین لەگەڵیان. دەرس و پەند وەرگرتی لە هەڵەکانمان یەکێکە لە داناترین ئەو شتانەی کە دەبێت بیکەین.

یەزدان فێرمان دەکات کە خۆمان ئازاد بکەین لە بارگرانی و گوناه کە زۆر بە ئاسانی هێرشمان دەکاتە سەر (عیبرانییەکان **١٢: ١**). ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە بە توندی و بە خێرایی ڕووبەڕووی گوناه ببینەوە، ئەو کاتە دیاری ژیانێکی دروست دەدۆزینەوە.

زۆر سوپاسگوزارم کە لە گوناهەکانم خۆشبووە، بەڵام نامەوێت هەموو جارێک کە ئاوڕ دەدەمەوە پێویستم پێی بێت. ئارەزوو دەکەم هەموو جارێک خۆم سزا بدەم بۆ ئەوەی بە دروستی کارەکانم ئەنجام بدەم، ئەو کاتە خۆشی ئەو باوەڕەم دەبێت کە یەزدانم دڵخۆش کردووە.

## گوناهی شاردراوە

ناتوانین بە توندی و کاریگەی بەرهەڵستی گوناه بکەین، ئەگەر بیانوومان بۆی هێنایەوە یان بە شاراوەیی هێشتمانەوە. دەبێت هەمووومان دڵەکانمان بپشکنین و بە پێی پێویست بە شەهامەت بین بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمان سەبارەت بە هەر هەڵوێستێکی گوناه لە ژیانماندا ڕاستگۆ بین. پۆڵسی نێردراو وتی کە بێوچان هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئەو شتە ئەنجام بدات کە پێی وایە دروستە لەبەردەم یەزدان و خەڵک (کردار **٢٤: ١٦**). جوانە! ئەو ئیشی لەسەر خۆبەدوورگرتن کردووە لە ژیانیدا. پۆڵس هێزی ویژدانی پاکی زانیوە لەبەردەم یەزداندا. پێویستە هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بێت کە گوناه نەکەین بەڵام کاتێک گوناهیشمان کرد دەبێت هەرگیز بیانووی بۆ نەهێنینەوە و نەیشارینەوە. نهێنییەکانمان بەدبەختمان دەکەن بەڵام ڕاستی ئازادمان دەکات.

هەرشتێک بە باوەڕ نەبێت گوناهەیە. ئەگەر شتێک نەتوانین بە باوەڕەوە بیکەین کەواتە نابێت ئەنجامی بدەین. ئەگەر شتێک تاوانە کەواتە بە گوناه ناوی بێنە، بە کێشە و ترس و خووپێوەگرتنەوە ناوی مەهێنە. گوناه ناشرینەو و ئەگەر بە وشەی بریقەدار ڕووپۆشمان کرد ئەوا بە گریمانەیەکی زۆر بەردەوامین لە سەری.

پێویستە ژیانمان بە ڕووناکی وشەی یەزدان بپشکنین، هەر شتێک لەگەڵ ئەودا ناگونجێت دەبێت بەو جۆرەی کە هەیە سەیر بکرێت و بەوپەڕی ئەو توانایەی کە یەزدان پێی بەخشیوین بەرهەڵستی بکەین. ئەگەر داوای لێبکەین ئەوا یەزدان هەمیشە یارمەتیمان دەدات. ئێمە لەگەڵ یەزدان خێزانێکین، ئەو هەمیشە چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە هەموو شتێک بە یارمەتی ئەو ئەنجام بدەین. ڕێگەم بدە جارێکی دیکە بڵێم: "گوناه مەشارەوە، لە پەناگەکە بیهێنە دەرەوە، بەو جۆرە ناوزەندی بکە کە هەیە و هەرگیز بیانووی بۆ مەهێنەوە یان خەڵکی دیکە بە

تاوانبار مەزانە بۆ ئەو کارە خراپەی کە دەیکەیت. بۆ گوناهەکانی ڕابردووت لێخۆشبوونی تەواوی یەزدان بەدەستبێنە و لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزدا کار بکە بۆ ئەوەی بە توندی ڕووبەڕووی هەموو دوودڵییەکی داهاتوو ببیتەوە!"

ئێستا چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە و بە تەواوی لە خۆت خۆشبە. واز لە هەموو ئەو تووڕەییە بهێنە کە بۆی هەیە لەبەرانبەر خۆت هەتبێت بۆ هەست کردن بەهۆی هەر هەڵەیەک کە ئەنجامت داوە. دەست بکە بەو ژیانە باشەی کە یەزدان پێشوەخت بۆتی ئامادە کردووە. (ئەفەسۆس ٢: ١٠).

## ئایا لە یەزدان تووڕەیت؟

ئەگەر هەر شتێکت سەبارەت بە یەزدان بیستووە، ئەوەیە کە ئەو باشە و ئێمەی خۆشدەوێت. کەواتە ئاسایە سەرمان بسوڕمێ لەوەی کە جیهان بۆچی پڕە لە ئازار و خەم و دەردەسەری. ئەگەر یەزدان ئەو هەموو هێزەی هەیە و هەر شتێکی بیەوێت دەتوانێت بیکات، کەواتە بۆچی ڕێ لە ئازار چێژتی ناگرێت؟ ئەم پرسیارانە و پرسیاری دیکەی لەم چەشنانە مرۆڤیان گیرۆدە کردووە لەو کاتەوەی کە بوونی هەیە.

منداڵان ئازار دەدرێن، بەردەوام شەڕ و وێران کردن دەبیستن، جیهانی برسییەتی ژیانی ملیۆنان مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دەبات. هەندێک جار مرۆڤە باشەکان زوو دەمرن، لەکاتێکدا خراپەکان یاخود بێسوودەکان تەمەن درێژ دەبن. نەخۆشی لەسەر زەویدا ڕیشەکێش ناکرێت و پەلاماری کەسە باشەکان دەدات هەروەک چۆن پەلاماری کەسە خراپەکانیش دەدات. گیانمان هاواردەکات: "دادپەروەرانە نییە!" دادپەروەری لە کوێیە؟ یەزدان لەکوێیە؟

لەبەرئەوەی ئەو کەسەی بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بڕوا بە یەزدان نەکات، پێویست ناکات لەم پرسیارە بێ وەڵامانە زیاتر تێپەڕن. زۆر بەسادەیی دەڵێم: "ئەگەر بەڕاستی خودا بوونی هەبێت ئەوا ڕێگە لە ئازارگرتن دەگرێت هەرلەبەر ئەوە ناتوانم باوەڕ بە بوونی بکەم." بەڵام هەروەها ملیۆنان خەڵکی جوانی دیکە هەن کە باوەڕیان بە یەزدان هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە ئاڵۆزانە نییە.

ئەگەر هیواخوازیت کە من وەڵامێکی باشت بدەمێ لەبارەی ئەو شتانە، هەر ئێستا دەمەوێت بڵێم کە هیچ وەڵامێکم نییە. بەتەواوی ناتوانم ڕوونیان بکەمەوە و هەروەها پێشم وانییە کە هیچ کەسێکی دیکە بتوانێت. زۆر بەسادەیی باوەڕکردنم بە خودا هەڵبژاردووە چونکە ڕاستگۆیانە بڵێم بەبێ ئەوە پێم وا نییە بمەوێت زیندوو

بم. یەزدان ژیانمە و پێم باشترە کە پەیوەندیم لەگەڵ خودا هەبێت و هەموو شتێکیش لەبارەیەوە تێنەگەم لەوەی کە بێ ئەو ئەنجامی بدەم.

یەزدان هەرگیز پەیمانی ژیانی بێ ئازاری پێنەداوی بەڵام پەیمانی داوە ئارامیمان بکاتەوە و توانای بەرگە گرتنمان پێببەخشێت. هەروەها پەیمانی ئەوەی پێداوین کە ئەگەر خۆشمان بوێت و بەردەوام ویستی ئەومان لە ژیاندا بوێت ئەوا هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیاندا بەسەرمان دێت بۆ خێر و چاکەی ئێمە کاردەکات (ڕۆما ٨: ٢٨). خۆشحاڵ نیم کاتێک کۆمەڵێک کێشەم هەیە کە دەبێتە هۆی ئازار لە ژیانمدا بەڵام خۆشحاڵم کە یەزدانم هەیە و یارمەتیم دەدات بەسەریاندا زاڵبم. بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کە نائومێدانە ئازار دەچێژن و مێشک و بیریان پڕکراوە لە ناڕەحەتی خەمگینی، چونکە ناتوانن بێجگە لە ئازارەکەیان چیتر ببینن.

دەزانین کە یەزدان باشە، بەڵام خراپەش لە جیهاندا بوونی هەیە. یەزدان باشە و خراپەی لە بەردەمان داناوە. بەرەکەت و نەفرەت، بەرپرسیاریەتی هەڵبژاردنی هەریەک لەوانەی پێداوین (ڕاسپاردەکات ٣٠: ١٩). لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر گوناە و خراپە هەڵدەبژێرن، ئێمە لە جیهاندا کاریگەری گوناهمان لەسەرە. تەنانەت کەسێکی باشیش لەژێر باری جیهانێکی گوناهاویدا دەژیێت. ئێمە هەست بە فشاری خراپە دەکەین و چارەڕێی کاتی ڕۆیشتنی دەکەین. کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە تەنانەت دروستکراو لەژێر نیری کۆیلەیەتی هاواردەکات و وەکو مرۆڤ چاوەڕێی ئازادی دەکات. (ڕۆما ٨: ١٨- ٢٣)

ئێمە خزمەتی یەزدانێکی نادیار دەکەین کە وەسف ناکرێت! بەچەندین ڕێگە دەتوانین بیناسین بەڵام هەمیشە بەشێکی لەسەرەوەی تێگەیشتنی ئێمەوەیە.

"ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا! کێ دەتوانێت حوکمەکانی بپشکنێت؟ کێ لە ڕێگاکانی تێدەگات؟" (ڕۆما ١١: ٣٣).

ئێمە دەتوانین کەسایەتی یەزدان بناسین و متمانەمان بە وەفادارییەکەی هەبێت بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵمان بێت بەڵام ناتوانین لە هەموو ئەو کارانەی کە یەزدان دەیکات یان نایکات تێبگەین. باوەڕ واتە ئێمە باوەڕمان هەیە بەو شتەی کە ناتوانین بینینین و زۆربەی کات ناتوانین لێی تێبگەین. باوەڕمان هەیە لەکاتێکدا چاوەڕێی ئاشکرا کردنی ئەم ناڕوونیانە دەکەین و ئەگەر ڕاستگۆبین دەزانین کە هەندێک لەم وەڵامانە بەدەست ناگات تا

ئەو کاتەی لەسەر زەوین. یەزدان داوامان لێدەکات کە متمانەمان پێی هەبێت و هیچ پێویست بە متمانە ناکات ئەگەر پرسیاری بێ وەڵاممان هەبوو. بەرلەوەی لە ژیان ڕازی بین پێویستە "نەزانین"مان بەلاوە ئاسایی بێت.

**پەیوەندنی گەرموگوڕ بە ئازارچێژتن پەرەدەسێنێت**

(عیبرانییەکان **٥: ٨- ٩**) یەکێکە لە ناڕوونترین و سەیرترین ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز: "لەگەڵ ئەوەشدا عیسا کوڕی خودا بوو، بەو ئازارانەی کە چێژتی فێری گوێڕایەڵی بوو، کە تەواو کرا، بووە سەرچاوەی ڕزگاری هەتاهەتایی بۆ هەموو ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن." وادیارە ئازاری عیسا ڕێگەی ڕێگەی کامڵبوونی بووە، بۆ قوتابییەکانیشت بەهەمان شێوە.

باوەڕ بە بێ تاقیکردنەوە ناتوانرێت تەواو و کامڵ بێت. یەزدان باوەڕی وەکو دیارییەک بە ئێمە بەخشیوە. بەڵام ئەو باوەڕە تەنیا لەو کاتەی بەکارمان هێنا بەرەوپێش دەچێت و گەشە دەسێنێت.

دوازدە قوتابییەکەی مەسیح لە چەندین شت تێنەگەیشتن کاتێک لەگەڵ عیسا بوون، عیسا پێی گوتن: "ئێستا ئەمەی دەیکەم تێیناگەیت، بەڵام دواتر تێیدەگەیت." (یۆحەنا **١٣: ٧**). ئێمە لە جیهانێکی سەیر و پڕ لە ڕووداوی ناڕووندا دەژین، یەزدان چاوەڕوانی باوەڕمان لێدەکات.

(جەی ئۆزوڵد ساندرس) لە کتێبەکەیدا بەناوی (چێژوەرگرتن لە پەیوەندی یەزدان)دا دەڵێت: "ئەگەر پێویست بێت ئەزموونی ئارامی بکەین لەم جیهانە سەرکێشەدا ئەوا پێویستمان بەوەیە کە بەهێزتر دەست بگرین بە گەورەیی یەزدان و باوەڕ بە خۆشەویستییەکەی بکەین تەنانەت ئەگەر نەتوانین مەبەستەکانی ڕوون بکەینەوە."

زۆر شت هەیە کە لە ناڕەحەتیدا فێری دەبین، لە هیچ شوێنێکی تر فێری نابین. لە (ئیشایا **٤٥: ٣**)دا یەزدان دەڵێت: "گەنجینەکانی تاریکی و خشڵە شاردراوەکانت دەدەمێ، هەتا بزانیت کە من یەزدانم، خودای ئیسرائیل، ئەوەی بە ناوی خۆتەوە بانگت دەکات."

گەنجینەی وا هەیە کە تەنیا لە شوێنی تاریکدا دەدۆزرێتەوە، یەکێک لەو گەنجینانە بریتییە لە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لەگەڵ یەزدان.

**بەڵگە**

مرۆڤ لە حاڵەتی سروشتیی خۆیدا دەیەوێت لە هەموو شتێک تێبگات. دەمانەوێت دەستی بەسەردا بگرین بەڵام حەزمان لە دۆخی سەرسوڕمان نییە. حەزدەکەین هەموو پلانەکانمان بەپێی ویستی کاتی خۆمان بێنە دی. بەڵام نایەنە دی. ئەگەر باوەڕمان بە یەزدان هەبێت ئەو کاتە داوای لێ دەکەین ئەوەمان بداتێ کە دەمانەوێت، بەڵام هەمیشە ئەوەمان ناداتێ کە دەمانەوێت. هەر لەبەر ئەوە بێ وەڵام دەمێنینەوە و سروشتمان دژی ئەمەیە.

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە شتێک کە هەرگیز وەڵامەکەی وەرناگرین زۆر بێهیواکەر و ئاڵۆزە. دوای چەندین ساڵ لە ئازاری دەروونی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی شتی خراپ بەسەر خەڵکی باشدا دێت بە ئەوەشەوە کە بۆچی دە ساڵ زیاتر بەرگەی دەستدرێژی باوکمم گرت. لەکاتی پەیوەندیم لەگەڵ یەزدان گەیشتمە خاڵی یەکتربڕی لەگەڵی. دەمزانی کە دەبێت بە تەواوی باوەڕ بە یەزدان بهێنم بەبێ وەرگرتنی هیچ وەڵامێک یان هەرگیز لە ئاشتیدا نەدەبووم. خۆم باوەڕم وایە کە بڕیارێکی تاکە کەسییە کە هەموو کەسێک پێویستە ئەوە بڕیارە بدات. ئەگەر چاوەڕوانی کەسێک دەکەیت کە یەزدانت بۆ ڕوون بکاتە ئەوا هەتاهەتایە چارەڕێ دەکەیت. یەزدان لە سەرووی تێگەیشتنی ئێمەوەیە، بەڵام ئەو جوان و سەرسوڕهێنەرە، لە کۆتاییدا هەمیشە دادپەروەری لە ژیانماندا بەدی دەهێنێت. لەگەڵ ناڕوونکردنەوەدا یەزدان متمانەی پێمانە!

شتی خراپ بەسەر خەڵکی باشدا دێت، ئەمەش مافی تاکەکەسی خۆیانە کە باوەڕ بە یەزدان بهێنن.

"کێ لە ئێوە لە یەزدان دەترسێت و گوێڕایەڵی بەندەکەی دەبێت؟ ئەوەی بە تاریکیدا دەڕوات و ڕووناکی نابینێت، با پشت بە ناوی یەزدان ببەستێت و پاڵ بداتە پاڵ خودای خۆی." (ئیشایا **٥٠: ١٠**).

ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە ژیانمان ڕووبەڕوی دەبینەوە، دەکرێت کورت بکرێنەوە کاتێک بە شێوەیەکی پێگەیشتوانە کاردانەوەمان بەرانبەریان هەبوو، ئەو کاتە خودا لە پێشر باشتر دەناسین. پێم وایە زۆرێک لە ئێمە دەڵێین کە زۆرینەوە گەشەی ڕۆحیمان لە کاتە سەختەکاندا بەدەست هاتووە نەک لە کاتە ئاسانەکاندا.

زۆربەی کات کە خۆم لە بارودۆخی ئاڵۆزدا بینییەوە دەگەڕێمەوە سەر (زەبووری **٣٧**) بۆ ئارام بوونەوە. لە یازدە ئایەتی سەرەتادا پێمان گوتراوە کە نابێت بەهۆی خراپکارەکانەوە دڵتەنگ بین چونکە بەزوویی لەناودەچن. پێویستە متمانەمان بە یەزدان هەبێت و کاری باش بکەین چونکە ئەو ڕزق و ڕۆزیمان دەداتێ. باوەڕم وایە کە

ژیاندا پێویستییەکانمان دابین دەکات. نەک هەموو شتێک کە دەمانەوێت بەڵکو بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە پێویستمانە بۆمان دابین دەکات.

(زەبووری **٣٧: ٨**) پێمان دەڵێت کە ئێمە دەبێت واز لە تووڕەیی بهێنین و خۆمان لە کینە لابدەین. چونکە تەنیا دەبێتە هۆی کاری خراپ. ئەگەر ئێمە ڕێگە بە خراپەی خەڵکی بدەین کە بە تووڕەیی بمانهێڵێتەوە ئەوا بۆی هەیە ئێمەش لە کۆتاییدا کاری خراپ بکەین. هەروەها بەڵێنێکی زۆر نایابیشمان پێدراوە: "بەڵام بێفیزەکان دەبن بە میراتگری خاکەکە و خۆشی لە زۆری ئاشتی دەبینن." (زەنووری **٣٧: ١١**). بێفیزەکان ئەو کەسانەن کە خۆیان نزم دەکەنەوە و متمانەیان بە یەزدانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکانی ژیانیان.

پۆڵسی نێردراو گوتی کە بڕیاریداوە باسی هیچ نەکات بێجگە لە عیسای مەسیح و لەخاچدانەکەی (یەکەم کۆرنسۆس **٢: ٢**). وا دیارە کە پۆڵۆس بە هەمان شێوە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕوونکردنەوەیەکی باش بۆ هەموو شتەکان بێزار بووبێت و بڕیاریداوە کە مەسیح بناسێت و باسی مەسیح بکات.

"پڕ بەدڵ پشت بە یەزدان ببەستە و بە تێگەیشتوویی خۆت پشت ئەستوور مەبە." (پەندەکانی سلێمان **٣: ٥**)

ئەم پەندە زیاترمان پێدەڵێت کە نابێت لەبەرچاوی خۆمان، خۆمان بەلاوە دانا بێت. بەڕای من (پەندەکانی سلێمان **٣: ٧**) بەو مانایە دێت کە نابێت بۆ ساتێکیش پێموابێت من ئەوەندە زیرەکم کە دەتوانم ژیانی خۆم ببەم بەڕێوە یان نابێت هۆکاری ئەوە بدۆزینەوە کە بۆچی یەزدان ئەو کارە دەکات کە دەیکات. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم لە یەزدان تێبگەم ئەوا ئەو کاتە ناتوانێ یەزدان بێت، خودا دەبێت بە هەموو شێوەیەک لە ئێمە گەورەتر بێت ئەگەر نا ئەوا بەهیچ جۆرێک خودا نییە. دەوترێت کە یەزدان سەرەتا و کۆتایی نییە. ئێمە ناتوانین لەو قسە سەرەتاییە لەبارەی یەزدان تێبگەین. کەواتە بۆچی دەبێت لە هەموو شتێکی دیکە تێبگەین.

یەزدان کۆمەڵێک شتی دیاریکراومان بۆ دەردەخات، وەڵامی زۆر شتیشمان دەداتێ، بەڵام وەڵامی هەموو شتێکمان ناداتێ، بەپێی وشەکەی تاڕادەیەک تێدەگەین، بەڵام دوایی بە تەواوی یەزدان دەناسین هەروەک ئەو بە تەواوی ئێمە دەناسێت.

"جا ئێستا لە تەمەنەدا تەماشای ئاوێنە دەکەین، بەڵام دوایی ڕووبەڕووە. ئێستا هەندێک دەزانم، بەڵام دوایی تەواو دەزانم، هەروەک تەواو ناسراوم." (یەکەم کۆرنسۆس **١٣: ١٢**).

**بۆچی یەزدان بەشداری ناکات؟**

سەختە تێبگەین کە بۆچی یەزدان بەشداری ناکات لە ئازارەکانمان لەکاتێکدا باش دەزانین کە دەتوانێت بە ئاسانی ئەرکی سەرشانمان سووک بکات. کاتێک یاقوب لە زیندان بوو، سەری پەڕێنرا، لەکاتێکدا پەترۆس لە زیندان بوو لەلایەن فریشتەیەکەوە ڕزگار کرا و ڕێنوێنی کرا بۆ نوێژکردن. بۆچی؟ تەنیا وەڵامێک خودا دەیداتەوە ئەوەیە کە "تۆ نازانی من خەریکی چیم بەڵام لە دواییدا تێدەگەیت."

پێدەچێت لە تواناماندا نەبێت لەگەڵ ئەو زانیارییەی کە پێمانوایە دەمانەوێت بیزانین، خۆمان بگونجێنین. لەوانەیە یەزدان لەو زانیارییەی کە پێیداوین هەندێکی لە میهرەبانی خۆیدا هێشتبێتەوە. بڕیارمداوە کە باوەڕم هەبێت کە یەزدان هیچ شتێکی لە ژیانمدا ئەنجام نەداوە، داوای هیچ شتێکیشی لێ نەکردووم ئەنجامی بدەم، مەگەر ئەوەی کە لە کۆتاییدا بۆ باشەی من بووبێت. ئەم بڕیارە ئاشتی زۆر زیاتری بۆ هێنام.

لەوانەیە بیرت بێت کە پێشتر وتم ئەگەر ئاشتیمان بوێت پێویستە دوای بکەوی و لە ناخی دڵەوە شوێنی بکەوین. لە شوێنکەوتنی ئاشتی خۆمدا بۆم دەرکەوت کە ئاشتی و خۆشی لەڕێگەی باوەڕەوە دێت (ڕۆما **١٥: ١٣**). ئەمە ئەو شتەیە کە بڕیارمدا ئەنجامی بدەم. بەتەواوی بە دروستی نایکەم بەڵام یەزدان هاوکاریم دەکات کە فێری ئەوە بم وەڵامی ئەو شتانە بەوە بدەمەوە کە لێی تێناگەم بڵێم: "یەزدان متمانەم پێتە" نەوەک "یەزدان سەرم لێ شێواوە، بۆیە دەبێت لەوە تێبگەم کە ڕووی داوە." هەمووومان دەتوانین هەمان بڕیار بدەین. لەجێگەی ئەوەی گومان بە باوەڕەوە وەڵام بدەینەوە، لەڕاستیدا ڕۆحی پیرۆز هانت دەدات هەر ئێستا بیکەیت مەگەر ئەوەی کە کردبێتت.

من باسی باوەڕ بە شێوەیەکی گشتی ناکەم بەڵکو باسی باوەڕبوون و متمانە کردن بە یەزدا دەکەم لە هەموو حاڵەتێکی ژیانتدا. زۆر ئاسانە "بۆ" شتەکان باوەڕ بە خودا بهێنیت بەڵام ئەو دەیەوێت باوەڕی پێبهێنین "لە" شتەکان و "بە درێژایی" شتەکان.

**ئەیوب**

پێم وایە ئەگەر بەشێکی کتێبەکە تەرخان بکەم بۆ ئازاری پێناسەنەکراو ئەوا دەبێت باسی ئەیوب بکەم. ئەو پیاوێکی ڕاستودروست بوو کە بەرگەی ئازارێکی گرت کە لە سەرووی هەموو ئەو شتانەوەیە کە تا ئێستا گوێم لێبووە. ئەیوب بۆ ماوەیەکی زۆر بەوپەڕی بەهێزییەوە دەستی بە باوەڕیەوە گرتبوو، بەڵام لە کۆتاییدا داوای وەڵامی لە یەزدان کرد. یەزدان چوار بەشی تەواوی لە وەڵامدانەوەی ئەیوبدا سەرف کرد. بەشێوەیەکی سەرەکی یەزدان گوتی: "ئەیوب ئەوەندە زیرەکی بۆچی خودابوون تاقی ناکەیتەوە! جیهان بەڕێوە ببە و بزانە چۆن بەڕێوەی دەبەیت." بەدڵنیاییەوە لە کۆتاییدا ئەیوب بچووکی خۆی دەرخست بۆ یەزدان، بۆی دەرکەوت کە گێلانە قسە دەکات. پاشان ئەیوب شتێکی زۆر جوانی گوت کە زۆرێک لە ئێمە لەکاتی بەرگەگرتنی ئازاری زۆر دەتوانین بیڵێین:

"بە گوێی خۆم هەواڵەکانی تۆم بیست، ئێستاش چاوەکانم تۆیان بینی." (ئەیوب **٤٢: ٥**)

ئەیوب، لە تاقیکردنەوەکەیدا بەجۆرێک خودای ناسی کە هەرگیز پێشتر نەیناسیبوو. پێش ئازارەکانی شتی لەبارەی یەزدانەوە دەزانی و گوێی لێ بووە بەڵام ئێستا ناسیویەتی! پیاوێکی گەنج دەناسم کە بەهۆی شێرپەنجەوە گیانی لەدەستدا، لەگەڵ ئەوەی کە ئازارێکی زۆری هەبوو، گوتی: "ئەم ئەزموونەم بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە، چونکە تیایدا یەزدانم لە نزیکەوە ناسی." ئەمە واتای ئەوەیە کە یەزدان ئەم جۆرە ئازارەی ڕێکخستووە بۆ ئەوەی بیناسین؟ نەخێر، پێم وانەبێت. بەڵکو ئەو ئازارانە بۆ قازانجی ڕۆحیمان بەکاردەهێنێت.

**عیسای مەسیح**

ئەگەر باسی ئازارێکی نادادپەروەرانە بکەین ئەوا دەبێت باسی عیسای مەسیح بکەین. بۆچی یەزدان بە پلانی دیکە دەستبەکارنەبوو بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤ و ڕێگەیدا کوڕەکەی خۆی ئازاری ترسناکی لەخاچدان بچێژێت، ئازاری هەڵگرتنی گوناهەکانی مرۆڤایەتی بە ئەستۆی بیگوناهێکی وەکو خۆی بسپێرێت؟ پێدەچێت وەکو هەر باوکێکی باش بڵێت: "داوات لێناکەم بە ڕێگەیەکدا بڕۆیت کە خۆم پێیدا تێبەپەڕیوم." هەروەکو پێشتر گوتم وەڵامی ئەم پرسیارانەم نییە، بەڵام ئایا بۆ باوەڕهێنان بە یەزدان پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانەمان هەبێت؟

پێم وا نیە! باوەڕ لە سەرووی دەرک کردنەوەیە، لەڕاستیدا زۆر کات باوەڕ جێگەی دەگرێتەوە.

کاتێک دەستم بە نووسینی ئەم بەشە کرد، ناو دڵم گەڕام بۆ ئەوەی بزانم خودا داوای چیم لێدەکات بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو کەسانە بدەمەوە کە لە خودا تووڕەن بەهۆی ئازار و نائومێدییەکانی ژیانیان. لە ماوەیەکی کەمدا بۆم دەرکەوت کە یەزدان نایەوێت تەنانەت وەڵامی یەک کەسیش بدەمەوە چونکە لە هیچ کەسێک تێناگەین. ژمارەیەکی زۆر کتێب هەن کە هەوڵی ڕاڤەکردنی یەزدان دەدەن و هەندێکیان کارێکی باش دەکەن بەڵام من ئەو کارە ناکەم. بە سادەیی دەڵێم دەتوانی تووڕە نەبوون هەڵبژێریت و ئەگەر ئەوەت هەڵبژارد ئەوا چاکەیەک لەگەڵ خۆتدا دەکەیت چونکە تووڕە بوون لە یەزدان ئەوپەڕی گەمژەییە. ئەو تەنیا کەسێکە کە دەتوانێت یارمەتیمان بدات، کەواتە بۆچی تاکە سەرچاوەی یارمەتیمان ببڕین؟

دەزانم کە ئەگەر زۆر بە خراپی ئازار درابیت، لەوانەیە ئێستا بەشێکتان هاوار بکەن و بڵێن: "جۆیس، ئەمە بەپێی پێویست باش نییە." ئەگەر تۆ یەکێکی لە هاوارکەرەکان، ئەوا لێت تێدەگەم و دەرکت دەکەم، تەنیا دەتوانم نوێژت بۆ بکەم بۆ ئەوەی زوو بێزار بیت بەدەست ئەو دڵتەنگییەوە و لەگەڵ ئەیوبدا بڵێی: "ئەگەر بشمکوژێت هەر پشتی پێی دەبەستم، لەبەردەمیدا تەنها مشتومڕ لەسەر هەڵسوکەوتم دەکەم." (ئەیوب **١٣: ١٥**).

## لە یەزدان تووڕەی؟

ژنێک دەناسم کە ناوی "جانین" بوو، باسی ئەوەی بۆ کردم کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەستی خودا تووڕە بووە. لە منداڵییەوە مەسیحییە، جانین هەمیشە بە پەرۆشییەوە چاوەڕێی ئەو ساتە بوو کە پیاوێکی باشی مەسیح بناسێت، عاشقی بێت و شووی پێ بکات و خێزان پێکبهێنێت. دوای زانکۆ چووە نویۆرک بۆ ئەوەی ئیشی مامۆستایی دەست بکەوێت. جانین کەنیسەیەکی باشی پەیدا کرد و بوو بە ئەندامێکی چالاکی ئەوێ. گیرۆدەی ژیانی گروپی باوەڕداران بوو. لەوێ هاوڕێی باشی پەیدا کرد، بوو بە بەشێک لە گرۆیەکی گەورەی سەڵتەکان. دوای چەند ساڵێک زۆربەی هاوڕێکانی کەنیسەی مێردیان کرد و خێزانیان پێک هێنا.

جانین تەمەنی بەرەو سی ساڵی دەڕۆیشت و بە درێژایی ئەو ماوەیەش هەر خەریکی نوێژکردن بوو بۆ ئەوەی یەزدان هاوسەرێکی باشی بۆ بنێرێت و خێزان دروست بکات. یەزدان بەرەکەتی خستە ناو ئیشەکەیەوە و پاش ماوەیەک بوو بە دەستیاری بەڕێوەبەرایەتی ئەو خوێندنگە ئامادەییەی کە وانەی تێدا دەگوتەوە. وادیار بوو کە یەزدان هەموو بەشێکی ژیانی بەرەکەتدار کردبوو، بێجگە لەو بەشەی کە لە هەمووی زیاتر بەلایەوە گرنگ بوو.

هاوڕێکانی کەم کەم منداڵیان بوو، زۆربەیان نویۆرکیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەو شوێنەدا گەورە بکەن کە پەیوەندی خزمایەتی زیاتر گەرم و گوڕترە.

جانین بەردەوام بوو لە هەوڵدان و بە چالاکی لە کەنیسە مایەوە. بەڵام تەنیا لەوە تێنەدەگەیشت کە بۆچی یەزدان ڕێگەی ناداتێ تاکە ئارەزووی دڵی بەدیبێت: هاوسەرێک و خێزانێک. دەستی کرد بە تووڕە بوون لە یەزدان. بۆچی ئەوەندە بێدەنگە؟ بەڵام جانین شتێکی دەویست کە باش و ئاسایی بوو. لە کتێبی پەیدابوون یەزدان دەڵێت بۆ پیاو باش نییە بە تەنیا بێت. دەست کرد بە نوێژکردن بۆ ئاشتی و وای لێکدایەوە کە ئەگەر خودا بە نەخێر وەڵامی نوێژەکەی بداتەوە لەبارەی هاوسەرەوە، ئەوا بەلایەنی کەمەوە دەیویست هەست بە ڕازیبوون بکات بەو شتە باشانەی کە یەزدان تێیدا بەرەکەتداری کردووە.

بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ تێپەڕ دەبوو، جانین هێشتا هەر بە تەنیا بوو. لەکاتێکدا چێژی لە زۆر شتی ژیانی وەردەگرت، بەڵام ئەو تەنیاییەی کە ئەزموونی دەکرد تا دەهات زیاتر دەبووە هۆی ئازاردانی. بۆچی یەزدان نوێژەکەی قبووڵ ناکات، هیچ شتێک لەوە ئاساییتر و جوانتر نییە کە کەسێکت خۆش بوێت؟ ئەو تەنیا لەوە تێنەدەگەیشت کە بۆچی خودا بە "نەخێر" وەڵامی نوێژێکی بەو سادەییە دەداتەوە. ئەو ئاشتییەش کە نوێژی بۆ کرد بەدەستی نەهێنا. بۆچی خودا ئەوەندە بێدەنگە؟

ڕۆژێکیان جانین بینینێکی بۆ دەرکەوت. کاتێک کە نوێژی دەکرد دەستی کرد بە پاڕانەوە لە یەزدان بۆ ئەوەی چارەسەری هەستەکانی بکات، عیسای لە باخی جەسیمانی بینی کە داوای لە خودا دەکرد بۆ ئەوەی مردنەکەی لەسەر لابدات لەکاتێکدا پێبینی لەخاچدانەکەی کردبوو. لە کۆتایی نوێژەکەیدا، عیسا گوتی: "با ویستی من نەبێت بەڵکو ویستی تۆ." لەو ڕۆژەدا خودا بە "نەخێر" وەڵامی عیسای دایەوە. دەبوایە عیسا ئازاری خاچی بکێشابا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات.

لەو ساتەدا جانین بۆی دەرکەوت کە ئەگەر یەزدان بە نەخێر وەڵامی تاکە کوڕی خۆی بداتەوە، بکرێت عیسا بە نەخێر وەڵام وەربگرێت ئەوا جانینیش دەتوانێت بە نەخێر وەڵام وەربگرێت. هیچ شتێک نەگۆڕدرا بەڵام هەموو شتێک بۆ جانین گۆڕدرا. بۆ یەکەم جار بە درێژایی زیاتر لە دە ساڵ بۆی دەرکەوت کە پێویست ناکات هەموو وەڵامەکان بزانێت، ئەگەر بەدرێژایی ژیانی بە سەڵتی بمێنێتەوە و هەرگیزیش نەزانێت بۆ، ئەوا دەتوانێت ئەوە قبووڵ بکات.

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ، کاتێک جانین تەمەنی چل و سێ ساڵ بوو، پیاوێکی باشی مەسیحی ناسی و دوای دوو ساڵ لەگەڵی هاوسەرگیری کرد. جانین پێی وتم کە ئەگەر پێویست بکات دووبارە هەمان شت بکاتەوە ئەوا کات و هەستەکانی بەفیڕۆ نادات لە دژی یەزدان، لەبەرئەوەی کە ئەو بێدەنگ دەرکەوتووە. گوتی ئینجا کاتەکەی لە چێژ وەرگرتن لەو شتانەدا بەسەر دەبات کە تێیدا بەرەکەتدار کراوە، زۆرترین هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بڕیاری یەزدان لە شتەکاندا قبووڵ بکات.

هەندێک کات خودا بۆ ئەو شتە باش و قبووڵکراوانەی کە ئێمە دەمانەوێت دەڵێت "نەخێر." هەندێک کات ئەو دەڵێت "ئێستا نا." لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لەم ژیانەدا هەرگیز نازانین بۆ، بەڵام دەتوانین ئەو کاتەی کە یەزدان پێی بەخشیوین بە باشترین شێوە بەکاری بهێنین یان دەتوانین لە سەرلێشێواویدا ئازار بچێژین و دڵتەنگ بین. پێت وایە کامیان شێوازێکی باشتری کات بەسەر بردنە؟ من، حەزدەکەم بە شێوەیەک کات بەکاربهێنم کە بەرهەمدار بێت، تەنانەت ئەگەر هەموو وەڵامەکانیش نەزانم.

## منداڵێک نوێژ دەکات و بەردەوامە لە ئازارچێژتن

وەکو منداڵێک کە بە شێوەی قسە و دەروونی و جەستەیی لەلایەن باوکمەوە دەستدرێژیم کرابووە سەر، زۆر جار نوێژم بۆ یەزدان دەکرد کە لەو بارودۆخە ڕزگارم بکات کە تێیدا بووم، بەڵام وەڵامی نەدامەوە. نوێژم کرد کە دایکم باوکم بەجێبهێڵێت و بەرگریم لێبکات، بەڵام دایکم شتی وای نەکرد، لە نەزانی منداڵیمدا تەنانەت نوێژم کرد کە باوکم بمرێت، بەڵام ئەو بەردەوم بوو لە ژیان و بەردەوام بوو لەسەر ڕەفتارەکەی خۆی.

بۆچی؟ ئەم پرسیارە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ناخمدا پەنگی دەخواردەوە. بۆچی خودا کچێکی بچووک ڕزگار ناکات لە هانای بۆ ئەو هێناوە؟ تەنانەت دوای ئەوەی کە ژنێکی پێگەیشتوو بووم لە خزمەتمدا هێشتا هەر دەمپرسی "بۆچی؟" ئینجا کێ ئەو پرسیارەی نەبوو؟ یەزدان نیشانیدام کە کاتی وا هەیە خەڵکی بێتاوان لەڕێگەی خەڵکی خراپەوە ئازار دەچێژن. باوکم وەکو بەخێوکەر دەسەڵاتی بەسەر مندا هەبوو، بڕیاری خراپی دەدا کە کاریگەرییان لەسەر من دەبوو. سەرەڕای ئەوانەش دەمزانی کە یەزدان دەیتوانی کۆتایی بەوە بهێنێت. بەڵام بڕیاریدا لەجێگەی ئەوە شتێکی دیکە بکات. هێز و هاندانی پێدام کە بتوانم بەرگەی ئەو ناخۆشییە بگرم و بەسەر ئەو حاڵەتەدا زاڵ بم. ڕێگەی پێدام کە ئازارەکەم بۆ یارمەتی خەڵکی دیکە بەکاربهێنم، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بە قازانجی من و ئەوانەشدا بشکێتەوە کە یارمەتیم دەدان.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەمگوت: "ئەگەر من ئازار نەدرابام ئەوا دەکرا ژیانم باشتر بێت." ئێستا من باشتر دەزانم، باوەڕم وایە کە بەهۆی ئەوەوە ژیانم بەرهەمدارتر و بەهێزتر بوو. یەکێک لەو ڕێگایانەی کە خودا دەسەڵاتە نایابەکەی دەردەخات ئەوەیە کە یارمەتی کەسانی سادە دەدات بۆ ئەوەی بەسەر تراژیدیان زۆر خراپدا سەرکەون، پاشان بە هەڵوێست و ئەزموونی باشەوە دەرکەون و یارمەتی کەسانی دیکە بدەن. سوپاسگوزارم کە دەڵێم ئەو مافە تایبەتەم هەبوو کە یەکێک بم لەو خەڵکانە. دەبێت بڵێم "سوپاس یەزدان، بۆ وەڵامدانەوەی نوێژەکانم بە باشترین شێوە، نەوەک ئەو وەڵامەی کە من دەمویست."

تەنیا دەتوانم نوێژ بۆ ئەوە بکەم کە ئەو شتانەی لەبارەی تووڕەیی بەرانبەر یەزدان کردم، سوودی بۆ هەندێک لە خوێنەرەکانم هەبێت. هەوڵم نەداوە وەڵامێک بۆ پرسیارێکی بێ وەڵام پەیدا بکەم، بەڵام بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە هەوڵمدا ئەوەی لە دڵمدایە بۆتان باس بکەم. تکایە متمانەت بە خودا هەبێت، بەبێ ئەوەی بەلاتەوە گرنگ بێت کە چیت بەسەر دێت، یان چی بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە دەیانناسیت. گرنگ نییە چی لە جیهاندا ڕوودەدات، خودا باشە و تۆی خۆش دەوێت! ئەگەر تۆ بە پرسیاری "بۆچی، خودا بۆجی؟" ئازاری خۆت داوە، هانت دەدەم کە هەموو کێشە و گرفتەکانت بە خودا بسپێرە و لە بەرانبەردا بڵێ: "یەزدان، متمانەم پێتە، ئینجا چی دەبێت با ببێت."

## بەشی حەوتەم

### یارمەتیم بدە، تووڕەم

ئەگەر تۆ کەسێکی تووڕەیت و ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، پێش هەموو شتێک ڕێگەم بدە سوپاست بکەم کە ئامادەیی ئەوەت تێدایە ئەو بوارە بخوێنیت کە تێیدا پێویستت بە یارمەتییە. بەڕاستی لەو باوەڕەدام کە دەتوانی بەسەر ناجێگیری و تووڕەیی گوناهاویدا زاڵبیت. تووڕەیی هەندێک جار گوناهەیە و هەندێک جاریش گوناهە نییە. هەربۆیە دەمەوێت باسی هەردووکیان بکەم بۆ ئەوەی دڵنیا بم کە بەڕوونی تێدەگەیت.

### تووڕەییەک کە گوناه نییە

یەزدان هەستی تووڕەیی پێداوین بۆ ئەوەی بزانین کاتێک ئێمە یان کەسێک دیکە کە بە نادادپەروەری لەگەڵمان جووڵاوەتەوە. ئەم جۆرە تووڕەبوونە بەلای ئێمەوە تووڕەبوونێکی باشە. مەبەست لەم تووڕیبوونە ئەوەیە کە کارێکی خودایانە ئەنجام بدەین بۆ ڕاستکردنەوەی کارێکی هەڵە.

کاتێک یەکێک لە کچەکانمان کە تەمەنی حەوت ساڵ بوو، کێشەی پەیداکردنی هاوڕێی هەبوو لەو قوتابخانە نوێیەی کە بۆی دەچوو. ماڵمان لە نزیک قوتابخانەکە بوو، ڕۆژێکیان وا ڕێکەوت کە بە بەردەم قوتابخانەکەدا چووم بۆ سەر کار. سەیرم کرد کچەکەم لە باخچەی قوتابخانەکەدا بەتەنیا دانیشتووە، پێدەچوو زۆر تەنیا بێت لەکاتێکدا هەموو منداڵەکانی دیکە خەریکی یاری کردن بوون. هەستم بە تووڕەیی کرد، چونکە خراپ مامەڵەی لەگەڵ کرابوو و ئەو تووڕەییەی کە هەستم پێی کرد گوناه نەبوو. نوێژم کرد و داوام لە یەزدان کرد هاوڕێی بداتێ. ئەگەر کاردانەوەم بریتی بووایە لە سەرزەنشتکردنی کاربەدەستانی قوتابخانە و هاوارم بەسەر منداڵەکانی دیکەدا بکردایە، تووڕەییەکم تووڕەییەکی هەڵە دەبوو.

پێم وایە زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە زۆربەی کات تووڕە دەبین مانای ئەوە نییە کە گوناه دەکەین. زۆر شت هەیە کە هەستی تووڕەییمان دەوروژێنن، بەڵام چۆن دەست بەسەر ئەو هەستەدا بگرین ئەوە گرنگە.

شتێک هەیە کە بریتییە لە تووڕەیی دروست، لە (زەبووری ٧٨) دەبینین کە یەزدان بە ڕاستودروستی لەو کەسانە تووڕە دەبێت کە بت دەپەرستن. چەند پێکەنیناوییە کە بەردێک بپەرستی لەکاتێکدا دەتوانین خودای دروستکەری زیندووی هەموو دروستکراوەکان بپەرستین. لە ڕاستودروستی یەزداندا ئەو جۆرە نادروستییەی سزا

دا بەو هیوایەی کە خەڵکی بەهۆی ئەوەوە بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە و پەیشیمان ببنەوە. ئەو سزادانە بەمەبەستی یارمەتیدانی خەڵک بوو، نەک ئازاردانیان. تووڕەیی ڕاستودروست هەمیشە ئەو کاتە ئەنجام دەدرێت کە مەبەستی یارمەتیدان بێت.

ئەمە هەمان جۆری ئەو تووڕەییەیە کە بەرانبەر منداڵەکانمان ئەنجامی دەدەین کاتێک شتێک کە دەزانین ئازاریان دەدات. تووڕەییەکەیان ئەو کاتە نیشان دەدەین و هەڵەکانیان ڕاست دەکەینەوە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەین.

کاتێک سەردانی وڵاتی کەمبۆدیام کرد، هەندێک منداڵم بینی کە لەسەر زبڵ و خاشاک دەژیان، بە ناو زبڵەکەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی خواردن بدۆزنەوە و بیخۆن، یان پارچە شووشە یان پلاستیک بۆ ئەوەی بیفرۆشن. لە ناخی دڵمەوە هەستم بە دڵتەنگی کرد سەبارەت بەو نادادپەروەرییە، بە ڕاستودروستی هەستم بە تووڕەیی کرد. تەنیا بە تووڕەیی نەمامەوە، بڕیارمدا سەبارەت بەو نادادپەروەرییە شتێک بکەم. خزمەتەکەمان هەندێک پاسی کڕی و وەکو پۆلی خوێندن و چێشتخانە ئامادەمان کردن بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێک خواردنیان بدەینێ و فێریان بکەین. پاسەکان گەرماویشیان تێدابوو بۆ ئەوەی منداڵەکان خۆیان پاک ڕابگرن و کاتیک پێویستیان بوو جلوبەرگی تازە وەربگرن. ئەمە وەڵامێکی باش بوو بۆ ئەوە تووڕەییەی کە هەستمان پێکرد. وشەی یەزدان پێمان دەڵێت "خراپە نەتبەزێنێت، بەڵکو بە چاکە خراپە ببەزێنە." (ڕۆما **١٢: ٢١**).

ئەم جۆرە تووڕەبوونە گوناه نییە. لەڕاستیدا باشە. جونکە وامان لێدەکات لەجێی خۆمان دانەنیشین و شتێک بکەین،

زۆربەی خەڵک تووڕەن سەبارەت بە نادادپەروەری، بەڵام تەنیا بە تووڕەیی دەمێننەوە و تا دێت تووڕەتر دەبن. ژیانیان بە تووڕەکردنی خەڵکی دیکە بەسەر دەبەن بە قسە نەرێنی و هەڵسوکەوتە نەرێنییەکانیان. هیچ هەنگاوێکی باش نانرێت بۆ راستکرنەوەی شتێک. زۆربەی کات بێهیوان. بڕیاردەدەن کە هیج شتێک بەرەو باشی ناڕوات، هەربۆیە خۆیان ناخەنە زەحمەتەوە کە هەوڵی بۆ بدەن. ئەمە ئەو جۆرە تووڕەبوونەیە کە بە ئاسانی دەبێتە گوناه. کە کچێکی سێزدە ساڵان لەلایەن شۆفێرێکی سەرخۆشەوە کوژرا، کاتێک دادگا حوکمێکی سادەی بەسەردا سەپاند. دایکی کچەکە زۆر تووڕە بوو، بەڵام بڕیاریدا کە تووڕەییەکەی بۆ شتێکی ئەرێنی بگۆڕێت، هەربۆیە ڕێکخراوێکی دروست کرد بە ناوی "دایکان دژی شۆفێرە سەرخۆشەکانن." ئەم ڕێکخراوە

یارمەتیدەر بوو بۆ قورسکردنی یاساکان دژی شۆفێرە سەرخۆشەکان. دەکرا ژیانی لە تووڕە بووندا و ناخۆشیدا بەسەر بردبا، بەڵام لەجیانی ئەوە بە چاکە بەسەر خراپەدا زاڵ بوو.

زۆر لە باوکم تووڕە بووم، بەهۆی ئەو کارە خراپەی کە لەگەڵ من کردبووی. ڕقم لێی دەبووەوە، بۆ چەندین ساڵ لە تووڕەییدا دەکوڵام بەڵام لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت کە تاکە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر ئەو خراپەیەی لەگەڵم کراوە ئەوە بوو کە شتێکی باش بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکانی دیکەی پێ بدەم. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە سی و پێنج ساڵی ڕابردووم بە فێرکردنی وشەکانی یەزدانەوە بەسەرم بردووە، یارمەتی ئەو کەسانەم داوە کە ئازاریان چەشتووە.

پیاوێک بە ناوی (ویڵیام ویڵبەرفۆرس) هەبوو، سەبارەت بە کۆیلایەتی لە بەریتانیا زۆر تووڕە بوو، بە جۆرێک کە زۆربەی ژیانی بە شەڕکردن لە دژی بەسەر برد، کاری بۆ دانانی یاسایەک دەکرد کە ئەم کۆیلایەتییە بە نایاسایی بناسێنێت. مێژوو پڕە لەو خەڵکانەی کە بەهۆی نادادپەروەرییەوە تووڕەبوون و شەڕیان کردووە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بەدی بهێنن. بەداخەوە مێژوو پڕە لەو کەسانەش کە تووڕەبوون و پاشان تووشی ناخۆشی هاتوون، لە کۆتاییدا پڕبوون لە ڕق. زۆربەی کات کارێکیان ئەنجامداوە کە بووەتە مایەی ئازاردانی خەڵکێکی زۆر.

هەموو سەردەمێک شایەتی هەندێک جۆر لە نادادپەروەرییە، سەردەمی ئێمەش بەدەر نییە لەو سەردەمانە، بەڵام تووڕەیی لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ ڕق کە وەڵام نییە بۆ ئەم دادپەروەرییانە. ڕق هەستێکی بەهێزە. هەرگیز کەمێک ڕق لەکەس هەڵناگرین. هەستێکە داوای زۆر شت دەکات. داوای ئەوە دەکات کە خراپ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسە بکەین ڕقمان لێی دەبیتەوە. ڕق لێبوونەوە بە تووڕەیی دەستپێدەکات. ڕق بۆ مانەوەی خۆی هەموو وزەی تۆ دەبات. وەک نەخۆشێک جەستەت دەخوات و هزر و بیرت پڕدەکات. وات لێدەکات کە خەڵکی ڕقیان لێت بێت، هەروەها ڕووگرژ و ڕقاوی بیت. دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە لایەن یەزدانەوە بێسوود بیت.

ئەگەر ئەزموونی نادادپەروەریت کردووە لە ژیانتدا و ئازار دراویت، بەردەوام مەبە لەسەر ئەو ڕێڕەوە بە ڕقلێبوونەوە لە خەڵکی دیکە.

تەنیا ڕێگە بۆ وەڵامدانەوەی تووڕەیی بریتییە لە لێخۆشبوون. ئیش کردن لەسەر لێخۆشبوون پرۆسەیەکی باشە. بە بڕیارێک دەست پێدەکات کە نەک تەنیا گوێڕایەلی خودایین بەڵکو بۆ ئەوەیە کە چاکەیەک لەگەڵ خۆماندا بکەین و لێخۆشبین. هەرچەندە چاکبوونەوەی هەست و یادەوەرییەکانمان کاتی پێویستە. نیوەی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ گرنگی لێخۆشبوون و "چۆنیەتی" کارکردن لەسەری.

## **تووڕەییەکت دروستە یان هەڵە؟**

پێش ئەوەی بەباشی بتوانین دەست بگرین بەسەر تووڕەییەکەماندا، پێویستە بەپێی پێویست ڕاستگۆ بین لە پرسیارکردن لە خۆمان کە ئایا تووڕەییەکەمان دروستە یاخود هەڵە. ئەو شتانەی کە خەڵک دەیکەن و ئێمە پێی تووڕەدەبین دەکرێت ببێتە ئەنجامی شتێکی هەڵە لەناو خۆماندا لەجیاتی ئەو شتەی کە بە هەڵە ئەنجامی دەدەن. تەنیا لەبەرئەوەی ئێمە تووڕەین مانای ئەوە نییە کە تووڕییەکەمان دروستە. لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک کە زوو تووڕەدەبن لە ناخیاندا بریندار دەبن و هەرگیز ڕێگە بە چاک بوونەوەی نادەن. خەڵکی تووڕە بەردەوام لەو شتانە تووڕە دەبن کە ئێمە هەموو ڕۆژێک بێ تووڕە بوون کاریان لەگەڵدا دەکەین.

پێشتر دەیڤ هەندێک شتی ئەنجام دەدا کە منی زۆر تووڕە دەکرد بەڵام ئەو شتانە ئێستا هەرگیز بێزارم ناکەن. ئەو هێشتا هەندێک لەو شتانە ئەنجام دەدات بەڵام من گۆڕاوم. تووڕەییەکەم لە ئەنجامی کەمی باوەڕ بەخۆبوونم بوو.

ئەگەر کەسێک باوەڕی بەخۆی کەم بوو، وەڵامیان بۆ خەڵکی دیکە بە تووڕەییەوە دەبێت ئەگەر بێتو ڕازی نەبن بە هەموو ئەو شتانەی کە بیری لێدەکەنەوە یان هەستی پێدەکەن یاخود دەیڵێن. هەموو ناڕازی بوونێک وەکو ڕەتکردنەوەیەک دادەنێن، بەڕاستی کێشەکەش هەر خۆیانن نەک ئەو کەسەی کە لێی تووڕەبوون. ئەو کەسانەی باوەڕیان کەمە پێویستییەکی زۆریان بە گەڕانەوەیەکی ئەرێنی هەیە بۆ ئەوەی سەبارەت بە خۆیان هەستێکی باشیان هەبێت، کاتێک ئەو گەڕانەوەیان پێنەگەیشت زۆربەی کات تووڕەدەبن.

هەندێک کات تەنیا لەبەرئەوە تووڕە دەبین کە ئەوەی دەمانەوێت دەستمان ناکەوێت، بەو شێوەیەی کە دەمانەوێت دەستمان بکەوێت. ئەو چیرۆکەی کە من دەمەوێت لەگەڵتاندا باسی بکەم منی لە ناخەوە جووڵاند. چیرۆکی ناهێمنی و تووڕەییە کە زۆر لەسەر کەسێک کەوت، تەنیا لەبەر تووڕەیی.

**دیاری باوکێک (نووسەرەکەی نەناسراوە)**

کوڕێکی گەنج خۆی ئامادە دەکرد کە کۆلێژ تەواو بکات. چەند مانگێک بوو لە پێشانگایەکی ئۆتۆمبێلدا حەزی چووبوە ئوتۆمبێلێکی وەرزشی. دەیزانی کە باوکی بە ئاسانی دەتوانێت بیکڕێت، بە باوکی وتبوو کە ئەمە تەنیا شتێکی کە دەیەوێت بۆ دەرچوونی لە کۆلێژ پێی بدات. کاتێک کە ڕۆژە مەزنەکە گەیشت کوڕە گەنجەکە چاوەڕێی نیشانەیەکی دەکرد کە باوکی ئۆتۆمبێلەکەی کڕیبێت.

لە کۆتاییدا، سەرلەبەیانی ڕۆژی دەرچوونی، باوکی کوڕەکەی بانگ کرد بۆ ئەوەی بچێتە ژووری تایبەتی خوێندنەکەی. پێی گوت کە چەندە شانازییە بۆ ئەو کە کوڕێکی وا باش و گەنجی هەبێت، باوکی پێی گوت کە چەندە خۆشی دەوێت. دیارییەکی جوانی پێدا کە لە ناو کارتۆنێکی پێچراوەدا بوو.

دەیویست بزانێت چییە بەڵام تا ڕادەیەکیش بێهیوا ببوو، کوڕە گەنجەکە کارتۆنەکەی کردەوە، ئینجیلێکی چەرمی جوانی بینی لەگەڵ ناوی خۆی کە بە زێڕ لەسەری نووسرابوو. بە تووڕەییەوە دەنگی بەسەر باوکیدا بەرزکردەوە و گوتی: "بەو هەمووە پارە زۆرەتەوە تۆ ئینجیلم پێدەدەیت؟" ڕایکردە دەرەوە لە ماڵ و ئینجیلەکەی بەجێهێشت.

چەندین ساڵ تێپەڕی کوڕە گەنجەکە لە ئیش و کاردا زۆر سەرکەوتوو بوو. ماڵێکی جوان و خێزانێکی بەختەوەری هەبوو. بەڵام زانی کە باوکی پیربووە، هەربۆیە بیری کردەوە کە دەبێت ببینێت. لە ڕۆژی تەواوکردنی کۆلێژەوە چاوی بە باوکی نەکەوتبوو.

بەرلەوەی بتوانێت بینینەکە ڕێکبخات نامەیەکی پێگەیشت کە تێیدا نووسرابوو باوکی کۆچی دوایی کردووە و وەسیەتی کردووە کە هەموو سەروەت و سامانی بدرێت بە کوڕەکەی. وتبووی کە پێویستە بێت بۆ ماڵەوە و ئاگاداری شتەکان بێت. کاتێک گەیشتە ماڵی باوکی، دڵتەنگییەکی لەناکاو و پەشیمانی دڵی پڕکرد. دەستی کرد بە گەڕان لەناو کاغەزە گرنگەکانی باوکی، هەمان ئینجیلی بینی کە چەند ساڵێک بوو جێی هێشتبوو. بە گریانەوە ئینجیلەکەی کردەوە و دەستی کرد بە هەڵدانەوەی کاغەزەکانی. باوکی بە وریاییەوە هێڵی بەژێر ئایەتێکدا هێنابوو (مەتا ٧: ١١).

"جا لەگەڵ ئەوەی کە ئێوە خراپن و دەزانن دیاری باش بە منداڵەکانتان بدەن، باوکتان لە ئاسمان چەند زیاتر شتی باش دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن!"

کە ئەم وشانەی خوێندەوە، سویچی سەیارەکە لە پشتەوەی ئینجیلەکە کەوتە خوارەوە. پارچە کاغەزێکی پێوە بوو کە ناوی فرۆشیارەکەی لەسەر بوو. هەمان ئەو فرۆشیارە بوو کە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە وەرزشییە بوو کە ئەو حەزی لێی بوو. لەسەر کاغەزەکەی بەرواری دەرچوونی کۆلێژی لەسەر بوو لەگەڵ ڕستەی: "تەواو پارەکەی دراوە."

ئەم چیرۆکە بێتاقەتی کردم. نموونەیەکی بەهێزە کە زۆرێک لە ئێمە لە ژیاندا دەرسی لێوە وەربگرێت. بێجگە لە وەرگرتنی دیارییەکانی خودا بە سوپاسگوزارییەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو شتەش نەبێت کە داوامان کردووە ئەوا لە یەزدان تووڕە دەبین و پەیوەندیمان لەگەڵیدا دەپچڕێنین. تکایە ئەوە مەکە! بیرت بێت کە باوکت تۆی خۆشدەوێت زیاتر لەوەی کە بیری لێدەکەیتەوە. ئەو تەنیا چاکەی تۆی دەوێت ئەگەر تەنانەت بەشێوەیەکی جیاوزتر لەوەی کە تۆ هیوات بۆ دەخواست بۆتی دابین کردبێت.

ئەگەر کێشەیەکمان هەبوو و لە تووڕەییەکی نائاساییەوە سەرچاوەی گرتبوو، زۆر گرنگە کە ئێمە خاوەنی کێشەکەین. پێویستە بە کێشەی خۆمانی بزانین، واز لە هێرشکردنە سەر خەڵکانی دیکە بهێنن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کێشەکەوە نییە. بەهۆی ئەم چەشنە کێشانەوە زۆر لە پەیوەندییەکان پچڕاون. بۆ ماوەیەکی زۆر هەوڵمدا وا لە دەیڤ بکەم کە باجی ئەو ئازارەی باوکم پێی داوم بدات، بە متمانە پێنەبوونم و جڵەوگیرکردنی بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانێت ئازارم بدات. لەراستیدا کاردانەوەکی خراپم بەرانبەر هەموو پیاوان هەبوو چونکە پیاوێک ئازاری دابووم. هەستم دەکرد کە شتێک قەرزدارمە، هەر لەبەر ئەوە دەستم کرد بە دەرکردنی هەموو ئەوانەی کە لە ژیانمدان. سوپاس بۆ یەزدان لە کۆتاییدا تێگەیشتم کە خەریکی چیم، داوام لە خودا کرد قەرەبووی ئەو نادادپەروەرییەم بۆ بکاتەوە کە لە ژیانمدا بەسەرمهاتبوو، ئەویش داواکارییەکەی منی قبووڵ کرد.

ئەگەر تۆ تووڕەیت ڕێگەم پێبدە هەندێک پرسیارت لێبکەم. ئایا توڕەییەکەت هیچ باشەیەکی بۆ خۆت یان بۆ کەسێکی دیکە هەیە؟ ئایا کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکات؟ ئایا ئەو کەسەت بۆ دەگۆڕێت کە لێی تووڕەیت؟ ئایا تووڕەییەکەت ئارامی و شادیت بۆ دەستەبەر دەکات؟

باوەڕ دەکەیت کە تۆ کەسێکی دانایت؟ ئەگەر وایە کەواتە بۆچی بەردەوامی لە ئەنجامدانی شتێک کە تەواو بەفیڕۆدانی کاتە؟ بۆچی بڕیارێک نادەیت کە چاکەیەک لەگەڵ خۆتدا بکەیت و دەستی لێ بەربدەیت؟ هەموو کێشەکەت لە کاتی نوێژکردندا بە خودا بسپێرە. خەم و کێشەکەت بە خودا بسپێرە، دەرفەتی ئەوەی پێبدە کە ئەو گرنگی بە شتەکان بدات. ئەو نادادپەروەرییانەی کە لە ژیانتدا تووشت دەبێت بە خودای بسپێرە. یەزدان لە (ئیشایا ١٦)دا بەڵێنی بەخشینی دوو ئەوەندە دیاری پێمانداوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کێشەکانمان. من زۆر حەزم لەو قەرەبووکردنەوەیە، ئەی تۆ حەزت لێ نییە؟

لەوانەیە بیر بکەیتەوە و بڵێی: "جۆیس، ناتوانم دان بە خۆمدا بگرم کە تووڕە نەبم." ڕازیم بەڵام ئەوەی کە دەتوانیت بیکەی ئەوەیە کە لەژێر گوێڕایەڵی یەزداندا نوێژ بۆ ئەو کەسانە بکەیت کە لێیان تووڕەیت، ئەمە یارمەتیت دەدات. دووەم شت کە ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە بە چڕی وشەی یەزدان لە سەر بابەتی تووڕەبوون بخوێنیتەوە. وشەی یەزدان هێزی ڕاستەقینەی تێدایە کە توانای ئەوەت دەداتێ کاری دروست ئەنجام بدەیت و شیفا بۆ ڕۆحت دێنێت. یەزدان دەرمانی ڕۆحی بریندارە. متمانەت بە وشەی یەزدان هەبێت. بەهیوا و باوەڕەوە بەرەو لای بچۆ. ئەگەر سەرێشەت هەبوو حەبێکی ئازارشکێن دەخۆی، بەهیوای ئەوەی کە ئەو ئازارەت لابەرێت ئەو حەبە دەخۆیت. بەهەمان شێوە لە وشەی یەزدان نزیکببەوە و وەکو دەرمانێک بۆ برینەکانت بەکاریبهێنە.

گرنگترین شت ئەوەیە کە تۆ ژیانێک تووڕە بەسەر نەبەیت. ئەگەر تۆ سوور بیت لەسەر بڕیارەکەت، ئەو کێشانەی کە تووشت دەبن نامێنن. یەزدان ڕابەریت دەکات بۆ ڕێگەیەکی تایبەت کە زۆر باش دەبێت. هەمیشە هاوکێشەیەکی هاوسەنگمان بۆ کێشەکانمان دەوێت، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە دەبێت باوەڕ بە یەزدان بکەین و ڕێگە بدەین ئەو ڕابەریمان بکات. کتێبی پیرۆز پڕە لەو داناییەی کە دوورمان دەکاتەوە لە تووڕەیی. زوو خۆپاراستن و بەرهەڵستی کردنی تووڕەیی باشترین پلانە. ڕێگە مەدە تووڕەیی لەناو ڕۆحتدا ڕەگ دابکوتێ و ببێت بە کێشەیەک دواتر چارەسەرکردنی ئەستەم بێت.

ئەگەر کەسێکی تووڕەیت و دانت ناوە بە تووڕەییەکەت و ئامادەی بۆ هاوکاری، دەتوانی دڵخۆش بیت چونکە هەر بە تووڕەیی نامینیتەوە. تۆ لەسەر ڕێگای گەیشتنی بە ئارامی و قۆناغێکی تری خۆشیت. توانای خۆشویستنی خەڵکت دەبێت بە ڕێگەیەکی خوداییانە کە وزە دەهێنێتە ژیانتەوە.

"وەڵامی نەرم تووڕەیی دەڕەوێنێتەوە، بەڵام قسەی بریندارکەر ڕق دەوروژێنێت."

(پەندەکانی سلێمان **١٥: ١**)

"کاتێک تووڕە دەبن، گوناه مەکەن مەهێڵە ڕۆژئاوا بێت بەسەر تووڕەییتان، دەرفەت بۆ شەیتان مەڕەخسێنن."

(ئەفەسۆس **٤: ٢٦- ٢٧**)

"برایانی خۆشەویستم بزانن: با هەر مرۆڤێک لە گوێگرتن خێرا بێت، لە قسەکردن لەسەرخۆ بێت، لە تووڕەبوون خاو بێت. چونکە تووڕەیی مرۆڤ ڕاستودروستی خودا نایەنێتە کایەوە."

(یاقوب **١: ١٩- ٢٠**)

## بەشی هەشتەم

## یارمەتم بدە. لەگەڵ کەسێکی تووڕەدا پەیوەندیم هەیە

دەتوانین فێربین کە چۆن دەست بەسەر تووڕەیی خۆماندا بگرین بەڵام ناتوانین دەست بەسەر تووڕەیی خەڵکانی دیکەدا بگرین. پێویستە فێربین کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی تووڕەدا بکەین لە ژیانماندا بەجۆریک کە بمانپارێزێت و بەو هیوایەی کە یارمەتییان بدەین.

سەرەتا با باسی ئەو تووڕەییە بکەین کە سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی. پێموانییە کە یەزدان بۆ ئەوە بانگی کردین کە لە لایەن خەڵکی تووڕیوە ئازار بدرێین. دایکم ڕێگەی بە باوکمدا کە ئازاری بدات و بەو هۆیەشەوە لەکۆتاییدا نەیوانی من و براکەم بپارێزێت. باوکم بە زمان مایەی ئازار بوو بۆ دایکم، زمانی زۆر ترسناک بوو. جوێنە قێزەونەکانی دەنگێکی بەردەوام بوو لە ماڵەوە. زۆر کات بە لێدان دایکمی دەترساند، لێی دەدا و زۆر کات زلەی لێدەدا، تەنانەت بە شەق دەکەوتە سەری. بەردەوام خیانەتی لێکردوە ، بەڵام ئەو زۆر لێی بێ ئاگا بوو. دایکم وا هەستی دەکرد کە وابەستەی هاوسەرگیرییەکەیەتی، بەڵام لە زۆر لایەوە پێی وابوو کە بێڕێز بوو بەرانبەر خۆی بەوەی کە ڕێگەی بە باوکم دەدا بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات. وامدەزانی دەترسێت، بەڵام لە ناخی دڵمەوە خۆزگەم دەخواست کە لەبەر خۆی و من و براکەم یان بەرهەڵستی بکردبایە یان باوکمی جێهێشتبا.

ژنان لە سەردەمی دایکمدا زۆر بە کەمی لە هاوسەرەکانیان جیادەبوونەوە، بەرگەی هەموو جۆرە ڕەفتارێکیان گرتووە کە لەگەڵیان کراوە. لە سەردەمی ئێمەدا زۆر جیادەبنەوە. لە هەر هەوڵدانێک بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا شکست دەهێنن. هەردوو زیادەڕەوییەکە هەڵەیە.

ئامارەکان لەسەر ژنە ئازاردراوەکان سەرسامکەرە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە ئەمریکا، نزیکەی **٥.٣** ملیۆن ژنی تەمەن هەژدە ساڵ و بەرەوسەر، بەشێوەی زارەکی و جەستەیی یان دەستدرێژی سێکسی، هەموو ساڵێک هێرشیان دەکرێتە سەر. هەموو ڕۆژێک لەم وڵاتەدا بەهۆی توندوتیژی خیزانییەوە چوار ژن گیان لەدەست دەدات. هەروەک گوتم پێم وانییە پێویست بکات هەرکەسێک ڕێگە بە کەسێکی دیکە بدات کە ئازاری بدات. یەزدان نایەوێت ئێمە لە ترسدا بژین. ئەو خەڵکانەی شەڕانین زۆربەی کات دەبن بە مایەی

ترس، هەموو شتێک بە فەنەکانی ترس جڵەوگیر دەکەن. ئەوانەی کە خۆیان دەبەستنەوە بە ژیانەوە ترسنۆکن، وا باشترە بۆیان بەرهەڵستی بکرێن.

بیرم دێت کاتێک کە منداڵ بووم ترس تەواو دەستی بەسەر ماڵەوەماندا گرتبوو. بیرم دێت کاتێک لەگەڵ دایکم لەبەر دەرگا وەستا بووین لەگەڵ ئەوەی کە زۆرمان سەرما بوو چاوەڕێمان دەکرد کە باوکم لە سەرخۆشیدا ببوورێتەوە بۆ ئەوەی لێدان نەخۆین بە دەستیەوە. هەموو هاوار و دەنگ بەرزکردنەوە و نەفرەتکردن و تۆقاندن و زۆر لێکردن و فشار خستنە سەر و لێدان و سزادانێکم بیر دێت. ئەو ترسەی لەگەڵیدا دەژیام لەناخمدا ڕەگی داکوتیبوو و چەندین سال کارکردنی ویست لەگەڵ یەزدان تاکو ڕزگارم بوو لە دەستی.

ئەگەر ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە و زانیت لە بارودۆخێکی توندوتیژدایت، تکات لێدەکەم لەبەر خاتری خۆت و منداڵەکانت، ئەگەر منداڵت هەیە، تکات لێدەکەم داوای یارمەتی بکە. ئەگەر نازانیت چی بکەیت، بڕۆ و ڕاوێژکارێک پەیدا بکە، ڕاستەوخۆ بەمەبەستی فریاکەوتن تەلەفۆن بکە یان بڕۆ بۆ پەناگەیەک. چاوەڕی بکە بۆ جارێکی دیکە کەسە تووڕەکە، تووڕەییەکەیان لەسەرتان نەمێنێت. ئەو کەسانەی خەڵکی ئازار دەدەن پێویستیان بە یارمەتییە. خەڵکانێک نەخۆشن کە نازانن چۆن خۆیان ڕابێنن لەگەڵ تووڕەیی و بێهیوایی. زۆربەی کات خۆیان ئازار دەدەن و لە برینەکانی خۆیانەوە کاردانەوەیان دەبێت. بەدڵنیاییەوە پێویستیان بە نوێژە، بەڵام کاتێک نوێژ دەکەین دەبێت بزانین کە پێویستە ئامادەبین بۆ هەر کارێک کە یەزدان ڕێنماییمان دەکات.

ئەو کاتە گەیشت کە پێویست بوو ڕووبەڕوی باوکم ببمەوە سەبارەت بەو چەند ساڵەی کە ئازاری دابووم. نزیکەی چل و پێنج ساڵ بووم، ئازارم هەر دەچێژت بەهۆی ئەوەی کە بەسەری هێنابووم. یەزدان نیشانیدام کە بەرهەڵستی کردنی تاکە ڕێگایەکە بۆ شکاندنی ئەو ترسەی ژیانم. زۆر زۆر زەحمەت بوو بۆ من بەرهەڵستی بکەم چونکە دەمزانی دووبارە ئەزموونی تووڕەییەکی دەکەمەوە. بینیمەوە بەڵام ئەوەم بەئەنجام گەیاند کە یەزدان ڕێنوێنی کردم بیکەم و ئەوەش ئازادی کردم. هەمیشە دەبێت ئەو لایەنە ئەنجام بدەین کە یەزدان ڕینوێنیمان دەکات. گرنگ نییە لایەنەکانی دیکە کاردانەوەیان چۆن دەبێت.

زۆرێک لە ئێوە کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسە تووڕانەدا هەڵسوکەوت ناکەن کە بۆم باسکردن بەڵام لە ژیانتدا تووشی خەڵکی تووڕە دەبیت، هەندێک لە ئێوە لەگەڵ خەڵکی تووڕەدا لە پەیوەندیدان.

لەبەرئەوەی پیاوێکی تووڕە بۆ چەندین ساڵی ژیانی منی داگیرکردبوو، تووڕە بووم و توورەییەکەشم لە ڕەفتار و قسەکانمدا دەردەبڕی. تووڕەییەکەم زۆربەی کات لەوەوە سەری هەڵدەدا کە هەموو شتێک بەو جۆرە نەبوو کە من پێشتر لە کتێبەکدا ئاماژەم پێکرد. باشترین شت کە دەیڤ بۆ منی ئەنجامدا ئەوە بوو کە ڕێگەی نەدا تووڕەییەکەم دڵتەنگی بکات. باوەڕم وایە باشتری شت ئەنجامی بدەی بۆ کەسێکی تووڕە ئەوەیە کە بە نموونە نیشانیان بدەیت کە ڕێگەیەکی باشتر هەیە بۆ ژیان و هەڵسوکەوتکردن.

**ببە بە نموونە**

لەبەرئەوەی هەرگیز پێشتر لە بارودۆخێکی ئارام و جێگیردا نەژیابووم، نەمدەزانی چۆنە. دەیڤ نموونەی خۆڕاگری بوو بۆ من، ئەمەش زۆر گرنگ بوو. ئەگەر تەنانەت پێی وتبام کە چیتر تووڕە نەبم یان تووڕەییەکەم بە تووڕەیی وەڵام بدابایەوە، پێم وانییە هەرگیز بگۆڕابام. هەروەکو دەڵێ "دوو هەڵە هەرگیز چاکەیەک ناکەن." بەگوێرەی وشەی خودا هەرگیز نابێت بەرهەڵستی تووڕەیی بکەین یان خراپە بە خراپە یان جوێن بە جوێن.

"خراپە بە خراپە مەدەنەوە، نە جنێویش بە جنێو، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای بەرەکەت بکەن، چونکە بۆ ئەمە بانگکراون، تاکو ببنە میراتگری بەرەکەت." (یەکەم پەترۆس **٣: ٩**)

من زۆر باش ئاگادارم کە ئەنجامدانی ئەمە زۆر سەخترە لە خوێندنەوەی، بەڵام هەر شتێک کە یەزدان داوامان لێدەکات، توانای ئەنجامدانیمان پێدەدات ئەگەر بمانەوێت گوێڕایەڵی بکەین. یەزدان بۆ هەموو کێشەیەک چارەسەری هەیە. ڕێگاکانی هەمیشە سەرکەوتوون ئەگەر لەگەڵیاندا هاواهەنگ بین.

لە ناخی دڵمەوە لەو باوەڕەدام نموونەی دەیڤ بۆ من هۆکاری ئەوە بوو کە ویستم بگۆڕدرێم. خۆڕاگر بوو لەگەڵم بەڵام هەرگیز ڕێگەی نەدا خۆشی لێ تێک بدەم. وای لێکردم بزانم کە ئەگەر بمەوێت دڵخۆش نەبم ئەوە دەکەوێتە سەر خۆم بەڵام من دڵ خۆشبم یان نە، ئەو هەر دڵخۆش دەبێت. بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕاگرت، لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت کە لە ژیانمدا شت زۆر لەدەست دەدەم و پێویستە بگۆڕدرێم. هیچ کەسێک ناتوانێت تا خۆی نەیەوێت، هەر لەبەرئەوە ئەگەر دەتەوێت لە ژیانتدا خەڵکی بگۆڕی ئەوا بزانە ئەو کارەت بێهیوات دەکات. تەنیا یەزدان زۆر بە باشی گۆڕینی خەڵکی هەیە. هەر کاتێک ویستمان بمانگۆڕێت ئەوا

دەمانگۆڕێت. لەبەر ئەوە نوێژ بۆ خەڵکی تووڕە بکە کە ڕێگە بە یەزدان بدەن لەسەر ژیانیان ئیش بکات و ببە بە نموونەیەک بۆیان!

ئایا تۆ ڕێگە بە کەسێکی دڵتەنگ دەدەیت دڵتەنگت بکات؟

کاتێک لە کۆنفراسەکانمدا دەڵێم کە پێویستە ڕێگە نەدەین ڕەفتاری یەکێکی دیکە بڕیار لەسەر ئاستی خۆشی ئێمە بدات، هەمیشە وەڵامی سەیرم بەدەست دەگات. دەتوانم لە سەیرکردنی ڕووخساری بەشداربووانەوە ببینم کە ئەمەیان ئەنجامداوە و بەبێ ئەوەی بزانن کە بژاردەی دووەمیان لە بەردەستدایە. لەڕاستیدا زۆر بە ئاسانی لەلایەن هەستی نەرێنی کەسانی دیکەوە جڵەوگیر دەکرێین تا ئەوە کاتەی بۆمان دەردەکەوێت کە مافی ئەوەمان هەیە بۆچوونی خۆمان دەرببڕین.

❊❊❊

(ماریا) دەرفەتێکی لەبەردەستدا بوو بۆ ئەوەی بە شەمەندەفەری (ئۆریەنتد ئیکسپرێس) گەشتێکی خەیاڵی بکات لە شاری ڤێنسەوە بۆ یاریس. بڕیاریدا خوشکەکەی (جین) بانگهێشت بکات بۆ گەشتەکە وەکو دیارییەک بۆ یادی پانزدەیەم سالی لەدایکبوونی، پارەی هەموو خەرجییەکانی دا. جین دیارییەکەی قبووڵ کرد، بەیەکەوە بۆ ماوەیەک گەشتیان کرد. دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ڤینس، جین بۆی دەرکەوت کە بیری هاوسەرەکەی و منداڵەکانی دەکات، هەتا دەهات بێتاقەت دەبوو. هەر لەو کاتەوەی کە ئەو و ماریا شوێنیان گرتبوو لە شەمەندەفەر بۆ پاریس، جین هەستی بە تووڕەیی دەکرد. تەنیا دەیویست بگەڕێتەوە ماڵەوە!

تەنانەت لەکاتی پشوودانیشدا هەستی بە بێتاقەتی دەکرد کاتێک دەیبینی لە وڵاتێکە نازانێت بە زمانەکەیان قسە بکات و لانی کەم ناتوانێت داوای کوپێک قاوە بکات بەبێ ئەوەی زۆر لە خۆی بکات بۆ تێگەیشتن لێی.

دوای ماوەیەکی کەم، جین تووڕەبوو لە خوشکەکەی. هەستی کرد کە ماریان خۆی نیشاندەدات چونکە دەیتوانی گەشتێکی خۆش بە خوشکە هەژارەکەی بکات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ڕقی لە ماریا هەڵدەگرت، ڕەفتاری تەواو خراپ بوو.

ماریا هەر زوو بۆی دەرکەوت کە جین لێی تووڕەیە. پێدەچوو ئیرەیی بە ماریا بەرێت کە گەشتی زۆری کردبوو و بە سانایی سەیری بارودۆخە نوێیەکانی دەکرد. هۆکارەکە هەر چییەک بێت، ماریا گەیشت بەوەی کە دوو

ئەگەری لەبەردەستدایە: دەکرێت جین تووڕەبێت یان هەردووکیان تووڕە بن! ماریا بڕیاریدا لەگەڵ خوشکەکەیدا باش بێت، گرنگ نییە هەرچییەک دەبێت. زۆرجار بێدەنگ دەبوو لە گەشتەکەدا، بڕیاریدا لە ماوەی گەشتی ژیانیدا چێژ لەو یەکەشیان وەربگرێت تەنانەت ئەهەر جینش نەیەوێت چێژ وەربگرێت.

جین چەند بێتاقەت بوو کاتێک خوشکەکەی وەڵامی تووڕەییەکەی نەدایەوە! ماریا بیری لە گەشتەکە دەکردەوە. سوپاسگوزار بوو کە سەرەڕای تووڕەیی خوشکەکەی توانی چێژ لە هەر لایەنێکی وەربگرێت. لەگەل ئەوەی حەزی دەکرد جین کاتێکی باشتری هەبووایە لە گەشتگەکەدا. بۆ ئەوەی لایەنی کەم بیزانیبا یەکێک چێژی لە گەشتەکە وەرگرتووە!

❊❊❊

ئێمە لە خەمدا دەژین ئەگەر ڕێگە بە خەڵکی دیکە بدەین بڕیار لەسەر ئاستی خۆشیمان بدەن. هەندێک کەس پێشوەخت بڕیاریانداوە کە دڵخۆش نەبن، هیچ شتێک نییە ئەنجامی بدەین تاوەکو بڕیارەکەمان بگۆڕین. ماوەیەک لەمەوپێش ئەم وتەیەم بیست: "دایک هەرگیز لە بەدبەخترین منداڵی خۆشحاڵتر نابێت." لەڕاستیدا ئەمە زۆربەی کات ڕاستە، بەڵام پێویستی نەدەکرد بەم شێوەیە بێت. پێویستە بزانین کە یارمەتی خەڵکی نادەین بەوەی کە ئێمەش وەکو ئەوان دڵتەنگ بین، دەکرێت چاکەیەک لەگەڵ خۆماندا بکەین، بەردەوام بین لە چێژوەرگرتنمان بەوەی کە گرنگ نییە ئەوانی دیکە خەریکی چین، خۆشی یەزدان هێزمانە. هەر لەبەرئەوە پاراستی یارمەتیمان دەدات بەو بارودۆخەدا تێپەڕین کە دەبێت لە ژیاندا بەرگەی بگرین. خەمباری لاوازمان دەکات، بەڵام خۆشی بەهێزمان دەکات.

ئایا بەڕاستی دەتوانین خۆشبەخت بین کاتێک ئەو کەسانەی لە دەوروبەرمانن خەمبار و تووڕەن؟ بەڵێ دەتوانین ئەگەر بڕیارماندا دڵخۆش بین. دووبارە دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە باوەڕم وایە ئەمە باشترین شتە بۆ کەسێکی تووڕە ئەنجامی بدەین. تەنیا ئارام و لەسەرخۆبە لەکاتی ئامادەبوونیان. دڵنیایان بکەوە کە خۆشت دەوێن و دەتەوێت دڵخۆش بن بەڵام نابێت ڕێگە بدەیت بڕیارەکانیان جۆری ژیانت داگیربکات. وابەستەی هەڵسوکەوتی کەسێکی دیکە مەبە.

دەزانم ئەوە چۆن دەبێت چونکە نەک تەنیا تووڕەییەکەی باوکم دەستی بەسەر هەمووماندا گرتبوو لە ماڵەوە، بەڵکو حاڵەتی دیکەی لەم شێوەیەم بینی لە ژیانمدا. جارێکیان بەڕێوەبەرێکم هەبوو کە زۆربەی کات تووڕە دەبوو. زۆر بە زەحمەت دڵخۆش دەبوو. کاتێک دڵخۆش بوو منیش دڵخۆش دەبووم، کاتێکیش بیتاقەت بوو منیش بیتاقەت دەبووم. ئەم خووەم لە منداڵییەوە ڕیشەی گرتبوو. من ئۆتۆماتیکی وەڵامم بۆ خەڵکی تووڕە ئەوە بوو کە دەترسم. سوپاس بۆ یەزدان ڕزگاری کردم و هەمان شت بۆ تۆ ئەنجام دەدات ئەگەر لەم بوارەدات پێویستییەکت هەبێت.

هەروەها جارێکیان هاوڕێ و دراوسێیەکم هەبوو کە زۆر بە ئاسانی تووڕە دەبوو، بەتایبەتی ئەگەر هەموو شتێکم بەپێی ئارەزووی ئەنجام نەدابا. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەم و باوکم ئەنجامم دا وەڵامم دایەوە. شەیتان بەردەوام دڵنیامان دەکاتەوە کە لە ژیانمادا پێویستمان بە کەسی تووڕە هەیە. ئەگەر ڕێگەیان بدەین دەست بەسەرماندا بگرن، ئەوا دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بە مەبەستی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی خەڵکی تووڕە.

ئەگەر ڕووبەڕووی کەسێکی بێتاقەت بووینەوە ئەوا سروشت وایە دەبێت هەوڵ بدەین یارمەتی بدەین. بەڵام ئەگەر نەیویست یارمەتی بدرێت، هیچ هۆکارێکی ژیرانە نییە بۆ ئێمە کە کات و وزەمان بەفیڕۆ بدەین. تێوەگلان لە هەڵسوکەوتێکی نەشیاو هەرگیز ژیرانە نییە. ئەوەی لە تواناتدایە ئەنجامی بدە بەڵام ژیانت لە هەوڵدان بۆ چاک کردنی کەسێک کە نایەوێت بگۆڕدرێت بەفیڕۆ مەدە.

لەوانەیە کاتێک بێت کە باشترین شت بریتی بێت لە جودا بوونەوە لە کەسی تووڕە. بێگومان ئەوە هەمیشە گونجاو نابێت ئەگەر لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکەت بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێویست ناکات هاوڕێیەتی خەڵکی تووڕە بکەین.

لەڕاستیدا کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە خۆمان لە خەڵکی تووڕە بەدوور بگرین:

مەبە برادەری کەسی تووڕە، هاوڕێیەتی کەسی هەڵچوو مەکە. (پەندەکانی سلێمان **٢٢: ٢٤**).

**خۆت سەرزەنشت مەکە**

هەرچییەک دەکەیت، ڕازی مەبە بەو تاوان و سەرزەنشتەی کە کەسیکی تووڕە دەیخاتە ئەستۆت. خەڵکی بێسوود دەتوانێت بڵێت هەمیشە کێشەیەکی زۆر گەورەیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەموو هەڵەکانیان یان هەڵسوکەوتە خراپەکانیان دەخەنە ئەستۆی کەسێک یان شتێک. سەرزەنشت کردنی ئەوانی دیکە لە گۆڕینی بەرپرسیاریەتی ئازادت دەکات. ڕازی مەبە سەرزەنشت بکرێیت!

پێویستە هەموومان ئەوانی دیکە لەو بەرپرسیاریەتی هەڵسوکەوتەکانمان بەئەستۆ بگرین تەنانەت ئەگەر هەڵەشت کرد، ئەمەش مافی ئەوە نادات بە کەسێکی دیکە خراپ هەڵسوکەوت بکات. ئەگەر شتێکی هەڵەت ئەنجامداوە کەواتە داوای لێبووردن بکە. بەڵام ڕۆژەکانت لە تلانەوە لە تاواندا بەفیرۆمەدە.

شەیتان لە هەر لایەکەوە بێت کاردەکات بۆ ئەوەی وامان لێبکات هەست بە تاوان و سەرزەنشت کردن بکەین. ئەو دەزانێت ئەمە لاوازمان دەکات بۆ ئەوەی وامان لێبکات هەست بە تاوان و سەرزەنشت کردن بکەی. ئەو دەزانێت ئەمە لاوازمان دەکات و دەمانڕوخێنێت. عیسا بۆ ئەوە هاتووە کە تاوانەکانمان بسڕێتەوە و لێمان خۆشبیت. هاتووە تا هێزمان پێبدات و بەرزمان بکاتەوە. ئایا ڕێگە دەدەیت شەیتان وزە و خۆشیت ببات بەهۆی تاوانەوە؟ ئەگەر ڕێگەی پێدەدەیت کەواتە با ئەمرۆ ئەو ڕۆژە بێت کە چیتر سەرزەنشتی خۆت ناکەیت بەهۆی کێشەی خەڵکانی ترەوە. تەنانەت ئەگەر بەرانبەر کەسێک هەڵەیەکیشت کرد ئەوا یەزدان دەتوانێت شیفات بدات بە هەموو ئەوانەی کە تووشی هەڵە بوون ئەگەر ڕێگەی پێبدەین. هەنگاوی یەکەم بەرەو ئەو شیفایە بریتییە لە لێخۆشبوون و وازهێنان لە ڕابردوو

**نوێژ .... نوێژ .... نوێژ**

تەنیا لە خەڵکی تووڕە بەدوور مەبە. نوێژ بکە و بەردەوام بە لە نوێژکردن بۆ ئەوەی ڕاستییان بۆ دەربکەوێت و لە ڕووناکیدا ڕێبکەن. بە دڵنیاییەوە ژێردەستەن و ئازار دەچێژن یان لە ڕابردوودا شتێکی هەڵەیان کردووە بووەتە هۆکاری تووڕەییمان. وا بکە بزانن کە حەزدەکەیت یارمەتیان بدەیت نەوەکو ببیت بە تابلۆی شەق لێدان.

سەرم لە هێزی نوێژ سوورماوە، تا زیاتر بژیم، زیاتر پابەند دەبم بە نوێژ وەکو یەکەم هێڵی بەرگری لە هەموو حاڵەتێکدا. ئەو قسە بێماناایانەم لەبیرە کە دەمکردن، لەوانە "هەموو ئەوەی دەمزانی ئەنجامم دا، هیچ شتێک نییە بیکەم بیجگە لە نوێژکردن." نوێژکردن دەبوا یەکەم شت بوایە کە ئەنجامم بدابا.

سۆزانت لەبیرە؟ بە کاتێکی زۆر دژواری ئازار و پشتگوێ خستندا تێپەڕی لەلایەن خێزان و هاوڕێکانییەوە. بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو، ئەوە فێربووم کە پشت بە یەکێک (خودا) ببەستێ کە هەرگیز جێمان ناهێڵێت و تەنیامان ناکات. ئێستا ئەو پێمان دەڵێت کە ئەوە جیاوازترە لەو کاتەی کە کێشەکانی دەستی پێکرد. ئەوە فێربوو کە نوێژ بۆ ئەو کەسانە بکات کە ئازاری دەدەن. سەرەتا نوێژەکانی کەمتر وەڵامیان دەدرایەوە. لەدەست هاوسەرە کۆنەکەی و خوشک و منداڵەکانی تووڕە بوو. هەرکە نوێژی کرد بۆ باشبوونی خۆی. نوێژی بۆ ئەوانیش کرد. هەروەکو زۆر جار ڕوودەدات کە خۆی خستە جێگەی ئەوان بۆی دەرکەوت کە بۆ ماوەیەکی بەردەوام بووەتە هۆکاری ئازارێکی زۆر. هێز و سامانی بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەو کەسانەی دەوروبەری بەکارهێنابوو. ئێستا بە پشتبەستن بە نوێژەوە کار لەسەر ئەوە دەکات کە خەڵکی دیکە "خۆیان بن" نەوەک هەمیشە لەگەڵ بیروبۆچونی ئەودا بن. ژیانێکی سادەتر دەژییێت. لەکاتێکدا چەندین بەربەستی لەبەردەم دایە. سۆزان گوتی کە بە ڕێگەیەکی نوێ و قووڵتر پشت بە یەزدان دەبەستێت. باوەڕ بکەی یان نە، سۆزان ناگەڕێتەوە، ژیانی ڕابردووی، تەنانەت ئەگەر بشتوانێت. یەزدان ڕێگەیدا بەناو ئاگردا بچێت، لەکاتێکدا کە ئەزموونی ناخۆشی زیاتری دەکرد زیاتر دەبووە کەسێکی میهرەبان. تا ئێستا ئازار دەچێژیت؟ بەڵێ، بەڵام یەکەم کەس دەبێت کە پێت بڵێت ئێستا پشت بە یەزدان دەبەستێت لەبری هێز و پارە، تووڕەییەکەی توایەوە و نەما.

لە ڕێگەی هێزی نوێژکردنەوە، گۆڕانکاری زۆر گەورەم لە خەڵکدا بەدی کردووە. ناتوانین لە ڕێگەی نوێژەکانمانەوە کار لەسەر خەڵک بکەین بەڵکو لەڕێگەی نوێژەوە دەرگایەکی کراوە بە یەزدان دەبەخشین کە بە قووڵی ئیش لەسەر ژیانیان بکات. یەزدانیش لەلایەن خۆیەوە فشاری خۆشەویستییان لەسەر جێبەجێ دەکات. لەوە تێناگەم کە هەندێک جار نوێژ دەکەین دەستبەجێ وەڵاممان دەست دەکەوێت، هەندێک کاتی دیکەش بۆ چەندین ساڵ بەردەوام نوێژ دەکەین، بەڵام هیچ وەڵامێکمان دەست ناکەوێت. بەڵام بەردەوام خۆم تەرخانکردووە بۆ نوێژکردن و سوپاسکردنی یەزدان کە ئیش لەسەر ئەو کەسانە دەکات کە نوێژیان بۆ دەکەم. تەنانەت ئەگەر ئەنجامەکەشی نەبینم. باوەڕم وایە کە نوێژ بۆ یەزدان دەکەین ئەنجامی باشی دەبێت.

"داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە." (مەتا **٧: ٧**)

"بۆیە بۆ یەکتری دان بە گوناهەکانتان بنێن، نوێژ بۆ یەکتری بکەن تاکو چاکبنەوە. نوێژی مرۆڤی ڕاستودروست زۆر بەهێز و کاریگەرە." (یاقوب **٥: ١٦**)

یەزدان دەتوانێت بە هەموو کەسێک بگات، هەرگیز درەنگ نییە بۆ کەسێک کە بیەوێت بگۆڕدرێت. ئەگەر کەسێکی ئازاردراو نەیزانی چۆن خۆی بگۆڕێت یان نەیویست بۆ یارمەتی داوا لە خودا بکات. کەواتە پێویستیان بە کەسێ دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە تکا کاری ئەوان. پێویستیان بە کەسێکە بۆ ئەوەی لە بۆشایی ئەوان و یەزدان و نوێژدا بوەستێت. عیسا ئەم خزمەتەی بۆ ئێمە تەواو کرد، ئێمەش دەتوانین هەمان شت بۆ خەڵکی دیکە ئەنجام بدەین، هەرگیز لە نوێژکردن مەوەستە!

# بەشی نۆیەم

## بۆچی لێخۆشبوون؟

نەدەکرا شتەکان لەوە ئاساییتر بێت بۆ خێزانی (بروکس داگڵس)ی شازدە ساڵ لە کاتی خوانی ئێوارەی **۱۹۷۹/۱۰/۱۵**دا. لە کاتێکدا دایک خوانی ئێوارەی ئامادە دەکرد، باوکی کە قەشەی کەنیسە بوو خەریکی خۆئامادەکردن وتای یەکشەممەی داهاتوو بوو کە دەبوو لە پۆنتام پێشکەشی کردبا لە کەنیسەیەکەی ویلایەتی ئۆکلاهۆما. خوشکە بچووکەکەی بروکس، لیسڵی مێزەکەی ڕێکدەخست. کچێکی جوانی تەمەن دوازدە ساڵ بوو کە بەڕێوەبەری (میس تین ئۆکلاهۆما) بوو. ژیان زۆر خۆش بوو بۆ ئەو خێزانە گەنجە.

کاتێک سەگەکەیان دەستی کرد بە وەڕین، لیسڵی چووە دەرەوە و چاوی کەوت بە پیاوێک کە ناوی خێزانێکی پرسی هەرگیز نەیانبیستبوو. کاتێک پیاوەکە داوای بەکارهێنانی تەلەفۆنی کرد، بروکس بەخێرهاتنی کرد بۆ ژوورەوە.

لە چەند خولەکێکدا پیاوی دووەم لە دەرگاکەوە بە خۆی و تفەنگێکی دوو لولەوە خۆی کردە ژوورەوە. دوو پیاوەکە بەزۆر دەست و پێی خێزانەکەیان بەستەوە، بێجگە لە لیسڵی. پاشان ئەوانیان بردە ژووری میوان. لیسلییان بردە ژوورەکەی تەنیشت و بۆ ماوەی زیاتر لە سێ کاتژمێر بەردەوام بوون لە لاقەکردنی. ئەندامانی خێزانەکەی بێجگە لە گوێگرتن لە هاوار و گریانی بەئازاری لیسڵی هیچی دیکەیان پێنەدەکرا.

کاتێک دوو پیاوەکە لە کارەکەیان تەواو بوون، چوونە چێشتخانە و خوانی ئێوارەشیان خوارد کە هەر لەسەر سۆپاکە بوو. بۆ زیاتر لە دوو کاتژمێری تر قوربانییەکانیان ترساند و قسەیان لەگەڵ کردن کە جاری داهاتوو چییان لێدەکەن. پاشان تەقەیان لە هەر یەکێکیان کرد. قەشەی چل و سێ ساڵ و هاوسەرەکی کە سی و نۆ ساڵ بوو مردن. پیاو کوژەکان موستیلەی ئاهەنگی مارەبرینی ژن ومێردەکە و چل و سێ دۆلاریان برد و ڕۆیشتن.

منداڵەکان بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە بۆ ماوەی سی هەفتە لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری پۆلیس بوون. بەڵام چاکبوونەوەی برینی دەروونی زۆر زیاتری ویست. بۆ بروکس ساڵەکانی دوای ئەم ڕووداوە زۆر ئاڵوز

بوو. لە زانکۆی ئۆکلاهۆما ناوی هاتەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم وازی لێهێنا. لەم شار بۆ ئەو شار دەچوو و ئیشی سەیری دەکرد هەتا دەهات گیرۆدەی خواردنەوە کحولیەکان و نقومی خەم و خەفەت دەبوو.

دواتر بۆ خوێندنی خزمەتی کەنیسە چووە زانکۆی بەیلەر. لەبەرئەوەی سەری زۆری لە خواردنەوە سەرخۆشکەوەکان گەرم کردبوو، هەڵسوکەوتی خراپ بوو. نمرەکانیشی نزم بوون. لە کۆتاییدا کۆلێژی تەواو کرد و چووە نووسینگەی خانووبەرەوە. خێزانی پێکهینا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە ساڵەکانی دواتردا داگڵس هێدی هێدی ژیانی بنیاتنایەوە، بەو هیوایەی کە بکوژی دایک و باوکی بهێنێتە دادگا. لە کۆتاییدا بڕوانامەی کۆلێژی یاسای بەدەستهێنا و خۆی هەڵبژارد بۆ ئەندام پەرلەمانیی ئۆکلاهۆما، کە بەدەستی هێنا.

لە مانگی شوباتی **١٩٩٥**دا کاتێک چوو سەردانی زیندانی ئۆکلاهۆمای کرد، داگڵس لەگەڵ (گلێن ئەیک) ڕووبەڕو بووەوە کە یەکێک بوو لە دوو بکوژەکەی دایک و باوکی. داوای لە پاسەوانی زیندانەکە کرد بۆ ئەوەی بهێڵێت قسەی لەگەڵ بکات، کە حوکمی مردنی بەسەردا سەپێنرابوو. داگڵس یەک پرسیاری لێکرد: "بۆچی وات کرد؟" زیاتر لە کاتژمێرێک قسەیان کرد. ئەیک زۆر پەشیمان بوو، بەدرێژایی گفتوگۆکەیان دەگریا. کاتێک داگڵس هەستا و جێی بهێڵێت بە ئەیکی وت "لێت خۆشدەبم." کاتێک ئەمەی وت، "لەناکاو وام هەست کرد کە ژەهر لەژێر پێمەوە هەڵدەقوڵێت. یەکێک بوو لە خۆشترین خۆشیەکانی جەستەم تاکو ئێستا هەستم پێکردبێت، وەکو ئەوە وابوو کە کەسێک لەسەر سنگم لادەچێت. وا هەستم دەکرد کە دەتوانم لە پەنجا ساڵی تەمەنمدا دووبارە هەناسە بدەمەوە."

داگڵس بەردەوام بوو لە نوسین و بەرهەم هێنانی فیلمێک بە ناوی "بارانی بەهەشت" کە تێیدا باسی چیرۆکی تراژیدیای خێزانەکەی دەکات و گەشتەکەی لە تووڕەیی و وێرانکردنەوە بۆ بەخشین. داگڵس دەیوت ئەو باوەڕەی کە زۆر بە وریاییەوە لەلایەن باوک و دایکییەوە پەرەی پێدرابوو ڕێنوێنی کرد بۆ گەیشتن بە هەستی ئارامی.

بروکس داگڵس بە باشی بەردەوام دەبێت لە سەیرکردنی ژیانی کە چۆن سەرەوژێر بووە لە تووڕەیی و ئازار و ڕەنجکێشان کە نەدەبووە هەڵسوکەوتی لێخۆشبوون. هیوادارم کە ئەگەر لە مەترسی ڕەنجکێشان و ناخۆشی و

لێخۆشنەبوون تێگەیشتین ئەوا هانبدرێین بۆ ئەوەی هەتا دەتوانین خۆمانی لێ لابدەین، ئەمەش وامان لێدەکات لە لێخۆشبووندا خێرا بین. پێویستە بەرهەڵستی ئەو هەستە وێرانکارییە بکەین و پشگوێیان بخەین.

هەستەکانی تووڕەی زۆر بەهێزن و دەیانەوێت دەست بەسەر کارەکانماندا بگرن هەربۆیە تا زیاتر لە هۆکاری بەخشین تێبگەین ئەوا زیاتر دەبەخشین. بە تێپەربوونی کات چەندین هۆکاری باش فێربووم کە بۆچی نابێت بە تووڕەیی بمێنمەوە و خێرابین لە لێخۆشبوون، ئەو شتانەتان بۆ باس دەکەم.

## گوێڕایەڵیکردنی یەزدان

یەکەمین شت کە بۆ لێخۆشبوون هانمدەدا ئەوەیە کە یەزدان پێمان دەڵێت لێخۆشبین. پێم وانییە هەمیشە پێویست بکات لەوە تێبگەین کە بۆچی خودا دەیەوێت شتێک ئەنجام بدەین، بەڵام دەبێت متمانەی پێویستمان پێی هەبێت بۆ ئەنجامدانی. کاتێک بەپێی ویستی ئەو دەژین، ژیانمان هەمیشە باشتر دەبێت لەوەی کە بە ئارەزووی خۆمان بژین. من دڵنیام کە ئەو کراسانەت بینیوە کە لەسەریان نووسراوە "تەنیا ئەنجامی بدە"، هەر بەو جۆرە پێویستە وەڵامی ویستی یەزدان بدەینەوە.

بۆ ئێمە گوێڕایەلی کردنی یەزدان باشترین شتە کە دوای بکەوین جونکە هەمیشە خۆشی و شادی و وزە دێنێت بۆ ژیانمان. ئەگەر گوێڕایەڵی خودا نەبین ئەوا ویژدانێکی تاوانبارمان دەبێت کە هەمیشە لاوازمان دەکات. خۆشی و شادیش نابینین. لەوانەیە ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخەین کە گوێڕایەڵی یەزدان نەبووین و بیانووی بۆ بهێنینەوە بەڵام کاریگەرییەکانی هەر بێزارمان دەکات. هیچ شتێک لە ویژدانێکی ئاسوودەتر باشتر نییە.

ئایا ئێستا لە کەسێک تووڕەیت؟ ئەگەر تووڕەیت بۆچی ملکەچی فەرمانەکانی یەزدان نابیت و ئەو کەسە ببەخشیت بۆ ئەوەی بتوانیت لەسەر ژیانی ئاشتی و خۆشی و بەهێزت بەردەوام بیت؟ دەگوترێت شەیتان لێخۆش نەبوون لە خەڵک لە هەموو شتەکانی دیکە زیاتر بەکاردەهێنێت. ئەو لێخۆشنەبوون بەکاردەهێنێت بۆ جیاکاری و دابەش بوون، بۆ لاوزاکردن و وێرانکاری، بۆ دواخستی پەیوەندەییەکەمان لەگەڵ یەزدان. ئەمانە تەنیا کۆمەڵێک لە کاریگەرییە وێرانکارییەکانی لێخۆشنەبوون بوو.

پێم وایە کاتێک کە زانیت لێخۆشنەبوو چەندە ژیانت وێران دەکات، ئەو کاتە هاندەرت دەبێت هەتا هەرچیت کردووە لە ژیانت خۆتی لێ دوور بخەیتەوە. چەندین ساڵم لە تووڕەیی و تاڵیدا بەسەر برد، ئێستا هەڵوێستم ئەوەیە کە "لەوێ بووم، ئەوەم کردووە، هیچ حەزم لە دووبارە ئەنجامدانەوەی نییە." دوێنێ بە کەسێکم گوت کە کاتی ئەوەم نییە لە هیچ کەسێک تووڕە بم.

***

(ئێڤا کور) دەلاڵی نووسینگەی خانووبەرە بوو لە ویلایەتی ئیندیانا. چالاک و سەرنج ڕاکێش بوو لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا. هەرگیز ناتوانێت لەوە تێبگات کە وەکو منداڵێک چەندی ئازار چێژتووە لەدەستی دکتۆر (جۆزف مینگڵ) لە کەمپی زیندانیانی سیاسی ئاشویتزدا لە وڵاتی پۆڵەند. لە ساڵی **١٩٩٥**دا بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک گەڕایەوە ئەو کەمپە. ئەو ئەرکە بووە گەورەترین چیرۆک و هەواڵ لە تەواوی ئەوروپادا. ڕێک لەو شوێنەی کە خێزانە بێتاوانەکەی لەدەستدا، ئەم وتانەی خوێندەوە: "من، ئێڤا مەوزس کور، پەنجا ساڵ لەمەوپێش کە وەکو منداڵێک ڕزگارم بووە لەدەستی تاقیکردنەوەکانی جۆزف مینگڵ لە کەمپی ئاشویتزی وڵاتی پۆڵەند، بەم هۆیەوە هەموو ئەو نازییانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدارییان کردووە لە کوشتنی خێزانەکی من و ملیۆنان خەڵکی دیکە، هەموویان دەبەخشم."

لەوکاتە بەولاوە خاتوو کور بە جیهاندا گەشت دەکات و باشی ئەزموونەکانی ئاشویتز دەکات. پەیامەکەی هەمیشە پێداگری دەکات لەسەر توانای چارەسەری لێخۆشبوون. "لێخۆشبوون شتێکی زیاد و کەمی نییە لە خۆچاک کردنەوە، کرداری توانا بەخۆدانە. من دەستبەجێ هەستمکرد کە بارێکی ئازار لەسەر شانم لادەچێت، کە چیتر قوربانی کەمپی ئاشویتز نیم، چیتر زیندانیی ڕابردووی تراژیدی نیم، لە کۆتاییدا ئازادم." خاتوو کور گوتی: "بە لێخۆشبوون دەڵێم پەرجووی هاوچەرخ." پێویست ناکات بچیت بۆ ڕێکخراوی تەندروستی. هیچ ئابوونەیەکی ناوێت؛ هەربۆیە هەموو کەسێک دەتوانێت بەئاسانی ئەنجامی بدات. هیچ کاریگەرییەکی لاوەکی نییە. ئەگەر حەزت لەو شێوەیە نییە و هەست بە ئازاری ڕابردووت ناکەیت ئەوا هەمیشە دەتوانیت ئەو ئازارەت بگەڕێنییەوە ناو ژیانت. ئێڤا کور کات و تەندروستی خۆی بەفیڕۆ نادات. بە ئاشکرا دیارە کە دەرمانە پەرجووئاساکەی بریتییە لە ڕەچەتەی یەزدان.

**با سەرەکیترین شت ببێتە سەرەکیترین شت**

گوێڕایەڵی بریتییە لە مەبەستی سەرەکی دنیان یەزدان، پێویستە ڕێگە بدەین ببێتە سەرەکیترین شت لە ژیانماندا. با ڕاستگۆیان ڕۆژانە نوێژ بکەین و بڵێین: "با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان." گوێڕایەڵیمان دەبێت لە بیر و هزرمانەوە دەستپێبکات چونکە ئەو بیر و هزرانە دەبنە هەڵسوکەوت و ڕەفتارمان.

"هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین." (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٥)

پۆڵسی نێردراو هانمان دەدات کە بیروکردەوەمان بەدیل بگرین. لێخۆشنەبوون لەوەوە پەیدابووە کە ئێمە چۆن سەبارەت بە خەڵکی و بارودۆخەکان بیردەکەینەوە. بۆم دەرکەوتووە کە ئەگەر بە سادەیی باوەڕ بە باشترین کەس بکەم لە بارودۆخێکدا لە هەمان کاتدا دەتوانم خۆم لە ئازاری تووڕەیی و ناخۆشی لابدەم. یان هەندێک کات دەتوانین بڕیار بدەین بەهیچ شێوەیەک بیر لە ئیهانە نەکەینەوە. شتێک هەیە کە دەبێت لێی دڵنیا بن، ئەویش ئەوەیە کە هەتا زیاتر بیر لە هەڵەی کەسێک بکەینەوە کە بە سەری هێناوین زیاتر تووڕە دەبین و ئازار دەچێژین، هەر لەبەر ئەوە با بڕیارێک بدەین بۆ ئەوەی کە گوێرایەڵیمان بۆ یەزدان لە بیر و هزرمانەوە دەستپێبکات.

کتێبی دەڵێت کە لێخۆشبوون مانای ئەوەیە کە "وازی لێبێنە و لەبیری بکە." ڕێگەی ئەنجامدانی ئەمەش ئەوەیە کە باسی نەکەیت و بیری لێ نەکەیتەوە. ئیهانە لە مێشک و زمانت دەربکە. لەگەڵ ئەوەدا هەستە بریندارکراو و گڕتێبەربووەکانت ئارام دەبنەوە.

### ئەوان دەستبەرداری بوون

ئەو پیاو و ژنانەی لە کتێبی پیرۆزدا هێزی یەزدانیان نیشانداوە، لە تەواوی ژیانیاندا هەمیشە خێرابوون لە بەخشیندا. یوسف باشتری نموونەیە، پۆڵسی نێردراو یەکێکی دیکەیە لەو نموونە باشانە. پێشتر باسی یوسفم کردووە، هەرچۆنێک بێت چیرۆکەکەی زۆر بەهێز و سەرنج ڕاکێشە و شایانی ئەوەیە دووبارە سەیرێکی بکەینەوە و نموونەی بەهێزی زیاتری لێوەرگرین.

لەگەڵ ئەوەی براکانی ڕقیان لە یوسف بوو، بە خراپی لەگەڵی جووڵانەوە، کاتێک کار گەیشتە لێخۆشبوون یوسف گوێڕایەڵی یەزدان بوو. زانی کە تۆڵەسەندنەوە کاری ئەو نییە، بەڵکو کاری خودایە. متمانەی بە یەزدان هەبوو کە لە بارودۆخی خراپدا کاری باش دەکات، ئەمەش ڕێکە ئەوە بوو کە ڕوویدا. لەگەڵ ئەوەی یوسف خۆی لە زۆرێک بارودۆخی نادادپەروەری و بەدبەختیدا بینییەوە، ئەزموونی بەرەکەتی خودای کرد. چاکەی خودا لەسەری بوو هەروەکو چۆن لەسەر هەر یەکێک لە ئێمەش دەبێت کە گوێڕایەڵی خودا بین لە ژیانماندا. دوای چەندین ساڵ لە خزمەتکاری کەسانی دیکە و سێزدە ساڵ زیندانی بوون لەسەر شتێک کە پێی تاوانبار نەبوو، ئەو هەر هەڵسوکەوتی خراپی نەنواند. لە کۆتاییدا ئەو شوێنەی کە لێی بوو یەزدان هێز و پلە و پایەی پێبەخشی، لەکاتی وشکە ساڵیدا بە براکانی وت:

"ئێستاش مەترسن. من خۆتان و منداڵەکانتان بەخێو دەکەم. ئیتر دڵنەوایی کردن و قسەی دڵخۆشکەری بۆ کردن." (پەیدابوون **٥٠: ٢١**)

ئەگەر بۆ ساتێک بیر لەمە بکەینەوە، سەرمان دەسوڕمێ لە هەڵوێستی یوسف بەرانبەر براکانی، دەکرێت هەموویان ئامانجیان ئەوە بێت کە هەمان شت ئەنجام بدەینەوە کاتێک بۆمان دەرکەوت کەسانی دیکە بەرانبەرمان خراپن، ژیانیش نادادپەروەرە. بۆچی دەبێت لە خەڵک خۆشبین و لەگەڵیاندا باش بین کاتێک خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کردووین؟ لەبەرئەوەی یەزدان گوتویەتی ئەمە بکەن! ئەمە تەنیا هۆکارێکە کە هەریەک لە ئێمە دەبێت پێویستی پێبێت.

براکانی یوسف لە ژیانێکی بەئازار و ترسدا دەژیان، لەکاتێکدا یوسف ئاشتی و خۆشی و هێزی هەبوو. هەربۆیە لە تۆ دەپرسم،کامیان قوربانی و کامیان سەرکەوتوو بوون؟ لە سەرەتادا، وا دەردەکەوێت کە یوسف قوربانی بووبێت، دوای ئەوەی کە براکانی بەو کەسانەیان فرۆش کە بازگانییان بە کۆیلەوە دەکرد. بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا کاتێک توانی بەو بارودۆخە سەختەدا بڕوات و ببێتە کەسێکی باشتر لە پێشتر. براکانی لە کۆتاییدا بوونە قوربانی ڕق و ئیرەییەکەیان. کاتێک یوسف بڕیاری لێخۆشبوونی دا، چاکەیەکی لەگەڵ کرد کە بۆ تەواوی ژیانی سوودی هەبوو.

پۆڵسی نێردراو تووشی چەندین نەهامەتی بوو، لەکاتێکدا هەوڵیدەدا بە باسکردنی موژدەی یەزدان یارمەتی خەڵک بدات. لە زینداندا خۆی بینییەوە و پاشان حوکمدرا لەسەر تاوانێک کە ئەنجامی نەدابوو. کتێبی پیرۆز

پێمان دەڵێت کە لە یەکەم دادگاییدا هەموو کەسێک پۆڵسیان پشتگوێ خست. هیچ کەسێک پشتی نەگرت، ئەمەش دەبێت خراپترین هەستی تەنیایی بێت، هەستێک بێت زۆر بە ئاسانی دڵتەنگی بهێنێت. دوای هەموو ئەمانە هەوڵی دەدا یارمەتی ئەوانە بدات کە پشتیان تێکرد!

"لە بەرگری یەکەمم کەس لەگەڵم نەهات، بەڵکو هەموو بەجێیان هێشتم. لەسەریان هەژمارد نەکرێت. بەڵام مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵم وەستا و بەهێزی کردم، تاکو بە منەوە جاڕدانەکە بە تەواوی بدرێت، تاکو هەموو گەلان ببیستن. ئیتر لە دەمی شێر دەرباز بووم." (دووەم تیمۆساوس ٤: ١٦- ١٧).

ڕێگەم بدە سەیرێکی ئەم دوو ئایەتە بکەم و پێتان بڵێم کە چی لێ تێگەیشتووم. یەزدان پشتی پۆڵسی گرت و هێزی پێبەخشی. بەڵام ئەمە ڕووینەدەدا ئەگەر پۆڵس لەوان خۆشنەبووایە و ناڕازی بووایە. ڕۆحی نەبەخشی لە خودا دوورمان دەکاتەوە. بێگومان ئەو هەرگیز جێمان ناهێڵێت بەڵام ڕووناکی ناتوانێت دۆستی تاریکی بێت، هەربۆیە خۆشی ئامادەبوونی یەزدان لە ژیانماندا دادەخەین یاخود ڕێگەی لێدەگرین. پۆڵس ئەزموونی ئامادەبونی یەزدانی کرد چونکە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوو. هەروەها پۆڵس گوتی کە لە دەمی شێر ڕزگارم بووە، ئەمەش ئەوە بوو کە شەیتان لەڕێگەی خەڵکی خراپەوە ئیشی دەکرد بۆ ئەوەی پۆڵس تاوانبار بکەن، لەوە دەگەڕان کە ئازاری بدەن.

خێرا بۆ گوێڕایەڵ بوون بۆ لێخۆشبوونی هەرکەسێک کە هەر شتێکی لە دژمان هەیە، هێز و دەسەڵاتمان بەسەر شەیتاندا دەداتێ. با بیرتان بێنمەوە کە پۆڵس لە یەکێک لە فێرکردنەکانیدا بە خەڵکی وت کە لێخۆشبن بۆ ئەوەی شەیتان دەست بەسەریاندا نەگرێت (دووەم کورنسۆس ٢: ١٠- ١١). ئایا شەیتان یاخود هەرکەسێک کە دەیناسیت بەهۆی نەبەخشینەوە دەستت بەسەردا دەگرن؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، دەتوانی دەستبەجێ دروستی بکەیتەوە بە گوێڕایەڵی کردنی یەزدان و لێخۆشبوونی تەواو لەو کەسەی کە هەر شتێکت لە دژی هەیە. کاتی ئەوەیە بپرسم "ئایا تۆ هەڵگری تووڕەییت یاخود تووڕەیی تۆی هەڵگرتووە؟"

دوازدە قوتابییەکی مەسیح پێکەوە گەشتیان دەکرد، دەبوایە بەردەوام یەکتر ببەخشن لەسەر ئیهانەی ڕاستەقینە یان گاڵتە پێکردن. کاتێک لەگەڵ کەسێکدا کاتێکی زۆر بەسەردەبەین، دەتوانێت سەربخاتە سەرمان و ئێمەش پێمان ویە کە بە مەبەستەوە وادەکەن تاکو ئێمەی پێ بێزار بکەن. لەڕاستیدا سروشتی خۆیانە و ئێمەش بەشێوەیەکی سادە زۆرمان لەو سروشتەی ئەوان وەرگرتووە. تێدەگەم لەوەی کە دەبێت چەندە قورس بووبێت

بۆ دوازدە قوتابییەکە کە زۆر بە دەگمەن بۆ ماوەی سێ ساڵ لە یەکتر دوور نەکەوتوونەتەوە. کەسی جیاوازیان هەبو، دەبووایە فێری ئەوە بوونایە لەگەل یەکتری بگونجێن، هەروەک جۆن ئێمە لەگەل خەڵکی دیکەدا ئەزموونی ئەم حاڵەتە دەکەین.

تەنانەت پەترۆس پرسیاری لە عیسا کرد کە پێویستە چەند جار لەو کەسە خۆشبێت کە هەمان هەڵە ئەنجام دەداتەوە (مەتا ١٨: ٢١)، مایەی پێکەنینە ئەگەر بۆ ساتێک بیر لە پەترۆس بکەیتەوە کە پێدەچێت وەکو منداڵێکی تووڕە ڕەفتاری کردبێت کە دایک و باوکی ئامۆژگاری بکات تاکو لەگەڵ براکانیدا بگونجێت و لێیان تووڕە نەبێت. دەتوانم دەموچاوی تووڕەی سوورهەڵگەڕاوی پەترۆس ببینم، دەم و لچی شۆڕ کردۆتەوە و دەڵێت: "چاوەڕێ دەکەیت چەند جار لێت خۆشبم؟ چونکە هەر ئێستا بەتەما بووم لێت خۆش بم!"

ئایا قوتابییەکی عیسا بەو جۆرە بیری کردۆتەوە و ڕەفتاری کردووە؟ ئەو دوازدە قوتابییە لە ئێمە جیاواز نەبوون. ئەوان کەسانی ئاسایی بوون فێربوون کە گوێڕایەلی خودا بن، هەمان کاردانەوەی هەستەوەری و دەروونییان هەبووە کە ئێمە لە بەرانبەر ویستی یەزدان هەمانە. هەستیان بە یاخیبوون و سەرسەختی و هەموو سەرکێشی و ئارەزووە جەستەییەکانیان دەکرد کە هەر کەسێکی ئاسایی هەستی پێدەکات، دەبوایە لەگەل عیسادا هاوکاربوونایە بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵبن. بێ هیوا مەبە ئەگەر کێشەت هەیە لەگەڵ لێخۆشبوونی کەسانی دیکەدا. کەسێک ناناسم کە ئەمەی بەلاوە ئاسان بێت، بەڵام بەیارمەتی یەزدان دەتوانین لێخۆشبین.

**توانای خەڵک خۆشویستن**

کاتێک کە بە تووڕەیی دەمێنینەوە و لە کەس خۆشنابین ئەوە توانای خەڵک خۆشویستن دوادەکەوێت. دوو کتێبی تەواوم لەسەر گرنگی خۆشویستنی خەڵک نووسیوە، هەر لەبەر ئەوە لام ڕوونە کە پێویستە باش سەرنجی بدەینێ. خۆشەویستی گەورەترین شتە لە جیهاندا، بەبێ خۆشەویستی ژیانمان بێواتایە. ئەوانە گەمژە و بێتام و بێسەلیقەن و ئێمەش لە زیندانی لووتبەرزیدا خۆمان زیندانی کردووە. بە دڵنیاییەوە خۆدا ئەوەی دەزانی بەرلەوەی ئەنجامی بدەین، ئەویش ڕێگەیەکی بۆ دەرچوون لەو ژیانە مەترسیدارە پێداوین، ئەم ڕێگەیەش بریتییە لە عیسا.

"ئەو لەبری هەمووان مرد تاکو زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین، بەڵکو بۆ ئەو کەسەی لە پێناویان مرد و هەڵستایەوە." (دووەم کۆرنسۆس **٥: ١٥**).

ئەمە ئایەتێکی جوانە. عیسای مەسیح مرد بۆ ئەوەی ئێمە ئازاد بین لە خۆ زیندانی کردن. کاتێک ڕپین لە لێخۆشنەبوون کەواتە ڕپین لە خۆپەرستی. بیر لەوە دەکەینەوە کە چیمان بەسەر هاتووە و کەسێک چی بۆ ئەنجام نەداوین کە دەبوایە بۆمان ئەنجام بدات. بەڵام چی دەبێت ئەگەر زیاتر بیر لەو کەسە بکەینەوە کە ئازارمان دەدات کە چ شتێک بۆ خۆی دەکات بە گوێڕایەڵی نەبوونی یەزدان و هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ ئێمەدا؟ بیرکردنەوە لە خەڵکی دیکە هەمیشە دیاری گەورەمان پێدەبەخشێت و ئازادمان دەکات لە خۆپەرستی. عیسا گیان سپارد، هەر لەبەر ئەوە پێویست ناکات بە تووڕەیی و ژیانێکی ناخۆشەوە بژین، ئەمەش هەواڵێکی زۆر خۆشە!

پێدەچێت قبووڵکردنی ئەمە سەخت بێت، بەڵام لە بنەڕەتدا نەبەخشین بریتییە لە خۆپەرستی چونکە هەمووی لەبارەی ئەوەیە کە چییان بەسەرم هێناوە و هەستم چۆنە. لەوانەیە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ کرابێت و ئازار بچێژین بەڵام ئەگەر سەیری دروونمان بکەین و تەنیا بیر لە خۆمان بکەینەوە، یارمەتیمان نادات لە ئازارە ڕزگارمان بێت. کاتێک خودا پێمان دەڵێت دوژمنەکانمان ببەخشین و بەزەییان نیشان بدەین، پێدەچێت ئەوە گەورەترین نادادپەروەری جیهان بیت. بەڵام لەڕاستیدا ئەو دەزانێت کە ئەوە تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوونە لە ئازار و چوونە بەرەو ژیانێکی باشتر کە چاوەڕێمانە.

بۆم دەرکەوتووە کە ناتوانم لە یەک کاتدا خۆپەرست و دڵخۆشیش بم، لەبەر ئەوە دەمەوێت دڵخۆش بم، کەواتە دەبێت بیر لە خۆم نەکەمەوە و بەردەوام بم لە گەیشتن بە خەڵکی.

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە بەرگی خۆشەویستی لەبەر بکەین (کۆلۆسی **٣: ١٤**). لەڕاستیدا دەڵێت: "لە سەرووی هەموو ئەمانەش خۆشەویستی لەبەر بکەن، کە پشتێنی تەواویە." ئەو دەستەواژەیە مانای ئەوەیە کە شتێکە خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین بە مەبەستەوە ئەنجامی دەدەین. هانت دەدەم کە پلانی ڕۆژانە دابنێیت و هەرکەسێ ئازارت دەدات بیبەخشیت. مەوەستە تا ڕوودەدات پاشان لەگەڵ هەستەکانیدا لە کێشمەکێشدا بیت بەڵکو لە جێگەی ئەوە مێشک و بیرت ڕێک بخە و بەردەوام بە لە جێگیرکردنی، بۆ ئەوەی بە خۆشەویستی بژیت.

❊❊❊

(ماگی) لە تەمەنی نۆزدەساڵیدا لەگەڵ (جەیمز) هاوسەرگیری کرد. ئامانجی ژیانی هەمیشە ئەوە بووە کە شوو بکات و خێزان درووست بکات. بۆ ئەوە لەدایک ببوو کە ببێت بە ژنی ماڵەوە و نەیدەتوانی لەوە زیاتر چاوەڕێ بکات. کە گەورە دەبوو ماگی نازێکی زۆری پێدرابوو لەلایەن خیزانییەوە، بەڵام جەیمز هیچی نازێکی پێنەدرابوو، بەداخەوە نەشیدەزانی چۆن ناز ببەخشێت. ماگی تەواو تامەزرۆی هەست و سۆز بوو، پێویستی زۆر بە پڕکردنەوەی ئەو لایەنە بوو. لەگەڵ ئەوەی جەیمز بەڕاستی ماگی خۆشدەویست، بەڵام نەیدەویست ماگی لە باوەش بگرێت و ماچی بکات، مەگەر ئەوەی کە لەگەڵی جووت بێت. یارمەتی هیچ شتێکی نەدەدا لە ماڵەوە یان زۆر لەگەڵ منداڵەکاندا نەدەمایەوە چونکە هەرگیز نەیبینیبوو کە باوکی بەو شێوەیە بکات. دایکی جەیمز خزمەتی باوکی کردووە کاتێک ئەو لەسەر کورسی دانیشتووە و هیچی نەکردووە، هەر لەبەر ئەوە جەیمزیش هەمان شتی لە ماگی چاوەڕوان دەکرد.

لەبەرئەوەی ماگی زۆر حەزی دەکردن ببێتە ژنێکی باش، هەموو شتێکی بۆ جەیمز دەکرد، لەو پڕۆسەیەشدا تا دەهات چاوەڕوانی جەیمز زۆر و زۆرتر دەبوو. دوای بیست و پێنج ساڵ پێکەوە بوون و چوار منداڵ، ماگی تەواو بێتاقەت بوو لەوەی کە ئەوەندە هەست و سۆز ببەخشێت بە خێزانەکەی و لەبەرانبەردا کەم وەربگرێت. زۆر بە دەگمەن لە جەیمزەوە گوێی لە وشەی سوپاسگوزاری و هاندانێک دەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین جار لەگەڵیدا باسی کردبوو. بەڵام پێدەچوو جەیمز نەتوانێت خۆی بگۆڕێت. جەیمز پێی وابوو کە ماگی لەبەرئەوەی دڵی ناسک بوو وای پێدەڵێت!

بە پێی تێپەڕبوونی کات ماگی تا دەهات تووڕەتر دەبوو. تووڕەیی ببووە دیوارێکی لێک دوورکەوتنەوە لەنێوان خۆی و جەیمز. ماگی کێشەیەکی تەواوی ناخۆشی و تووڕەیی و نەبەخشینی هەبوو، هەتا دەهات خەمی زیاتر دەبوو. لە کۆتاییدا لەدڵەوە گەیشت بە خاڵی وەرچەرخان کاتێک بۆی دەرکەوت کە یان دەبێت جەیمز بداتە دەست خودا و نوێژی بۆ بکات یان دەبێت بە بەدبەختی بمێنێتەوە. هەروەها بۆی دەرکەوت کە تەنیا ڕێگەی داوە جەیمز سوودی لێوەربگرێت، بەڵام هەمان شتی بۆ منداڵەکان کردبوو. زۆری بۆ کردبوون، پێی وابوو کە دایکێکی باش بووە. لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەنجامیدا بریتی بوو لە پێدانی مافی هەڵسوکەوت کردنێک کە تەمبەڵ و ناسوپاسگوزاریی کردن. دەیزانی کە هەندێک شت پێویستە بگۆڕدرێت هەربۆیە بە باشی هەوڵیدا

چاودێری خۆی بکات لەجێگەی ئەوەی خەم بخوات. بەردەوام بوو لە گرنگی پێدانی خێزانەکەی بەڵام ئەوەی بۆ ئەنجام نەدەدان کە خۆیان دەیانتوانی ئەنجامی بدەن و پێویست بوو کە خۆیان هەوڵ بدەن. لەڕاستیدا لەگەڵ منداڵەکانی دانیشت و بۆی ڕوونکردنەوە کە هاوسەنگی لەدەستداوە و شتەکان بڕیارە بگۆڕدرێن. پێی وتن کە چاوەڕێی چی دەکات و ئەنجامەکەشی چی دەبێت، ئەگەر کاری خۆیان ئەنجام نەدەن.

ماگی دەستی کرد بە ئەنجامدانی ئەو شتەی کە حەزی لێبوو. کاتێک جەیمز و منداڵەکانی گلەییان دەکرد، ماگی بە هێمنی و خوشەویستییەوە دەیگوت: "مافی خۆمە ئەو ژیانەم هەبێت کە چێژی لێ وەردەگرم." ئەوەی ئەنجامدا کە هەستی کرد یەزدان ڕێگەی پێداوە. ئەنجامدانی ئەو کارانە یارمەتیدا کە بەسەر هەستی دڵتەنگیدا زاڵبێت. ئەو هەر دەیویست جەیمز هەست و سۆزی بۆ دەرببڕێت، بەڵام زانی کە ئەگەر پێویست بکات تەنیا یەزدان دەتوانێت ئیش لەسەر جەیمز بکات. جەیمز بەخێوکەرێکی باش بوو، لە زۆر لایەنەوە هاوسەرێکی باش بوو، لەبەرئەوە ماگی دەستی کرد بە ئیشکردن لەسەر لایەنە باشەکانی جەیمز، نەوەک لایەنە لاوازەکانی.

کاتێک دەیویست جەیمز شتێک لەماڵەوە یان لەگەڵ منداڵەکان ئەنجام بدات، دەستبەجێ داوای لێدەکرد کە ئەنجامی بدات لەجێگەی ئەوەی تووڕەبێت چونکە بەبێ داواکاری ئەو هیچ شتێکی نەدەکرد. ژنان دەیانەوێت پیاوان سەرنج بدەن لەوەی کە چ شتێک پێویستە بیکەن و دوابکەن کە ئەنجامی بدەن، بەڵام زۆربەیان دەریانخستووە کە بیر خوێنەرەوە نین و دەڵێن: "ئەگەر دەتەوێ شتێک ئەنجام بدەم بۆچی پێم ناڵێی؟"

ئەم گۆڕانکارییانە یارمەتی زۆری ماگییاندا. لەبری ئەوەی بیری لەلای خۆی بێت، هەموو کاتێک بیر لەوە بکاتەوە کە جەیمز چی بۆ نەکردووە، نوێژی بۆ کرد و هەوڵیدا بیری بێتەوە کە لەکاتی گەورەبوونیدا کەسێک نەبووە کە ببێتە نموونەیەکی باش بۆی. هێشتا چیرۆکەکە بەردەوامە بەڵام ئێستا زۆر زۆر دڵخۆشترە، لەم دوو مانگەی دواییدا جەیمز هەندێک وەسفی باشەی کردبوو. وادیارە کە پەیوەندییەکەیان لە پەرەسەندندایە، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە ڕێگاکانی یەزدان سەرکەوتوون.

**باوەڕ بەندکراوە**

ماگی بەرلەوەی بەشێوەیەکی شیاو نوێژ بۆ جەیمز بکات، پێویست بوو لە دڵیدا لێخۆشنەبوون پشتگوێ بخات. باوەڕمان هیچ سوودێکی نابێت تا دڵمان پڕبێت لە نەبەخشین. سەرم سووڕماوە لەوەی کە ملیۆنان کەس نوێژ

بۆ کەسانی دیکە دەکەن تاوەکو بگۆڕێن بەڵام هیچ وەڵامێک لەبەرانبەردا وەرناگرن چونکە هەوڵدەدەن لە دڵیانەوە بە تووڕەییەوە نوێژ بکەن. هەر کاتێک ویستت نوێژ بکەیت ئەگەر هەر شتێکت لەبەرانبەر هەرکەسێکدا هەیە لێی خۆشبە و لێی بگەڕێ بڕوات بۆ ئەوەی باوکی ئاسمانیش لە هەڵەکانی تۆ خۆشبێت.

"کاتێک دەوەستن نوێژ بکەن، ئەگەر شتێکتان بەسەر یەکێکەوە هەبێت لێی خۆشبن، تاکو باوکیشتان ئەوەی کە لە ئاسمانە لە گوناهەکانتان خۆشبێت. بەڵام ئەگەر ئێوە لێ خۆش نەبن، باوکی ئاسمانیشتان لە گوناهەکانتان خۆش نابێت." (مەرقۆس ١١: ٢٥- ٢٦)

"چونکە لە عیسای مەسیحدا خەتەنەکردن و خەتەنە نەکردن سوودیان نییە، بەڵکو ئەو باوەڕەی بە خۆشەویستی کار دەکات." (گەلاتیا ٥: ٦)

باوەڕ هیچ وزەیەکی نییە کە ناویدا تێپەڕێت. هیچ هێزێکیشی نییە ئەگەر خۆشەویستی تێدا نەبێت. ئەگەر تەنیا خەڵک بڕوایان بەمە کردبا و تووڕەییەکەیان بە میهرەبانی و بەخشین دەگۆڕیەوە. با فێربین کاتێک کە خەڵکی هەڵەیەک دەکەن ئەوا خۆیان زیاتر ئازار دەچێژن لەوەی کە زیاتر ئازاری ئێمە بدەن. پشت بە یەزدان ئەم ڕاستییە دڵمان پڕدەکات لە میهرەبانی و ئارامی بەرانبەر کەسانی دیکە.

ئەمانی خوارەوە چەند لایەنێکی کەمی کاریگەرییە وێرانکەرییەکانی لێخۆشنەبوونن:

- کاتێک کەسێک نابەخشین، ئەوا سەرپێچی فەرمایشتەکانی خودا دەکەین.
- دەرگایەک بۆ شەیتان دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو کێشەیەک لە ژیانماندا دروست بکات.
- دەبینە بەربەست لەبەردەم لێشاوی خۆشەویستی بەرانبەر کەسانی دیکە.
- باوەڕمان بەند دەبێت و نوێژەکانمان وەلامێکیان نابێت.
- بەدبەخت دەبین و هیچ خۆشییەکمان نامێنێت.
- ڕەفتارمان ژەهراوەی دەبێت، ئەو ژەهرەش بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دەڕێژین کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین.

ئەو بەهایەی کە لە پێناو هەستە ناخۆشەکانمان دەیدەین بێگومان ئەوەندە نایەنێت و نرخێکی نییە. لێخۆش نەبوون کاریگەری وێرانکاری هەیە، هەربۆیە چاکەیەک لەگەڵ خۆتدا بکە .... لێخۆشبە!

## بەشی دەیەم

## دەمەوێت لێخۆشبم، بەڵام نازانم چۆن

زۆر ئاسانە بە کەسێک بڵێیت پێویستە لەو کەسانە خۆشبیت کە ئازاریان داویت بەڵام ئەی ئەگەر نەیزانی چۆن لێیان خۆشبێت؟ بەردەوام خەڵکێکی زۆر هاتوون بۆ لام و داوایان لێکردووم کە نوێژیان بۆ بکەم تاکو بتوانن لە دوژمنەکانیان خۆشبن. ڕاستگۆ بوون بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. پرۆسەیەکم داناوە کە بڕوام وایە پێویستە هەمووومان پێیدا تێپەڕین بۆ ئەوەی ئەزموونی سەرکەوتن بکەین بەهۆی بەخشینی ئەو کەسانەی کە ئازارمان دەدەن.

نوێژکردن زۆر گرنگە بەڵام بۆ ئەوەی لیخۆشبین پێویستە زیاتر لە نوێژ ئەنجام بدەین. کاتێک نوێژ دەکەین یەزدان هەمیشە کاری خۆی دەکات، بەڵام ئێمە زۆربەی کات شکست دێنین لە ئەنجامدانی کاری خۆمان؛ هەربۆیە دەشڵەژێین سەبارەت بەوەی کە بۆچی نوێژەکانمان وا دەردەکەوێت کە وەڵام نەدراوەتەوە. بۆ نموونە کەسێک پێویستی بە ئیشێکە، لەوانەیە نوێژبکات بۆ ئەوەی یەزدان ئیشێکی پێ ببەخشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لە چەندین کۆمپانیای جۆراوجۆر فۆرمی کار پڕبکاتەوە بۆئەوەی سەرکەوتوو بێت. هەمان یاسا بەسەر لێخۆشبوونیشدا جیبەجێ دەبێت.

### ویست (ئارەزوو)

یەکەم هەنگاو بۆ بەخشینی دوژمنەکانمان بریتییە لە ویستیکی زۆر. ئارەزوو هانمان دەدات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمان ئەگەر پێویست بکات هەموو ڕێگایەک بگرینە بەر. کاتێک کەسێک پێویستە **٣٠** کیلۆ کێشی دابەزێنێت ئەوا ناتوانێت ئەو کارە بکات مەگەر ئەوەی کە ویست و ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێت، بۆچی؟ چونکە پێویستی بە ئارەزوویەکە بۆ ئەوەی کاتێک برسی بوو بە بەردەوامی بیهێڵێتەوە یان دەبێت بە بەردەوامی بڵێت خواردنی کالۆری زۆرم ناوێت لەکاتێکدا دەبینێت کەسانی دیکە دەیخۆن. هاوڕێیەکم هەیە کە بەم نزیکانە **٣٠** کیلۆ کێشی دابەزاند. نزیکەی ساڵێک بەردەوام خەریک بوو تا توانی ئەو کارە بکات، تەنانەت ئێستاش پێویستە ڕۆژانە سزای خۆی بدات بۆ ئەوەی نەچێتەوە سەر خووە خراپەکانی پێشتری. چی بووە هۆی هاندانی؟ حەزی

دەکرد ژەمی زۆر لەوە زیاتر بخوات کە بە درێژایی ڕۆژەکە دەیخوارد، بەڵام ئارەزووی بۆ تەندروستییەکی باش و بەدەستهێنانی کێشێکی گونجاو بەهێزتربوو لە ئارەزووی بۆ خواردنی.

دەزانم کە حەز ناکەین ڕووبەڕووی شتێکی لەم شێوەیە ببینەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموومان دەمانەوێ ئەو ئەنجام بدەین کە دەمانەوێت، ئەگەر ئارەزوو و ویستەکانمان بەپێی پێویست بەهێز بن. "من ناتوانم" زۆربەی کات بە واتای "نامەوێت ئەنجامی بدەم" دێت. هیچ کامێکیان چێژ لە ئارەزووی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی کێشەکانی ژیانمان وەرناگرین. زیاتر حەزمان لە بیانوو هێنانەوە و گلەیی کردنە، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە ڕزگارمان ناکەن.

کاتێک خەڵکی دەگەنە تەمەنی خانەنشین بوون و بەپێی پێویست پارەکەیان پاشەکەوت کردووە بە درێژایی ئەو هەمووە ساڵە بۆ ئەوەی لە لایەنی داراییەوە کێشەیان نەبێت، ئەمە لەبەرئەوەیە کە بەپێی پێویست ویستیان هەبووە بۆ ئەوەی هانیان بدات کە خۆیان ڕابهێنن. دەبوا بیانوتبا "نەخێر" بۆ ئەو شتانەی کە لەوانەیە بیانویستبا بۆ ئەوەی بۆ داهاتووی پاشەکەوت بکەن.

ئارەزووی بەهێز لە هەموو لایەنێکی ژیانمان ئەنجامی دەبێت، ڕزگاربوون لە ناخۆشی و تووڕەبوون و نەبەخشین شتێکی تایبەت نییە. ئەگەر هیچ ویست و ئارەزوێکت نییە ئەوا داوا لە خودا بکە بۆ ئەوەی ئارەزوێکت پێبدات چونکە ئەوە بنەمای هەموو سەرکەوتنێکە.

هیچ ویست و ئارەزووێکم بۆ بەخشینی باوکم نەبوو بەهۆی ئەوە دەستدرێژییەی کردبوویە سەرم، تا ئەو کاتەی دەستم کرد بە خوێندنی وشەی خودا. هەرکە خوێندم، گرنگی بەخشینم بینی و بۆم دەرکەوت کە ئەوە ویستی خودایە و من دەبێت ئەنجامی بدەم. بۆم دەرکەوت کە یەزدان چەندە منی بەخشیوە و ئەوەی کە بۆی ئەنجامداوم جیاوازییەکی نییە لەوەی کە داوام لێدەکات ئەنجامی بدەم. هێزی وشەی یەزدان ئارەزووێکی لە مندا دروستکرد کە لەم بوارەدا گوێڕایەڵی یەزدان بم، لەو باوەڕەدام کە هەمان شتیش بۆ تۆ ئەنجام دەدات. ئەگەر ناتەوێت لە دوژمنەکەت خۆشبیت کەواتە هەموو ئەو وشانەی یەزدان بخوێنەوە کە باسی لێخۆشبوون دەکەن. باوەڕم وایە کە دڵت دەگۆڕدرێت. دەتەوێ لێخۆشبیت، کاتێک کە دەتەوێت ئەوا پرۆسەکە دەتوانێت دەست پێبکات.

## بڕیاربدە

دوای ئەوەی کە ویست و ئارەزووت بۆ لێخۆشبوون دەبێت، بڕیاردەدەیت ئەنجامی بدەیت. نابێت بڕیارەکە لە ڕووی سۆزدارییەوە بێت بەڵکو دەبێت ئەوە بێت کە بە گشتی پێی دەوترێت "بڕیاری سروشتی." ئەم جۆرە بڕیارە بە گۆڕینی هەستەکان ناگوڕدرێت. بڕیارێکی بەجێیە کە بەخشین دەبێتە ڕێگای ژیانمان. ئەم بڕیارە پێویست ناکات دەستبەجێ هەستت بگۆڕێت، بەو مانایەش نایەت کە هەرگیز کێشەیەکت لە لێخۆشبوونی خەڵکدا نابێت. هەندێک کەس پێویستە بەردەوام لە هەمان شت لێیان خۆشبێت، بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی ئەمەش شتێکی ئاسان نییە. شتێکە کە دەبێت بە ئاسانی ئەنجامی بدەین و گوێ نەدەین بەوەی کە هەستمان چۆنە.

باوکم لە هەموو ڕەفتار و کردارە تایبەتەکەیدا پیاوێکی ناساز بوو، بە داخەوە کە منیش زۆر وەکو ئەوم لێهاتبوو. لەم دونیایەدا حەزم دەکرد وەکو هەموو کەسێکی دیکە بم جگە لە باوکم، بەڵام لە هەندێ لایەنەوە وەکو ئەو بووم. کارەکانم و تۆنی دەنگم زۆربەی کات زبر بوو، دەزانم کە دەیڤ پێویست بوو بەردەوام بمبەخشێت لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە یەزدان دڵە ڕەقە و شکاوەکەمی نەرم کرد. چاک بوونەوەم کاتی زۆری خایاند و دەیڤیش دەبوا ئارامگر بوایە بەڵام خۆشبەختانە پێویست نەبوو بە تەنیا ئەو ئەرکە بەئەستۆ بگرێت. یەزدان بەرەکەتی پێدابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ لاوازییەکانی مندا بگونجێت، بەهەمان شێوە بەرەکەتی ئەوەش بە تۆ دەدات کە بزانیت چۆن لە ژیانتدا هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی بکەیت.

ئێستا لە ژیانمدا هەندێک جار دەبێت لەگەڵ کەسانێکدا ڕەفتار بکەم کە بەهەمان شێوەی پێشتری خۆم هەڵسوکەوت دەکەن، دەبێت ئەوە بەبیر خۆم بێنمەوە کە دەیڤ چی بۆ من کردووە. ئاسان نییە و زۆربەی جار هەست دەکەم حەزم لێ نییە. بەڵام بڕیاریکی سرووشتیم داوە کە گوێڕایەڵی خودا بم و بە تووڕەیی و زبری نەژیم. لێخۆشبوون یەکێکە لە دیارییە هەرە جوانەکان کە یەزدان پێمانی بەخشیوە، کاتێک ئامادەیی ئەوەمان تێدابێت بۆ ئەوەی بیبەخشینە کەسانی دیکە ئەوا جوانی و ئاشتی و خۆشی و هێزی زیاتر دێنێتە ژیانمانەوە.

یەزدان لە وشەکانیدا ڕێنماییمان دەکات کە بە شێوەیەکی دروست بژین، بەڵام هەرگیز زۆرمان لێناکات ئەوەی کە دەڵێت ئەنجامی بدەین. ئەو بژاردەیەی بۆ هەریەک لە ئێمە بەجێهێشتووە. چەندین جار هەبووە لە ژیانمدا کە حەزم کردووە خەڵکی وا تێبگەن حەزم لێیە کاری دروست ئەنجام بدەن بەڵام دوایی بەبیرم هێنراوەتەوە کە

یەزدان بە هەریەکێک لە ئێمە هەڵبژاردنی ئازادانەی داوە و چاوەڕێمان دەکات کە شتە دروستەکە هەڵبژێرین هەربۆیە دەتوانین چێژ لەو ژیانە وەربگرین کە عیسا مرد بۆ ئەوەی ئێمە هەمانبێت.

هەرکاتێک گوێڕایەڵی یەزدان بین ئەوا چاکەیەک لەگەڵ خۆماندا دەکەین چونکە هەر شتێکی کە دەیەوێت ئەنجامی بدەین لەبەر سوود و قازانجی ئێمەیە. زۆربەی کات ئەمە بەبیری خۆم دێنمەوە کە ئەوەی ئەو داوای لێکردووم ئەنجامی بدەم سەختە. هەریەکێک لە ئێمە دەبێت خۆی بڕیار بدات، هیچ کەسێک ناتوانێت لەجێگەی ئێمە ئەوە بکات. بەڕاستی هانت دەدەم کە بڕیارێکی سروشتی بدەیت بۆ لێخۆشبوون. کاتێک ئەمەت ئەنجامدا ئەوا ئامادە دەبیت لە ڕۆیشتن بۆ هەنگاوی دواتری لێخۆشبوون.

**پشت بە ڕۆحی پیرۆز ببەستە**

هەنگاوی دواتر لە پرۆسەی بەخشینی کەسانی دیکە پشت بەستنە بە ڕۆحی پیرۆز بۆ یارمەتی دانت لەو بڕیارە سروشتییەی کە داوتە. تەنیا بڕیاردان بەس نییە، ڕاستە گرنگە بەڵام هێشتا بەس نییە چونکە هێزی بڕیاردان بەتەنیا هیچ شتێک ناکات. پێویستمان بە هێزی ڕۆحی خودایە کە لە ئێمەدا دەژیێت و هەمیشە ئامادەیە بۆ یارمەتیدانمان بۆ ئەنجامدانی ویستی یەزدان.

لە پاشایەتی یەزداندا سەربەخۆیی تایبەتمەندییەکی سەرنج ڕاکێش نیە، ئەمەش چارەسەری کێشەکە نییە. هانی منداڵەکانمان دەدەین بۆ ئەوەی گەورە بن و سەربەخۆ بن، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر لە یەزداندا گەشە بکەین یان بۆ ئەوەی لە لایەنی ڕۆحییەوە زیاتر گەشە بکەین ئەوا دەبێت زیاتر پشت بەو ببەستین. ئەگەر لەسەر ڕێگامان ئەم لایەنەمان لەگەڵ یەزدان بزر کرد هەمیشە بێهیوا دەبین. خودا بەرەکەت ناخاتە سەر ئەوەی کە کتێبی پیرۆز پێی دەڵێت: "کاری لەش"، ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ هەوڵدەدات بەجودا لە یەزدان کار بکات. تەنانەت ئەگەر زۆر هەوڵبدەین ویستی یەزدان بەجێبهێنین هەر دەبێت پشت بەو ببەستین بۆ ئەوەی ویستی ئەوە سەربخەین. کتێبی پیرۆز هانمان دەدات کە لە هەموو ڕێگاکانماندا یەزدان بناسین (پەندەکانی سلێمان **٣**: ٦). ئەمەش واتە لە هەموو کار و کردەوەکانماندا بانگهێشتی یەزدان بکەین و پێی بڵێین: یەزدان دەزانین بەبێ یارمەتی تۆ سەرکەوتوو نابین.

لەو لایەنەی کە ئێمەی مرۆڤ زۆر حەزدەکەین سەربەخۆ بین و هەموو شتکانی خۆمان، خۆمان ئەنجامی بدەین، ئەم ڕەفتاری سەربەخۆ بوونە بە ئاسانی پەیدا نابێت.

کتێبی پیرۆز لە (زەکەریا ٤: ٦) پێمان دەڵێت کە ئێمە لە جەنگەکانماندا بە شکۆمەندی هێزی خۆمان سەرکەوتوو نابین، بەڵکو بە ڕۆحی خودا سەردەکەوین. یەزدان پیرۆزی خۆی پێداوین کە ئەمەش هیزی خۆیەتی بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە پێویست بێت ئەنجام بدرێت.

"منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی لە مندا بچەسپێت و منیش لەو، ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت. چونکە بە بێ من ناتوانن هیچ شتێک بکەن." (یۆحەنا **١٥: ٥**)

باوەڕم وایە کە ئەم ئایەتەی سەرەوە یەکێکە لە ئایەتە کاریگەرەکانی کتێبی پیرۆز. چەندین شتی دیکە بە تێگەیشتنمان لەو ئایەتە پشت بە چەندین شتی دیکە دەبەستن، ئایەتەکە پێمان دەڵێت تەنانەت ئەگەر یەزدان بانگی کردم یان فەرمانی پێکردم کە شتیک ئەنجام بدەم، تا ئەو کاتەی پشت بە ئەوە نەبەستم ناتوانم ئەنجامی بدەم. ئەو دەیەویت کە بەرهەمی زۆر بهێنین بۆ ئەوەی چاکە ئەنجام بدەین بەڵام تا ئەو کاتەی بە تەواوی پشت بەو نەبەستین ناتوانین ئەنجامی بدەین. خێرا بەخشینی ئەو کەسانەی کە ئیهانەمان دەکەن بەرهەمی باشە و یەزدان پێی دڵشادە بەڵام ناتوانین ئەنجامی بدەین تا ئەو کاتەی داوای یارمەتی و هێزی لێنەکەین.

ئایا بێهیوا بوویت لەوەی کە هەوڵ دەدەیت هەندێک شت ئەنجام بدەیت کە هیچ سوودێکیان نییە و سەرەڕای ئەوەش پێتوایە کە ئەو شتانە لە یەزدانەوەیە و دەبێت ئەنجامیان بدەیت؟ پێدەچێت کێشەکەت لە بڕوابوون بە خۆت و کردەوەی سەربەخۆتەوە بێت. بۆچی حەزدەکەین شتەکان بەبێ هیچ یارمەتییەک ئەنجام بدەین؟ ئاسانە، چونکە دەمانەوێت متمانە بەخۆبوونمان دەست بکەوێت و هەست بە شانازی ئەنجامدانی کارەکانمان بکەین، بەڵام یەزدان دەیەوێت بۆ هەموو سەرکەوتنەکانمان سوپاسگوزاری بین و سوپاسی بکەین بۆ ئەوەی کە لایەنی کەم ڕێگەی پێداین ببین بەو کەشتییەی کە بەکاری هێنا.

دەکرێت بمانەوێت شتی دروست ئەنجام بدەین و لەگەڵ ئەوەشدا سات لە دوای سات شکست بخۆین. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە ڕۆحمان چالاکە بەڵام لەشمان لاوازە (مەتا **٢٦: ٤١**). بۆ ئێمە گرنگە کە ئەمە بزانین. لە

دەستپێکی هەموو کارێکدا یارمەتیمان دەدات بچینە لای خودا و داوای یارمەتی لێبکەین. یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی خۆمان لە وزەی بەفیڕۆچوو و شکستە بێهیواکەرەکان بەدووربگرین. لە خزمەتەکەماندا هەزاران بەرنامەی تەلەفزیۆنیمان تۆمار کردووە لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز دانەیەکمان بەبێ داواکردنی یارمەتی لە یەزدان ئەنجام نەداوە. چەندین ساڵی خایاند تا بۆم دەرکەوت کە ئیشی لەش بێسوودە؛ ئەوەی کە بایەخی هەیە پشت بەستنە بە خودا.

زۆر باش لەبیرمە کە دەچوومە کەنیسە، گوێم لە وتارێکی بەهێز دەگرت، لە ناخەوە خۆم مەحکوم دەکرد کە دەبێت بگۆڕدرێم. پاشان دەچوومە ماڵەوە و هەوڵم دەدا بگۆڕێم بەڵام زۆربەی کات شکستم دەهێنا. ئەمە بۆ من مایەی سەرلێشێوان بوو تا ئەو کاتەی بۆم دەرکەوت کە من خودا پشتگوێ خستووە. لەبەرئەوە پێم وابوو ئەوەی دەیکەم ویستی ئەوە و سەرکەوتن بەدەست دێنم. بەڵام پێویست بوو ئەوە بزانم کە هیچ شتێک سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پشت بە یەزدان نەبەستم و شکۆمەندی پێنەدەم، لەکاتێکدا کارەکە سەرکەوتووانە دەچێتە پێش.

باوەڕم وایە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەڕاستی خودایان خۆشدەوێت، زۆربەی کات بێهیوان لەو هەوڵەیان کە "مەسیحییەکی باش" بن، چونکە ئەوان ئەو ڕاستییە نازانن. چەندین ساڵم لە هەوڵی ئەوەی کە "باش" بم بەفیڕۆدا، تەنیا لەبەر شکستهێنانم لەوەی کە بە تەواوی پشت بە خودا ببەستم بۆ ئەوەی توانای ئەوەم پێبدات کە باش بم.

کتێبی پیرۆز پڕە لەو ئایەتانەی کە باسی گرنگی پشت بەستن بە خودا دەکات و باسی نموونەی ئەو خەڵکانەمان بۆ دەکات کە شکستیان خواردووە چونکە پشتیان پێی نەبەستووە و باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە سەرکەوتوو بوون چونکە پشتیان بە یەزدان بەستووە.

ئیشایا بە خەڵکەکەی گوت: "دەست لە مرۆڤ بکێشنەوە! ئەوەی تەنیا یەک هەناسەی لە لووتدایە، چونکە حیسابی چی بۆ دەکرێت؟" (ئیشایا ٢: ٢٢). یەزدان دەیەوێت خەڵک پشت بەو ببەستن بۆ ئەوەی سەرکەوتنیان پێبدات. مەبەستەکەی لەڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە ئەوە بوو کە بۆچی دەبێت باوەڕ بە مرۆڤ بکەین کە پڕە لە لاوازی، لەکاتێکدا دەکرێت لەجێگەی ئەو باوەڕمان بە خودا هەبێت؟

پێغەمبەر یەرمیا هەمان پەیامی هەبوو بۆ ئەو خەڵکەی کە سەرپەرشتی دەکردن. "نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی پشت بە ئادەمیزاد دەبەستێت، متمانەی بە هێزی مرۆڤانە هەیە و دڵی لەسەر یەزدان لادەبات. بەڵام بەرەکەتدارە ئەو کەسەی پشت بە یەزدان دەبەستێت و متمانەی پێی هەیە." (یەرمیا **١٧: ٥، ٧**).

پۆڵسی نێردراو پەیامێک بۆ خەڵکی گەلاتیا نوسیوە و لێیان دەپرسێت: "ئێوە کە بە ڕۆحی خودا دەستتان پێکرد، ئایا ئێستا دەتانەوێت بە جەستە کۆتایی پێ بهێنن؟" (گەلاتیا **٣: ٣**) وەڵامی ئاشکرا بریتییە لە نەخێر، ناتوانن. پۆڵس دەیزانی کە لە پێگەیشتنی ڕۆحیشدا شکست دەهێنن ئەگەر بەردەوام نەبن لە پشت بەستنیان بە ڕۆحی پیرۆز. ئێمەش بەهەمان شێوە شکست دەخۆین ئەگەر پشت بە خودا نەبەستین بۆ هێزی ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی کە هەوڵی ئەنجامدانی دەدەین، بە بەخشینی دوژمنەکانیشمانەوە.

کەواتە دەبینین سێ هەنگاوی یەکەم لە کارکردن لەسەر پرۆسەی لێخۆشبوون بریتین لە ئارەزوو و بڕیاردان و پشت بەستن. هەر کاتێک ئەم سێ خاڵەت ئەنجامدا دەتوانی بچیتە هەنگاوی دواتر.

**نوێژکردن بۆ دوژمنەکەت**

یەزدان پێمان دەڵێت کە نەک تەنیا نوێژ بۆ دوژمنەکانمان بکەین بەڵکو بەرەکەت بەسەریاندا بڕژێنین و نەفرەتیان لێ نەکەین. سەرسامکەرە! نادادپەروەرانە دیارە، مەگەر نە؟ کێ دەیەوێت نوێژ بکات بۆ ئەوەی دوژمنەکەی بەرەکەتدار بێت؟ هیچ کام لە ئێمە ئەوەمان ناوێت ئەگەر لەجیاتی وشەی خودا دوای هەستەکانمان کەوتبێتین.

"بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبووێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت." (مەتا **٥: ٤٤- ٤٥**)

هیچ کام لەم ئایەتانە بەو مانایە نایەت کە ئێمە ببین بە فەرشی بەردەرگا بۆ خەڵک و هەیشە لە ژێر پێیاندا بین و هەرگیز بەرهەڵستی ڕەفتارە خراپەکانیان نەکەین. بەخشینی دوژمنەکانمان پەیوەندی بە بۆچوونی دڵمانەوە هەیە کە چۆن لەگەڵیان دەجووڵێینەوە. عیسا هەرگیز بەخراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسێکی خراپدا نەکردووە، ئەو بە گیانی ئاشتیانە ڕووبەڕویان بوەتەوە پاشان بەردەوام بووە لە نوێژکردن بۆیان و خۆشی ویستوون.

"نابێت خراپە بە خراپە و جوێن بە جوێن بدەینەوە." (یەکەم پەترۆس **٣: ٩**). ئاخ! لەجێگەی ئەوە دەبێت نوێژ بۆ باشی و دڵخۆشی و سەلامەتییان بکەین و بەڕاستی بەزەیی و خۆشەویستیمان بۆیان هەبێت. بەبڕوای من ئەمە جارێکی تر ئەوەمان پێدەڵێت کە دەبێت زیاتر سەرنج بدەینە ئەوەی کە دوژمنەکانمان بە کارە خراپەکانیان چی بەسەر خۆیاندا دێنن لەوەی کە چی بەسەر ئێمەدا دێنن. هیچ کەسێک ناتوانێت ئازارمان بدات ئەگەر متمانەمان بە یەزدان بێت و گوێڕایەڵی بین. ئەوان ئازاری هەستەکانمان دەدەن بەڵام یەزدان هەمیشە بۆ چاکردنەوەی هەستەکانمان.

نوێژ بۆ خەڵک بکە بۆ ئەوەی لەلایەن خوداوە سەبارەت بە ڕەفتارەکانیان ئاگادار ببنەوە چونکە پێدەچێت بەهەڵەدا چووبن و تەواو ئاگاداری ئەوە نەبن کە چی دەکەن. دوژمنەکانت بە باشە باسکردنیان بەرەکەتدار بکە. تاوانەکانیان بپۆشە و هەرگیز بە خراپەی ئەوان مەکە و لە پاشملە باسیان مەکە.

بەڕای من هۆکاری شکستی نوێژکردن بۆ دوژمنەکانمان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکست هێنانمان لە پرۆسەی بەخشیندا. بە مەبەستی بەخشین دەست پێدەکەین بەڵام ئەگەر ئەو هەنگاوە گرنگە لەبیربکەین کە خودا فەرمانمان پێدەکات ئەنجامی بدەین سەرکەوتن بەدەست ناهێنین. منیش وەکو زۆریک لە ئێوە بە خراپترین شێوە ئازارم چەشتووە لەدەست ئەوە خەڵکەی کە بە هاوڕێم زانیون، دان بەوەدا دەنێم کە نوێژکردن بۆ پیرۆزبوونیان زۆربەی کات بە بارێکی سەختدا تێپەڕیوە بەڵام لەو باوەڕەدام کە ئەمە ڕێگای دروستی ئەنجامدانییەتی. هەر کەسێک ببەخشێت بەیارمەتی یەزدان هێزی دەبێت و بەباشی نوێنەرایەتی ئەویش دەکات.

ئایا ئەمڕۆ دەست دەکەیت بە نوێژکردن بۆ دوژمنەکانت؟ ئایا لەسەر ئەو یاسایە ڕاهێنان دەکەیت تاوەکو ئەو کاتەی دەبێت بە یەکەمین وەڵامی ئۆتۆماتیکی دوای ڕەنجاندن؟ ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوا زەردەخەنە دەخەیتە سەر ڕووخساری خۆت و یەزدان. هەر کاتێک گوێڕایەڵی خودا بین ئەوا چاکەیەک لەگەڵ خۆماندا دەکەین!

هەنگاوی کۆتایی لە پرۆسەی لێخۆشبووندا بریتییە لە تێگەیشتنی ئەوەی کە ئایا هەستەکانت وەڵامیان چۆن دەبێت کاتێک خەڵکی دەبەخشیت. ئەگەر بەسادەیی لێکی بدەینەوە دەبینین بێزار دەبن. بەدڵنیاییەوە هەستەکان کاری خۆیان دەکەن، ئەگەر جڵەوگیر نەکرێن ئەوا جڵەوگیرمان دەکەن. کتێبێکم نووسیوە بە ناوی "*ژیان لە سەرووی هەستەکانتەوە*"، پێشنیار دەکەم کە بیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی لەلایەنی دەروونییەوە لە هەستەکانت بگەیت.

هەستەکانمان هەرگیز بەتەواوی لێمان دوورناکەونەوە بەڵام پێویستە لەسەرمان بەسەریاندا زاڵ بین. پێویستە ئەو شتە ئەنجام بدەین کە دروستە تەنانەت ئەگەر حەزیشمان لێ نەبێت. لەڕێگەی ئەزموونەوە فێربووم کە ئەگەر تەنانەت لە دەیڤ تووڕەش بم، هێشتا هەر دەتوانم هەڵسوکەوت و قسەی خۆشی بۆ بکەم، لەکاتێکدا بە هاوکاری یەزدان لە پڕۆسەی بەخشینی دەیڤدام. ئەم دۆزینەوەیە بۆ من ئاشکراکردنێکی گەورە بوو چونکە چەندین ساڵم لە تووڕەییدا بەسەربرد، چەندی ڕۆژ لە خۆمم دووردەخستەوە تا ئەوە کاتەی هەستەکانم دادەمرکانەوە. هەرگیز نەمدەزانی ئەمە تاکەی بەردەوام دەبێت. هەندێک جار کە دەیڤ داوای لێبووردنی دەکرد خێرا هەستەکانم دادەمرکانەوە بەڵام کاتێک ئەمەی نەدەکرد بەهۆی ئەوەی کە بیری نەدەکردەوە یاخود نەیدەزانی چ هەڵەیەکی کردووە ئەوکاتە چەندین ڕۆژ یان هەفتەی دەخایاند تا ئارام دەبوومەوە. لە کۆتاییدا کە داوای لێبوردنی دەکرد هەستم بە باشتر دەکرد و ڕەفتاریشم باشتر دەبوو لەگەڵیدا. ئەم شتانە بەسەر هەستەکانماندا زال بوون لەجێگەی ئەوەی ئێمە بەسەر ئەواندا زاڵ بین، ئەمەش ویستی خودا نییە.

کاتێک کە خێزانەکەت تۆزێک دڵت دەڕەنجێنێت دەکرێت تووڕە نەبیت بەڵام ئەی دڵڕەنجاندنە گەورەکان؟ ئایا هیچ هاوسەرێکی ئەوەندا ستەمکار هەیە کە نەتوانێت لێخۆشبێت؟ با دوو چیرۆکتان بۆ بگێڕمەوە، پاشان تۆ بڕیار بدە. بیانخوێنەوە و بیر لەوە بکەوە کە کاردانەوەت چۆن دەبوو ئەگەر لە بارودۆخی ئەواندا بواییت.

چەندین ساڵ لەمەوپێش لێپرسراوی فەرمانبەرانی بەشی ڕاگەیاندنی خزمەتەکانی جۆیس مایەر کە ناوی (جنگەر ستەیک) بوو لە پڕۆسەی هاوسەرگیریدا بە بارودۆخێکی زۆر سەختدا تێپەڕبوو. (تێم)ی هاوسەری ڕازی بوو بەوەی کە بەسەرهاتەکەیان لەم کتێبەدا باس بکرێت چونکە بەڕاستی دەیانویست یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە ئازاردراون. دڵی جنگەر میهرەبانی دەنواند بەرانبەر ئەو ژنانەی لە پڕۆسەی هاوسەرگیریەکەیاندا زۆر بەسەختی برینداربووبوون. ئەمە بەسەرهاتەکەیە لەسەر زمانی خۆی:

ئەو کاتەی لە کۆلێژ بووین یەکترمان خۆشدەویست، ماوەی پانزە ساڵ هاوسەرگیریمان کردبوو، دوو کچی جوانکیلەشمان هەبوو. مێردەکەم باشترین هاوڕێم بوو، ژیانیشمان خۆش بوو. هەربۆیە کاتێک زانیم مێردەکەم خووی گرتووە بە فیلمی خراپەوە، خەیاڵ و بۆچوونم لەوەی کە کێ بووە و پەیوەندیمان چۆن بووە پارچە پارچە بوو.

پێم وابوو ئەو عاشقە دڵخۆش و خۆشبەختە نەماین کە پێشتر بووین. لە کەنیسەکەماندا زۆر چالاک بووین؛ لە خزمەتدا کارم دەکرد بەڵام ئەوە هەمووی ڕووی دەرەوە بوو. ڕووخاو و خیانەتلێکراو بوو.

هەستەکانم زۆر بە گوڕ شەپۆلیان دەدا، لە شۆک و تاسانەوە بۆ بێزاربوون و خەفەت خواردن. چۆن دەکرێت ئەو پیاوەی کە هاوبەشی ژیانم بوو، ئەو کەسە بوو کە پێم وابوو زۆر چاک لە دنیادا دەیناسم، ئەم کارە بکات؟ چۆن ئەوەندە ساویلکە بووم؟ چ شتێکی دیکە درۆ بوو؟ بەڵام لە لێشاوی هەستەکانمدا ئەوە تووڕەیی بوو کە قووڵتری ڕەگی داکوتیبوو.

تووڕەییم لێدەباری، لەبەر ئەو شتە قێزەونەی کە هێنابوویە ناو ماڵ و خێزانەکەمان. لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێک کەس پێیان وابێت کە بێوافا نەبووە، بەڵام بەلای منەوە ئەو قسەیە هەر شایانی گوتن نییە. ئەو کاتەی کە پێم وابوو دڵ و خۆشەویستییەکەی لای منە، لە شوێنی تر بووە؛ ئەو بیری لەسەر وێنەی ژنانی دیکە و جیهانە واڵا و کامڵەکەیان دەکردەوە کە هەر لەڕاستیدا بوونی نەبوو. چۆن دەمتوانی ڕکابەری بکەم؟ دەمتوانی لێی خۆشبم؟ بۆچی دەبوو هەوڵی بەخشینی بدەم؟

ئەویش سەری لێشێوا بوو. ئەو شتە قێزەونەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر شاردبووەوە ئێستا بە ئاشکرا لەبەردم ڕووناکیدا دەبینرێت. شەرمەزار و ترساو، تا ڕادەیەکیش هەستی دەکرد ئازاد بووە. بەڵێنیدا هەر شتێکی بکرێت بیکات بۆ یارمەتیدانی. بەڵام هیچ گوێم لەو شتانە نەبوو. چۆن دەتوانم جارێکی دیکە باوەڕی پێبکەمەوە؟ بەهێزبووم، بە دڵنیاییەوە یەکێک نەبووم لەو کەسانەی کە دوو جار لە کونێکەوە مار پێوەم بدات. تەندروستترین شوێنم دۆزیەوە بۆ ئەوەی لە تووڕەییمدا ئارام بگرم، ئەویش نەبەخشینی بوو، ئەوە دڵدەی دام کە جارێکی دیکە ئازار نەچێژم.

تووڕەییەکەم لەجێی خۆی بوو. دەزانی دوو دەستە بۆچوونمان هەیە لەبارەی فیلمی خراپەوە. هەندێک پێیان وایە کە کێشەی نییە و بێزیانە و پێویست بە نیگەرانی ناکات. ئەوانی دیکە پێیان وایە کە شتێکی زۆر قێزەونە، کێشەیەکە تەنیا بۆ سەرلێشێوان، بەلای مەسیحییەکانەوە زۆر جێگەی شەرمە.

کاتێک ئەم شتە ناشرینە هاتە ناو ژیانمەوە، دەمزانی هەر دوو ڕێگەی بیرکردنەوەکە هەڵەن. من قوربانی بووم، دەستم کرد بە گەڕان بەدوای ئەو کەسانەی کە دەمزانی وەکو منیان لێهاتووە. زۆرێک لەو مەسیحییانەی کە

پێیان وایە هەرگیز ناڕۆن بەلای ئەو شتە بێڕەوشتانەدا، ئەوا بە بێدەنگی ئازار دەچێژن. دوور نەمڕوانی و بەدڵنیاییەوە بەبێدەنگی دانەنیشتم.

دەبوایە هەندێک بڕیارم بدابا. ئایا هاوسەرگیرییەکەمان لەو شتە ڕزگاری دەبێت؟ کاریگەری چۆن دەبێت لەسەر منداڵەکانمان؟ خەمی گەورەم منداڵەکان بوو.

بزانیت یان نا، ناتوانیت تووڕەییەکەت تایبەت بکەیت بە کەسێک بە بێ ئەوەی ژیانت ژەهراوی نەکەیت. ڕێگەم نەدەدا ئازارم کاریگەری لەسەر توانای بوو بە دایکێکی باش بۆ کچەکانم هەبێت یان لە ژیانمدا لە یەزدان دوور بم.

هەمیشە مەسیح تاکە پەناگەم بووە، پێویست بوو بەپێی پێویست لەو تووڕەییەمدا لەسەرخۆ بم بۆ ئەوەی ببێت بە پەناگە بۆم. لەم ناخۆشیەمدا داوام لێکرد، ئاماژە و ڕێگەی ئەو ئاشکرا بوو. ئەوەی کە داوای لێکردم زۆر لە لووتبەرزی و تووڕەییەکەم گرنگتر بوو. تەنیا وەڵامێک بۆ داواکارییەکەم ئەوە بوو خودا داوای لێکردم ببەخشم.

دەمزانی کە هێزم نەبوو بەڵام بەخشینی تێم تۆوێک بوو کە پێویست بوو بۆ هێنانی شیفا بێچێنم. ئەوە بڕیار بوو نەک هەست، خودا بەڵێنی پێدابووم لەو لایەنەوە یارمەتیم بدات. یەزدان داوای لێنەکردم کە متمانەم بە هاوسەرەکەم بێت؛ بەڵکو داوای لێکردم کە متمانەم بە ئەوە بێت. چۆن دەمتوانی ئەو یەزدانە ڕەتبکەمەوە کە ئەوەندە لە من خۆشبووە؟

ئەوە بڕیارێکی ڕۆژانە و سەخت بوو، بەڵام یەزدان زۆر وەفادارە تەنانەت ئەگەر ئێمە وەفادار نەبین. یەزدان من و هاوسەرەکەمی ڕێنوێنی کرد بۆ دەستەی ڕاوێژکارێکی مەسیحی و گروپی وەڵامدانەوە، ئەو تۆوەی کە چاندم بەهێواشی گەشەی کرد و بووە گوڵی تەواو کراوەی شیفابەخش.

ئێستا بۆ زیاتر لە دە ساڵە، دوو عاشقەکەی کۆلێژین و زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە هاوسەرگیریمان کردووە، دو کچی جوانمان هەیە کە خودایان خۆشدەوێت. هاوسەرەکەم باشترین هاوڕێمە و ژیانیشمان خۆشە.

***

(جۆونس بێیلەر) وەکو زۆربەی منداڵەکانی ئامیش گەورە ببوو کە خێزانەکەی و یەزدانی خۆشدەویست. باوەڕی وابوو کە سەرکەوتن تەنیا لەڕیگەی هەوڵدانی زۆرەوە دەبێت، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن نیشانەی کۆمەڵگای ئامیس، باشترین تێگەیشتن لەسەر هیزی لێخۆشبوون بەندە.

جۆونس کۆمەڵگای ئامیشی جێهێشت و دوای خەونی بوون خەونی بوون بە خاوەنی دووکانێکی میکانیکی کەوت. هەروەک چۆن زۆر جار وتویەتی: "هێزی ئەسپم خۆشتر دەوێت لە خودی ئەسپەکە." ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (ئان)ی خۆشەویستی پێکهێنا.

جۆونس و ئان ژیانێکی سادەیان دەبردە سەر لەسەر کێڵگەی خانەوادەکەی ئان، ئەوان زۆر دڵخۆش بوون. جۆونس میکانیک بوو و خێزانیشی سەرقاڵی گەورەکردنی دوو کچەکەیان (لاونا و ئانجی) بوو. لەبەرئەوەی ئەمان یەکێک بوون لە ئەندامانی دامەزرێنەری کەنیسەیەکی پێشکەوتووی ئەو ناوچەیە هەربۆیە کاتی بێکارییان لە ئیش کردنی بەردەوام لەگەڵ قەشەیەک بەسەردەبرد کە هاوڕێی نزیکی جۆونس بوو. قەشەکە زۆر پشتی بەوان دەبەست کە وەک قەشەیەکی گەنج ڕۆڵیان هەبوو. بەڵام ئەو ڕازیبوونەی کە لەو کاتەدا هەستیان پێدەکرد خەریک بوو بەرەو تاریکاییەکی ئەوەندە خراپ و قوڵدا بڕوات کە بە قسەی خۆیان زۆری نەمابوو ژیانیان بەتەواوی لەناوببات.

ئان و جۆونس لێک دوورکەوتنەوە، هەریەکێکیان بە بێدەنگ ئازاری دەچێژت، بەهۆی لەدەستدانی کچە گەورەکەیان لە تەمەنی نۆزدە مانگیدا بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستدابوو. ئان بە تەواوی گەیشتە ئەوپەڕی نائومێدی. قەشەکەی جۆونس لەگەڵ ئاندا یەکشەمەیەک سەبارەت بە خەم و ناڕەحەتی لەدەستدانی کچەکەی نوێژی کردبوو. دوای نوێژکردنەکە داوای لێکردبوو کە پەیوەندی بە هاوسەرەکەیەوە بکات. ئان بە جۆونسی گوت کە چی ڕوویداوە. جۆونس هەر زوو بۆی دەرکەوت شتێکی باش دەبێت کە ئەو قەشەیە دەبینێت. جۆونس کە ناتوانێت یارمەتی ئان بدات، بەڵام لەوانەیە هاوڕێکەی بتوانێت یارمەتی بدات.

هەر لە سەرەتاوە ئان دەیتوانی هەست بەوە بکات کە بینینی قەشەکە دروست نییە. لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ئاڵۆزی باوەڕ" باسی یەکێک لەو بینینانە دەکات: "باوەڕم نەدەکرد کە چەند هەستێکی خۆش بوو کە باسی ئانجیم دەکرد، سەبارەت بەو ڕۆژەی کە مرد، سەبارەت بەوەی کە هەستم چۆن بوو ... کاتێک هەستام و ویستم بڕۆم .... قەشەکە بۆ ماوەیەک باوەشی پێداکردم، بەڵام کە سەرم هەڵبڕی .... ماچی کردم ....

لەکۆتاییدا وازی لێهێنام و گوتی: "ئان، زۆر باش دەزانم کە پێویستی زۆرت لە ژیانتدا هەیە کە ئەمانەش بە جۆونسی هاوسەرت دابین ناکرێن بەڵام من دەتوانم هەموویانت بۆ دابین بکەم. کاتێک ڕامکردە ناو ئۆتۆمبێلەکەم تەنیا لە یەک شت دڵنیا بووم: هەرگیز ناتوانم بە جۆونس بڵێم .... هەرگیز باوەڕی پێ نەدەکردم."

هیشتنەوەی ئەو نهێنییە ئەوەی دەسەلماند کە هەڵەیەکی کوشندەیە. بە تەنیا قەشەکە سەبارەت بە ژیانی ئان دەدوا، ئان نێچیرێکی ساویلکە بوو بۆ داوەکانی. تەواوی ئەو شەش ساڵی عەشق بازییە، جۆونس هەرگیز گومانی نەبوو لە دڵسۆزی هاوڕێ باشەکەی، یان لەوەی کە قەشەکە هاوسەرەکەی بۆ خۆی بردووە.

کاتێک ئان لە پەیوەندییەکە ڕزگاری بوو، دەیزانی کە دەبوا بە جۆونسی بوتبا کە چی ڕوویداوە. جۆونس دەڵێت: "دوای ئەوەی کە ئان ئەوێی بەجێهێشت لە دیوارەکە ڕامام .... بۆم دەرکەوت کە بیروهۆشم دەچێتە هەندێک شوێنی تاریکەوە .... نوێژم کرد: 'ئەی یەزدان، تکایە ڕێگە مەدە کازیوەی ڕۆژێکی دیکە ببینم.'"

ڕۆژی دواتر جۆونس تەلەفۆنی کردبوو بۆ ئەو ڕاوێژکارەی کە لە کەنیسە قسەی لەگەڵ دەکرد، هەر ئەویش پێی وتبوو کە مەسەلەکە چییە. ئەو تەلەفۆنە خستیە سەر ڕێگەی لێخۆشبوون کە نەک تەنیا شیفای بۆ جۆونس هێنا، بەڵکو شیفای بۆ تەواوی خێزانەکە هێنا. ڕاوێژکار شتێکی بە جۆونس گوتبوو کە بۆ هەتاهەتایە ژیانی گۆڕی. پێی گوتبوو: "تاکە دەرفەتێک کە مابێت بۆ پاراستنی خیزانەکەت ئەوەیە کە بەو شێوەیەی عیسا تۆی خۆشدەوێت تۆش هاوسەرەکەت خۆش بوێت."

بۆ هەندێک کەس ڕەنگە ئەو وشانە بەس نەبێت بۆ هێوربوونەوەی ئەو تووڕەییەی کە خیانەت هۆکارەکەیەتی. بەڵام بۆ جۆونس ئەوەندە بەس نەبوو. ئەو تواناکانی نیشان دەدات بۆ ئەوەی کە دەست بکات بە بەخشین و بڵێت: "هەرچۆنێک بێت لەبەر قووڵی باوەڕم و دابونەریتی ئەو باوەڕە بەهێزەی کە تێیدا گەورە بووم، لە پێشتر زیاتر لە ڕۆحمدا قووڵ بوومەوە و بینیم کە یەزدان بەرەکەتی ئەوەی پێدام کە شتی وا بکەم کە هەرگیز پێم وانەبوو بتوانم بیکەم ... ئەو تاکە هیوایەک بوو کە هەمبوو؛ دۆزینەوەی ئەوەی کە چۆن مەسیح منی خۆشدەوێت بۆ ئەوەی منیش بەهەمان شێوە هاوسەرەکەم خۆشبوێت."

یەزدان وای لە جۆونس کرد کە لە خۆشەویستییەکەی تێبگات. لەبەرانبەردا جۆونس توانی ئەم خۆشەویستییە بۆ ئان دەربخات، بەخشینی هاوسەرەکەی لەگەڵ بەخشینی عیسا کە مرد بۆ ئەوەی بە هەمووومانی بدات.
هەرچەندە وەک ئەوەی کە جۆونس باسی لێوە دەکات، گەڕانەوەی پەیوەندیەکەیان بۆ حاڵەتی پێشتر ئەو شەوە ڕوووینەدا. جۆونس دەڵێت: "سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتییەی کە تووشم بووو پەیمانم دابوو ... گرنگ نییە هەستم چۆن بووو، ئەوپەڕی هەولی خۆم دەدەم بۆ ئەوەی بەردەوام بم ... ئەمڕۆ وەک چیرۆکێکی زۆر بەهێز دەرەکەوێت چونکە کۆتاییەکی خۆشی هەبوو. بەڵام ... نائارامی ناوبەناو خۆی نیشان دەدات.
چاکبوونەوە لە شتێکی لەم شێوەیە مانای ئەوە نییە کە هاوسەرگیرییەکی بێکێشەت دەبێت. دووبارە گەڕانەوە بۆ هەمان پەیوەندی شتێکی مەحاڵ نییە. هەر کاتێک دەرفەتی ئەوەم هەبێت کە هاوسەرەکەم بناسێنم، پێی دەڵێم .... باشترین هاوڕیم، خێزانەکەم، دایکی هەموو منداڵەکانم، داپیری هەموو نەوەکانم. لەکاتێکدا بەو بارودۆخە ناهەموارانەدا تێپەڕین هەمیشە خەونم ئەوە بوو کە بتوانم بڵێم: 'بەهۆی خۆشەویستی مەسیحەوە خەونەکەم هاتە دی.'"

کەسەکانی هەر یەکێک لەو دوو چیرۆکەی سەرەوە تووشی بارودۆخی زۆر سەخت بوونەتەوە کە سەرەتایەکی ڕوونی دڵشکان و ئازار بوون. دەکرا تەسلیم بن و لە ژیانی خێزانداریيان دوور بکەوەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە بە شکۆمەندی و میهرەبانی یەزدان توانییان و ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو کە لە یەکتر خۆشبن. بەڵێ، سەرنجڕاکێشە. بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئێمە خزمەتی خودایەکی گەورە دەکەین! دەبێت سوپاسی یەزدان بکەین کە ئامرازی بەسەردا زاڵبوونی وەڵامە سۆزدارییەکانی ئەو ئازارانەی کە هەر ئێستا لەبارەیانەوە خوێندمانەوە پێداوین. بەڕاستی هیچ شتێک بۆ یەزدان مەحاڵ نییە.

ئەگەر لەژێر ڕکێفی هەستەکانماندا بین ئەوا شەیتان بەسەرماندا زاڵە. تەنیا دەیەوێت هەستی خراپمان بداتێ بۆ ئەوەی ئێمەش بەهەمان شێوە ڕەفتار بکەین. بەڕاستی دەتوانیت ئەوە ببینیت کە ئەمە هەرگیز کارناکات. دەبێت فێربین کە لە سەرووی هەستەکانمانەوە بژین. ئەگەر بمانەوێت دەتوانین ئەو کەسانە ببەخشین کە ئازارمان دەدەن. دەتوانین نوێژ بۆ دوژمنەکانمان بکەین ئەگەر حەزمان لێبێت یان نا. دەتوانین قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەین یان خۆمان لە باسکردنیان بە خراپە بپارێزین. دەتوانین ویستی یەزدان جێبەجێ بکەین، بەبێ ئەوەی گرنگی بە هەستمان بدەین.

هەستەکانمان بەشێکن لە ڕۆحمان، دەتوانن باش بن و هەستی باش بەرهەم بێنن بەڵام دەشتوانن کە ڕێک پێچەوانەکەی ئەنجام بدەن. دەکرێت خزمەتی یەزدان بکەن یان خزمەتی شەیتان، پێویستە هەڵبژێرین کە کامیان دەبێت. کاتێک کەسێ ئازاری هەستەکانم دەدات و ڕێگەمدا ئەو هەستە بریندارانەم دەست بەسەر ڕەفتارەکانمدا بگرن، ئەوا ئەو کاتە من ڕێک لە ژێر دەستەکانی شەیتاندا یاری دەکەم. بەڵام ئەگەر ئەوەم کرد کە یەزدان داوام لێدەکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەستەکانم، کەواتە تواناکانم نەک تەنیا بەسەر هەستەکانمدا زاڵدەکەم بەڵکو بەسەر شەیتانیشدا هەمان شت دەکەم. گەورەترین توانا و ڕازیبوونم دۆزییەوە لە خێرا بەخشین و نویژکردن بۆ ئەوانەی کە ئازارم دەدەن. دەزانم ئەوە کارە دروستەکەیە کە دەبێت ئەنجامی بدەم گرنگ نییە چۆن هەست دەکەم، ئەنجامدانی کاری پێویست هەمیشە ڕازیبوونی دەروونیمان پێدەدات.

هەستەکان ڕاستی تۆ نین. ئارەزووی تۆ کە لە لایەن یەزدانەوە هێزی پێدراوە بریتییە لە "بەرپرسی گەورە" لە بڕیارەکانتدا، تەنانەت ئەگەر هەستەکانت لە شەپۆل لێدانی بەردەوامدا بن. کاتێک بقوم بوون، ئێمە دەتوانین بە جێگیری بمینینەوە. ئەگەر بڕیارماندا کارە دروستەکە ئەنجام بدەین بەلامانەوە گرنگ نەبێت چۆن هەستدەکەین، لە کۆتاییدا هەستەکانمان لەگەڵ بڕیارەکانمان بەیەک دەگەن. بەشێوەیەکی تر، ناتوانین چاوەڕێ بکەین تا هەست بە دروستی دەکەین پاشان کاری دروست بکەین، کاری دروست دەکەین پاشان هەستەکان خۆیان دێن. لەوانەیە هەر شەپۆل بدەن بەڵام هەستەکان دەتوانرێت پەرەیان پێبدرێت هەر کە سوور بووین لە گوێڕایەڵیمان بۆ ویستی یەزدان. کاتێک ئەوە دەکەیت کە یەزدان داوای لێتکردووە، دەتوانی متمانی پێبکەیت بۆ شیفادانی هەستە بریندارەکانت.

پلانی باش بریتییە لەوەی کە لە کاتی بڕیارداندا هەرگیز گوێ نەدەیتە هەستەکانت. با هەرگیز بەوەی کە چۆن هەستدەکەیت یاوەری نەکرێیت، با ڕۆحی یەزدان و ژیرییەکەی یاوەریت بکات.

ناتوانین پێشگیری بکەین لەوەی کە خەڵکی دیکە چیدەکەن و چۆن هەڵسوکەتمان لەگەڵ دەکەن بەڵام دەتوانین دەست بگرین بەسەر وەڵامدانەوەیان. ڕێگە مەدە هەڵسوکەوتی خەڵکی تر دەستت بەسەردا بگرن. ڕێگەیان مەدە خۆشیت لێ زەوت بکەن؛ لەبیرت بێت کە تووڕەییت نایانگۆڕێت، بەڵام نوێژکردەن دەتوانێت بیانگۆڕێت.

## چۆن نوێژ بۆ دوژمنەکانت دەکەیت

بێگومان سەختە تەنانەت بیر لە نوێژکردن بکەیتەوە بۆ ئەوە کەسەی کە ئازاری داویت، ئینجا ئەو کەسە هاوڕێیە، بێگانەیە یان خۆشەویستە. بەڵام دەکرێت ئەنجام بدرێت. نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو دەتوانم دڵنیات بکەمەوە وەکو زۆربەی شتەکان، بە ڕاهێنان کردن ئاسانتر دەبێت.

***

ژنە کرێکارێکی سەختکۆش کە دەیانساڵی لەسەر زەوی سەرمایەدارێک بەسەربردبوو. کاتێک لە سەرەتاکانی چل ساڵیدا بوو لەلایەن یەکێک لە باشتری کۆمپانیاکانی پیشەسازی ئیشێکی بەرزی خرایە بەردەست کە مووچەیەکی زۆری هەبوو. ماوەی بیست ساڵ بوو لەگەڵ کۆمپانیاکەی خۆیدا مابوەوە هەروەها فەرمانبەر و هاوکارەکانی ڕێزێکی زۆریان لێدەگرت. تەنانەت لە بارودۆخی خراپی ئابووریشدا دڵنیا بوو کە ئیشەکەی ئێستا لەڕادەبەدەر پارێزراوە. ئایا بەڕاستی دەیەوێت ئەوە بخاتە مەترسییەوە بۆ ئیشێک کە تێیدا "کارمەندێکی نوێ" دەبێت؟

بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە کە ئیشە نوێکەی خستبووە بەردەستی، ناوی "ستیڤ" بوو، چەند ساڵێک لەمەوبەر ئیشی بۆ کردبوو. ئەو دەیزانی کە بەڕێوەبەرێکی باشە و پیاوێکی دادپەروەرە. بەڕێوەبەرەکە ئەوی دڵنیا کردبۆوە کە بێخەم بێت لەوەی کە وەکو هەمیشە دادپەروەرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. دوای نوێژ و تێڕامانێکی زۆر، (زێرێس) و مێردەکەی بڕیاریاندا کە کارە نوێیەکە قبووڵ بکەن.

کارە نوێیەکە زۆر خۆش بوو. بەرپرسیاریەتییەکانی ڕێک لەگەڵ تواناکانیدا دەهاتنەوە. لە کۆمپانیا تازەکەدا سەرکەوتوو بوو. بەڵام هاوکارێکی ڕووگرژی، ئەو ژنە ناوی (جەیک) بوو، لەگەڵ هیچ کەسێکدا ڕووخۆش نەبوو. فایلە شەخسییەکەی پڕبوو لە گلەیی هاوکار و کرێکارەکان کە خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵیان کردبوو. هەموو کەسێک تەنانەت بەڕێوەبەری کۆمپانیاش دەیزانی کە جەیک سەربە گێچەڵە. زێرێس هەوڵی تەواوی خۆیدا بۆ ئەوەی لەگەڵ جەیکدا کێشەیەکی نەبێت و نیگەران نەبێت.

بەپێی تێپەڕبوونی کات، هەڵسوکەوتی جەیک بەرانبەر زیرێس توندتر و نەشیاوتر دەبوو، پێی وابوو کە جەیک نایەوێت ئەوە لەو کۆمپانیایەدا کاربکات. ڕۆژێک لە کۆبوونەوەی هەمەلایەنەدا، جەیک لە ژووری جێگری سەرۆک کە کەسانێکی زۆری لێبوو زێرێسی شەرمەزار کرد، جەیک درۆی کرد و گوتی کە حیسابێکی زۆر گەورەیان لەدەست داوە، هەموو هەڵەکەشی خستە ئەستۆی زێرێس.

دوو ڕۆژ دواتر سەرۆک زێرێسی بانگی ژوورەکەی کرد و لە ئیشەکەی دووری خستەوە و فەسڵی کرد. جەیک هەمان درۆی بۆ بەڕێوەبەریش گوتبوو. ئەویش باوەڕی بە قسەکانی کردبوو بەبێ ئەوەی ڕێگە بە زێرس بدات بەرگری لە خۆی بکات. زێرێس دڵنیا نەبوو کە لە کامیان تووڕەیە، جەیک یان ستیڤ. لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا زێرێس لە ئیشەکەی کرایە دەرەوە و پیشەسازیش وەرینەگرت.

ئەو شەوە زێرێس بەوپەڕی ویرانییەوە ڕۆیشتەوە ماڵ. کە کاتی خەو هات، مێردەکەی بەدەنگی بەرز نوێژی دەکرد و چاوەڕێی زێرێس بوو کە هەمان شت دووبارە بکاتەوە، ڕاهێنانێک کە هەموو شەوێک دووبارەیان دەکردەوە. هەر کە نوێژی کرد، زێرێس دەیزانی کە دەبێت نوێژ بۆ جەیک و ستیڤ بکات. هەروەها دەیزانی کە لەو کاتەدا ڕقی لێیانە. تا ئەو جێگەیەی کە دەیزانی هەردووکیان خیانەتیان لێی کردبوو. ئێستا فەرمانبەر نییە، ژیانیان وەکو جارانە، دەبێت نوێژیشتان بۆ بکات؟

نوێژی کرد و گوتی: "ئەی یەزدان، دەزانم کە دەبێت نوێژ بۆ دووژمنەکانم بکەم. کە جەیک و ستیڤن، ئەوان داهاتوومیان خستینە مەترسییەوە بە بێ هیچ هۆکارێکی گونجاو. زۆر لێیان تووڕەم. لەبەردەم تۆدا دان بەوەدا دەنێم کە نامەوێت نوێژیان بۆ بکەم. بەڵام دەبێت بۆیان بکەم، تکایە مەحکومیان بکە بەوەی کە چییان بەسەر هێنام، بە ناوی مەسیح، ئامین!"

زێرێس پێی وتم کە دوو مانگی خایاند، بەڵام هیچ شەوێک کە نوێژی بۆ جەیک و ستیڤ دەکرد نوێژەکانیان دەستیان بە گۆڕانکاری کرد. پێش ئەوەی درەنگ بێت دەستی کرد بە نوێژکردن بۆ هەناسە تەنگی جەیک. پاشان نوێژی کرد کە ستیڤ کەسێکی باش بۆ شوێنە چۆڵەکەی ئەو بدۆزێتەوە و ئەو کەانەی کە ئیشیان بۆ زێرێس دەکرد بەڕێوەبەرە تازەکەیان خۆشبوێت. نوێژی بۆ هەندێک لە کێشە تایبەتەکانی خۆی کرد کە تووشی هەر یەکێکمان دەبێت.

کەم کەم هەستەکانی زێرێس بەرانبەر جەیک و ستیڤ گۆڕان. پێی وتم هەرچەندە ئەو ئازارەی کە لەدەستیان چێژتبووی ئاسەوارەکەی ماوەتەوە بەڵام بەتێپەڕبوونی کات کەم دەکات، هەروەها نوێژی کرد بۆ ئەوەی خودا بەرەکەتداریان بکات، بەوپەڕێ نیەت پاکی و بەمەبەستەوە بوو! کاتێک جەیک دوای دوو ساڵ لەسەر ئیشەکەی دەرکرا، زێرێس زۆر پەرۆش بوو بۆ جەیک و سەردانی کرد. هیچ کەسێک هێندەی زێرێس خۆی بە میهرەبانییەکەی سەرسام نەبوو. بەڵام بەدڵنیاییەوە یەزدان لەسەرخۆ ئیشی لەسەر کردبوو.

کەواتە، چۆن نوێژ بۆ دوژمنەکانت دەکەیت؟ تەنها نوێژ بکە. لە سەرەتادا حەزی پێناکەیت بەڵام وەکو زێرێس ئەزمووونی شیفای ڕۆحی دەکەیت ئەگەر لە جیاتی هەستەکانت گوێڕایەڵی یەزدان بیت.

## بەشی یازدەیەم

### دۆزینەوەی لێخۆشنەبوونی شاراوە

بیرم دێت کە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر جارێکیان لە ڕۆژی سێشەمدا ڕۆیشتم بۆ کەنیسە و گوێم لە قەشەکە بوو گوتی کە دەیەوێت فێرمان بکات کە چەندە پێویستە ئەو کەسانە ببەخشین کە ئیهانەمان دەکەن. بە لەخۆڕازیییەوە بیرم کردەوە: "هیچ جۆرە لێخۆشنەبوونێکم نییە (هەموو کەسێکم بەخشیوە)." لە وتارێکدا دانیشتم کە دڵنیا بووم پێویستم پێی نەبوو. بەڵام کە شەو تێپەڕی بۆم دەرکەوت کە لە دڵمدا نەبەخشین نییە بەڵام شاردراوە بوو. لەوانەیە ڕێگەیەکی تر بۆ وتنی ئەوەیە کە بڵێم من خۆم لە نەبەخشینەکە شاردبۆوە. زۆر بە دەگمەنی دەتوانین بەئارامییەوە ڕووبەڕووی گوناهەکانمان ببینەوە و بەو جۆرە بانگی بکەین کە هەی. دەتوانین شتەکان لە قووڵایی ناخمان دابنێین لەگەڵ ئەوەی کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەرمان دەبێت، تەنانەت نازانین کە بوونیان هەیە. زۆربەی کات لەوە گەورەتر سەیری خۆمان دەکەین کە دەبێت بیکەین و تەنانەت حوکم بەسەر شکستی خەڵکی دیکەدا دەکەین و ڕازی نین گوناهەکانی خۆمان ببینین.

یەزدان لەو شەوەدا دوو حاڵەتی تایبەتی ژیانمی دەرخست و بەڕوونی نیشانی دام کە من هەڵسوکەوتی نەبەخشینم هەبووە.

کتێبی پیرۆز چیرۆکی دوو برامان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەردووکیان ون ببوون، یەکێکیان لە گوناهەکانیدا و ئەوەکەی دیکەیان لە دینەکەیدا. هەریەک لەوان بەڕێگەی جیاواز لە یەزدان دووربوون. بەگشتی بەم چیرۆکە دەڵێن "چیرۆکی کوڕە دەست بڵاوەکە" و زیاتر تیشک خراوەتە سەر کوڕە گەنجەکەیان کە داوای بەشە میراتی خۆی دەکات و ماڵ بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی پارەکەی باوکی لە تاوان و گوناهدا سەرف بکات. هەروەک زۆربەی گوناهبارەکانی دیکە ئەویش بە وێرانییەکی زۆر کۆتایی هات. پارەکەی ڕۆیشت، لە کێڵگەی بەرازدا کاری دەکرد و خواردنی بەرازەکانی دەخوارد. دوای وردبوونەوە لە حاڵەتە خەماوییەکەی بڕیاری دا بگەڕێتەوە

بۆ لای باوکی و بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بیبەخشێت و گەورەیی ئەوەی بداتێ کە بە خزمەتکار قبووڵی بکات. (لۆقا ١٥: ١١- ٢٢)

باوک لەم چیرۆکەدا مانای خودا دەگەیەنێت، بە هاتنەوەی کوڕەکەی دڵخۆش بوو و بەخۆشی ئەوەوە دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ ئاهەنگێکی گەورە. بەڵام کوڕە گەورەکەی زۆر دڵتەنگ بوو و بڕیاری دا کە بەشداری لە ئاهەنگەکەدا نەکات. پێی وابوو کە بە هەڵسوکەوتی پاک و ڕاست و دروست ژیانی بردوەتە سەر و هەموو ئەو کارە باشانەی کە کردوویەتی بەبیری باوکی هێنایەوە و گوتی کە هەرگیز ئاهەنگی بۆ نەگێڕاوە. بە ئاشکرا دەتوانین ئەوە ببینین کە برا دیندارەکە بە هاتنەوەی برا بچووکەکە خۆشحاڵ نەبووە و بگرە دژە کرداریشی نیشان داوە و تووڕە بووە. ئەو لە ڕاست و دروستی خۆیدا ون ببوو. شانازی بە ئیشە باشەکانی خۆیەوە دەکرد کە کردبوونی و گوتی کە برا بچووکەکەی شایانی ئەو ڕەفتارە باشەی نییە کە بەرانبەری دەکرێت. برا گەورەکە نەیتوانی ئەوە ببینێت کە هەڵسوکەوتەکەی ئەو تەنانەت زۆر خراپترە لە هەڵسوکەوتی برا گەنجەکەی.

ئەگەر لەو کاتەدا کەسێک بەرانبەری ڕابوەستابا و پێی گوتبا: "تۆ لێخۆشنەبوونت لەناو دڵدایە" ئەوا بێگومان باوەڕی نەدەکرد. ئەو بەرانبەر گوناهەکانی کوێر ببوو بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتەی کە لە لایەنی ئاکارییەوە بەلای ئەوەوە ڕاست و دروست بوو. لەڕاستیدا کوڕی باش بوو و سەرپێچی یاساکانی نەدەکرد، بەڵام یەزدان دڵی بەوە خۆش نەبوو چونکە دڵی ڕاست نەبوو. ئەگەر چەند ساتێکی بۆ ڕوانین لە ڕەفتارەکانی تەرخان کردبا ئەو بۆی دەردەکەوت کە زۆر پێویستی بە لێخۆشبوونە.

## شەش هەڵسوکەوت کە لێخۆشنەبوون ئاشکرا دەکەن

### 1. لێخۆشنەبوون هەمیشە دەژمێرێت و حیساب دەکات

دووبارە باسکردن لە لیستی ئەو کارە باشانەی کە کردوویەتی، کوڕە گەورەکەی گوتی: "ئەم هەمووە ساڵە خزمەتم کردووی." کارە باشەکانی ژماردبوو، بەتەواوی دەیزانی کە چەند ساڵ کاری باش لەناو ئەژماردەکەیدا هەیە. خالی کۆکردەوە، ئێمەش هەمان ئارەزوومان هەیە. حەزدەکەین هەڵسوکەوتی ویستراوی خۆمان و هەڵسوکەتە گوناهاوییەکانی خەڵکی دیکە بژمێرین. بەراورد دەکەین، لەبیرماندا خۆمان پلەیێک لە سەرووی خەڵکی دیکەوە دادەنێین. عیسا هات بۆ ئەوەی جیاوازی چینایەتی لەناو ببات. ئەگەر گوناە بکەین یارمەتیمان

تەنیا لە ئەودایە، ئەگەر کاری باش بکەین ئەو تەنیا لەبەرئەوەیە کە توانای ئەنجامدانی ئەم کارە باشەی پێداوین. ئەو حیسابی هەموو ئەو کارە باشانەی لایە کە ئێمە هەتا ئێستا ئەنجامان داوە. ئێمە بەبێ ئەوە هیچ نین. ئەوەی کە هەین تەنیا بەهۆی ئەوەوەیە. کەواتە هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان لەناوچوون، هەموو لە مەسیحدا یەکین.

برا گەورەکە کارە باشەکانی خۆی و کارە خراپەکانی برا بچووکەکەی ژمارد. ئەمە هەمیشە نیشانەی ئەوەیە کە نەبەخشین لەدڵماندایە. عیسا پرسیاری لە پەترۆس کرد کە دەبێت چەند جار لە براکەت خۆشبیت (مەتا ١٨: **٢١- ٢٢**). ئەو بە دڵنیاییەوە ئیهانەکانی ژمارد. خۆشەویستی ئەو خراپەیە ناژمێرێت کە بەرانبەری دەکرێت (یەکەم کۆرنسۆس **١٣: ٥**). ئەگەر ئێمە ملکەچی عیسا بین و لەو جۆرە خۆشەویستییەدا هەنگاو بنێین کە ئەو ئێمانی نیشان داوە ئەوا نابێت ئیهانەکان بژمێرین (دەبێت ئیهانەکان پشتگوێ بخەین). کاتێک لێخۆشدەبین ئەوا دەبێت بەتەواوی لێخۆشبین، ئەمەش واتە دەبێت وازی لێبێنین و چیتر بیری لێ نەکەینەوە. ئەگەر هەوڵ بدەین ئەوا بەبیرمان دێتەوە کە پێویست ناکات. دەتوانین ببەخشین و لێی دووربکەوینەوە، چیتر بیری لێنەکەینەوە و قسەی لەسەر نەکەین.

کاتی وا هەبوو کە دەمتوانی هەموو ئەو شتانە بەبیر خۆم بێنمەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەیڤ بەرانبەرم کردبوونی بۆ ئەوەی تووڕەم بکات. هەموو هەڵەکانی ئەوم دەزانی، باوەڕ دەکەیت یان نا، ئەوەندە هەستم بە شانازی دەکرد کە هەمیشە نوێژم بۆ دەکرد بۆ ئەوەی بگۆڕێت. نوێژم بۆ ئەو دەکرد و بەرانبەر هەڵسوکەوتە خراپەکانی خۆم بە کوێری مامەوە! ئێستا تەنانەت ناتوانم ئەو شتەتان پێبڵێم کە دواین جار دەیڤ کردی بۆ ئەوەی تووڕەم بکات یان نیگەرانم بکات. چاکەیەکم لەگەڵ خۆم کرد و وازم لە ژماردنی هەڵەکانی هێنا. ئێسا من خۆشحاڵترم، شەیتان دڵتەنگە چونکە قەڵایەکی لە ژیانم لەدەستدا.

هەر ئێستا لە خۆت بپرسە ئایا ئەو شتانە دەژمێریت کە خەڵکی بۆ تۆی ئەنجام دەدەن و تۆش بۆ ئەوان؟ ئەگەر ئەوهایە ئەوا تۆ لە پەیوەندییەکانتدا تووشی کێشە دەبیت و لەدڵتدا نەبەخشین هەیە کە پێویشتە تۆبەیان لێ بکەیت.

### 2. لێخۆشنەبوون خۆی بە کارە باشەکانەوە هەڵدەکێشێت

برا گەورەکە بە باوکی گوت کە هەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانی باوکی نەکردووە ... ئەو شانازی بە کارە باشەکانی خۆیەوە دەکرد و باسی گوناهەکانی براکەی دەکرد. حوکمدان هەمیشە دەڵێت "تۆ خراپیت و من باشم." کتێبی پیرۆز پڕە لە پەند و ئامۆژگاری لەبارەی مەترسی حوکمدانی ڕەخنەگرانە لە خەڵکی دیکە. ئەو شتە دەدورینەوە کە دەیچێنین، بەو شێوەیەی کە حوکمی خەڵکی دەکەیت بەهەمان شێوە حوکمت بەسەردا دەدرێت. ئەگەر ئێمە میهرەبانی بچینین ئەوە میهرەبانیش دەدورینەوە. بەڵام ئەگەر ئیمە حوکمدان بچینین ئەوا حوکمدانیش دەدورینەوە (مەتا ٥: ٧، ٧: ١- ٢).

برا گەورەکە بەزەیی نەبوو، کە زۆربەی جار ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ڕاست دەزانن بەو شێوەیەن. عیسا هەندێک شتی سەرسوڕهێنەری دروستی هەبوو کە بە فەریسییەکەی سەردەمی خۆی بڵێت. عیسا گوتی ئەوان وتار لەسەر ئەو شتە دەدەن کە چی دروستە ئەوە بکەین، بەڵام ئەوان خۆیان جێبەجێی ناکەن. هەموو ئەو کارانەی کە دەیانکرد تەنیا بۆ ئەوە بوو کە خەڵکی بیانبینن. ئەوا خۆیان دەردەخست (دوو ڕوو بوون) چونکە دوای هەموو یاساکان کەوتبوون بێ ئەوی پەنجەیەک بەرز بکەنەوە بۆ یارمەتیدانی کەسێت. ئەوان ڕووی دەرەوەی پیاڵە پاک دەکەنەوە لەکاتێکدا ڕووی ناوەوەی بە پیسی ماوەتەوە. بەجۆرێکی دیکە، بۆی هەیە هەڵسوکەوتەکانیان باش بووبێت بەڵام دڵیان خراپ بوو (مەتا ٢٣). کەسە ئایینە خۆپەرستەکان دەکرێت یەکێک بن لە دڵڕەقترین کەسەکانی سەر ڕووی زەوی. عیسا بۆ ئەوە گیانی نەسپارد کە ئێمە دینمان هەبێت بەڵکو بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەوە بتوانین پەیوەندییەکی نزیکمان لەگەڵ خودا هەبێت. پەیوەندی ڕاستەقینە لەگەڵ یەزدان دڵمان نەرم دەکات و بەرانبەر خەڵکی دیکە میهرەبانمان دەکات.

ئەو شەوە لە کەنیسە دانیشتبووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە هیچ نەبەخشینێک لەدڵمدا نییە، دەمتوانی پێت بڵێم کە بە تەواوی حەفتانە چەند کاتژمێر نوێژم دەکرد و چەند بەش لە کتێبی پیرۆزم دەخوێندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئاگا بووم لە هەڵسوکەوتی دڵم کە یەزدان بەلایەوە ناپەسەند بوو. من نموونەی برا گەورەکە بووم. سوپاس بۆ یەزدان، ئەو منی گۆڕی بەڵام هەمیشە کات تەرخان دەکەم بۆ لێکۆڵینەوە لە دڵم و دڵنیا دەبم لەوەی کە ئەو کارە باشانە ناژمێرێت کە یەزدان لەڕێگەی منەوە ئەنجامی دەدات. کتێبی پیرۆز دەڵێت کاتێک ئێمە کارێکی باش دەکەین ئەوا نابێت بهێڵین دەستی چەپمان بە دەستی ڕاستمان بزانێت. واتە پێویست ناکات بیری لێ بکەینەوە. ئێمە ڕێگە بە یەزدان دەدەین کە بۆ شکۆی خۆی ئێمە بەکاربهێنێت و بەردەوام دەبین لەسەر ئەوە شتەی کە دواتر دەیهێنێتە سەر ڕێگامان. ئایا تۆ باشی خۆت بە خراپەی خەڵکی دیکە بەراورد

دەکەیت؟ ئایا تۆ دەڵێی: "باوەڕ ناکەم شتی وایان کردووە، من هەرگیز شتی وا ناکەم؟" ئەگەر وتووتە ئەوا تۆ بەرەو کێشە هەنگاو دەنێیت. تا زیاتر بیر لە خۆت بکەیتەوە ئەوا کەمتر بیر لە خەڵکی دیکە دەکەیتەوە. خۆ نزمکردنەوەی راستەقینە هەرگیز و بەهیچ جۆرێک بیر لە خۆی ناکاتەوە .... ئەو خۆویست نییە.

ئەگەر پێمان وابێت کە ئێمە لە خەڵکی دیکە باشترین ئەوا هەمیشە پێمان زەحمەتە لێیان خۆشبین. کەواتە با لەبەردەم یەزداندا خۆمان نزم بگرین و هەموو ئەو کارە باشانە بسڕینەوە کە لە دەوربەرماندا ژماردوومانە.

## 3. لێخۆشنەبوون گلەیی دەکات

"ئەویش وەڵامی باوکی دایەوە: ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم." (لۆقا **١٥: ٢٩**)

ئەو نیشانەی نەخۆشی شەهیدبوونی هەبوو، من هەموو شتێکم کرد، لەکاتێکدا خەڵکی دیکە خەریکی یاری کردنن و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن. دەگونجێت کەسێکی زۆر ئیشکەر بووبێت کە نەیزانیوە کاتێکی خۆش بەسەر ببات و چێژ لە ژیانی وەربگرێت. لە ئەنجامدا ئیرەیی بەو کەسانە بردووە کە وەکو ئەوە نەبوون. ئەو گلەیی دەکرد و گلەیی دەکرد لەبارەی ئەو شێوازە ڕەفتارەی لەگەڵ کراوە.

ئەو شەوەی کە لە کەنیسە بووم و گوێم لەو وتارە دەگرت کە دەربارەی نەبەخشین بوو، پێم وابوو کە پێویستم پێی نییە، یەزان نیشانی دام کە کە لێخۆشنەبوونم بەرانبەر کوڕە گەورەکەم هەیە چونکە بەو شێوەیە گرنگی بە لایەنی رۆحی نەدەدا کە من دەمویست.

ئەگەر زانیت زۆربەی کات گلەیی دەکەیت لە کەسێکی تایبەت ئەوا بەڕادەیەکی زۆر هەندێک نەبەخشین لە دڵتدا بەرانبەر ئەوە کەسە هەیە. لەوانەیە ئەو کەسە شتێک یان هەندێک شتی تایبەتی بەسەرهێناویت، یان لەوانەیە تەنیا کەسایەتییەکەی بوبێتە هۆی بێزارکردنت. لە حاڵەتی کوڕە گەورەکەمدا من بەرانبەر ئەو شتانەی هەڵیدەبژارد تووڕە بووم لە کاتێکدا بیرم لەوە نەدەکردەوە کە من لە تەمەنی ئەودا زۆر لەو خراپتر بووم.

ئەو خەڵکە ببەخشە کە لێیان تووڕەی، شتێکی ئەرێنی بدۆزەوە و لێی ڕابمێنە و قسەی لەسەر بکە، نوێژ بکە و سەیری خودا بکە کە کار لەسەر تۆ و هەموو ئەو خەڵکەش دەکات کە خۆشت دەوێن.

## 4. لێخۆشبوون دوورتدەخاتەوە، دابەشت دەکات و جوودات دەکاتەوە

برا گەورەکە بە برا بچووکەکەی گوت: "کوڕەکەی تۆ." نەیوت "براکەم" چونکە ئەو لە دڵیدا دیوارێکی جوودایی بەرانبەر براکەی دروست کرد. ڕەتی کردەوە و نەڕۆیشت بۆ ئەوەی ئاهەنگ و خۆشی لەگەڵ ئەوانی دیکە بگێڕێت. ئەو نەک تەنیا خۆی لە براکەی جودا کردەوە بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەش لە گەڵ براکەی دڵخۆش بوون.

تا ئێستا لە کەسێک تووڕە بوویت و پاشان لە کەسێکی دیکە، کە ئەویش لەو کەسە تووڕە نەبووە؟ چەندین جار ڕێکەوتووە کە گلەییم لە دەیڤی هاوسەرم کردووە لەبارەی ئەو شێوە نامیهرەبانییەی کە کەسێک ڕەفتاری لەگەڵ کردووە تەنیا بۆ ئەوەی بەرگری لەو کەسە بکەم. ئەو پێی گوتم کە بۆی هەیە ئەو کەسانە ڕۆژێکی خراپیان هەبووبێت و پاشان دەستی کرد بە باسکردنی شتە باشەکانیان.

ئەو هەوڵی دا یارمەتیم بدات کە زیاتر لە یەک ئاراستەی بارودۆخەکە ببینم. بەڵام من لێی تووڕە بووم چونکە ئەو بەرگری لەو کەسە دەکرد کە من لێی تووڕە ببووم. تووڕەییەکەم نەک تەنیا منی لەو کەسە جودا نەکردبووەوە کە لێی تووڕە بووم بەڵکو لە هەموو ئەو کەسانەشی جوودا کردبوومەوە کە ئەویان خۆشدەویست. لەو باوەڕەدام ئەو کەسانەی کە ئیهانەیان دەکرێت و ڕقاوی دەبن ئەوا کەسێکی تەنیا دەبن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەنیا دەژین. ئەوەندە بە ڕەنجاندنەکەیانەوە سەرقاڵ دەبن کە کاتیان بۆ شتی دیکە نامێنێتەوە.

برا گەورەکە بەشداری لە ئاهەنگەکە نەکرد. ئەگەر بەشداری کردبا ئەوا بۆی هەبوو چێژی لەو ئاهەنگە وەرگرتبا. بەڵام ئەو گلەیی کردن و دڵتەنگی هەڵبژارد. بابەتی گشتی تراژیدیاکی جوودا بوونەوە زۆر گرنگە، لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتری لەسەر دەدوێم.

## 5. لێخۆشنەبوون بەردەوام دەبێت لە پەرەپێدانی ئیهانە

کاتێک ئێمە لێخۆشنابین ئەوا هەر بەردەوام دەبین لە بیانوو هێنانەوە بۆ ئەوەی باسی ئەو شتانە بکەین کە خەڵکی بەسەریان هێناوین. تا بۆمان بکرێت لە گفتوگۆکاندا پەرەی پێدەدەین. بە هەموو کەسێکی دەڵێین کە گوێمان لێدەگرن. ئەم هەڵسوکەوتانە دەبێت هێمایەک بن بۆ ئەوەی بزانین کە سەرپێچی فەرمانەکانی خودامان کردووە و پێویستە دەستبەجێ داوای یارمەتی لەو بکەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لەو ئینهانە و ڕەنجاندنە. ئەو

شتەی کە لە دڵدایە لە دەمەوە دەوترێ. بە گوێگرتن لە خۆمان دەتوانین زۆر شت فێربین لەبارەی ڕاستیی خۆمان.

برا گەورەکە بیری باوکی هێنایەوە کە لەگەڵ کوڕێکیدا باش بووە کە شایانی نەبووە و باسی هەموو گوناهەکانی ئەو کوڕەی بۆ کرد (لۆقا ١٥: ٣٠). ئەو تووڕە بوو و قسەکانیشی ئەوەی سەلماند عیسا دەڵێت کاتێک ئێمە تووڕەین دەبێت ڕێگە بە تووڕەییەکەمان بدەین بڕوات، واتە باسی نەکەین و پەرەی پێنەدەین. تا ئێستا ڕێکەوتووە کە پێت وابێت کەسێکت بەخشیوە کە ئیهانەی کردوویت بەڵام دواتر بۆت دەرکەوتووە کە ئەگەر هەوڵیان دابێت شتێک بکەن بۆ ڕەنجاندنت ئەوا یەکسەر باسی ئیهانەکەی پێشترت کردبێت؟ هەموومان ئەو شتەمان کردووە. ئەمە واتە بەتەواوی نەمانبەخشیوە و پێویستە داوای یارمەتی لە خودا بکەین.

## 6. لێخۆشنەبوون ڕقی لەو بەرەکەتەیە کە کەسە ڕەنجێنەرەکە چێژی لێ وەردەگرێت

برا گەورەکە ئیرەدار و تووڕە بوو. ڕقی لە باوکی دەبۆوە کە بەرەکەتی دابووە برا بچووکەکەی. نەیدەویست برا دەست بڵاوەکەی ئاهەنگ بگێڕێت، گوێرەکەی دابەستووی بۆ سەرببڕن، عەبا نوێ و پێڵاو و موستیلەی جوانی هەبێت. زۆر ڕقی لەوە دەبۆوە.

ڕق لێبوونەوە لە بەرەکەتی کەسانی دیکە زۆر شت سەبارەت بە کەسایەتیمان دەردەخات. یەزدان دەیەوێت دڵخۆش بین لەگەڵ ئەوانەی کە دڵخۆشن و بگرین لەگەڵ ئەوانەی کە دەگرین. یەزدان دەیەوێت کە متمانەی پێ بکەین لەوەی کە چ شتیک ڕاست بێت ئەوە بۆ هەموو کەسێک دەکات. برا بچووکەکە لە چیرۆکەکەماندا کاری هەڵەی کرد، بەڵام هەر ئێستا پێویستی بە لێخۆشبوون و قبووڵکردن و چارەسەر بوو. لەوانەیە باوکی دواتر باسی ئەو هەڵسوکەوتە هەڵانە بکات کە کردوویەتی بەڵام لەکاتی ئێستادا پێویستی بە خۆشەویستییە. پێویستی بە بینینی میهرەبانی و باشی باوکی هەبوو. خودا هەمیشە ئەو شتە دەکات کە دروستە بۆ هەر کەسێک و هۆکاری خۆی هەیە بۆچی ئەو کارە دەکات و چی دەکات و بەو ڕێگایەی کە دەیکات. تەنیا لەبەرئەوەی کە ئێمە ڕازی نین یان پێمان وایە دادپەروەرانە نییە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕدرێت. ئەگەر ئێمە بەردەوام بین لە هەڵسوکەوتی ڕقاویمان ئەوا هەر خۆشمان ئازاری پێوە دەچێژین. هەموو کەسەکانی دیکە چوونە ئەو ئاهەنگەی کە باوکی بۆ برا بچووکەکەی ساز کردبوو. تەنیا برا گەورەکە ناوچاو ترشاوەکە ڕەتی کردەوە خۆشی لەو ئاهەنگە وەربگرێت. ئەو بەڕاستی پێویست بوو چاکەیەک لەگەڵ خۆی بکات و لێخۆشبێت.

تەنیا بۆ ئەوەی کە دڵنیا بیت کە تۆ هیچ نەبەخشینێکی شاراوەت نییە ئەوا بەسەر ئەو لیستەدا بڕۆوە کە من ئاماژەم پێداون و بەدڵێکی کراوەوە ئەنجامی بدە. داوا لە خودا بکە کە هەرچی تاڵی و ڕق و نەبەخشین و ئیهانەیە بۆت ئاشکرا بکات. بەدوای نیشانەکانی نەخۆشی نەبەخشیندا بگەڕێ و ئەگەر هەتبوو ئەوا بە ڕاکردن بڕۆ بۆ لای دکتۆر عیسای مەسیح بۆ ئەوەی چارەسەرت بکات.

## بەشی دوازدەیەم

## هێز و بەرەکەتی یەکبوون

بە درێژایی وشەکانی یەزدان یەکبوون و ڕازی بوون و تەبایی هاندەدرێت و لێمان داوادەکرێت. تەنیا ڕێگەیەک کە بتوانین ئەو شتانە بەدەست بهێنن ئەوەیە کە لە بەخشیندا خێرا بین و لە میهرەبانیدا دەستکراوە بین.
جیهان ئەمڕۆ پڕبووە لە ناکۆکی، بە بەردەوامی گوێمان لە شەڕ و ڕق و گۆڕانکاری کتوپڕی حکومەتەکان و لقەکانی کەنیسە و ڕێکخراوە بازرگانییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە دەبێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە خودا ئاشتیمان پێشکەش دەکات. ئێمە دەتوانین ڕێگەی ژیانمان هەڵبژێرین.

"ئەوەتا چەند باشە و چەند جوانە، کاتێک گەلی خودا پێکەوە بژین!" (زەبووری **١٣٣: ١**)

زەبوورنووس بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و دەڵێت لە هەرشوێنێک یەکبوون هەبێت لەویدا یەزدان فەرمانی پیرۆزکردن و ژیانی هەمیشەیی دەدات. یەزدان ئەو کەسانە سەربەرز دەکات کە هەوڵ دەدەن بە تەبایی بژین. عیسا گوتی ئەوانەی کە ئاشتی پارێزن و بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێن ڕۆڵەی خودان. واتە لە ڕووی ڕۆحییەوە پێگەیشتوون. ئەوان بەسەر هەستەکانیاندا زاڵن و ئامادەن خۆیان نزمەبکەنەوە لەبەردەم دەستی تواناداری خودا و ملکەچی بن. ئەوان دەستپێشخەری دەکەن لە بەردەوام بوونی یەکبووندا.

بیر لەو ژینگەیە بکەوە کە تۆ تێیدا دەژیت و ئیشی تێدا دەکەیت. ئایا هێمنە؟ ئایا خەڵک لەگەڵ یەکتر دەگونجێن؟ ئەگەر وا نییە، دەتەوێت چی بکەیت؟ دەتوانی نوێژ بکەیت، دەتوانی هانیان بدەیت بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا بگونجێن. ئەگەر کەمهینانی تەباییەکە هەڵەی تۆی تێدابێت ئەوا دەتوانی بیگۆڕیت. دەتوانین واز لە چەلەحانێی ئەو شتانە بێنیت کە چیتر گرنگ نین. دەتوانی یەکەم کەس بیت لەکاتی ناکۆکیدا داوای بەخشین دەکات. یەکێک لە بەرهەمە باشەکانی دانایی ئاشتییە. لە دانراییدا هەنگاو بنێ و ژیانت بە پیرۆزکراوی ببینە.

"لەوێ خراپەکاران لە ئاژاوەنانەوە دەوەستن، لەوێ ماندووان پشوو دەدەن." (یاقوب **٣: ١٧**)

**هەڵبژاردنی یەکبوون**

وەک چۆن باسم کرد لە هەموو شوێنێک پەشێوی هەیە، کەواتە ئەگەر یەکبوونمان بوێت کە ئاشتی بەرهەم دەهێنێت ئەوا دەبێت بەتایبەتی هەڵیبژێرین. دەبێت ڕێگەی یەزدان فێرببین و لە پەرەپێدانی ئاشتیدا لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز بەڕیوە بچین.

هەرکەسێک کە خێزانی پێکهێنابێت بەگشتی زۆرتر دەزانن لەوانەی کە خێزانیان پێک نەهێناوە، زۆر شتی فراوان دەدۆزینەوە کە لەبارەی ناکۆک بین. بەگشتی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک پێک دێنین کە لە کەسایەتیدا لەگەڵ ئێمە جیاواز بێت ئەمەش واتە بیرکردنەوەکانمان جیاوازە. لەوانەیە ناکۆک بین بەڵام دەتوانین فێرببین کە بەڕێزەوە ناکۆک بین و ڕەزامەند بین.

من و دەیڤ زۆر جیاواز بووین. چەندینساڵمان لە مشتومڕ بەسەر برد تا ئەو کاتەی بە مەترسییەکانی ناکۆکی و هێزی یەکبوونمان زانی. ئێمە پەیمانمان داوە کە ئاشتیمان لە پەیوەندی و ماڵ و خزمەتەکەماندا هەبێت. بەوپەڕی پێداگرییەوە بڕوامان وابوو کە یەزدان ناتوانێت ئێمە پیرۆز بکات بەو جۆرەی کە دەیەوێت تا ئەوە کاتە یەک دابەش بووین. لەوانەیە گوێت لەم پەندە بووبێت "بە یەکگرتوویی دەوەستین و بە دابەشکراوی دەکەوین." ئەمە ڕاستە. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە یەک دەتوانێت هەزار دانە فڕین و دوو کەس دەتوانن دە هەزار دانە بخاتە فڕین. ئێمە لەڕێگەی ئەم ئایەتەوە دەبینین کە چۆن هێز پەرە دەسێنێت کاتێک ئێمە تەبایی بوون هەڵدەبژێرین.

من سەرچاوەی زۆربەی مشتومڕەکان بووم، دەیڤ هەمیشە کەسێکی ئاشتی خواز بووە. دەیڤ حەزی لەو فشارە نەبوو کە بە هۆی دەمەقاڵێوە دروست دەبوو و دواتر تووڕە دەبووین. من لە ماڵێکدا گەورە بووم کە هیچ یەکبوونێکی تێدا نەبوو. هەربۆیە دەبوا فێری ئەوە بم کە ئاشتی چییە. وشەکانی خودام خوێند و بەدوای فێربوونی پێداویستیەکانی گۆڕانکاریدا گەڕام بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاشتی. بۆم دەرکەوت کە بەبێ خۆنزم کردنەوە ئاشتی بوونی نییە. خۆ نزم کردنەوە سیفەتێکی گرنگە کە دەبوا شوێنی کەوتباین دوای بەدەستهێنان و وەرگرتنی قورسترین شت.

کەسی تەواو بێفیز خۆی بەدووردەگرێت لە قسەی پووچ و بێسوود و بێمانا و بێ بنەما چونکە زیاتر و زیاتر لە خودا دوورمان دەخاتەوە. مێشکمان دادەخەن لەبەرانبەر سەرکێشیە بێماناکان و پرسیاری نەزانەکان چونکە ئەوان دەزانن کە ئەو شتانە دەبنە هۆکاری پەرەدان و پەروەردەکردنی ناکۆکی.

دوایین جارت بەبیردێت کە مشتومڕت لەگەڵ کەسێک کردبێت لەسەر شتێکی زۆر لاوەکی و بێمانا؟ لەوانەیە ڕۆژێکی ناخۆشت بەسەر بردبێت و شتێکی وتبێت کە نەدەبوا بوترابا و ئەوەش بووەتە هۆی چەلەحانێکە. دەکرا هەر زوو داوای لێبووردنت کردبا بەڵام لووتبەرزییەکەت وای لێکردی بەردەوام بیت لە مشتومڕە بێماناکە و هەوڵت داوە کە بیسەلمێنی تۆ ڕاست دەکەیت. ڕۆژەکەت بەفیڕۆدا، تووشی فشار و سەرێشە بوویت، گرێیەک لەسەر گەدەت دروست بووە و هیچ ئارەزوێکت بۆ نوێژکردن نییە. لەدڵتدا دەتزانی کە بە خراپی هەڵسوکەوتت کردووە، بەشێک لە تۆ دەیویست بڵێت: "زۆر داوای لێبوردن دەکەم، هەڵەی من بوو و داوای بەخشین دەکەم." بەڵام بەشەکەی دیکەی جەستەت زۆر بە کەللە ڕەقییەوە ئەوەی ڕەتکردۆتەوە.

بە دڵنیاییەوە چەندین جاری وەکو ئەوەم لەیادە. بەڵام سوپاسگوزارم کە چیدیکە بەو شێوەیە ناژیم. ڕقم لە ناکۆکی و گێرەشێوێنی و نەگونجان و ناسازگارییە. ڕاست بوون تەنیا ئەوە نییە کە دیارە. زۆربەی کات تووشی ناکۆکی دەبین لەگەڵ خەڵکیدا تەنیا بۆ ئەو مەبەستەی بیسەلمێنین ئێمە لەسەر حەقین. بەڵام کاتێک وامان کرد ئایا هیچ شتێکمان دەست دەکەوێت بێجگە لە زۆر لەخۆڕازیبوون و هەستی باشترین بوون نەبێت؟ من پێموایە کە زۆر باشترە ئەگەر خۆمان لەبەردەم یەزدان نزم بکەینەوە و ڕێگە بدەین ئەو ببێت بە بەرگریکارمان. لە هەر بارودۆخێکدا ئەو بە باشی دەتوانێت ئێمە بەڕاست دەربخات ئەگەر ئەوە باشترین پلانی بێت. وشەی یەزدان ئەوە دەخاتە ڕوو کە خۆشەویستی داوا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ناکات (یەکەم کۆرنسۆس **١٣: ٥**). تەنانەت پێداگری لە مافی خۆی ناکات! ئامادەی لە جێگەی ئەوەی دەمەقاڵێ لەگەڵ کەسێکدا بکەیت ڕێگەبدەیت ئەو کەسە پێی وابێت کە حەق بەوە تەنانەت ئەگەر لەو باوەڕەشدا نەبیت؟ ئەگەر بەو جۆرەی ئەوا هەنگاوێک نزیکتری لە بوون بە کەسێکی ئاشتی خواز و بەدەستهێنەری پێکەوە ژیان.

بەم نزیکانە لەگەڵ دەیڤ و حەڤدە کەس لە ئەندامانی خێزانەکەم لە سەفەرێک بووین، کە پێکهاتبوون لە دوان لە منداڵەکانمان و خێزانەکانیان و چەندین نەوە، هەندێکیان مێرمنداڵ بوون. هەمووومان لەماڵێک بووین و دەرفەتی یەکنەبوون و ئازاردانی هەستەکانی یەکتر بەباشی هەستی پێدەکرا. هەمووان نەیاندەویست هەمان شت ئەنجام بدەن، سەیری هەمان تەلەفزیۆن بکەن، هەمان یاری بکەن یان لەیەک شوێن نان بخۆن. مێرمنداڵەکان زۆربەی کات دەکرێت هەڵسوکەوتی زۆر بێزارکەر بنوێنن، ئەوکاتە دەبێت ئێمە لەبیری نەکەین کە کاتێک خۆشمان لە تەمەنی ئەواندا بووین لەوان باشتر هەڵسوکەوتمان نەدەکرد.

مەبەستم ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەوانەی لەو گەشتەدا بووین مەسیحی بووین و هەوڵمان دەدا ملکەچی خودا بین و لە ئاشتیدا بژین، دەبوا کارمان لەسەر کردبا، هەروەک چۆن دەبێت تۆش کاری لەسەر بکەیت ئەگەر حەزدەکەیت تەبایی بەدەست بهێنیت. مەحاڵە کە ژینگەیەکی ئاشتی خواز بەدەست بهێنیت لەو بارودۆخەی کە باسم کرد مەگەر ئەوەی کە هەموو کەسێک ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت خۆی نزم بکاتەوە و دەستکراوە بێت لە لێخۆشبوون و میهرەبانیدا. خودا زۆر باش دەیزانی کە چی دەکات کاتێک لەڕێگەی وشەکەیەوە فێری کردین کە خێرا بین لە لێخۆشبووندا. شەیتان هەمیشە لە کەمیندایە و لە هەوڵی دروستکردنی کێشەدایە. بەڵام یەزدان ڕێگەی شکستپێهانی شەیتانی پێ بەخشیوین. لە میهرەبانیدا دەستکراوە بە، بەرگەی نەهامەتی بگرە و ئارامگر بە. تێبگە، گوناهەکانی خۆت بناسە. ئەوانە یارمەتیت دەدەن کە لە حوکمداندا پەلە نەکەیت و بەخێرایی و بەتەواوی ئەوانی دیکە ببەخشیت و نەکەویتە نێو داوی شەیتانەوە.

پەیوەندی بۆ هەمووومان گرنگە. پەیوەندییە خراپەکان ئازاربەخشن بەڵام پەیوەندییە باشەکان لە شتە سوودبەخش و پیرۆزەکانی جیهانن. شەیتان بەدوای لەناوبردنی پەیوەندییەکاندا دەگەڕێت چونکە ئەو هێز و توانای یەکبوون دەزانێت. ئەو جیاوازی کەسایەتیمان لە دژی خۆمان بەکاردەهێنێت. وامان لێدەکات کە هەندێک شت لەناو ئەو قسەیەدا دەربکەین کە پێمان دەوترێت، هەستەکانی ئازارچەشتن و تووڕەیی و سەرکێشی زیاد دەکات کە لێخۆشبوون ڕەتدەکەنەوە. بەڵام ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر شەیتاندا هەیە، دەتوانین دژی خۆی و هەموو ئەو پیلانانە بوەستین کە لەماڵەوە و قوتابخانە و لەسەر ئیش و کەنیسە و لە هەر شوێنێک کە ئێمەی لێ بێت جیاوازی دەخاتە پەیوەندییەکمان.

پرسیار لە خۆت بکە و بزانە سوودی پەشێوی چییە. هیچ چاکەیەک دەکات، دەبێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخەکە؟ زۆربەی کاتەکان ناکۆکی دڵتەنگمان دەکات و هیچ سوودێکمان پێناگەیەنێت. وەرە با بڕیار بدەین کە کار بۆ ئاشتی بکەین و ئاشتی خواز بین. هیچ کام لە ئێمە هەموو پەشێوییەکانی جیهانی پێ چارەسەر ناکرێت بەڵام هەریەک لە ئێمە دەتوانین بەرپرسیاربین بەرانبەر ژیانمان و پەیوەندییەکانمان. نوێژ بکە و داوا لە یەزدان بکە بە شێوەیەک بتگۆڕێت کە ببێتە هۆی ئاشتی زیاتر لە ژیانتدا.

**خۆگونجێنەر بە**

زۆربەمان دەمانەوێت شتەکان بە ویستی ئێمە بن، بەڵام بۆ ئەوەی یەکبوونمان هەبێت دەبێت فێربین کە شایانی گۆڕانکاری و خۆگونجێنەر بین. سەرنجی ئەم ئایەتە بدە:

"سەبارەت بە یەکتری هاوبیر بن، بیر لە بڵندی مەکەنەوە، بەڵکو تێکەڵاوی پایەنزمەکان بن. خۆتان بە دانا دامەنێن. خراپەی کەس بە خراپە مەدەنەوە. وریا بن لەبەردەمی هەموو خەڵک ئەوە ئەنجام بدەن کە بە چاک دەزانرێت. ئەگەر بکرێت، ئەوەندەی لەسەرتانە، لەگەڵ هەموو خەڵک بە ئاشتی بژین." (ڕۆما ١٢: ١٦-١٨)

وردبوونەوەیەکی قووڵ لەم ئایەتانە بەخێرایی نیشانمان دەدات کە ئەگەر ڕەفتارمان ڕاست نەبێت ئەوا ناتوانین لەگەڵ یەکتر ڕێبکەوین. پێویستمان بە هەڵسوکەوتی بێفیزە، پێویستمان بە کەسێکە ئامادەی خۆگونجاندن بێت لەگەڵ خەڵکی و بارودۆخەکان. هەمیشە دەبێت بۆ ئەو شتە هەستینەوە کە باوەڕمان وایە دروستە، بەڵام لە بابەتە لاوەکییەکان و ئەو بابەتانەی کە ئێمە دەتوانین لەگەل خەڵکی دیکەدا بگونجێین دەبێت هەوڵ بدەین ئەو کارە بکەین.

بۆ هیچ کەسێک باش نییە کە هەمیشە ڕێگەی خۆی بگرێت. بە بێ شانازی بەخۆوە کردن و بە خۆشەویستییەوە پێویستمان بە ئەزموونی ملکەچ بوونە بۆ یەکتری. دەبێت بوار بە کەسانی دیکەش بدەین و لە کاتی خۆیدا خۆیان و ئارەزووەکانی پەسەندە بکەین و پێویستە بە مەبەستێکی باشەوە ئەو کارە بکەین.

لە زۆربەی ژیانی خێزانداریمدا، من و دەیڤ هەمیشە لە دەرەوە نانمان دەخوار، ئەو ڕێگەی بە من دەدا بڵێم چی دەخۆین. کەسێک بوو شتەکانی بە ئاسایی وەردەگرت، بەلایەوە زۆر گرنگ نەبوو بەڵام بەلای منەوە گرنگ بوو، بە ئێستاشەوە. بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو بە چەند هۆکارێک ئەوەی بەلاوە زۆر گرنگ بوو کە چی بخوات و لەکوێ نان بخوات و لە کتوپڕدا وادیار بوو کە نایەوێت لەو شوێنە نان بخوات کە من زۆربەی کات دەمخوارد. بڕیاری دا کە چیتر حەزی لە سیر نییە، بەڵام خواردنی ئیتالی بەلای منەو خۆشترین خواردنە، دڵنیام سەرهەڵدانی کێشەکە دەبینیت. هەروەها حەزم لە خواردنی چینیشە، سەرەڕای ئەوەی کە ئامادەیی ئەوەی تێدابوو کە هەندێک کات بیخوات بەڵام دەبوا چەور نەبوایە و تامی خواردنەکە لەدەمی نەمابایەوە. دەتوانین نووسینی سەر دیوارەکە ببینین کە قسە دەکات و دەزانم کە پێویستم بەوەیە کە خۆم بگونجێنم. من هەمیشە دەموت کە چی و لەکوێ نان بخۆین هەربۆیە پێم وایە کە ئەگەر بیەوێت سەرەی ئەوە کە هەڵبژێرێت.

دان بەوەدا دەنێم کە تۆزێک بۆ من ناخۆش بوو. هەرکاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر بە ڕێگەی خۆمان شتێک ئەنجام دەدەین ئەوا قورسە کە شتەکان لە ناکا بگۆڕێن. بەڵام من بەبیر خۆمم هێنایەوە کە دەیڤ بۆ ماوەی چل و چوار ساڵ رێگەی بە من دا شوێنی نان خواردن هەڵبژێرم، هەر لەبەرئەوە بەڕاستی سەرەی ئەوە. هەندێک کات زۆر بە ئاسانی دەتوانین خۆمان بگونجێنین، ئەگەر بێتو پشت بە هەستەکانت نەبەستیت و هەندێک کات تەرخان بکەیت بۆ ئەوەی هەندێک لەگەڵ خۆتدا لێکدانەوەی بۆ بکەیت.

ئەو ئایەتانەی سەرەوە هەروەها پێمان دەڵێن کە زۆر بەرز نەنرخینین و نابێت هەرگیز پێمان وابێت ئەو شتەی کە ئێمە دەمانەوێت گرنگترە لە شتی خەڵکی دیکە. هەمووومان بەها و مافی یەکسانمان هەیە، جێگیرکردنی ئەوە لە مێشکماندا یارمەتیدەرە لە ڕێزگرتن لە ویست و ئارەزووەکانی خەڵکی دیکە.

**توانای نوێژکردنەکەت زیاد بکە**

نوێژکردن گەورەترین مافی تایبەتە کە هەمانە و ئەو شتەیە کە درگا دەکاتەوە بەڕووی توانایەکی باوەڕپێنەکراو و بەرەکەتێکی زۆر لە ژیانی خۆمان و خەڵکی دیکەشدا. خودا گوێی لە نویژەکانمانە و وەڵامی نوێژەکانمان دەداتەوە بەڵام پێمان دەڵێت کە دەبێت بەبێ تووڕەیی و لە سازگاریدا نوێژ بکەین.

"جا دەمەوێ پیاوان لە هەموو شوێنێکدا نوێژ بکەن، دەستی پاکیان بەرز بکەنەوە بێ تووڕەیی و مشتومڕ."
(یەکەم تیمۆساوس **٢: ٨**)

ئەم ئایەتە بەڕوونی دەریدەخات کە دەبێت بەبێ تووڕەیی نوێژ بکەین.

لە مەرقۆس بەسی یازدەدا پێمان وتراوە کە کاتێک نوێژ دەکەین سەرەتا دەبێت ئەو کەسە ببەخشین کە شتێکمان لە دژی هەیە. ئەمەش ئایەتێکی دیکە بوو کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئێمە ناتوانین بەدڵێکی پڕ لە ڕق و ناکۆکییەوە نوێژ بکەین و چاوەڕێی ئەوەش بین کە نوێژەکانمان وەڵام بدرێنەوە.

لەم ڕۆژگارەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تووڕە هەیە کە بەشێکی زۆریان مەسیحین، ئەوە بە باشی دەزانن. نوێژ دەکەن و بەهەڵە پێیان وایە کە تووڕەییەکیان ئاساییە. لەوانەیە بیانوو بۆ تووڕەییەکەیان بهێننەوە، بەڵام یەزدان ئەو تووڕەییە مەحکوم دەکات و داوامان لێدەکات پێش نوێژکردن دەستبەرداری تووڕەیی بین. باشترین ڕێگە بۆ نزیک بوونەوە لە خودا لەکاتی نوێژدا ئەوەیە کە سەرەتا دان بنێیت بە هەموو گوناهەکانتدا و پاشان دڵنیا

بیت کە لە قووڵایی دڵتەوە هەموو کەسێکت بەخشیوە. چۆن دەکرێت چاوەڕێ بین خودا بمانبەخشێت لە کاتێکدا ئێمە کەسانی دیکە نەبەخشین؟ من دڵنیام لەوەی کە گوناهمان بەرانبەر خودا زۆر مەترسیدارترە لەو گوناهەی کە خەڵکی دیکە بەرانبەر ئێمە ئەنجامی دەدەن.

ژن و مێردێک یان ئەندامانی خێزانێک لە نوێژدا هێزێکی خەیاڵییان هەیە ئەگەر پەیمان بدەن بە تەبایی بژین.

"دیسان ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر دووان لە ئێوە لەسەر زەوی لەسەر هەر شتێک ڕێک بکەون، هەرچی داوا بکەن، لەلایەن باوکم کە لە ئاسمانە، بۆیان دەبێت." (مەتا ١٨: ١٩)

ئەم ئایەتە بەڕاستی سەرسوڕهێنەوە، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بەڕاستی باوەڕی بەوە هەبێت کە دەیڵێت ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت پەیمان بدەین کە بە یەکگرتوویی و بە سازگاری بژین. لووت بەرزییە نەزانەکە شایانی ئەو بەهایە نییە کە دەبێت لەکاتی نوێژکردندا وزەی بۆ سەرف بکەین.

جارێکیان لە ژیانمدا گێلانە بیرم دەکردەوە و دەموت هەر کاتێک بمەوێت و هەرکاتێک هەستم کرد حەزم لێیەتی دەتوانم لەگەڵ دەیڤ دەمەقاڵێ بکەم و کاتێکیش ژیانمان لە لایەنێکەوە تووشی کێشە بوو دەتوانین بچینە لای یەک ئەو نوێژە بکەین کە بە "نوێژی تەبایی" ناسراوە. بەڵام هەروەک چۆن لە (مەتا ١٨: ١٩)دا دەبینین کە ئەو جۆرە نوێژە بێ سوودە. ئەو توانایەی کە یەزدان باسی لێوە دەکات تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە پەیمانیان داوە کە هەموو هەوڵی خۆیان بدەن لە بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی ئاشتیدا. ئەگەر هەر کەسێک ئەو کارەی کرد ئەوا یەزدان ئەوەندە خۆشحاڵ دەبێت کە بە شێوەیەکی تایبەت ڕێز لە نوێژەکانی دەگرێت. ڕێک لە دوای ئەم ئایەتە کە پەترۆس پرسیار لە عیسا دەکات کە دەبێت چەند جار لە براکەم خۆش بم. پەترۆس ئەم جۆرە توانایەی لە نوێژەکەیدا دەویست، بەڵام وا دیارە کە زانیویەتی کێشەی لەگەڵ قوتابییەک یان هەندێک لە قوتابییەکان دیکە هەیە. پرسیاری کرد تەنیا بۆ ئەوەی کە بزانێت عیسا تا چ ڕادەیەک چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکات کە ئاشتی پارێز بێت. عیسا لە وەڵامدا گوتی تا ئەو کاتەی کە پێویست بکات یەکڕیزی بپارێزێت ئەوا دەبێت لێخۆشبێت.

"ئینجا پەترۆس هات و پێی گوت: (گەورەم، دەبێ چەند جار گەردەنی براکەم ئازاد بکەم کە خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟" (مەتا ١٨: ٢١).

دڵنیام لەوەی کە پەترۆس پێی وابووە کە زۆر دەستکراوە بووە، هەربۆیە وەڵامەکەی عیسا دەبێت سەرسامکەر بووبێت.

"عیساش پێی فەرموو: (من پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار!" (مەتا ١٨: ٢٢)

واتە چوار سەد و نەوەد جار، عیسا زۆر بە سادەیی دەڵێت: "هەتا ئەو کاتەی کە پێویستە لێخۆشبە هیچ سنووریکی بۆ دامەنێ."

لەبەرئەوەی نوێژ هەروەک دیاری زۆر خۆشەویستە هەروەها زۆر بەهێزە وەکو مافێکی تایبەت دراوە بە ئێمە هەربۆیە ناکۆکی ژیان دەبێتە هۆی لەناوبردنی. پێش نوێژکردنت سەرنجی دڵت بدە و ئەگەر پێویستە کە شتەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەیانویست دروست بکەیت ئەوا تۆ دەستپێشخەر بە بەرهەمهێنانی ئاشتیدا.

فەرمایشتی یەزدان تەنانەت پێمان دەڵێت کاتێک کە دیاریت هێنا بۆ قوربانگە و بیرت کەوتەوە کە براکەت شتێکی بەسەرتەوەیە ئەوا دیارییەکەت لەوێ بەجێ بهێڵە و بڕۆ لەگەڵ براکەت ئاشت ببەوە (مەتا ٥: ٢٤). ئەمە بەدڵنیاییەوە فێرمان دەکات کە لە ئاشتیدا دەستپێشخەر بین.

**توانا لە خزمەتدا**

کاتێک کە ئێمە ژیانی خۆمان بۆ خزمەتی یەزدان تەرخان دەکەین توانایەکی زۆر گەورەمان لەبەردەستدایە. عیسا قوتابییەکانی دوو دوو ناردە دەرەوە و پێی فەرموون کە موژدە بدەن و نەخۆشەکان چاک بکەنەوە، هەروەها پێی فەرموون لەو شوێنەی کە ئاشتی لێیە با خانوێک بدۆزینەوە بۆ پشوودان (لۆقا ١٠: ١- ٩). دەیزانی کە ئەوان ناتوانن لە چۆحیاندا ناکۆکییان هەبێت، لەهەمان کاتیشدا توانای عیسا لەناویان هاتوچۆ بکات. ئەو پەیمانەی کە عیسا پێیدان بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو توانایە دەهێنێت کە ئەوان بەمەبەستی مانەوەیان لە سازگاریدا بەکاریان هێنا.

"ئەوەتا دەسەڵاتم پێتانداوە پێ بە مار و دووپشک و هەموو هێزی دوژمندا بنێن، هیچ شتێکیش زیانتان پێناگەیەنێت." (لۆقا ١٠: ١٩)

دەمەوێ کە ئەم پەیمانە لە ژیانی مندا ببێتە ڕاستەقینەو و بەهەمان شێوە لە ژیانی ئێوەشدا. کەواتە با پەیمان بدەین کە لە یەکبوون و سازگاری گونجاویدا نیشتەجێ بین. ئەمە واتای ئەوە نییە کە هەمیشە وەکو خەڵکی دیکە بیربکەینەوە یان بە بڕیارەکانیان ڕازی بین، بەڵام واتای ئەوەیە کە لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین چی دیکە لەبارەیەوە شەڕ نەکەین. سەرقاڵ بوون بە ئیش و کاری خۆمانەوە دەکرێت ناکوکییەکی گەورە دووربخاتەوە. ئەو شتە باشەی کە دەبێت لەبیرمان بێت ئەوەیە کە ئەگەر بەرپرسیاریەتیمان بەرانبەر شتێک نەبوو ئەوا پێویست ناکات بۆچوونمان لەسەر ئەو شتە هەبێت، بەپێی پێویست بۆچوونی خۆمان لەسەر شتێک دەڵێین کاتێک کە کەس داوای لێ نەکردووین و کەس نایەوێت، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مشتومڕ و دڵڕەنجاندن.

من کەسێکم هەر زوو ڕا و بۆچوونم لەسەر شتەکان دەردەبڕم، بەڵام داوام لە ڕۆحی پیرۆز کردووە کە یارمەتیم بدات دانایی بەکاربهێنم لە دەرنەبڕین بۆچوونەکانم و هێشتنەوەیان لەلای خۆم، مەگەر ئەوەی کە ڕاوبۆچوونی منیان پێویست بێت. هێشتا لەم بوارەدا نەگەیشتوومەتە ئاستی تەواو، بەڵام بەردەوام فێر دەبم کە ئەوە چەندە گرنگە.

پۆڵسی مزگێنیدەر نامەیەک دەنێرێت بۆ کەنیسەی فیلیپی کە تێیدا هانی دوو ژنی دابوو بە ناوەکانی ئەفودیە و سینتخی کە لەگەڵ یەکتری بگونجێن. تەنانەت هانی خەڵکی دیکەی دابوو کە یارمەتی ئەم دوو ژنە بدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر بگونجێن و بەردەوام بن لە هاوکاری کردنیان چونکە لەکاتی بڵاوکردنەوەی موژدەی مەسیحدا تیکۆشاون (فیلیپی **٤: ٢- ٣**). بە تەواوی نازانین کە لەسەر چی ناکۆک بوون بەڵام لەوانەیە بەشێک لە کێشەکەیان لەسەر ئەوە بووە کە بۆچونیان زۆر لەسەر شتەکان دەربڕیوە. پۆڵس دەبێت گوێی لەوە بووبێت کە ئەو دوو ژنە لەگەڵ ناکۆکن و دەیزانی ئەوە دەبێتە هۆی لاوازی توانای کەنیسەکەیان. کاتی تەرخان کردووە و نامەیەکی تایبەتی نووسی کە ڕێنوێنی دیاریکراوی لەو بارەوە تێدا نووسرابوو. ئەو شتەی کە پۆڵس بۆ ئەو ژنانەی نووسیوە بەهەمان شێوە بۆ ئێمەش نووسراوە. ئەگەر لەکاتی خزمەتکردنی یەزداندا توانامان دەوێت ئەوا دەبێت لەگەڵ یەکتری بگونجێین. دەبێت تەبا بین و یەکگرتوو بین!

"ئەگەر وەڵامتان (بەڵێ) بێت، ئەوا دڵم تەواو خۆش بکەن لە ڕێگەی یەکبوونی بیر و خۆشەویستیتان بۆ یەکتر، هەروەها یەک دڵ و هاوئامانج بن." (فیلیپی **٢: ٢**)

هەموو ئەو پیاو و ژنە پایەبەرز و مەزنانە کە لە کتێبی پیرۆزدا لەبارەیان دەخوێنینەوە هەموویان پەیمانیان داوە بە یەکگرتوویی بژین. دەیانزانی کە بێ یەکبوون خزمەتەکەیان بۆ خودا لاواز دەبوو. لە ڕۆژانی سەرەتای خزمەتەکەماندا، من و دەیڤ لەلایەن یەزدانەوە بینینمان پێدرا لەبارەی مەترسییەکانی ناکۆکی. ناکۆکی تەنیا کێشەیەکی بچووک نییە بەڵکو ترسناکە. ئەگەر کۆتایی پێنەهێنرێ ئەوا وەکو نەخۆشی گوێزەرەوە تەشەنە دەسێنێت. ڕقم لە ناکوکییە و ڕقم لەوەشە کە خەڵکی تووشەی ناکۆکی دەکەن. زۆر هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ژیانم ڕایبگرن.

"کۆشش بکەن تاوەکو لەگەڵ هەموو کەسێک بە ئاشتی بژین، هەروەها پیرۆز بن. بێ پیرۆزی کەس مەسیحی خاوەن شکۆ نابینێت. ئاگاداری ئەوە بن، کەس خۆی لە نیعمەتی خودا بێبەش نەکات، نەوەک ڕەگی تاڵی گەشە بکات و پەشێوی دروست بکات، بەهۆی ئەمەشەوە زۆر کەس گڵاو بێت." (عیبرانییەکان ١٢: ١٤- ١٥)

ئەم ئایەتانە فێرمان دەکەن کە دەبێت سەخت تێبکۆشین لەپێناو هێشتنەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لە دەرەوەی ژیانمان. هەروەکو پێشتر وتم، ئەوە پێویستییەکی زۆری بە خۆنزمکردنەوە هەیە هەروەها دەبێت ئامادیی ئەوەشت تێدابێت کە دەستپێشخەر بیت لە پاراستنی ئاشتیدا. ئەمەش واتە دەبێت واز لە ڕاست بوونی مافەکانمان بێنین، سەرمان بە ئیشی خۆمانەوە قاڵ بکەین و خۆمان بەدووربگرین لە گوتنی شتێک کە حەزدەکەین بیڵێین لەکاتێکدا تەنیا دەبێتە هۆی درووستبوونی کێشە.

کاتێکی باشم بەسەربرد لە فێرکردن لەسەر ئەم بابەتە و کەسانی دیکەش بەهەمان شێوە کە دەبێت هەوڵی تەشەنەکردنی یەکبوون بدەن. ژیان بەبێ ئاشتی پڕە لە دڵتەنگی، هەروەها ڕاستییەکەش ئەوەیە کاتێک ئاشتیمان نەبێت ئەوا هێز و تواناشمان نابێت.

دەبێت یارمەتی یەکتر بدەین کە لە ناکۆکی دووربین. لە ستافەکەی ئێمەدا قەشەیەک هەیە کە لە زۆر لایەنەوە دیاری نایابی خودایی هەیە بەڵام یەکێک لەو شتانەی کە بەتایبەتی تێیدا باشە ئەوەیە کە "چارەسەری ناکۆکی" دەکات. ئەگەر جیاکارییەکمان هەبوایە یاخود دوان لە فەرمانبەرەکان ناکۆکییان لە نیواندا هەبوایە ئەوا ئەو قەشەیە کاری لەگەڵ دەکردن و یارمەتی دەدان بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ناکۆکی و یەکنەبوونەکەیان بدۆزنەوە. دەزانین ئەگەر یەکگرتوو نەبین ئەوا خزمەتمان بۆ یەزدان لاواز دەبێت.

زۆر جار بۆمان دەردەکەوێت کە ناکۆکی لە ئەنجامی کەمی پەیوەندییەوە دروست دەبێت. چەندین پەیوەندی بەهۆی ئەوەوە لەناودەچێت. ئەوەش بەڕاستی جێگەی داخە چونکە ئەگەر بمانەوێت دەتوانین هونەری پەیوەندی باش فێربین. قەشەکەمان لە ململانێی پەیوەندی یارمەتی خەڵکی دەدات و زۆربەی هەرە زۆری کاتەکانی چارەسەری دەکات. ئەگەر ئەوە چارەسەری کێشەکەیانی نەکرد و بۆمان دەرکەوت کە یەکێک یان زۆربەی لایەنەکان کە پەیوەستن بەو بابەتەوە بڕیاریان داوە بەردەوام بن لەسەر ناکۆکییەکە ئەوا دەزانین کە خزمەتی خۆیس مایەر شوێنێکی گونجاو نییە بۆ ئەوان بۆ ئەوەی ئیشی تێدا بکەن. دەبێت یەکگرتوو بین بۆ ئەوەی بتوانین بۆ یەزدان کاریگەر بین.

ئیبراهیم و لوت، ئەو دوو پیاوەی کە لە کتێبی پیرۆزدا لەبارەیان خوێندوومانەتەوە. ناکۆکی کەوتە نێوان شوانی مەڕومالاتەکەیان، لەسەر مافی لەوەڕاندنیان. ئیبراهیم وەکو کەسێکی دانا بەخێرایی چووە لای لوت و گوتی: "با هیچ ناکۆکییەک لەنێوان من و تۆدا نەبێت." پاشان گوتی کە هەرچەند زەوی دەوێت با بۆ خۆی هەڵیبژێرێت و ئامادەیە ئەوەی کە لەو ماوەیەوە بۆ خۆی هەڵیبگرێت. دەبینین لە ئیبراهیم لەم حاڵەتەدا خۆی نزم کردەوە و درگای لەسەر یەکنەبوونی داهاتوودا داخست. لوت باشترین بەشە زەوییەکەی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەڵام لەبەرئەوەی ئیبراهیم لە پاراستنی ئاشتیدا ئامادەیی نیشاندا، یەزدان زیاتر لە پێشتر ئیبراهیمی بەرەکەتدار کرد. (پەیدابوون ۱۳)

ئەم چیرۆکەم بۆ یارمەتیدانی خۆم بەکارهێنا لە بەدوورگرتنی ناکۆکی لە ژیانم، بەپێی پێویست لە فێرکردنەکانم بەکارمدەهێنا. ئەگەر خۆت نزم بکەیتەوە و ڕێگە نەدەیت ناکۆکی بێتە ناو ژیانتەوە ئەوا خودا بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرەکەتدارت دەکات و لە نوێژ و خزمەتدا دەبێتە توانات، هەروەها دەتوانیت چێژ لە ئاشتیش وەربگریت.

دەمەوێت ئەم بەشە بە کۆتا بیرهێنەرەوە کۆتایی پێبهێنم، تەنیا ڕێگەیەک بۆ بە تەبایی و یەکگرتوویی مانەوە بریتییە لە دەستکراوەیی لە لێخۆشبوون و میهرەبانیدا. خودا کلیلێکی بۆ ئاشتی پێداوین بەوەی کە ئەو کەسانە ببەخشین کە ئازارمان دەدەن، هەربۆیە دەتوانین متمانەی پێ بکەین کە دادپەروەرە و هەرکاتێک پێویست بکات بەرگریمان لێدەکات و دەمانپارێزێت. ئەرکی ئێمە بریتییە لە بەخشین و هی یەزدانیش بریتییە لە چەسپاندنی دادپەروەری. ئەرکی خۆت بەجێ بگەیەنە و ڕێگە بە یەزدانیش بدە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت.

"تێکۆشەر بن بۆ پاراستنی یەکێتی ڕۆحەکە بە پشتێنی ئاشتی." (ئەفەسۆس **٤: ٣**)

## بەشی سێزدەیەم

## ئەی یەزدان بەزەییت پێمدا بێتەوە

بەخشینی خەڵکی زۆر ئاسانتر دەبێت کاتێک بەڕاستی ئاگامان لە گوناهەکانی خۆمان و هەڵەکانمان بێت. یەزدان هەرگیز داوای شتێکمان لێناکات کە بۆ خەڵکی دیکەی ئەنجام بدەین ئەگەر بێتو سەرەتا بۆ ئێمەی ئەنجام نەدابێت. خودا بەخشینمان نیشان دەدات پێش ئەوەی دەست بکات بە فێرکردنمان لەبارەی پێویست بوونمان بۆ لێخۆشبوونی کەسانی دیکە. یەزدان دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵمان هەبێت، ئەو سازگاری و یەکبوونی دەوێت هەربۆیە دەبێت بمانبەخشێت.

لێخۆشبوون لەدوای گەورەیی بەرەکەت و میهرەبانی دێت. میهرەبانی لەڕاستیدا یەکێکە لە جوانترین سیفەتەکانی یەزدان. میهرەبانی شتێکی گەورەیە و شتێکە کە ئێمە دەبێت سەرمان پێی بسووڕمێت. لێرە لەسەرە زەوی ئێمە کەم تا زۆر چاوەڕوانی دەکەین، بەڵام پێم وایە لە بەهەشتدا فریشتەکان سامیان لێ نیشتووە بەهۆی میهرەبانی یەزدانەوە. قەشە و نووسەر (ئاندرو مورەی) دەڵێت: "هەموو زانینەکانی یەزدان جێگەی سەرسوڕمانە، پیرۆزییە بێخەوشەکەی جێگەی سەرسوڕمانە، بەڵام لە هەمووی گەورەتر میهرەبانی یەزدانە."

یەزدان بەتەواوی لێخۆشدەبێت و گوناهبارترین و پەست ترین کەس دەکاتەوە بە هاوڕێی خۆی. یەزدان لەگەڵ ئەو کەسانەشدا باشە کە بە هیچ جۆرێک شایانی نین. تەنیا ئەگەر بزانین کە یەزدان چەند جار دەمانبەخشێت بۆ ئەو شتەی کە بیری لێ دەکەینەوە، دەیڵێین یان ئەنجامی دەدەین ئەوا ئەوکات بەلامانەوە ئەوەندە سەخت نابێت ئەو کەسانە ببەخشین کە گوناهمان بەرانبەر دەکەن. دەبێت هەموو ڕۆژێک چەندین جار بە دەنگی بەرز بڵێین: "ئەی یەزدان بەزەییت پێمدا بێتەوە و یارمەتیم بدە بەزەییم بە خەڵکی دیکەدا بیتەوە."

خودا هەرگیز داوای شتێکمان لێناکات ئەنجامی بدەین ئەگەر بێتو پێشوەخت بۆ ئەنجامدانی ئامادەمان نەکات. هەگیز داوای شتێکمان لێناکات بیدەین بە کەسێکی دیکە ئەگەر بێتو خۆی پێشتر پێی نەدابێتین. یەزدان خۆشەویستییەکی بێ مەرجی پێداوین و داوامان لێدەکات کە ئێمەش بەبێ مەرج خەڵکی دیکەمان خۆشبوێت. یەزدان لەگەڵمان میهرەبانە و داوامان لێدەکات کە ئێمەش لە خەڵکی دیکە خۆشبین. ئایا ئەمە داواکارییەکی زۆرە؟ پێم وا نییە.

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە بە هەر کەسێک زۆر درابێت ئەوا چاوەڕێی زۆریشی لێدەکرێت (لۆقا **١٢: ٤٨**). یەزدان زۆرمان پێ دەبەخشێت و هەر لەبەر ئەوەش مافی ئەوەی هەیە کە چاوەڕێی زۆر بێت لە ئێمە. تۆزێک بوەستە و ژیانت بهێنە پێش چاوت و بیر لەوە بکەوە کە یەزدان چەندە ئامادەیی ئەوەی تێدا بووە کە لێت خۆشبێت. ئایا تۆش بەهەمان شێوە هەمان گوناهت چەند جارێک ئەنجام داوە؟ ئایا خودا بە میهرەبانییەکەی لەگەڵت جووڵاوەتەوە و بەردەوام تۆی بەخشیوە تا ئەو کاتەی فێربوویت بە دروستی ئەنجامی بدەیت؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامەکە بریتییە لە بەڵێ. بۆ هەمووومان وەڵامە کە بریتییە لە بەڵێ.

## لە مەسیحدا خودا چی بۆ کردووین؟

لەڕێگەی قوربانی مەسیحەوە، خودا ئێمەی لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی خۆی برد. ئێمەی لە گوناه و نیگەرانیدا بینی و پێشنیاری ژیانێکی نوێی پێکردین. ئەگەر بە "بەڵێ" وەڵامی یەزدان بدەینەوە ئەوا بەتەواوی هەموو گوناهەکانمان دەبەخشێت و بە میهرەبانی و بەرەکەتەکەی دەمانخاتە سەر ڕێگەی خۆی. نەک تەنیا گوناهەکانمان دەبەخشێت بەڵکو دەمانخاتە سەر ڕێگەی خۆی. نەک تەنیا لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت، بەڵکو بە دووری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دووری دەخاتەوە و چیتر بیر لە گوناهەکانمان ناکاتەوە (عیبرانییەکان **١٠: ١٧**، زەبووری **١٠٣: ١٢**). یەزدان لە چاڵی بێهیوایی دەرماندێنێت و ژیانمان واتادار دەکات (یاقوب **٤: ١٠**). جوانییە سەرسامکەرەکە لەوەدایە کە ئێمە شیاوی هیچ کام لەمانە نین. ئێمە هیچ شتێکمان نەکردووە تاکو شیاوی بەرەکەتی خودا بین و هەرگیزیش ناتوانین شتێک بکەین کە شیاوی بەرەکەتی ئەو بێت. بەخشین بە دڵنیاییەوە دیارییە. دیارییەکە کە ئێمە وەریدەگرین و دەبێت ئامادەش بین بیبەخشین. تەنیا دیارییەک نییە کە بیدەین بە خەڵکی بەڵکو بەڕاستی دیارییەکە ئێمە دەیدەین بە خۆمان. کاتێک ئێمە کەسێک دیکە دەبەخشین ئەوا ئاشتی دەروونی و نوێکردنەوەی وزە بە خۆمان دەدەین هەروەها کاتمان دەبێت بۆ ئەنجامدانی شتی بنیاتنەر نەوەکو شتی ڕووخێنەر، تەنیا باسی هەندێک لەو شتە بنیاتنەرانە دەکەم.

میهرەبانی بریتییە لە نەرم و نیانیەکە کە بەجێ نییە. بەجۆرێکی دیکە، هیچ هۆکارێک نییە بۆ نەرم و نیانی خودا کە بتوانرێت پەیدا بکرێت. ئەو میهربانە، ئێمە هەموومان وەرگری پیرۆزی میهرەبانییەکەین.

خودا لەڕێگەی مەسیحەوە ئێمەی ڕزگار کرد، ڕاستودروستی کردین، پیرۆزی کردین و هەمیشە لەناو پڕۆسەی پاککردنەوەی ئێمەدایە. با هەمیشە سوپاسگوزاری میهرەبانییەکەی یەزدان بین. ئەمڕۆ و هەموو ڕۆژەکانی

دیکەش پێویستم بە میهرەبانییە. من ترسم لەو میهرەبانییە گەورەیەی یەزدان هەیە، ئەو ترسەی منیش بە بیرکردنەوە لەبارەی ئەوەی کە یەزدان چی بۆ کردووم فراوانتر دەبێت.

ئایا ئێستا تۆ کێشەت هەیە لەگەڵ مەسەلەی بەخشینی ئەو کەسەی کە خراپەی بەرانبەرت کردووە یان ئازاری داویت؟ ئەگەر هەتە ئەوا پێشنیارت دەدەمێ کە پازدە خولەک وەرگرە و دانیشە بە قووڵی بیر لەوە بکەوە کە یەزدان چەندە تۆی بەخشیوە. لەو باوەڕەدام ئەوە نزمت دەکاتەوە. ئەو کاتە دەبینیت زۆر ئاسانە ئەو کەسانە ببەخشیت کە خراپەیان بەرانبەر کردوویت.

ئەی هاوڕێکەم، تکایە لێی خۆشبە! ڕۆژێکی دیکەی ژیانت بەتووڕەیی و تاڵی بەسەر مەبە لەبەرانبەر شتێک کە ڕوویداوە و هیچی لەگەڵ ناکرێت. ژیانت لە پێچەوانە بووندا بەسەر مەبە. داوا لە یەزدان بکە باشترت بکات نەوەک تاڵتر. متمانەت بە یەزدان هەبێت کە ئەو نادادپەروەرییانەی بەرانبەرت کراوە بە باشە بۆتی دەشکێنێتەوە. بیرت نەچیت ئەرکی تۆ بریتییە لە گوێڕایەلی و بەخشین و ئەرکی ئەویش بریتییە لە تازەکردنەوەت و پاراستنت. یەک ڕۆژی نازداری دیکەی ژیانت بە ڕۆحی لێخۆشنەبوونەوە بەسەر مەبە. داوا لە یەزدان بکە هەمان هەڵوێستی خۆی لە تۆدا بەکاربهێنێت ... هەڵوێستی میهرەبانی و لێخۆشبوون.

عیسا توند و ناسازگار نییە. ئەو میهرەبانە، هێمنە و ئامادەی لێخۆشبوون و یارمەتییە (مەتا ١١: ٢٨- ٣٠). عیسا فێرمان دەکات کە ئارەزووی میهرەبانی دەکات نەوەک قوربانی (مەتا ١٢: ٧). دەتوانین لە دوو ڕوانگەوە سەیری ئەم ئایەتە بکەین. یەکەم، دەتوانین ئەوە ببینین کە یەزدان دەیەوێت میهرەبان بێت لەگەڵمان و ئارەزووی قوربانی نییە. عیسا ئەو قوربانییەیە و کۆتا و تەنیا قوربانییەکە کە هەرگیز پێویست بووبێت. لە ژێر پەیمانی نوێدا قوربانییەکانی ئێمە بێسوودن. تەنیا دەتوانین پشت بە عیسا ببەستین و کاتێک گوناهمان کرد داوای میهرەبانی لێ بکەین و هەمیشە ئامادەیە پێمان ببەخشێت. حەزم لەوەیە کە خودا ئامادەیە بمانبەخشێت. پێویست ناکات چاوەڕێ بکەین تا خۆی ئامادە دەکات، پێویست ناکات سەبارەت بەوە قسەی لەگەل بکەین.... ئامادەیە بمانبەخشێت. ئەو پێشوەخت بڕیاری خۆی داوە کە هەمیشە میهرەبان و بەخشندە بێت. ئێمەش دەتوانین هەمان شت بکەین. دەتوانین مێشکمان لەگەڵ کاتدا ڕێکبخەین بۆ ئەوەی کاتێک ڕەنجاندن هاتە سەر ڕێگەمان ئامادەی لێخۆشبوون بین!

دووەم بۆچوون کە دەتوانین لەسەر ئەم ئایەتە هەمانبێت ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لەگەڵ خەڵکی دیکەدا میهرەبان بین، بۆ ئەوە پێویستمان بە قوربانی نییە. بۆ مرۆڤی دانا شانازییە کە لە خراپە دەبووریێت (پەندەکانی سلێمان **١٩: ١١**). ئەو مافە تایبەتەمان هەیە کە دەتوانین چاوپۆشی لەو شتانە بکەین کە خەڵکی بۆ ئازاردانمان دەیکەن. یەزدان ئامادەی کردووین کە بتوانین ئەو کارە بکەین. ڕەنجاندن بەرەو ئێمە دێت، بەڵام نابێت وەریبگرین.

کاتێک کەسێک ئازارمان دەدات دەتوانین وای لێبکەین کە حەقی ئەو ئازارەمان بداتەوە، بە شێوەیەک کە وای لێبکەین هەست بە خراپی بکات، یان بەردەوام ئەو بابەتە بدەینەوە بە ناو چاویدا؛ دەتوانین لە ژیانمان بیکەینە دەرەوە و قسەی لەگەڵ نەکەین. ئەمە ڕێگای مرۆڤانەی ئێمەیە کە پێویستە بۆ لێخۆشبوونی ئەو گوناهەی دژی ئیمە کردوویانە بەو شێوەیە قوربانی بدەن. بەڵام ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەستدایە، دەتوانین لێی خۆشبین.

## یەزدان چاوەڕێی چیمان لێدەکات؟

پێش ئەوەی ئێمە تووشی گوناە ببین یەزدان دەزانێت. چوارچێوەی ئێمە دەزانێت و دەزانێت کە ئێمە خۆڵ و خاشاکین و هیچی تر، چاوەڕێی ئەوەمان لێناکات کە هەرگیز هەڵە نەکەین. کاتێک یەزدان لەدڵەوە قسەی لەگەڵ کردم ئارامییەکی زۆری پێم بەخشی، گوتی: "جۆیس، تۆ بۆ من جێگەی سەرسوڕمان نیت." یەزدان هەرگیز لە هەڵەکانمان سەری ناسوڕمێت بەڵام پلانی ڕزگاریمان کێشاوە تەنانەت پێش ئەوەی تووشی هەڵەکە ببین. خودا بە هەڵەکانمان و شێوازی گوزەرانمان هەرگیز سەری ناسوڕمێت. پێشوەخت بڕیاری داوە کە بەخشندە بێت. ئەو شتەی کە خودا لە ئێمەی چاوەڕێ دەکات ئەوەیە کە ئەومان خۆش بویت و بە ویستی ئەو هەڵسوکەوت بکەین. ئەو دەیەوێت کە زۆر داوای بەخشین بکەین و لەگەڵ ڕۆحە پیرۆزەکەیدا ئیش بکەین بە ئاراستەی پێگەیشتنی ڕۆحی. ئەو تووڕە نابێت ئەگەر نەگەیشتین بەڵام دەیەوێت بمانبینێت کە بەرەو خاڵی بێخەوش بوون هەنگاو دەنێین.

پۆڵسی نێردراو دەڵێت کە تاکە ئامانجی ئەوەیە کە ئەوەی بەسەرچووە لەیادی بکات و بەرەو ئامانجەی تەواوی هەنگاو بنێت (فیلیپی **٣: ١٣**). بیهێنە پێش چاوەی خۆت کە پۆڵس دوو لە سەر سێی پەیمانی نوێی لەسەر دەستی ئەو بە ئێمە گەیشتووە و نووسیویەتییەوە، هێشتا هەر بەرەو پێش دەچێت. زۆر خۆشحاڵم کە یەزدان ئەم نموونەیەی لە کتێبی پیرۆز داناوە. ئەوە هانی دام کە بزانم یەزدان لە ناخەوە دەمناسێت و بۆم دەرکەوت کە

من مرۆڤێکم دووباره له دایک بووم و دڵم نوێکراوەتەوە، بەڵام گیان و جەستەم وابەستەی ئەو ئیشە مەزنەیە کە یەزدان لە ڕۆحمدا ئەنجامی داوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە یەزدان چاوەڕێی ئەوەمان لێناکات کە هەرگیز هەڵە نەکەین. ئەگەر توانای ئەوەمان هەبوایە بە بێ گوناه بژین ئەوا پێویستمان بە عیسا نەدەبوو. بەڵام هەموو ساتێکی هەموو ڕۆژێک پێویستمان بە عیسایە. ئەو ئێستا لە دەستە ڕاستی خوداوە دانیشتووە و بۆمان دەپاڕێتەوە (ڕۆما ٨: ٣٤). ئەگەر دانمان بە گوناهەکانمان نا، ئەو دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆش دەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە (یەکەم یۆحەنا ١: ٩). گومانی تێدا نییە کە یەزدان مەرجی بۆ هەڵەکانمان هەیە و بەهۆی بەرەکەتی یەزدانەوە دەتوانین وەکو هاوڕێ بین لەگەڵیدا و پەیوەندیمان لەگەڵی بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا هەموو هەڵسوکەوتەکانمان تەواو نییە.

## چاوەڕێی چی لە خەڵک دەکەیت؟

دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە بەرانبەر خەڵکی میهرەبان بین. ئەوان بێخەوش (کامڵ) نین، بۆیە تووشی گوناه دەبن. ئەوان ئازارمان دەدەن و بێهیوامان دەکە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمەش هەمان شت بە ئەوان دەکەین. زۆربەی کات ئێمە ئاگامان لەو شتانە نییە کە ئازاری خەڵکی دیکەی پێدەدەین، بەڵام زۆر ئاگامان لە شتی خەڵکی دیکەیە کە ئازاری ئێمەی پێدەدەن.

من بێخەوش نیم، کەواتە بۆچی دەبێت چاوەڕێی بێخەوشی لەو کەسانە بکەم کە پەیوەندیم لەگەڵیان هەیە؟ بەڕاستی لەو باوەڕەدام کە ناتەواوییەکەمان (کامڵ نەبوونمان) ئەوەیە، بۆیە یەزدان فەرمانمان پێدەکات کە خێرابین لە بەخشیندا. مەرجە بۆ هەموو هەڵەکانمان هەیە، بە لێخۆشبوونمان و پێدانی توانا پێمان بۆ لێخۆشبوون لە خەڵکی دیکە ئەگەر ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێت بەو شێوەیە بکەین. لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا من و دەیڤ چل و چوار ساڵ دەبێت خێزانمان پێکهێناوە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا چەندین هەزار جار لە یەکتر خۆشبووین، هەروەها لەکاتی بەسەربردنی ئەو ساڵانەی کە پێکەوە ماومانە پێویستە بەردەوام لە یەکتر خۆشبین.

فێربووین بەرانبەر یەکتر میهرەبان بین، تەنانەت بە بێ ئەوەی باسی ئەو شتە بکەین کە کەسێکی دیکە کردوویەتی بۆ ڕەنجاندنمان. دەتوانین چاوپۆشی لە هەڵەکانی یەکتر بکەین و پاساویان بۆ بهێنینەوە. پێم وایە ئەوە بیرۆکەیەکی جوانە، "ئێمە دەتوانین ڕێگە بە یەکتری بدەین کە هەڵە بکەین."

"بەوپەڕی بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتنەوە، بە خۆشەویستی بەرگەی یەکتری بگرن." (ئەفەسۆس **٤: ٢**)

چەند ساڵێک لەمەوپێش من و دەیڤ وازمان لە فشار خستنە سەر یەکتر هێنا لەوەی کە هەوڵ بدەین بێخەوش بین. بۆمان دەرکەوت کە یەزدان چەندە میهرەبانیمان نیشان دەدات، هەربۆیە بڕیارماندا کە ئێمەش هەمان شت بۆ یەکتر بکەین. چاوپۆشی کردن لە گوناهەکانی یەکتر ڕێگەی هاوسەرگیرییەکی باشی درێژخایەنی بۆ خۆش کردین. دڵت بپشکنە. ئایا فشار دەخەیتە سەر هاوسەرەکەت، خێزانەکەت یان هاوڕێکانت بۆ ئەوەی بە بێخەوشی و تەواوی هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکەن؟ ئایا توند و ناسازگار و زۆر ویستی؟ ئایا بیانوو بۆ لاوازی خەڵکی دێنیتەوە؟ ئایا کەسێکی بەخشندەی؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکی زۆر باشن کە ناوبەنا دەتوانین لە خۆمانی بپرسین. ڕاستگۆیانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەوە. ئەگەر شێوازی هەڵسوکەوتت وەک هی عیسا نییە ئەوا داوای لێبکە کە هەڵسوکەوتەکانت بگۆڕێت.

دەبێت ڕۆژانە مێشکمان و ڕەفتارمان نوێ بکەینەوە. ئێمە هەمیشە بەشێوەیەکی خودکار هەڵسوکەوتێکی باشمان نابێت. هەندێک کات ڕێگەدەدەین ساتمە بکەین و هەڵە دەکەین، بۆیە دەبێت پەیمانەکەمان نوێ بکەینەوە و بە شێوازی یەزدان شتەکان ئەنجام بدەین. ئەگە تۆ ئێستا لەو خاڵەدایت ئەوا پێویست ناکات هەست بە شەرمەزاری بکەیت. بە یارمەتی خودا دڵشاد بە، تۆ ڕاستی دەبینیت کە دەبێتە هۆی ئازادکردنت.

**عیسا چاوەڕێی چی لە قوتابییەکانی دەکات؟**

عیسا بەتایبەتی پیاوی لاواز و نادانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەگەڵیان بێت و کاریان لەسەر بکات تاکو نەتوانن ئەو شکۆیەی کە تەنیا هی خودایە بیبەن بۆ خۆیان. پەترۆس قسەی زۆری دەکرد و زۆریش شانازی بەخۆیەوە دەکرد. تەنانەت سێ جار عیسای ڕەتکردەوە کاتێک کە لە کێشەدا بوو بەڵام عیسا نەرم و نیانی و میهرەبانی نیشان پەترۆس دا. پەترۆسی بەخشی و پاشان پەترۆس بوو بە قوتابییەکی مەزن.

تۆماس گومانێکی زۆری لەو شتانە هەبوو کە عیسا دەیوتن، بەڵام ئەو میهرەبانی نیشاندا و بەردەوام بوو لە کارکردن لەسەری. تەنانەت پاش هەستانەوەی، تۆماسی بینی لە ئەوپەڕی گومان و بێ باوەڕیدا و دەستە برینداره بزمار لێدراوەکانی خۆی نیشاندا. تۆماس وتبووی کە باوەڕ ناکات تاکو نەیبینێ هەربۆیە عیسا ئەو شتەی پێ نیشاندا کە پێویستی پێی بوو لەجێگەی ئەوەی لەبەر ڕەفتارە گوماناوییەکی ڕەتیبکاتەوە.

قوتابییەکان لەو کاتەدا هەڵسوکەوتی گاڵتەجاڕانەیان نواند بۆ کۆمەڵە کەسێک کە لەگەڵ عیسادا گەشتیان دەکرد. ئەوان مشتومڕی ئەوەیان بوو کە کامیان لە هەموویان گەورەترە. قوتابییەکان خەویان لێکەوت کاتێک عیسا پێویستی پێیان بوو لە کاتێکدا داوای لێکردبوون بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لەگەڵیدا نوێژ بکەن.

ئەوان ناتەواو و ناکامڵ بوون، بەڵام عیسا لەکاتی هەڵبژاردنی ئەواندا ئەوەی دەزانی. بەدرێژایی شەوەکە عیسا نوێژی کرد پێش هەڵبژاردنی دوانزە پیاوەکە کە پاش مردنی عیسا و هەستانەوەی لەنێو مردووان موژدە دەدەن بە هەموو جیهان. تەنیا بیهێنە بەرچاوی خۆت، دوازدە پیاوی ناتەواو کە زۆربەی کات نادانا بوون و گومانیان هەبووە و لووتبەرز بوون، لە نێوان خۆیاندا مشتومڕیان دەکرد و دەیانویست بزانن چەند جار دەبێت لەیەکتری خۆشبن. بەڕای من ئەوان زۆر لە ئێمە دەچن.

## فێربوونی وەرگرتنی میهرەبانی

هەروەک من، دڵنیام تۆش گومانت لەوە نییە کە کەسێکی زۆر ناتەواویت و پێویستییەکی زۆرت بە میهرەبانییە. خودا ئامادەیە میهرەبانی ببەخشێت، بەڵام ئایا دەزانیت چۆن وەریبگریت؟ لەوانەیە داوا لە خودا بکەین کە گوناهەکانمان ببەخشێت، بەڵام ئایا بە بەخشینی خۆمان بەخشینی ئەو بەدەستدێنین؟ ئایا تۆ گوناهێکی زۆری ڕابردووت دژی خۆت هەڵگرتووە؟ بۆ ماوەی چەندین ساڵ من هەڵمگرت هەر بەو هۆیەشەوە نەمتوانی بەرانبەر کەسانی دیکە میهرەبان بم. هەروەکە چۆن زۆر جار دەڵێم؛ "ئێمە ناتوانین ئەو شتە ببەخشین کە خۆمان نیمانە."

میهرەبانیت وەرگرتووە؟ لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا ئایا هیچ شتێک هەیە لەبەرانبەر خەڵکیدا کردبێت و ئێستا لە ناخی دڵەوە هەست بە تاوان بکەیت، سەرەڕای ئەوەی کە ڕاستگۆیانە دانت بە گوناهەکانتدا ناوە؟ ئایا دەرفەتت وەرگرتووە و داوای میهرەبانی و گرنگی یەکسان بوونت لە یەزدان کردبێت؟ دەرفەتت وەرگرتووە بۆ

ئەوەی میهرەبانی یەزدان بەدەست بهێنیت؟ میهرەبانی دیارییە، بەڵام دیاری تاوەکو بەدەستت نەگات هیچ نرخێکی نییە. عیسا گوتی: (داوا بکەن وەردەگرن، تاکو خۆشیەکەتان تەواو بێت." (یۆحەنا ١٦: ٢٤).

ئایا تۆ زۆر داوا دەکەیت و کەم وەردەگریت؟ ئەگەر وایە، ئەوا کاتی گۆڕانکارییە. یەزدان هەموو شتێکی بۆ کردووین کە پێویست بکات لە مەسیحدا بۆمان بکرێت. ئێستا کەوتۆتە سەر ئێمە کە لە ڕێگەی باوەڕەوە بەدەستی بهێنین. لەڕێگەی باوەڕەوە نەوەکو لەڕێگەی شیاوبوونەوە.

کاتێک کە فێردەبین میهرەبانیە ئێجگار زۆرەکەی یەزدان وەربگرین ئەوا دەتوانین بیدەین بە کەسانی دیکەش.

## نیشانەکانی هەڵسوکەوتی میهرەبابانە

### 1) میهرەبانی تێدەگات

"چونکە سەرۆک کاهینێکمان نییە کە نەتوانێ هاوخەمی لاوازییەکانمان بێت، لەبەر ئەوەی وەکو ئێمە لە هەموو شتێک تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناهە دەرچوو." (عیبرانییەکان ٤: ١٥)

حەزم لەو ڕاستیەیە کە عیسا لێم تێدەگات. لەبەرئەوەی هەریەک لە ئێمە لاوازی خۆمان هەیە بۆیە ئێمەش دەبێت بتوانین تێبگەین کاتێک کەسانی دیکە هەڵە دەکەن و پێویستیان بە میهرەبانی و لێخۆشبوونە. هەبوونی دڵێکی تێگەیشتوو یەکێکە لە نیشانە جوانەکانی میهرەبانی. جاری داهاتوو ئەگەر کەسێک بە خراپی هەڵسوکەتی لەگەڵ کردی هەوڵبدە تێبگەیت. بۆی هەیە ئەو کەسە نەخۆش بێت یان ڕۆژێکی ناخۆشی لەسەر ئیش بەسەر بردبێت. هەڵسوکەوتی هەڵە بێگومان دروست نییە، بەڵام دڵنیابە وشە نەرم و نیانەکان دەگۆڕێن بۆ تووڕەیی. نەرم و نیانی توانای گۆڕینی تووڕەیی هەیە چونکە هەمیشە چاکە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت (ڕۆما ١٢: ٢١).

ئەو ساڵانەی کە من خەریک بووم بەرەو چاکبوونەوە دەچووم دوای ئەوەی کە لە کاتی منداڵیمدا دەستدرێژی کرابووە سەرم، دەیڤی هاوسەرم زۆر لێم تێدەگەیشت. ئەگەر میهرەبان نەبوایە لەگەڵم ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا خێزانمان پێک نەهێنابوو. ئەو پلانە گەورەیەی کە یەزدان بۆ ژیانمی دانابوو لە دەستمان دەدا. ئایا ئێستا کەسێک هەیە لە ژیانتدا کە دەتوانیت زیاتر گەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی لێی تێبگەیت؟ داوایان لێبکە چیرۆکی خۆیانت بۆ باس بکەن. زۆربەی جار کە خەڵکی ئیشێکی نائاسایی ئەنجام دەدەن ئەوا لەبەر ئەوەیە کە شتێک لە ژیانیاندا بووەتە هۆی ئازاریان و هێشتا لەو ئازارە ڕزگاریان نەبووە. هەتا زیاتر لە ڕابردووی خەڵکی بزانین

ئەو ئاسانتر دەبێت بۆ ئەوەی لەو هەڵسوکەوتە تێبگەین کە نیشانی دەدەن، کە بۆی هەیە کەمتر جێگەی بایەخمان بێت.

## 2) میهرەبانی هەڵەکانی خەڵکی دەرناخات

بەگشتی ئەو کەسەی کە لە لایەن ڕۆحی پیرۆزەوە بەڕێوەناچێت هۆگرییەکی ناتەندروستی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەوالی خراپدا هەیە، بە تایبەتی لە گوتنی ئەو شتە هەڵانەی کە خەڵکی کردوویانە. وشەی یەزدان ئەوە نیشان دەدات کە خۆشەویستی زۆر گوناە دادەپۆشێت. (یەکەم پەترۆس ٤: ٨)

"ڕق ناکۆکی دەوروژێنێت، بەڵام خۆشەویستی هەموو یاخیبوونێک دادەپۆشێت." (پەندەکانی سلێمان ١٠: ١٢)

هەر پەندێکی ناو کتێبی پیرۆز خاڵێکی دانایيە کە وا لە ژیانمان دەکات باشتر بێت ئەگەر بێتو گرنگی پێبدەین. ئەم پەندە پێداگری لە قسەکەی پەترۆس دەکات لە کتێبی پیرۆز لەبارەی داپۆشینی گوناهەکان لەجێگەی ئاشکراکردنیان.

کاتێک یوسف لە کۆتاییدا هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسابوو کە تۆڵە لە براکانی بکاتەوە لە بەرانبەر ئەو ڕەفتارە بێ بەزەییەی کە دژیان ئەنجامیان دابوو، یوسف بەنهێنی شتێکی کرد. کاتێک براکانی هاتن بۆ لای یوسف، یوسف داوای لە هەموو کەسێک کرد ژوورەکە بەجێبهێڵن چونکە نەیدەویست خەڵکی دیکە ئەوە بزانن کە براکانی چییان بەسەر هێناوە (پەیدابوون ٤٥: ١). نەک هەر ئامادە بوو بە تەواوی لێیان خۆشبێت بەڵکو تاوانەکەیانی بە نهێنی هێشتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بتوانن ئەوانیان خۆشبوێت و ڕێزیان لێبگرن. نەیدەویست براکانی شەرمەزار بن. ئەم تایبەتمەندییە گرنگەی یوسف ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی خودا توانی بەو شێوە بەهێزە بەکاری بهێنێت. ئەگەر بەڕاستی بمانەوێت لەلایەن یەزدانەوە بەکاربهێنرێین دەبێت میهرەبان بین.

کاتێک شتێکمان دژی کەسێک هەیە کە ئیهانەی کردووین ئەوا دەبێت بە تەنیا بچین بۆ لای و سەبارەت بە کێشەکە قسەی لەگەڵ بکەین (مەتا ١٨: ١٥). ئەگەر ئەوان ڕازی نەبوون گوێبگرن ئەوا پێمان وتراوە کە خەڵکی دیکە لەگەڵ خۆمان ببەین بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەین بەهیوای ئەوەی کە ئاوازی مێشک و دڵی وەکو پێشتر لێبکەین.

بۆ خەڵکی دیکە بەو شێوەیە کارەکان ئەنجام بدە کە حەزدەکەیت بۆ تۆی ئەنجام بدەن. ئەگەر تۆ کارێکی هەڵەت بکەیت، دەتەوێت هەواڵەکە بڵاوبکەنەوە یان لەلای خۆیان بیپارێزن؟ من هەر لە سەرەتاوە وەڵامەکەیم دەزانی چونکە من دەزانم چیم دەوێت. من حەز دەکەم کە گوناهەکانم داپۆشراوبن، دڵنیام تۆش ئەوەت دەوێت.

## 3) میهرەبانی حوکم نادات

ئاسانە حوکم بدەیت و بۆچوونی ڕەخنەگرانەت هەبێت لەسەر ئەو هەڵانەی کە خەڵکی دەیکەن. بەڵام ئەمە ژیرانە نییە. ئێمە لەلایەن یەزدانەوە بانگ کراوین بۆ یارمەتیدانی خەڵک نەوەک بۆ تاوانبارکردنیان. هەروەک پێشتر لەم کتێبەدا ئاماژەم پێکرد، لەوانەیە گوناه مەحکوم بکەین بەپێی ئەوەی کە هەیە بەڵام نابێت مرۆڤەکان مەحکوم بکەین چونکە ئێمە دڵی ئەوان ناناسین و نازانین چۆن ژیانیان بەسەربردووە.

## 4) میهرەبانی لە مەحکوم کردن گەورەترە

"چونکە حوکمدان بێ بەزەییانەیە بۆ ئەوەی بەزەیی نەبووە. بەزەییش لە حوکمدان دەباتەوە." (یاقوب **٢: ١٣**)

دادوەری کردن کارێکی مرۆڤانەیە، بەڵام میهرەبانی کارێکی خوداییانەیە. داوا لە یەزدان بکە یارمەتیت بدات لە گەشەکردنی هەڵسوکەوتی میهرەبانانە و بگەڕێ بەدوای ئاکارێکی جیاکەرەوەی نیشانەکانی میهرەبانی لەناو ژیانتدا. دادوەری واتە پلە بەرزکردنەوەی کەسێک وەک یەزدان. تەنیا یەزدان مافی ئەوەی هەیە کە حوکم بەسەر مرۆڤدا بدات چونکە ئەو تاکە کەسە کە هەموو ڕاستییەکان دەزانێت. نامەوێت بەهۆی ئەوەوە گوناهبار بم کە هەوڵبدەم لە ژیانی کەسێکی تر ببم بە خودا. بۆیە بەڕاستی زۆر هەوڵ دەدەم خۆم لە حوکمدانی خەڵکی تر بەدوور بگرم. بەڵنیاییەوە حەزم لەوە نەدەکرد کە بۆ ماوەیەکی زۆر کەسێکی حوکمدەر بووم، بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە دەتوانین بە یارمەتی خودا بگۆڕدرێین.

## 5) میهرەبانی باوەڕی بە باشترینە

خۆشەویستی هەمیشە باوەڕی بە باشترینی هەموو کەسێکە و میهرەبانیش نیشانەی خۆشەویستییە. میهرەبانی تاوانبارێک بە بێ دادگایی کردنێکی دادوەرانە حوکم دەرناکات. میهرەبانی هەمیشە دەیەوێت ڕاستی بزانێت

نەوەک قسە و قسەڵۆک. ڕقم لەوەیە کاتێک کەسێک لەبارەی کەسێکی دیکەوە شتێکی خراپ پێدەڵێت بەتایبەتی ئەگەر تەنیا قسە و قسەوڵۆک بوو و لە ڕاستییەوە دوور بوو. دەبێت زۆر باش هەوڵبدەم بۆ ئەوەی باوەڕ بە باشترین بکەم دوای گوێگرتنی خراپترین. هەمیشە دەبێت باوەڕ بە باشترین بکەین تا ئەو کاتەی تۆمەتەکە لەدژی کەسەکە دەسەلمێنرێت.

دەزانم کە بە ئاشکرا تاوانبار کراوم بە ئەو شتانەی کە نەمکردووون و بەڕاستی ڕێزم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە گوتوویانە: "پێم وا نییە جۆیس شتی وا بکات." ڕێزم نەبوو بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانباریان کردم و دوای قسە و قسەڵۆک کەوتبوون. ئەوەندی دیکە قسەی ناشرینیان پێوە زیاد دەکرد و دەیانگێڕایەوە بۆ خەڵکی دیکە.

زۆرتر دڵخۆش دەبین ئەگەر باوەڕمان بە باشترین بێت لەجێگەی ئەوەی کە بە گومان بین و خێرا باوەڕ بە هەموو ئەو شتە خراپانە بکەین کە لەبارەی کەسێکی دیکەوە دەیبیستین.

### 6) میهرەبانی بۆ هەموو کەسێکە

سەرنجم داوە کە ئاسانترە میهرەبانی نیشانی ئەوە کەسانە بدەم کە خۆشمدەوێ و پەیوەندییەکی باشم لەگەڵیان هەیە. زۆر سەختە بۆم کە کەسێکم بەلاوە گرنگ نییە لەهەمان کاتیشدا دەبێت میهرەبان بم بەرانبەری هەرچەندە میهرەبانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا میهرەبان بیت. خەسڵەتی میهرەبانی شتێک نییە کە ئێمە پێی بکەین و بیکوژێنینەوە بەڵکو بەشێکە لە کەسایەتی ئێمە .... بریتییە لە هەبوونی ئێمە. هەرگیز ناڵێین "من میهرەبانی دەکەم" بەڵکو دەڵێین "من میهرەبانم."

یەکسانی بۆ یەزدان گرنگە. یەزدان ڕێزی تایبەتی لە هیچ کەسێک ناگرێت و نایەوێت ئێمەش بەو شێوەیە بین. هەموو کەسێک وەکو یەک لەلای خودا گرنگن. هەموویان ڕۆڵەی ئەون و میهرەبانییەکەی بۆ هەمووانە. وەک نوێنەری ئەون لەسەر زەوی. پێویستە ئێمە هەوڵی هەمان شت بدەین. هەرگیز وا هەڵسوکەوت مەکە کە "هەستت" بەرانبەر کەسێک چۆنە بەڵکو میهرەبان بە، ئەمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ژیانت.

لە کتێبی پیرۆزدا زۆر کات دەبینین باسی چیرۆکێک دەکرێت وەک چیرۆکی سامرییە باشەکە. ئەم چیرۆکە لەبارەی پیاویکە کە یارمەتی بریندارێکی دا کە لەسەر ڕێگایەکدا کەوتبوو. سامرییەکە ئەو کەسەی نەدەناسی. بەڵام کات و سامانەکەی بۆ یارمەتی لێقەوماوان بەکاردەهێنا (لۆقا ١٠: ٢٧- ٣٧). ڕوونە کە پیاوی میهرەبان

بۆ هەموو کەسێک میهرەبانی نیشان دەدات، نەک تەنیا بۆ ئەوانەی کە دەیاناسێت و خۆشی دەوێن و دەیەوێت گرنگیان پێبدات. ئەم "سامرییە باسە" لە بەرچاوی یەزدان کەسێکی گەورەیە، چونکە سەرنجی دا و ڕاوەستا و میهرەبانی خۆی خۆ پیاوێک دەربڕی کە پێشتر نەیبینیبوو، پێدەچێت هەرگیزیش نەیبینێتەوە. یارمەتیدانی پیاوە برینداره‌کە پێویستی بە پارە و کاتی سامرییە باشەکە بوو؛ لەو کارەیدا هیچ شتێکی دەست نەکەوت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارە دروستەکەی ئەنجام دا. هەرکاتێکی کاریکی دروست دەکەین ئارامی دەروونیمان پێدەبەخشێت و دیاری کاتی چاوەڕوانکردن دەدورینەوە، هەوڵبدە یارمەتی خەڵکێکی زۆر بدەیت و میهرەبانی یەزدانیان نیشان بدە. نەرم و نیانی یەزدان نیشانبدە کە شایانی نین. گومانم لەوە نییە کە هەموومان دان بەوەدە دەنێین کە جیهان پێویستی بە زۆریک لە سامری باش هەیە، کەواتە با لە ئێمەوە دەست پێبکات.

# بەشی چواردەیەم

## بارەکەت سووک بکە

لەم دواییانەدا سەیری فیلمێکم کرد کە تێیدا پیاوێک نهێنییەکی لەلابوو ئەگەر باسی کردبا ئەوا کەسێکی پێ ڕزگار دەبوو، ئەو کەسە حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرابوو بۆ تاوانێک کە ئەنجامی نەدابوو. لەوانەبوو ئەگەر نهێنییەکەشی باش کردبا ئەوا لە دەرەوە ئەوەندە بەڵگەیان لە دژی کابرا هەبوو کە دەستگیری بکەن. پرسیاری کرد بۆچی دەبێت بچێتە پێش و خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ ئازارکردنی پیاوێک کە هیچ نرخێکی نییە. ئەو پارێزەرەی کە هانی دەدا بۆ ئەوەی ڕاسگۆ بێت پێی گوت: "ئەگەر تۆ ڕاستییەکەی بڵێیت دەتوانی بارەکە لەسەر شانت لاببەیت و پشوو بدەیت، ئەو کات بارێکی کەمتر لەپێشتر بەدرێژایی ژیانت هەڵدەگری." مەبەستی ئەوە بوو "چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە و کارە دروستەکە ئەنجام بدە."

بەردەوام لە ژیانماندا بڕیار دەدەین لەبارەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی بارودۆخەکانی ژیانمان. خودا لە وشەکانیندا داوامان لێدەکات کە شتە دروستەکان هەڵبژێرین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی هەڵبژاردنەکان بۆ ئێمە بەجێدێڵێت. ئەگەر لەو کەسانە خۆشبین یان خۆشنەبین کە ئێمە لە ڕیزی "دوژمن" دایدەنێین، ئەوە یەکێکە لەو هەڵبژاردنانەی کە ئێمە زۆربەی جار ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەگەر بڕیارە دروستەکە بدەین ئەوا بارەکەمان سووک دەکەین. بەڵام ئەگەر بڕیارە هەڵەکە بدەین ئەوا لەڕاستیدا بارەکەمان قورس دەکەین و خۆمان ئەشکەنجە دەدەین.

"ئەوسا گەورەکەی بانگی کرد و پێی گوت: خزمەتکاری بەدکار، لە هەموو ئەو قەرزە خۆشبووم، چونکە لێم پاڕایتەوە ئایا نەدەبوو تۆش بەزەییت بە خزمەتکارە هاوکارەکەتدا بێتەوە، وەک بەزەییم پێتدا هاتەوە؟ جا گەورەکەی تووڕە بوو و دایە دەست جەلادەکانەوە، تاکو هەر شتێکی بەسەرەوەیە بیداتەوە. باوکی ئاسمانیشم واتان لێدەکات، ئەگەر هەریەکەتان لە دڵەوە گەردەنی خوشکی یان براکەی ئازاد نەکات." (مەتا **١٨: ٣٢-٣٥**).

ئەم بەشە لە کتێبی پیرۆز ئەوەیە کە تێیدا پەترۆس پرسیار لە عیسا دەکات چەند جار دەبێت لە براکەی خۆش بێت کە تاوانی بەرانبەر دەکات. عیسا چیرۆکی پیاوێکی بۆ پەترۆس گێڕایەوە کە بڕێک پارە قەرزاری پادشا بوو. بە پارەی ئەمڕۆ دەکاتە دە هەزار دۆلار. پادشاکە داوای پارەکەی دەکرد بەڵام قەرزارەکە نەیدەتوانی پارەکەی بداتەوە و داوات بەزەیی دەکرد. دڵی پادشاکە نەرم بوو لە قەرزەکە خۆش بوو. هەمان پیاو کە ڕێک

لەو کاتەدا لە قەرزەکەی خۆش بوون ڕۆیشت و کەسێکی پەیدا کرد کە نزیکەی بیست دۆلارێکی قەرزار بوو، یەخەی کابرای قەرزاری گرت و داوای پارەکەی لێکرد. ئەم قەرزارە کەوتە سەر ئەژنۆ و داوای بەزەیی کرد بەڵام لەجێگەیئەوەی لێی خۆشبێت وەک ئەوەی خۆی لێیخۆشبوون. ئەو پیاوەی کە لە لایەن پادشاوە بەخشرابوو قەرزارەکەی خستە زیندانەوە. کاتێک پادشاکە بەم هەڵسوکەوتەی زانی، ئەو بەزەییەی بەبیرهێنایەوە کە بەرانبەری نوێنرابوو هەروەها پێی گوت لەبەرئەوەی کە نەیویست لێی خۆشبێت دارکاری دەکرێت.

ئەم چیرۆکەی کە عیسا گێڕایەوە شایانی خوێندنێکی زۆرە. ئەو چیرۆکە هەموو ئەو شتەی بە کورتی باس کرد کە من هەوڵدەدەم لەم کتێبەدا باسی بکەم. خودا دەمانبەخشێت زیاتر لە هەر کەسێک کە بکرێت قەرزارمان بێت، پێویستە فێربین کە ببین بە کەسێکی بەخشندە و میهرەبان هەروەکو ئەو. نابێت هەرگیز هەوڵ بدەین کە وا لە کەسێک بکەین "باج" بدات بەهۆی ئەو شتەی بە مەبەستی ئازاردانمان دەیکەن. عیسا باجەکەی ئێمەی داوە و بە تەواوی ئێمەی بەخشیوە. عیسا چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە ئێمەش هەمان شت بکەین بەرانبەر بە خەڵکی دیکە. ئەگەر وا نەکەین ئەوا لە ڕۆحماندا ئازار دەدرێین هەروەک عیسا لە مەتا بەشی هەژدەدا گوتی. بە ئەنجامدانی کاری دروست و بەخشین دەتوانین بارمان سووک بکەین.

(ڕاڵف والدۆ ئمێرسن) دەڵێت: "هەر خولەکێک لە تووڕەبوونت دەبێتە هۆی لەدەستدانی شەست چرکە لە خۆشحاڵیت." ئەوە ڕاستییە، خۆشییەکەمان لەلایەن تووڕەییەوە لەناو دەبردرێت و دەتوانم بەپێی ئەو ئەزموونەی کە لە ژیانمدا هەمە بڵێم ئەوەندە نایەنێت و بایەخی نییە.

(مارکس ئۆرلیەس) دەڵێت: "ئاکامی تووڕەیی زۆر بەئازارترە لە هۆکارەکەی." لە سەرەتادا لەوانەیە بەهۆی ڕووداوێکی لاوەکییەوە تووڕەبین، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو پریشکە تووڕەییە بە بیروهزری ئەرێنی لەبارەی ئەو کەسانەی کە تووڕەیان کردووین گەشە پێبدەین ئەوا ئاکامی تووڕەییەکە بەدڵنیاییەوە زۆر بەئازارتر دەردەکەوێت لەو شتەی کە لە سەرەتادا بووە هۆکاری سەرهەڵدانی تووڕەییەکە. وادیارە پێویستە بەپێی ئەو پەندە چینییە بژین کە دەڵێت: "ئەگەر لەکاتی تووڕەییدا هێمن بینت، ئەوان سەدان ڕۆژی خەمناکی بەجێدێڵت."

بەدرێژایی سەدەکان ژن و پیاوە مەزنەکان ئەزموونی ئازاری لێخۆشنەبوون و خۆشی لێخۆشبوونیان کردووە. ئەمانەی خوارەوە وتەی هەندێکیانە:

"هەرگیز نەبووە کە پیاوێکی تووڕە پێی وابێت تووڕەییەکەی ناڕەوایە." سەینت فرانسس دۆ سەیل

"سەرنجی ئەوە بدە کە چەندە زیاتر بەهۆی تووڕەیی و خەمەوە ئازار دەچێژیت لەو هەمووە شتانەی کە بەهۆیانەوە تووڕەیت خەماویت." مارکۆس ئەنتۆنیۆس

"ئەگەر پێشگیری لە تووڕەیی نەکرێت ئەوا زۆربەی جار بە ئازارترە لەو برینەی کە پەرەی پێدەدات." سێنیکا

"هەر شتێک بە تووڕەیی دەست پێبکات ئەوا بە شەرمەزاری کۆتایی دێت." بنیامین فرانکلن

"ئەو کەسانەی لە تووڕەییدا دەفڕن ئەو بەخراپی دەنیشنەوەم." ویڵ رۆجەرس

"لێخۆشبوون ڕابردوو ناگۆڕێت بەڵام داهاتوو فراوان دەکات." پۆڵ بۆیس

"هاوسەرگیری سێ بەشی لە خۆشەویستی پێکدێت، بەڵام حەوت بەشی لە بەخشین پێکهاتووە. لایۆ زوو

"بەخشین بەرزترین و جوانتری شێوەی خۆشەویستییە. لە بەرانبەر ئاشتی و خۆشییەکی نەوتراو بەدەست دێنیت." رابرت مولەر

"کاتێک دەزانی خۆشەویستی دەستی پێکردووە کە ئەو کەسانە بەبیر دێنێتەوە کە ئازاریان داویت و ئەو کاتە هەست بە هێزێک دەکەیت کە هیوای بەختەوەری بۆ هەموویان دەخوازیت." لویس بی سمێدس

**تووڕەیی لە بەرزبوونەوەدایە**

ئامارەکان لەسەر تووڕەیی بیرهێنەرەوەیەکی بەهێزن پێمان دەڵێن کە تووڕەییەکی زۆر بوونی هەیە. نزیکەی **٣٢**٪ی ئەو کەسانەی دەنگیان بە بابەتەکە داوە دەڵێن هاوڕێیەکی نزیک یان ئەندامێکی خێزانەکەیان هەیە کە کێشەی جڵەوگیرکردنی تووڕەییدا هەیە. **٢٠**٪ دەڵێن کە کۆتاییان بە پەیوەندی یان هاوڕێیەتی هێناوە لەگەڵ کەسێک کە بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتەی کە لە کاتی تووڕەییدا نواندویەتی. ئەگەر تۆ کەسێکی تووڕەیت ئەوا ژیرانەیە کە بزانیت ئەو کەسانەی خۆشت دەوێن مەرج نییە هەمیشە ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێت لەگەڵ تووڕەییەکەی تۆدا دەست و پەنجە نەرم بکەن. بەداخەوە ئێمە زۆربەی کات تووڕەییەکەمان بەسەر ئەو کەسانەدا بەتاڵ دەکەینەوە کە زۆرمان خۆش دەوێن. پێم وایە بەو شێوەیەن چونکە بە هەڵە پێمان وایە کە ئەوان بەردەوام دەبن لە بەخشینمان و لێمان تێدەگەن بەڵام بۆی هەیە ئەمە زۆر نەخایەنێت. هەموو کەسێک

سنووری خۆی هەیە، کاتێک لەو سنوورە زیاتر پاڵی پێوە بنرێت ئەوا زۆربەی کات ئەو ویرانکارییەی کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت چاک ناکرێتەوە.

هەندێک لەو شتانەی کە خەڵکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەربارەی تووڕەن بەڕاستی مایەی گاڵتە پێکردنن. خەڵکی زۆر تووڕە دەبن کاتێک تەلەفۆنەکەیان باش ئیش ناکات، بۆی هەیە بیدەن بەسەر زەویدا یان بیخەنە ناو حەوزی ئاوەوە. بیرم دێت ئەگەر بمانویستبا تەلەفۆن بکەین لەکاتی هاژۆشتنی ئۆتۆمبێلدا دەبوا تەلەفۆنێکی سەر شەقام پەیدا بکەین و ئۆتۆمبێلەکەمان ڕاگرتبا و دابەزیباین و پارەی خوردەی تەواومان هەبوایە. ئەگەر کەش و هەوا سارد یان گەرم بوایە، دەبوا بەرگەی ئەو ناخۆشییەمان گرتبایە. بەهیچ جۆرێک بیرمان لێ نەدەکردەوە، چونکە ئەمە ڕیک ئەو شتەیە کە کەسێک لە کاتی گەشتکردندا بیەوێت تەلەفۆن بکات ئەنجامی دەدات. ئێستا تووڕە دەبین ئەگەر تۆتۆمبێل بهاژۆین و بە ناوچەیەکدا تێپەڕین کە تاوەری تەلەفۆنی لینەبێت و ناچار بین دوو خولەکی دیکە بوەستین بۆئەوەی بگەین بە تاوەرێک بۆ ئەوەی تەلەفۆنەکە بکەین.

لەم ڕۆژگارەدا "تووڕەی ڕێگا و تووڕەیی ماڵپەڕ و تووڕەی فەرمانگە"مان هەیە. ئەو شتەی عیسا پێی دەڵێت هەڵسوکەوتی ناخوداییانە ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین نەخۆشی دەروونی کە پێویستی بە ڕاوێژکارە. ئایا ئێمە تەنیا بیانوو دێنینەوە بۆ ئەوەی کە ناتوانین دەست بەسەر خۆماندا بگرین و خۆمان جڵەوگیر بکەین؟ ئایا ئێمە بەو ڕادەیە خۆویست بووین کە بەڕاستی پێمان وایە هەموو شتێک لە ژیاندا ڕێک دەبێت بەو شێوەیە بێت کە ئێمە دەمانەوێت؟

خەڵکێکی زۆر تووڕەن، چونکە خۆشحاڵ نین، خۆشحاڵ نین چونکە تووڕەن. بووەتە سوڕێکی خراپی تووڕەیی زیاتر و زیاتر، بەڕاستی باوەڕم وایە کە تاکە وەڵام بریتییە لە هەڵسوکەوتی دروستە (وابەستە بە کتێبی پیرۆز) و ئامادەبوون بۆ لێخۆشبوون لە خەڵکی کە لە ژیاندا دەبنە هۆی ئازارمان.

بەپێی گۆڤاری (سەندەی تایمز) لە بەرواری ٢٠٠٦/٧/١٦، لە ٤٥٪ی خەڵکی بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر ئیش تووڕە دەبن. ئەوان لە خەڵکی تووڕە دەبن! ئەو خەڵکەی کە ئیشیان لەگەڵ دەکەن، ئەو خەڵکەی ئیشیان بۆ دەکەن، هەروەها ئەو خەڵکەی کە یاسا بۆ ئیشکردن دادەنێن. ئەگەر تۆ کەسێکی تووڕەییت ئەوا زەحمەت نییە کە کەسێک یان شتێک بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لێی تووڕە بیت. نزیکەی ٦٠٪ی خەڵکی بەریتانیا کە لە فەرمانگەکاندا سەرقاڵی ئیشن، تووڕەیی فەرمانگەیان هەبووە. وادیارە کێشەکەیان بەڕادەیەکی زۆر بوونیان هەیە.

تەنانەت ڕێژەکەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زیاترە. من چەندین جارە سەردانی هەژارترین بەشی ئەفریقا و هیندستان. کەسێک لە هیندستان بەرەکەتدارە ئەگەر بێتو کارێکی هەبێت ڕۆژانە بە کەمتر لە یەک دۆلار ئیش بکات. دەکرێت ژنێک بەبێدەنگ هەموو ڕۆژێک لەبەر گەرمای خۆر خەریکی گسکدانی بەردەم دووکانەکان بێت، بەدڵنیاییەوە "تووڕەیی گسکدانی سەر شەقایمیش"ی نییە. وادیارە هەتا زیاترمان هەبێت زۆرتر تووڕە دەبین. چل ساڵ لەمەوبەر لەدەستی تەلەفۆن یان کۆمپیوتەرەکەم تووڕە نەدەبووم چونکە نەمبوو. ژیان لەو سەردەمەدا ئەوەندە پڕ لە پەرێشانی نەبوو و خەڵکیش وەکو ئێستا تووڕە نەبوون. ئایا بەڕاستی پێشکەوتووین؟ وابزانم لەلایەکەوە بەڵێ، بەڵام لە هەندێک لایەنی دیکەوە بەدبەختانە پەرت و بڵاو بووین.

بێگومان ٧١٪ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دان بەوەدا دەنێن کە ئازاریان بەهۆی تووڕەیی ماڵپەڕەوە چەشتووە، هەروەها **٥٠٪** لە ئێمە بەرپەرچی دژی کۆمپیوتەرەکەمان وەستاوین و لەڕێگەی لێدانی و فڕێدانی پارچەکانی بەم لا و بەو لادا، هاوارکردن یان ئیهانەکردنی هاوڕێکانمان. ئەگەر ئەوە زۆر جێگەی داخ نەبوایە ئەوا کۆمیدییەکی گاڵتەجاڕانە دەبوو. لایەنی کەم **٣٣٪**ی خەڵکی بەریتانیا قسە لەگەڵ دراوسێکانیان ناکەن و دڵنیام ئەم ڕێژەیە کەمتر نییە لە ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەوترێت پێشکەوتوو. زیاتر لە **٨٠٪**ی شۆفێرەکان دەڵێن تووشی ڕووداوەکانی تووڕەیی شەقام بوون، **٢٥٪**ی شۆفێرەکان بەهۆی تووڕییی شەقامەوە هەڵسوکەوتی توندیان نواندوە. کێ شەهامەتی ئەوەی هەیە لەکاتی شۆفێریدا هەڵە نەکات؛ بۆ نموونە ئاماژەنەدان لەکاتی گۆڕینی سایدەکان یان بەرێکەوت ڕێگەنەدان بە کەسێکی دیکە لە سایدێکی تر. بۆی هەیە کەسێک تووڕە بێت چونکە بەهۆی شۆفێرێکی ناشارەزاوە تووشی کێشە بووە.

جیهان ئەوەیە کە هەیە، ئەو جۆرەش کە شتەکان بەڕێوە دەچن بەرەو بارێکی باشتر ناڕۆن بەڵام ئێمە بەرانبەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕومان دەبنەوە بێ وەڵام نەماوینەتەوە. تەنانەت ئەگەر جیهان نەگۆڕدرێت ئەوا ئێمە دەتوانین بگۆڕدرێین. هەریەک لە ئێمە دەتوانین بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرین لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی هاندەرەکانی دەرەوە و دەتوانین ژیانی ئاشتی و سازگاری هەڵبژێرین. لەوانەیە ڕۆژانە پێویست بکات سەدان جار لێخۆشبین، بەڵام هێشتا ئەوە باشترە لەوەی بەهۆی تووڕییەوە لە ناخەوە بکوڵێین، یان تووڕییەکەمان بەشێوەیەک دەربڕین کە ببێتە هۆی شەرمەزاریمان.

**مەڕۆ بۆ ئەوێ**

"له دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات پانە و ڕێگاکەی بەرینە و زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە." (مەتا ٧: ١٣- ١٤)

لەڕێگەی ئەم ئایەتەوە دەتوانین ئەوە ببینین کە دوو ڕێگە هەیە لە ژیانماندا. یەکێکیان پان و بەرینە و تێپەڕینی ئاسانە. چەندین ژووری بۆ هەستەکانمان تێدایە، هەرگیزیش تەنیا نابین چونکە زۆر کەس لەم ڕێگەیەوە هاتوچۆ دەکەن. لەسەر ئەم ڕێگە پانەدا ژوور بۆ هەموو تووڕەیی و تاڵی و ڕەنجاندن و نەبەخشینێکمان هەیە بەڵام ڕێگەکە بەرەو فەوتانمان دەبات. بەردەوام بە، دووبارە ئایەتەکە بخوێنەوە ..... بەڵێ بەرەو وێرانیمان دەبات. ڕێگەیەکی دیکە هەیە کە دەتوانین هەڵیبژێرین. ئەو ڕێگەیەی کە عیسا پێیدا تێپەڕ بوو.

مێژوو بەو ژن و پیاوانە نیشانەکراوە کە ڕێگە تەسکەکەیان هەڵبژاردووە و بە زۆریش ئەوان ئەو کەسانەن کە لە بیرمانان و دەمانەوێت ببنە شێوازی دواتری ژیانمان. نازانم بۆ تۆ بەڵام من هەرگیز نەمویستووە وەکو (هیتلەر یان باستن سترەینجلەر) بم. ئەوان کەسانێکی تووڕە بوون، ئەوەندە ئازار و ئەشکەنجە درابوون کە بە ئەشکەنجەدانی کەسانی دیکەوە گرتبوویان. زۆر بە سادەیی دەتوانین ئەوە ببینین کە ژیانیان بە وێرانی کۆتایی هات چونکە ڕێگە هەڵەکانیان گرتبوو. نەخێر، هەرگیز ئارەزووی ئەوەم نەکردووە وەکو ئەوان بم. بەڵام دەمویست وەکو (ڕۆس، ئیسەر، یوسف و پۆڵس) بم. من چیرۆکی یوسفم چەندین ساڵە خوێندوەتەوە و دووبارە چەندین و چەندین جاری دیکە دەیخوێنمەوە و ئەو ڕەفتارە بەخشندەیەی یوسفم خوێندوەتەوە. دەزانم کە یەزدان زۆر بە گەورەیی بە درێژایی ژیانی یوسف و نەوەکانی پیرۆز، چونکە ڕێگە تەسکەکەی گرتبوو.

هەموو ئەو بەرەکەتەی کە ئەمڕۆ چێژی لێوەردەگرین بە قوربانی و ئازاری کەسێکی دیکە کڕدراوە. لەو باوەڕەدام منداڵ و نەوە و نەتیجەکانم ژیانێکی باشتریان دەبێت چونکە من بەهۆی بەخشینی باوکم کە دەستدرێژی کردبووە سەرم، بەرەکەتی یەزدانم پێگەیشت. دەمتوانی فراوانەکە هەڵبژێرم. ڕێگە پانوبەرینەکە لەوێ بوو. سەیری ناوچاومی دەکرد و هاواری دەکرد "بەسەر مندا بڕۆ، تۆ شایانی ڕێگەیەکی ئاسانیت پاش ئەوەی هەموو ئەو شتە ناخۆشانەت بەسەرهاتووە." بەڵام ئەو ڕێگەیە هەڵخەڵەتێنەرە. لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە ڕێگەیەکی ئاسانترە بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا بەدبەختی بۆ سەر بەدبەختی زیاد دەکات.

لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا بە تەواوی چیرۆکی ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە کە چۆن خودا ئاراستەی کردم کە لە باوکم خۆشبم، بەڵام ئێستا تەنیا با بڵێین ڕێگا تەسکەکەم گرت کە بەرەو ژیان دەڕوات. زۆربەی کات ڕێگەیەکی تەنیایە و بۆ گەشتکردن باش نییە. بەڵام کاتێک پێم وابوو ناتوانم کیلۆمەترێکی دیکە بڕۆم عیسام بینی لە سەرەوە گوتی: "شوێنم بکەوە، بەرەو شوێنێکی ئارامت دەبەم."

لە ژیانی ئێستادا هەر کاتێک وام لێبێت بە تووڕەیی و تاڵی بمێنمەوە ئەوا بە خۆم دەڵێم (زۆربەی جار بە دەنگی بەرز) "جۆیس مەڕۆ بۆ ئەوێ." دەتوانین هەست بە خۆمان بکەین کاتێک ڕۆدەچین لە دەریای تاریکی تاڵیدا. ئەگەر بەپێی پێویست قووڵ بینەوە دەتوانین هەست بە تاریکی ناوەکە بکەین کە نزیکی سەرمان دەبێتەوە بەرەو خوار و خوار و خوار ڕاماندەکێشێت. دڵتەنگی و بەزەیی بەخۆداهاتنەوەی و مالی هەستە نەرێنییەکانی تر دەبێتە هاوڕێمان.

### شوێنێک هەیە پێی دەگوترێت "ئەوێ"

شوێنێک هەیە کە پێی دەگوترێت "ئەوێ"، هەمووشمان تێیدا ژیاوین. لەوانەشە هەندێک لە ئێوە ئێستا لە "ئەوێ" بژین. شوێنێکی زۆر گەورەیە، بەڵام بە شێوەیەک ژیانت لەوێدا زۆر بچووک و سنووردارە. لە "ئەوێ" شاخی زۆر گەورە هەیە کە زۆربەی شوێنەکانی داگیر کردووە. زۆربەی کات لە سووڕاندنەوە بە دەوری ئەو شاخەدا بەفیرۆ دەدەیت بەڵام بێ ئەوەی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لە گەشتەکەتدا بەرچاو بکەیت. تەنیا شتێک کە دەبێت بیکەیت بۆ ئەوەی لە "ئەوێ" بژیت ئەوەیە کە شوێن هەستەکانت بکەویت. کاتێک شتەکان بەپێی ویستی تۆ نەڕۆیشت تووڕە بە، یان کاتێکی خەڵکی نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردیت لێیان خۆش مەبە. میهرەبان مەبە، ئەو کاتە بەشێکی باشی زەویت لە "ئەوێ" دەست دەکەوێت.

گەلی ئیسرائیل بۆ ماوەی چل ساڵ لە "ئەوێ" ژیان. ئەوان پێیاندەوت چۆڵەوانی بەڵام من بە "ئەوێ" ناوی دێنم. "ئەوێ" دەکرێت هەر شوێنێک بێت کە چەندین جار لەوێ بووین پێش ئەوەی دڵتەنگمان بکات و ئەو شێوازی ژیانەمان لێبدزێت کە عیسا دەیەوێت هەمانبێت. دڵتەنگییەکە بۆی هەیە بریتی بێت لە بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە، خۆویستی، چاوچنۆکی، تووڕەیی، هەڵچوون، ڕق، تۆڵەسەندنەوە، یان ئیرەیی. ئەو ناوەی کە دەخرێتە پاڵ ناوی "ئەوێ" لەوانەیە بێکۆتا بن بەڵام ئەنجامی لە "ئەوێ" ژیان هەمووی هەمان شتە. دڵتەنگی، ئەشکەنجە، بێهیوایی و پووچ بوون ژینگەی ئەم شوێنە فراوانە پڕدەکەن، بەرەو لەناوچوونمان دەبەن.

وەک گوتم، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی بڕیار بدەم کە لە "ئەوێ" بێمە دەرەوە و لێی دوور بکەومەوە، لە "ئەوێ" دەژیام. کاتێک هەستەکانم دەیانەوێت بمگەڕێننەوە ناوی دەبێت داوای بەرەکەت و توانای خودا بکەم بەڵام ڕاستگۆیانە بڵێم چیتر ناتوانم یەک ڕۆژی دیکە لە "ئەوێ" بژیم.

**لۆمەی "ئەوان" بکە!**

گەلی ئیسراییل لۆمەی دوژمنەکانیان کرد. هەمیشە کۆمەڵێک هەڵەی دوژمن هەبوو کە ئەوانی دڵتەنگ و خەمگین دەکرد. تەنیا دوژمنێکی ڕاستەقینە کە هەیانبوو بریتی بوو لە هەڵوێستی خراپی خۆیان. ئەوان بەم شێوەیە بوون: بێباوەڕ، بۆڵەبۆڵکەر، چاوچنۆک، ئیرەدار، ناسوپاسگوزار، ترسنۆک، بەزەیی بەخۆ هاتنەوە، تووڕە و نائارم. بۆ ئێمە وا خۆشترە کە لۆمەی کەسێکی دیکە بکەین لەبەر هەموو ئەو گرفتانەی کە هەمانە. تا ئەو کاتەی "ئەوان" کێشەکەن ئەوا پێویست ناکات سەیری خۆمان بکەین و بەرپرسیاریەتی کردارەکانمان بە ئەستۆ بگرین.

چەندین ساڵ تیشکم خستبووە سەر ئەوەی کە باوکم چی بەسەر هێنابووم لەجێگەی ئەوەی کە تیشک بخەمە سەر ئەو هەڵوێستەی کە من دەبێت لەبەرانبەردا بینوێنم. خودا وەڵامێکی خستە بەردەستم، بەڵام ڕێگەکەی بەو مانایە دەهات کە دەبوا لە "ئەوێ" بڕۆمە دەرەوە و واز لە بیرکردنەوەی ئەوە بێنم کە هەڵەی "ئەوان"ە. ڕاستە کە باوکم زۆر بە خراپی ئازاری دابووم بەڵام یەزدان چارەسەر و نوێبوونەوەی پێشکەش کردم ....
هەڵبژاردنەکە بەدەست من بوو! ئایا ئێستا تۆش لەسەر هەمان دووڕیانی ژیانتی؟ ئەگەر لەوێیت ئەوا داوات لێدەکەم ئەو ڕێگە فراوانەی کە بەرەو وێرانیت دەبات بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ڕێگا تەسکەکە کە بەرەو ژیانت دەبات.

"ئەوان" کێن کە دەبێت لەبەر کێشەکانی ئێمە لۆمە بکرێن؟ ئەگەر گوێ لە خۆت و قسەی خەڵکی بگریت، واپێدەچێت "ئەوان" ژیانی ئێمەیان خراپ کردووە، پێویستە "ئەوان" ژیانمان چاک بکەنەوە. "ئەوان" کردیان، "ئەوان" گوتیان، و ئێمە دەترسین ئەگەر "ئەوان" ئەمە یان ئەوە بکەن یان نەیکەن.

"ئەوان" کێن؟ ئەوان دەکرێت هەر کەسێک بن، لە هەر کاتێکدا و لە هەر شوێنێک. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەگەر لەسەر ڕێگە ڕاستەکە بمێننەوە و دوای عیسا بکەوین، ئەوا "ئەوان" هێزی ئەوەیان نییە بۆ هەمیشە ئازارمان

بدەن. عیسا ڕێگەی خۆشییەکە کە باس ناکرێت، ڕێگەی ئاشتییەکە کە تێگەیشتن وەردەگرێت و عیسا ڕێگەی بەدەستهێنانی ژیانێکی ئەوەندە جوانە کە هیچ وشەیەک لە ئاستی باسکردنیدا نییە. کاتێک بیر لەو هەمووە ساڵانە دەکەمەوە کە لە "ئەویَ" بەسەرمبردووە و بۆ دڵتەنگییەکەم لۆمەی "ئەوان"م دەکرد، وام لێدەکات بمەوێت کتێب لە دوای کتێب بنووسم لەبارەی ئەوەی کە یەزدان لەڕێگەی عیسای مەسیحەوە چیمان پێشکەش دەکات. دەمەوێت ڕاستییەک بزانن چونکە ئازادتان دەکات. ڕاستییەکە ئەوەیە کە نابێت تووڕە بیت و پڕبیت لە تاڵی و دڵت بڕەنجێت کاتێک کەسێک ئازارت دەدات. تۆ هەڵبژاردنێکی دیکەت لەبەردەستە ..... **دەتوانیت لێی خۆشبیت!** جاری داهاتوو هەستەکان بلێسە دەسێنن و بانگهێشتی زەوییەک دەکرێیت بەناوی لێخۆشنەبوون، دڵنیا بە لەوەی کە ناڕۆیت بۆ "ئەویَ."

"ئەمە ناڵێم لەبەر پێویستیمە، چونکە فێربووم لە چ دۆخێکدا بم خۆبژێو بم." (فیلیپی **٤: ١١**). تەواو لەو باوەڕەدام کە پۆڵسیش بەهەمان شێوەی ئێمە فێربووە. ئەو ئەزموونی بەدبەختی بەدبەختی بڕیاری هەڵەی کردووە تا ئەوەی لە کۆتاییدا دانایی بڕیارە دروستەکانی بینی. کاتێک بینی، بووە هۆی ڕازیبوونی.

## ژیان ڕەنجاندن پێشکەش دەکات

خەڵک و بارودۆخەکانی ژیانمان هەلی ڕەنجاندنمان پێدەبەخشن بەڵام پێویست ناکات بڕۆی بۆ "ئەویَ." چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟ ئایا لۆمەی "ئەوان" دەکەیت یان بەرپرسیاریەتی ڕەفتارەکانت لەئەستۆ دەگریت؟ لە وشەکانی یەزداندا پێمان وتراوەکە لە سەرووی هەموو شتێکی تر دلمان بپارێزین (پەندەکانی سلێمان **٤: ٢٣**). ئەوە بەرپرسیاریەتی ئێمەیە کە لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز کار بکەین بۆ ئەوەی دڵمان لە ڕەنجاندنی خودا و مرۆڤ بەدوور بگرین. پاڵەوانەکان لە ڕەنجاندن دوور دەکەونەوە هەروەک چۆن پادشا داود لە ژیانیدا چەندین جار دوورکەوتەوە.

ئایا ئامادەیی ئەوەت تێدایە لەبەردەم یەزداندا بوەستیت و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە کە بۆچی ژیانت بەفیڕۆداوە بەهۆی ئەوەی لە "ئەویَ"دا ژیانت بردە سەر؟ بەڕاستی پێت وایە کە دەتوانی بڵێیت "ئەوان" وایان لێکردم کە ئەو کارە بکەم و ئینجا چاوەڕێی ئەوەش دەکەیت کە یەزدان وەڵامەکەت لێوەرگرێت؟ پێم وایە لەوە باشتر دەزانین. کاتی ئەوەیە هەمومان لە ژیانی خۆمانەوە دەست پێبکەین و بڕیار بدەین کە بە تووڕەیی و تاڵی نەژین. ئەو ڕێگەیەکی کە بەرەو "ئەویَ" دەڕوات فراوانە؛ شوێنەکەی زۆر بچووک دیارە سەرەڕای ئەوەی

ئەو ڕێگەیەی کە بەرەو ئەویٚ دەچێت ڕێگەیەکی فراوانە و بۆ گەشتکردنی خۆشە. شاخێکی زۆر گەورەی لێیە و تەنیا شتێک کە لە "ئەویٚ" هەیە بریتییە لە نیگەران بوون!

ئەگەر هەتا ئێستا لە "ئەویٚ" بوویت، یان ئەگەر ئێستا لە "ئەویٚ"یت ئەوا دەزانیت کە چەندە نیگەرانت دەکات، کەواتە بەجێی بهێڵە و کاتێک کە دەڕۆیت بڵێ "ناگەڕێمەوە!"

## بەشی پازدەیەم

## دیاریی یەزدان

بەپێی کتێبی پیرۆز بە بێ باوەڕ ناتوانین یەزدان دڵخۆش بکەین، ئەو کەسانەی کە دێن بۆ لای یەزدان دەبێت باوەڕیان بەوە هەبێت کە پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە بەڕاستی بەدوایدا دەگەڕێن (عیبرانییەکان **١١: ٦**).

یەزدان پاداشتدەرە! من حەزم لەمەیە. ئەی تۆ؟ ئێمە هەموومان حەزمان لە دیارییە لەبەرانبەر کارە سەختەکانمان، دان بەوەدا دەنێم کە ئەگەر بتەوێت بە بەخشندەیی بژیت ئەوا سەختە. ئەمە شتێک نییە کە هەندێک جار بە دروستی ئەنجامی بدەین و دواتر وازی لێبێنین. ئەمە شتێکە کە ئێمە بەدرێژایی ژیانمان پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەیە و بەگشتی زۆر زیاترە لەوەی کە حەزدەکەین. کاتێک کارێکی سەخت ئەنجام دەدەم، هەمیشە یارمەتیم دەدات کە بیرم بێت پاداشت لەوبەری ئازارەوەیە.

کەسێک لە هۆڵی وەرزشی لە هەفتەیەکدا سێ جار وەرزش دەکات لەگەڵ ئەوەی کە کارێکی سەختە و دەبێتە هۆی برینداربوونی جەستەی چونکە ئەوان بە پەرۆشن بۆ پاداشتی تەندروستییەکی باش و جەستەیەکی ماسولکەیی لەجێی جەستە سستەکە.

ئەمە دەچینە سەر ئیش بۆ پاداشتی پارە پەیداکردن. ئێمە دەڕۆین بۆ دوکانی بەقاڵی بۆ پاداشتی خواردن لە ماڵەوە. من گومانم لەوە هەیە کە ئەگەر بەڵێنی پاداشت نەبوایە ئەوا کاری زۆرمان بکردایە لە ژیانماندا. یەزدان دەڵێت کە هەموو مرۆڤێک پاداشتی خۆی پێدەدرێت بەپێی ئەو کارەی لە ژیانیدا دەیکات. جا ئەگەر خراپ بێت یان باش (ئاشکراکردن **٢٢: ١٢**). ئەو بە ئیبراهیم دەڵێت کە خێزانەکەی و ماڵەکەی بەجێبهێڵێت و بچێتە ئەو شوێنەی کە یەزدان بۆی دەستنیشان دەکات. یەزدان بەڵێنی بە ئیبراهیم دا کە پاداشتی دەبێت بەهۆی ملکەچکردنی بۆ قسەکانی یەزدان (پەیدابوون **١٢: ١- ٢، ١: ١٥**).

کاتێک منداڵێک لە هەر یەکە لە قۆناغەکانی خوێندنیدا سەرکەوتوو دەبێت پاداشتەکەی ئەوەیە کە بڕوانامەی زانکۆ وەردەگرێت. هەروەها پێویستە ئێمەش لە ئەزموونەکانی ئەم ژیانە سەرکەوتن بەدەستبێنین. ئەزمونی لێخۆشبوون تەنیا یەکێکە لەوانە. بەڵام ئەمە ئەزمونێکی گرنگە، کاتێک ئێمە تێیدا سەرکەوتوو دەبین دەتوانین پاداشتی یەزدان وەربگرین. دەتوانرێت پاداشت لە زۆر ڕێگاوە ئاشکرا بکرێت. لە شێوەی ئاشتی و خۆشیدا

دەردەکەوێت، هەروەها دەکرێت لە شێوەی هەندێک جۆری بەرەوپێش چوونی ژیانمان دەرکەوێت. دەبوایە یوسف لە ئەزموونی لێخۆشبوون سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە پێش ئەوەی لە میسر پلەی بەرزبکرێتەوە و پلە و دەسەڵاتی بدەنێ. ئایا لە ژیانتدا بە دوای بەرەوپێشچووندا دەگەڕێیت، بەڵام تووڕەیت؟ ئەگەر تووڕەیت ئەوا پاداشتەکەت لە دەست دەچێت.

ئێمە هەمووومان جیرۆکی خۆمان هەیە لەبەرئەوەی من نووسەری ئەم کتێبەم، باسی چیرۆکی خۆمتان بۆ دەکەم و نوێژ دەکەم کە یەزدان یارمەتیمان بدات.

❊❊❊

من لە **١٩٤٣/٦/٣** لەدایک بووم. ئەو ڕۆژەی من تێیدا لەدایک بووم باوکم بە کەشتی بەناو دەریادا سەفەری دەکرد بۆ ئەوەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ببێتە سەرباز. پێیان گوتم کە دووبارە باوکم نەدیتەوە تاکو بووم بە سێ ساڵ. بەبیرمە کە هەمیشە لە باوکم دەترسام. وا دیاربوو کە هەمیشە هاواری دەکرد و لەدەستی شتێک تووڕە بوو. بێگومان هەمیشە من و دایکم وامان دادەنا کە ئێمە شتێکمان کردووە بەڵام دواتر دەرکەوت کە گرنگ نەبوو ئێمە چیمان کردبا ئەو هەر شتێکی بۆ تووڕەبوونەکەی دەدۆزییەوە. بۆ ماوەی نۆ ساڵ تەنیا من و دایکم لە ماڵ بووین لەگەڵ باپیرە ئازیزەکەم،بەڵام پاشان براکەم لەدایک بوو.

ئەو کاتە باوکم پێشتر بەشێوەیەکی بەردەوام گێچەڵی پێ دەکردم، بە بیرم دێت کە لە قووڵایی دڵمەوە هیوام دەخواست کاتێک کە دایکم منداڵی بوو کچ بێت. لە نەفامی منداڵیمدا پێم وابوو ئەگەر منداڵەکە کچ بێت ئەوا باوکم بۆی هەیە زیاتر حەزی لەو بیت و واز لەو شتانە بهێنێت کە بە سەر منی دەهێنا و وای لێکردم هەست بە خراپی و پیسی بکەم.

منداڵەکە کوڕ دەرچوو نەک کچ، وابزانم لەبەرئەوە بۆ ماوەیەک ڕقم لێی بوو. پاشان زۆر لە یەکتر نزیک بووینەوە و زۆر جار وام هەست دەکرد تەنیا براکەم کە ناوی داود بوو لە خێزاکەمدا هاوڕێمە. ئەو نەیدەزانی باوکم چیم پێدەکات. بەڵام ئەو شەڕی خۆی هەبوو کە دەبوا بیکردبا. ئەویش بەهەمان شێوە ئەزموونی زۆری تووڕەیی باوکمی کرد. لە تەمەنێکی کەمدا دەستی کرد بە خوارنەوەی مەشروب و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان. کاتێک کە حەڤدە ساڵی بوو، ناوی لە هێزی دەریایی ناوی هاتەوە، لە جەنگی ڤێتنام، هەرگیز

وەکو پێشتر نەمایەوە (لە ڕاستیدا بەداخەوە کە لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا، براکەم لە تەمەنی **٥٧**ساڵیدا بە مردوویی لە پەناگەیەکی ئاوارەکان لە کالیفۆرنیا دۆزرایەوە.)

دڵنیام کە ئێستا بیر دەکەیتەوە و دەڵێی: "بۆچی جۆیس لە خزمەتەکەیدا یارمەتی هەموو کەسێک دەدات بەڵام براکەی لە پەناگەی ئاوارەکان ژیاوە؟" براکەم لەوێ ژیاوە چونکە ڕەتی کردەوە بە ڕێگا تەسکەکەدا بڕوات کە ڕێگای ژیان بوو. ئێمە لە چەندین بواری جیاوازی ژیانیدا یارمەتی داودمان دا، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ ئێمە دەژیا بەڵام هەمیشە ئەنجامی کۆتایی وەکو خۆی بوو. جارێکیان پێی وتم: "خوشکەکەم، من توندوتیژ نیم، بەڵکو تەنیا گێلم."

دەیزانی کە بژاردەکانی خراپن بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێک کە من بەتەواوی لێی تێنەدەگەیشتم، ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەنجامدانیان. پێم وایە براکەمو و ژیانم هاوتەرییێکی سەرنجڕاکێشن. بەهۆی بەرەکەتی خوداوە من ڕێگە تەسکەکەم هەڵبژارد، ئێستا ژیانم پڕ بووە لە پاداشتی یەزدان. من خۆشحاڵم، ڕازیم، بەرەکەتدارم و شانازی ئەوەم هەیە کە یارمەتی خەڵکی بدەم بۆ ئەوەی خۆشەویستی و بەخشینی یەزدان و پاداشتەکانی لە ژیانیاندا بناسن. براکەم ڕێگا فراوانەکەی گرت کە بەرەو وێرانکاری برد. لە تەمەنی **٥٧** ساڵیدا مرد بە بێ ئەوەی بە تەواوی ئەزموونی پاداشتی یەزدان بکات. وا بزانم بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئەو ژیانی بەفیڕۆدا و هەرگیز کەسیش نەیدەتوانی وای لێبکات وازبهێنێت. چەند ساڵێکی خۆشی بەسەربرد کاتێک لەگەڵ ئێمە دەژیا، بەڵام هەرکە لە لای ئێمە ڕۆیشت دووبارە گەڕایەوە بۆ هەڵبژاردنە خراپەکان و ئەنجامە خراپەکانی.

ئێمە هەردووکمان وەکو منداڵ ئازارمان چێژت، یەزدان یارمەتی و نوێ بوونەوەی پێشکەشی هەردووکمان کرد بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ژیانمانەوە لە دوو شوێنی زۆر جیاواز یەکترمان بینییەوە. خودا هەردووکمانی خۆشدەویست و ئێستاش خۆشی دەوێین و دڵنیام کە زۆری پێناخۆشە کە داودی برام زۆر شتی لەدەست چوو. دەزانم کە بەهۆی ئەوەوە دڵتەنگم بەڵام ئەوە تەنانەت وام لێدەکات کە زۆر لە پێشتر جێگیرتر بم و بەردەوام بم لە بڵاوکردنەوەی ڕاستی بۆ کەسانی دیکە. بە چاکە بەسەر خراپەدا سەردەکەوین (ڕۆما **١٢: ٢١**). وەڵامم بۆ مردنەکەی براکەم دەکرێت تەنیا ئەمە بێت: "تەنانەت لە جاران زیاتر بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕی توانام یارمەتی خەڵکی بدەم." ئەگەر بێهیوان لە ژیانتاندا و خەریکە بەرەو خوارەوە ڕاتاندەکێشێت بەرەو ناچالاکی و

بێهەستیتان دەبات ئەوا بەرگە بگرە و بەهێزبە بۆ ئەوەی بەتواناتر لە پێشتر لەو دڵ ئێشەیە ڕزگارت بێت. مەهێڵە نائومیدییەکانت ببنە هۆی تاڵیت بەڵکو ببنە هۆی باشتر بوونت.

ئەوەندە کە بیرم دێت تا ئەو کاتەی کەماڵم بەجێ هێشت لە تەمەنی **١٨** ساڵیدا باوکم هەر دەستدرێژی دەکردە سەرم. بە ڕێژەیی ژماردوومە کە **٢٠٠** جار لە تەمەنی **١٣** ساڵی تاوەکو **١٨** ساڵی، دەستدرێژی کردوەتە سەرم. لە سەرووی ئەمانەشەوە گێچەڵی پێدەکردم. باوکم فشاری جەستەیی نەدەخستە سەرم بەڵام لەڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە فشاری بۆ دەهێنام کە دەرەنجامەکەی دڕندانە بوو.

ڕۆیشتم و داوای یارمەتیم لە دایکم کرد، بەڵام دایکم نەیدەزانی چۆن ڕووبەڕووی ئەو شتە ببێتەوە کە من پێم وت؛ بۆیە بڕیاریدا کە باوەڕم پێنەکات و هیچ شتێک نەکات. دواتر دایکم داوای لێبووردنی لێکردم بەڵام ئەوە سێزدە ساڵی خایاند و تا ئەو کاتە من بە هاوکاری یەزدان چاک ببوومەوە. کەواتە من باوکێکم هەبوو کە دەستدرێژی دەکردە سەرم و داکێکیشم هەبوو کە پشتگوێی خستم و دواتر خۆم لەگەڵ خودا دیتەوە و ئەوەی نیشاندام کە دەبێت هەردووکیان بە تەواوی ببەخشم.

لەوانەیە باشتر بێت بوەستیت و تۆزێک بیر لەوە بکەیتەوە پێش ئەوەی پەلە بکەیت لە بیستی تەواوکەری باقی چیرۆکەکە.

**یەزدان ملکەچی دەوێت نەوەک قوربانی**

من ئەم نوێژەم کرد: "لە دوژمنەکانم خۆشدەبم" و هەتا ڕادەیەکیش لێیان خۆشبووم. یەزدان فێری کردم "ئازاردانی خەڵک، ئازاری خەڵک دەدات." بۆم دەرکەوت کە باوکم پیاوێکی بەدبەخت بووە کە زۆر زیاتر لەوەی باوەڕ دەکەیت ئازاردراوە و پڕبووە لە ڕۆحی هەوەس بە هۆی ئەو دەستدرێژییەی باوباپیرانی دەیانکردە سەر کەسە نزیکەکانی خۆیان. ئەم لە خێنیا بوو. قسەم زۆر لەگەڵ خۆم کرد، نوێژێکی زۆرم کرد، توانیم چیدیکە ڕقم لە باوکم نەبێت بەڵام تا چەندین ساڵ بەوەم نەزانی کە هێشتا ڕێگەیەکی زۆرم ماوە ببڕم. قوربانییەکم بە خودا دابوو بەڵام ئەو گوێڕایەڵی تەواوی پێویست بوو.

کاتێک ئەوەندە گەورە بووم کە بتوانم ماڵەوە بەجێ بهێڵم، کەمترین کاتم لەگەڵ باوک و دایکم بەسەر دەبرد. لەگەڵ پیربوونیان و خراپبوونی تەندروستییان ناوبەناو هەندێک پارەم بۆ دەناردن و زۆر بە کەمی لە پشووەکاندا

سەردانم دەکرن. ئەوان شاری (سەینت لویس)یان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی (مزوری) کە شوێنی لەدایک بوونیان بوو. من بەمە زۆر دڵخۆش بووم. لەبەرئەوەی **٣٠٠** کم دووربوون لە منەوە، بۆیە بیانووی زیاترم هەبوو کە سەردانیان نەکەم.

لە هەمان کاتدا خزمەتەکەمان گەشەی کرد و زۆر دڵشاد بووین بە یارمەتیدانی خەڵکی. خودا ئاراستەی کردین بۆ ئەوەی ئیش لە تەلەفزیۆندا بکەین، دەمزانی کە دەبێت ڕووبەڕووی دایک و باوکم ببمەوە و پێیان بڵێم کە چیرۆکەکەم بۆ کەسانی دیکە لە تەلەفزیۆن باس دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتی خەڵکەی دیکە بدەم.
نەمدەزانی کە چۆن دەبێت و بەڕاستی چاوەڕێی ئەوە نەبووم کە بە باشی بڕوات. زۆر خۆشحاڵانە سەرم سوڕما کاتێک باوکم پێی وتم کە چی پێویستە ئەوە بکەم. باوکم باسی ئەوەی کرد کە نەیدەزانی دەستدرێ کردنەکە چەندە ئازاربەخش بووە بۆم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێبوردنی نەکرد و پێنەدەچوو هیچ ئارەزویکی لە تۆبەکردن و گەڕان بەدوای یەزداندا بێت.

چەند ساڵێک تێپەڕی، خزمەتەکەمان گەشەی کرد و پەیوەندی من و دایک و باوکم هەروەکو پێشتر بوو. تا دەهات زیاتر پیردەبوون و تەندروستیان خراپتر دەبوو. لەبەرئەوەی پارەی تەواویان نەبوو بۆ ئەوەی بەباشی بژین، بۆیە بەشێوەیەکی بەردەوام ئێمە پارەمان بۆ دەناردن. وام هەست کرد کە بەڕاستی ئەوە لەباشی خۆمە کە ئەوەش بکەم و تووشی سەرسوڕمان بووم کاتێک خودا ڕێگەی پێدام بزانم کە ئەو چاوەڕێی زیاتر لە من دەکات.

## واتای ڕاستەقینەی داوای پیرۆزی بۆ دوژمنەکانت بکە

"بەڵام ئێوە دوژمنەکانتان خۆشبووێ، چاکە بکەن و قەرز بدەن، چاوەڕێی وەرگرتنەوەش مەکەن، بەمە پاداشتتان گەورە دەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز، چونکە ئەو لەگەڵ بەدنمەک و بەدکاران نەرم و نیانە." (لۆقا ٦: **٣٥**)

ئەگەر بەخێرایی ئەو ئایەتەی سەرەوەت خوێندەوە وەکو چۆن ئێمە زۆربەی کات بەو شێوەیە دەیخوێنێتەوە، ئەوا تکایە بگەڕێوە سەری و بەڕاستی سەیری بکە بزانە چی دەڵێت. کەی پاداشتمژان دەدریتەوە؟ لەکاتێکدا بە هەڵوێستێکی باشەوە کاری باشمان بۆ دوژمنەکانمان کرد ئەوا پاداشتمان دەدرێتەوە.

بەیانییەک کە نوێژم دەکرد هەستم کرد یەزدان دەڵێت کە دایک و باوکم بگەڕێنینەوە بۆ سەینت لویس و لە نزیک ماڵ خۆمان ماڵێکمان بۆ بکڕین و چاودێرییان بکەین تا ئەو کاتەی دەمردن. لەو کاتەدا وامدانا کە ئەمە قسەی شەیتانە و هەوڵدەدات ئازارم بدات و بە توندی دژی وەستامەوە و هەولم دا لەبیری بکەم. بەڵام کاتێک خودا هەوڵ دەدات قسەمان لەگەڵ بکات ئەوا ئەو بەردەوام ئەو شتە دەڵێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا گوێی لێبگرین. بیرۆکەکە بەردەوام دەهاتەو ناو مێشکم بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە هەوڵم دەدا نوێژ بکەم. بیهێنە بەرچاوی خۆت یەزدان لەکاتی نوێژدا دەیویست قسەم لەگەڵ بکات. دڵنیام کە سەرقاڵ بوو بۆئەوەی هەموو ئەو شتانەی پێ بڵێم کە دەمویست و پێویستم پێی هەبوو. یەزدان هەوڵی دەدا کە بە پێی پێویست بموەستێنێت تاکو ئەو شتەم پێبڵێت کە دەیەوێت. لە کۆتاییدا بیرم کردەوە کە باسی ئەو بیرۆکەیە بۆ دەیڤ دەکەم و ئومێدوار بووم کە پێم بڵێت ئەوە گاڵتەجاڕییە و تەواو. ئەمە یەکەم جار بوو کە بە تەواوی ئامادەی ئەوە بووم ملکەچی هاوەسەرەکەم بم! دەمویست پێم بڵێت نەخێر، بەڵام نەیوت. بە ئاسایی گوتی: "ئەگەر ئەمە ئەو شتەیە کە یەزدان پێت دەڵێت ئەنجامی بدەیت ئەوا باشترە ملکەچ بیت."

من و دەیڤ پارەیەکی زۆرمان نەبوو، ئەو شتەی کە یەزدان داوای لێکردبووین ئەگەر هەموو پارەکەشی نەبردایە ئەوا زۆربەی پێویست بوو خەرج بکرێت. باوک و دایکم تەنیا خانوویان پێویست نەبوو بەڵکو کەلوپەل و ئۆتۆمبێلیشیان پێویست بوو چونکە ئەو شتانەی ئەوان هەیانبوو بە کەڵک نەدەهاتن. یەزدان بەڕوونی بۆی دەرخستم کە دەیەوێت بەباشی ئاگامان لێیان بێت و بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین هەروەکو ئەوەی کە باشترین دایک و باوکی جیهان بن.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا جەستەم هاواری دەکرد! چۆن یەزدان داوای ئەنجامدانی شتێکی وام لێدەکات؟ ئایا لەبیری چووە کە ئەوان هەرگیز هیچ شتێکیان بۆ من نەکردووە؟ ئایا خودا گرنگی بەوە نادات کە ئەوان زۆر بە خراپی ئازاریان داوم و کاتێک پێویستم پێیان بووە پشتگوێیان خستووم؟ ئایا یەزدان نازانێت یان بەلایەوە گرنگ نییە کە من چ هەستیکم هەیە؟

بەبێ هەبوونی هەر هەستێکی ئەرێنی بەمەبەستی هاندانم، هەموو ئەو شتانەم کرد کە یەزدان دوای لێکردبووم. دایک و باوکم گەڕانەوە بۆ سەینت لویس، هەشت خولەک ماڵەکەیان لە ئێمەوە دوور بوو، ئێمە بەتەواوی

پێویستییەکانمان دابین دەکردن. تا زیاتر پیر دەبوون پێویستییەکانیان زیاتر دەبوو. باوکم بە زار هەندێک سوپاسی کردین بەڵام هەر بە هەمان شێوەی پێشتر هەر ناوچاو تاڵ و هەڵسوکەوتی سەیر بوو.

سێ ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕ بوو لەو کاتەوەی کە ئێمە ئاگامان لێیان بوو، لە بەیانییەکی جەژنی سوپاسگوزاریدا دایکم پەیوەندی پێوە کردم و گوتی کە باوکم یەک هەفتەیە بە تەواوی دەگری و دەیەوێت ئەگەر بکرێت بتبینێت و لەبارەی شتێک قسەت لەگەڵ بکات. من و دەیڤ ڕۆیشتین، باوکم داوای لێخۆشبوونی لێکردم بەهۆی ئەو شتەی کە بە منداڵی بەسەری هێنابووم. ئەو گریا و گریا. داوای لە دەیڤیش کرد کە لێی خۆشبێت. باوکم گوتی: "زۆربەی پیاوەکان ڕقیان لە من بوو، بەڵام دەیڤ، تۆ هەرگیز ڕقت لە من نەبووە، هەمیشە منت خۆش ویستووە." ئێمە دڵنیامان کردەوە کە لێی خۆش بووین و پرسیارمان لێی کرد کە ئایا دەیەوێت داوای بەخشینیش لە خودا بکات و عیسا وەکو ڕزگارکاری خۆی هەڵبژێرێت. ئەو دڵنیای کردینەوە کە ئەو داوای بەخشینی کردووە و عیسای وەکو ڕزگارکار قبووڵ کردووە. ئێمە نوێژمان بۆ کرد و باوکم ڕێک لەو کاتەدا دووبارە لەدایک بوەوە. داوای لێکردم کە لە ئاوی هەڵبکێشم. دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ، لە کەنیسەکەی خۆمان لە ئاومان هەڵکێشا. بەڕاستی دەتوانم بلێم کە بۆ چوار ساڵی داهاتوو گۆڕانکاری ڕاستەقینەم لە باوکمدا بەدی کرد. باوکم لە تەمەنی هەشتا و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و دەزانم کە ئەو ئێستا لە بەهەشتە.

کاتێک یەزدان قسەی لەگەل کردم لەبارەی کڕینی ماڵێک بۆیان، دەرکم بەوە نەکرد کە لە کۆتاییدا چ بەرهەمێک دەبینم. ئەو خۆشەویستییەی کە بەرەکەتی یەزدان لەڕێگەی ئێمەوە نیشانی باوکمی دا وای لە دڵە ڕەقەکەی باوکم کرد بتوێتەوە و ڕێگاکەی بۆ کردەوە تاکو بتوانێت ڕووناکی ببینێت. تا نووسینی ئەم کتێبەش دایکم هێشتا لە ژیاندا ماوە. ئەو تەمەنی هەشتا و حەوت ساڵە و لە (خانەی هاوکاری بۆ ئاسانکردنی ژیان) دەژیت، هەموو خەرجییەکانی لەسەر ئێمەیە. ئەو ڕۆڵەی خودایە و ڕزگاری بوو. هەرچەندە تەندروستی زۆر باش نییە بەڵام وادیارە چێژ لە ژیانی ڕۆژانەی وەردەگرێت. خەفەتبار بووم کە دایکم دەبوا بەرگەی بیستنی مەرگی براکەم بگرێت بەڵام یەزدان بەرەکەتێکی زۆری پێدا و کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەواڵەکە نەما.

ئەو ئایەتەی کە لە سەرەوە نووسیومە دەڵێت دەبێت چاکە لەگەڵ دوژمنەکەماندا بکەین و میهرەبان بین بەرانبەریان ئەو کاتە پاداشتەکەمان مەزن دەبێت! چەندین ساڵم لە پێدانی قوربانی بە یەزدان سەرف کرد نەوەک

ملکەچی تەواو. ئەو شتەم بۆ دایک و باوکم کرد کە بە دڵنیاییەوە دەبوا بمکردبا. هەرچەندە تۆزێک بە بێمەیلی کردم بەڵام یەزدان زیاتری لە مێشکمدا بوو. ئەو زۆرتری لە مێشکمدا بوو بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم و زۆرتری بۆ دانابووم کە بەدەست بێنم. ئازادییەکی زیاترم لە ڕۆحمدا بەدی کرد. دەزانم کە بە تەواوی ملکەچی خودام بووم. دڵشاد بووم بەوەی کە باوکم بەرەو لای یەزدان ئاراستە کرد و پاشان لە ئاوم هەڵکێشا سەرەڕای ئەوەی کە دوو سەد جار دەستدرێژی کردبووە سەرم. هەروەها بە تەواوی باوەڕمان بەوە هەیە کە یەزدان دەرگای بۆ کردینەوە تاکو هاوکای ملیۆنان کەسی دیکە بکەین دوای ئەوەی کە بە تەواوی ملکەچی فەرمانەکانی بووین. دەستمان کرد بە وەرگێڕانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانمان بۆ زمانە بیانییەکان. لە ئێستاشدا بەرنامەکانمان لە دوو لەسەر سێی جیهاندا پەخش دەکرێت بە زیاتر لە چل زمانی جیاواز. بە هەزاران کەس بەهۆی ئەو پەرەسەندنەوە باوەڕیان بە عیسا وەکو ڕزگارکەر هێناوە و وشەی یەزدان لەو ڕێگەیەوە فێربوون.

بەڕاستی یەزدان نایابە! بەرەکەتی ئەنجامدانی شتەکانمان دەداتێ، کە خۆمان ئەو بەرەکەتەمان نیە و هەرگیز ناتوانین ئەنجامی بدەین. چۆن دەتوانم ئەم پیاوەم خۆش بوێت کە سەرچاوەی ئازارم بووە؟ چۆن دەتوانم ئەو دایکەم خۆش بوێت کە پشتگوێی خستم و یارمەتی نەدام؟ لەبەرئەوە یەزدان پلانێکی هەیە کە زۆر جیاوازە لە هی ئێمە، هەربۆیە ئەو توانایەمان دەداتێ کە شتی وا بکەین کە هەرگیز نەمانتوانیەوە بە خەیاڵیش وێنای بکەین، بە لێخۆشبوونی ئەوانەشەوە کە خراپ هەڵسوکەتیان لەگەڵ کردووین و ئازاریان داوین. یەزدان باشە، ئەگەر ڕێگەی پێبدەین ئەو دەیەوێت باشییەکەی لەڕێگەی ئێمەوە بۆ خەڵکی دیکەش بڕوات.

بە تێری و دوورودرێژی گوێت لە چیرۆکی من بوو. دەزانم کە زۆربەتان چیرۆکی خۆتان هەیە و لەوانەشە چیرۆکەکانتان زۆر لە هی من سەرنجڕاکێشتر بێت، خودا دەیەوێت دوو ئەوەندە بەرەکەت لە بەرانبەر کێشەکەتدا بدات. دەیەوێت لە ناوەڕاستی پاداشتە فراوانەکەیدا بژیت. مەهێڵە هیچ شتێک ڕێگرت بێت. چاکەیەک لەگەڵ خۆت بکە ..... **لێخۆشبە!**

**نوێژی ڕزگاربوون**

خوێنەری ئازیز، بیرت بێت کە خودا تۆی خۆشدەوێت و دەیەوێت پەیوەندییەکی تاکەکەسی هەبێت لەگەڵت. ئەگەر تۆ هەتا ئێستا عیسات وەکو ڕزگارکاری خۆیت قبووڵ نەکردووە، ئێستا دەتوانیت قبووڵی بکەیت. ئەوەی لەسەرتە بیکەیت ئەوەیە کە دڵت بۆی بکەیتەوە و ئەم نوێژە بکەیت:

**"ئەی باوکم لە ئاسمان، دەزانم کە گوناهم لە دژی تۆ کردووە. تکایە بمبوورە و پاکم بکەرەوە. باوەڕم بە عیسای کوڕت هەیە. باوەڕم هەیە کە عیسا لەسەر خاچ لەپێناوی من مرد و گوناهی منی لەسەر شانی خۆی هەڵگرت. هەروەها باوەڕ دەکەم کە لەنێوان مردووان زیندوبووەوە. من هەر ئێستا ژیانی خۆم بە عیسا دەسپێرم.**

**سوپاس بۆ تۆ، باوکە. زۆر سوپاسگوزارم کە گوناهەکانمت بەخشیوە و ژیانی هەتاهەتاییت پێبەخشیوم. تکایە یارمەتیم بدە کە بۆ تۆ و لەپێناوی تۆ بژیم. بەناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەم. ئامین!"**

کاتێک تۆ لەدڵتەوە ئەم نوێژە دەکەیت، خودا قبووڵت دەکات و هەروەها پاکیت دەکاتەوە لە کۆتەکانی مردنی ڕۆحی ئازادت دەکات. کاتێک تەرخان بکە بۆ ئەوەی ئەو ئایەتانەی خوارەوە بخوێنی و لەهەمان کاتدا داوا لەخودا بکە لەگەڵت بدوێت لەمیانەی ڕێکردنت لەسەر ڕێڕەوەی ژیانی نوێت.

یۆحەنا ٣: ١٦

ئەفەسۆس ١: ٤

یەکەم یۆحەنا ١: ٩

یەکەم یۆحەنا ٥: ١

یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٤

ئەفەسۆس ٢: ٨-٩

یەکەم یۆحەنا ٤: ١٤-١٥

یەکەم یۆحەنا ٥: ١٢-١٣

بەردەوام نوێژبکە و داوای یارمەتی لە خودا بکە بۆ ئەوەی کەنیسەیەکی پڕ باوەڕداری ڕاستەقینە بدۆزیتەوە تاکو زۆرتر هان بدرێیت و پەیوەندیت لەگەڵ مەسیح گەشە بکات. خودا هەمیشە لەگەڵ تۆدایە. ئەو هەنگاو بە هەنگاو ڕابەرایەتیت دەکات و بۆت ئاشکرا دەکات کە چ ژیانێکی پڕ واتای هەیە بۆ تۆ.

**تووڕە بوون لەو کەسەی کە ئازاری داویت وەکو ئەوە وایە خۆت ژەهـــراوی بکـەیت و چـاوەڕێی ئـەوە بیـت کـە دووژمنـەکەت بمـرێت. لێخۆشنەبـوون ئـەوەندەی کە ئازاری بۆ خۆمان هەیە ئەوندە ئازاری کەسانی دیکە نادات.**

جۆیس مایەر

بـە پشتبەستن بـەو پـەیامە تایبەتەی کـە بـاس لە نوێکردنەوەی بیر و هزر دەکات، بـە مـەبەستی زاڵبوون بەسەر چەرمەسەرییەکانی ژیان، جۆیس مایەر جەخت لـەسەر تـووڕەیی دەکـاتەوە کە وێرانکەرتـریـن و زیانبەخشترین شتە. تووڕەیی هۆکاری تێکدانی پەیوەندییەکان و بێداری و بەرزی پەستانی خوێن و برینی گەدەیە. تووڕەیی ناهێڵێت مێشکمان ئارام بێت و پەیوەندی هاوڕێیەتی و خێزانی و هاوسەرییێتی دەڕوخێنێت. جڵەوگیرکردنی تووڕەیی بۆ ئەو کەسانەی کە مەسیحین و بە منداڵی فێری ئەوە کراون "مەسیحی باش تووڕە نابن" زۆر ئەستەمە. جۆییس ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت ئەگەر هاتوو تووڕەیی بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوا تووڕەیی نیشانەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئاگادارت دەکاتەوە کە شتێک هەڵەیە و پێویستی بە چارەسەر هەیە.

لەم پەرتووکەدا جۆییس مایەر بە قووڵی باسی ئەو بابەتەمان بۆ دەکات. هەروەها باسی ریشەی تووڕەیی، هۆکارەکانی تووڕەیی، دەرەنجامە مەترسیدارەکانی تووڕەیی ژیان دەکات، لە کۆتاییدا تیشک دەخاتە سەر لێخۆشبوون.

بۆچی لێخۆشبوون؟ چونکە لێخۆشبوون کلیلی ڕزگارییە لەو پەریشانییە زۆرەی کە تووڕەیی هۆکارییەتی و هەموو ژیانمانی گرتۆتەوە.

چۆن لێخۆشدەبین؟ بـاوەڕ دەکەیت یان نا، مەحـاڵ نییە. جۆییس بەرنـامەیەکی کـاری ئامادە کردووە بـۆ نەهێشتنی تووڕەیی بە شێوەیەک کە زۆر کارسارە و تیشک دەخاتە سەر ئەمانەی خوارەوە:

- لابردنی ئەو ڕووپۆشەی تووڕەیی کە تەنانەت ئاگاداریشی نیت.
- چۆن لەگەڵ کەسی تووڕە هەڵسوکەوت دەکەیت.
- بەکارهێنانی بنیادنەرانەی تووڕەیی.
- هێز و توانای بەرەنگاربوونەوەی خوداییانە.
- گرنگی لێخۆشنەبوون لە خۆت.
- تێگەیشتن لە بەشداریکردنی خودا لە لێخۆشبوون.
- چۆن ئێمە لێیگەڕێین... ڕێگە بە خوا بدەین.

جۆیس باش لەوە تێدەگات کە ژیان دادپەروەرانە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ڕێـگە بدەین تووڕەیی تەندروستی و خۆشحاڵیمان لە ناو ببات.

لە کاتی بەکارهێنانی ئەم ڕێنیشاندەرە لە ژیانتدا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکـردنی تووڕەیی بۆت دەردەکەوێت کە (بە یارمەتی خودا) دەتوانیت ئاشتی راستەقینە بەدەستبهێنیت.